هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
پرۆژەی هاوبەشی خوێندنی باڵا – ماستەر
لە نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
کۆلێژی یاساو رامیاری

# میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا
## ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق وەک نموونە

ماستەر نامەیەکە خوێندکار
**ڕێژنە أبوبکر قادر**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی یاساو رامیاری – زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کردوە وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر – لە زانستە رامیارییەکان

بەسەرپەرشتی
**پ. ی. د. عابد خالد رسول**
کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی

٢٠٢١زاینی ٢٧٢١ک ١٤٤٢هـ

ڕێژنە أبوبکر قادر
میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا

Kurdistan Gegional Government - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
The Joint for Project Studies - Master
Between University of Sulamani and
University of Human Development
College of Law and Politis

# Mechanisms for Resolving in Federal States The Disputes between the Kurdistan Reginal Government and the Iraqi Fedral Government as a model

Thesis Submitted by
**Rezhna Abubakir Qadir**

Ti the Counsil of the College of Law and politics At the University of Human Development in Partical Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Political Scince

Supervised by
A.P. Abid Khalid Rasul
College of Law and politics – University of Human Development

1442 H 2721 K 2021A.D

هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
پرۆژەی هاوبەشی خوێندنی باڵا – ماستەر
لە نێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
کۆلێژی یاساو ڕامیاری

# میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا

## ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق وەک نموونە

ماستەر نامەیەکە خوێندکار

**ڕێژنە أبوبکر قادر**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی یاساو ڕامیاری – زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کردوە وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر – لە زانستە ڕامیارییەکان

بەسەرپەرشتی

**پ. ی. د. عابد خالد رسول**

کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان – زانکۆی سلێمانی

١٤٤٢هـ | ٢٧٢١ک | ٢٠٢١زاینی

اقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالى و البحث العلمى
المشروع المشترک للدراسات العليا- ماجسيتر
بين جامعه السليمانيه وجامعة التنمية البشرية
كلية القانون والسياسية

# أليات حل النزاعات فى الدول الفدرالية

## النزاع بين حكومة إقليم كوردستان والحكومة الاتحادية العراقية أنموذجا

رسالة قدمتها الطالبة
**ريزنه أبوبكر قادر**

إلى مجلس كلية القانون والسياسة – جامعة التنمية البشرية
وهى جزء من متگلبات نيل شهاده الماجسيتر
فى العلوم السياسية

بإشراف
**أ.م.د عابد خالد رسول**
كلية القانون والسياسة- جامعة التنمية البشرية

١٤٤٢هـ ٢٧٢١ك ٢٠٢١زاينى

**پێشنیاری سەرپەشتیار**

گەواهی دەدەم، کە ئەم نامەی ماستەرە بەناونیشانی(**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا "ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق وەك نموونە"**) ، کە پێشکەشکراوە لەلایەن خوێندکار (**ڕێژنە أبوبکر قادر**) لەژێر چاودێری مندا ئەنجامدراوە، لە چوارچێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵا-ماستەر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی سلێمانی بەشێکە لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)داگشت قۆناغەکانی نوسینی نامەکەی تەواوکردوەبۆیەلە خوارەوە واژووم کرد.

واژوو:

ناوی سەرپەرشتیار: د.عابد خالد رسول

نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوتی: ٢٥/ ١٠/ ٢٠٢١

**پێشنیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**

من(شیروان حسێن محمد) هەڵگری بروانامەی دکتۆرام لە (زمانی کوردی)هەستام بە پێداچوونەوە بۆ نامەی ماستەربەناونیشانی (**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا "ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق وەك نموونە"**) کە پێشکەشکراوە لە لایەن خوێندکار (**رێژنە أبوبکر قادر**) لە چوارچێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵا-ماستەر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی سلێمانی، و تەواوی پێشنیارە زمانەوانیەکانم تێدا ئەنجامدا، بۆیە لە خوارەوە واژووم کرد.

واژوو:
ناوی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی:
ڕێکەوتی: ٢٠/١١/ ٢٠٢١

**پێشنیاری سەرۆکی بۆردی هاوبەشی زانستە ڕامیارییەکان**

پاڵپشت بە ئەو پێشنیارانەی فەراهەم بوونە، سەبارەت بە نامەی ماستەربەناونیشانی (**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا "ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق وەك نموونە"**) کە پێشکەشکراوە لەلایەن خوێندکار (**ڕێژنە أبوبکر قادر**) لە چوارچێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵا-ماستەر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی سلێمانی، ئەم نامە دەنێرم بۆلیژنەی گفتوگۆو لەو پێناوەدا لە خوارەوە واژووم کرد.

واژوو:

سەرۆکی بۆردی هاوبەشی زانستە ڕامیارییەکان: پ.ی. د. عابد خالد رسول

ڕێکەوتی: ٢٠٢١/١٠/٩

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ گەواهی دەدەین، کە ڕوانیمانە سەر نامەی ماستەربەناونیشانی (**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا "ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدڕاڵی عێراق وەك نموونە"**) کە پێشکەشکراوە لە لایەن خوێندکار (**ڕێژنە أبوبكر قادر**) لەچوارچێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵا-ماستەر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی سلێمانی، و گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار ئەنجامدا سەبارەت بە ناوەڕۆکی نامەکەی و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە، وگوێمان لە بەرگری خوێندکار گرت، بۆیە وای دەبینین کە ناوبراو شایستەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرە بەپلەی (          ) لە (زانستەڕامیارییەکان)دا.

واژوو:
ناو: پ.ی.د.ئومێد رفیق فتاح
ڕێکەوت: ٢٠/ ١١ / ٢٠٢١
ئەندامی لیژنە

واژوو:
ناو: پ.ی.د.کنعان حمەغریب عبد الله
ڕێکەوت: ٢٠/ ١١/ ٢٠٢١
ئەندامی لیژنە

واژوو:
ناو: پ.ی.د.عابد خالد رسول
ڕێکەوت: ٢٠ / ١١ / ٢٠٢١
ئەندامی لیژنەوسەرپەرشتیار

واژوو:
ناو: پ.ی.د. واحد عمر محی الدين
ڕێکەوت: ٥ /١٢ / ٢٠٢١
سەرۆکی لیژنە

**ڕاستاندنی ئەنجوومەنی كۆلێژ**

ڕاستاندنی ئەنجوومەنی كۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە دانشتنی ژمارە ( ٣ ) گرێدراو لە ڕێكەوتی ( ٢٢ / ١٢ / ٢٠٢١ ) بەدیهات، لەسەر بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی نامەی ماستەربەناونیشانی (**میكانیزمەكانی چارەسەركردنی ناكۆكییەكان لە دەوڵەتە فیدرالییەكاندا "ناكۆكییەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی عێراق وەك نموونە"**) كە پێشكەشكراوە لە لایەن خوێندكار (**ڕێژنە أبوبكر قادر**) لە چوارچێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵاماستەر بە هاوبەشی لە نێوان زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانكۆی سلێمانی. ئەنجوومەن بڕیاری دا بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەكان)دا پێببەخشرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د كنعان حمه غریب عبدالله

ڕاگری كۆلێژی یاسا و ڕامیاری

ڕێكەوت٢٢ /١٢ /٢٠٢١

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لَا تَخَفْ
خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُم بَيْنَنَا بِالْحَقِّ
وَلَا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاءِ الصِّرَاطِ﴾

**صدق الله العظيم**

**سورة ص: الاية (٢٢)**

# ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ❖ بەڕووحی بەرزەفڕی باوکم شەهیدی فەرماندە (بکرمەلا قادر) و شاژنی دایکم (خدیج خان).
- ❖ تەواوی ئەندامانی خێزانە ئەزیزەکەم.
- ❖ بە ناوەندی ئەکادیمیای کوردی و هەموو ئەو کەسانەی، کە وێڵن بەدوای زانست و زانیاریدا.

# سوپاس و پێزانین:

- ستایشم بۆ پەروەردگارم.
- سوپاس و پێزانینی زێدەم بۆ بەڕێز (پ.ی.د. عابد خالد رسول)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆو بە هاوکاری و دڵسۆزی ئەو نەبوایە، ئەم توێژینەوەیە نەدەگەیشتە ئاکام.
- سوپاسی زۆرم بۆلیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەکەم هەریەک لە بەڕێزان (پ.ی.د. واحد عمر محی الدین، پ.ی.د. کنعان حمەغریب عبدالله، پ.ی.د. ئومێد رفیق فتاح).
- سوپاس و خۆشەویستیم بۆ هەردوو بەشی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی سلێمانی و مامۆستایانی هێژام لە کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر.
- خۆشەویستی و پێزانینی بێ کۆتام بۆ خێزانەکەم کە هاوکارو پاڵپشتی هەمیشەیی منن.
- سوپاس و پێزانینم بۆ کتێبخانەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و نوسراودانی وشە و هەریەکە لە بەڕێزان (عدنان عوسمان، ئومێد محمود، د. پێشەوا حمید، فەلاح حەسەن، جەماوەر ئەحمەد، هەڵمەت محمد، هاوکار حمد، چالاک معتەسەم، بانو محمد)، کە هاوکاری سەرەکیم بوون لە دەست گەیشتم بە سەرچاوە زانستییەکان و زانیارییە پێویستەکان.
- لە کۆتایشدا پێزانینم بۆ هەر کەسێکی تر، کە دەست گیرۆم بووبێ لەماوەی دوو ساڵی خوێندنی باڵای ماستەر.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| **ل** | **لاپەڕە** |
| **ز** | **زاینی** |
| **د** | **دکتۆر** |
| **ص** | **الصفحة** |
| **P** | **Page** |
| OP. CIT | Opus Citatum |
| IBID | Ibidem |

## پێرست


**پێرست ........ X**

**پێشەکی........ ١**

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری چەمکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی وناکۆکییەکانی ........ ٦**

**باسی یەکەم: چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی ........ ٦**

خواستی یەکەم: پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی و تایبەتمەندییەکانی:........ ٦

خواستی دووەم: پەرەسەندنی دەوڵەتی فیدراڵی وکۆتایهاتنی........ ١٢

خواستی سێیەم: بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی ........ ١٩

**باسی دووەم: ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ........ ٢٦**

خواستی یەکەم: ناساندنێک بۆ ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ........ ٢٦

خواستی دووەم: هۆکارەکانی ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ........ ٢٨

خواستی سێیەم: چەند نموونەیەک لە ناکۆکی لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا........ ٣٥

**بەشی دووەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییە بەراوردییەکاندا ٤٩**

**باسی یەکەم: میکانیزمە یاساییە هەمیشەییەکان........ ٤٩**

خواستی یەکەم : دەستوری فیدراڵی و هەموارکردنی........ ٤٩

خواستی دووەم: ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان (ئەنجومەنی ویلایەتەکان)........ ٥٨

خواستی سێیەم: دادگای فیدراڵی........ ٦٦

**باسی دووەم : میکانیزمە کاتییەکان (نائاساییەکان) ........ ٧٢**

خواستی یەکەم : دانوستان و ڕێککەوتن:........ ٧٢

خواستی دووەم: ڕاگەیاندنی باری نائاسایی ........ ٧٤

خواستی سێیەم : جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی........ ٧٩

**بەشی سێیەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا ........ ٨٥**

**باسی یەکەم: ناساندێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان........ ٨٥**

خواستی یەکەم: ناساندێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق........ ٨٥

خواستی دووەم: ناساندنێک بۆ هەرێمی کوردستان........ ٨٨

**باسی دووەم: ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق........٩٣**

خواستی یەکەم: کێشەی شوناسی کورد لە عێراقدا ........................................................................ ٩٣

خواستی دووەم: بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان ........................................................................ ٩٦

خواستی سێیەم: سەرچاوەسروشتییەکان وبابەتی دارایی................................................................ ١٠٠

خواستی چوارەم: بابەتی پێشمەرگە ........................................................................ ١١٤

**باسی سێیەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراق ........................................................................١١٧**

داواکاری یەکەم: دەستوری فیدراڵی عێراق........................................................................١١٧

خواستی دووەم: دادگای فیدراڵی ........................................................................ ١٢٣

خواستی سێیەم: ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان........................................................................١٢٩

خواستی چوارەم: دەستە سەربەخۆکان........................................................................١٣٢

خواستی پێنجەم: ڕیفراندۆم........................................................................١٣٨

خواستی شەشەم: ڕێککەوتن و دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ..................١٤٨

**ئەنجامگیری ........................................................................١٥٩**

**دووەم :پێشنیار ........................................................................١٦٦**

**لیستی سەرچاوەکان ........................................................................١٦٩**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :........................................................................١٦٩**

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان : ........................................................................١٧٥**

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:........................................................................١٨٧**

**پوختە ........................................................................أ**

**الملخص ........................................................................أ**

**Abstract........................................................................ A**

# پێشەکی

یەکێتی فیدڕاڵی، یان دەوڵەتی فیدڕاڵیش Federal State، یەکێکە لە جۆرەکانی دەوڵەتانی ئاوێتە لە دونیادا و نموونە کلاسیکییەکانی وەک: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سویسرا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا.

دیارە سیستەمی فیدڕاڵیش، وەک یەکێک لە شێوەکانی ڕێکخستنی دەوڵەت بێ کێشە نییە، بەتایبەت لەسەر ئاستی دابەشکردنی دەسەڵاتە دەستورییەکان لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدڕاڵی، دابەشکردنی سامانە سروشتیەکان و بودجەو بەشداری هەرێم و پێکهاتەکان لە حکومەتی ناوەندی و چۆنیەتی پشکی نوێنەرایەتیکردنیان، هەروەها کێشەی سنورو خاک و ناکۆکی ئەتنی و کلتوری، بەڵام سەرەڕای کێشەو بەربەست و ناکۆکیەکانیش بە یەکێ لە مۆدێلە گونجاو و سەرکەوتوەکانی حوکمڕانی دەژمێردرێت.

عێراقیش پاش پتر لە ٣٠ ساڵ لە حوکمڕانی بەعس و لەسەر پاشماوەی ستەم و داگیرکارییەکانی بەعس داڕوخاو لە سێبەری بەڕێوبەرایەتی هاوپەیمانان دەستورێکی کاتی وەک نەخشەیەکی ڕێگەی پرۆسەی سیاسی دارِشت، بۆ بودنیادنانی عێراقێکی نوێ لەسەر بنەماکانی دیموکراتی و فیدڕاڵیزم: بە نیازی ڕزگاربوون لە زیانەکانی دیکتاتۆری و ناوەندیگەرایی، پاشان پرەنسیپەکانی دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدڕاڵ لە دەستوری کۆماری عێراقی هاوچەرخدا پەسەندکراو بە شێوەیەکی دەستوری و بەکردەوە دان بە هەرێمی کوردستان وەک یەکەم هەرێم لە عێراقی فیدڕاڵیدا دانرا.

دیارە سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا بنەماو پێداویستییەکانی فیدڕاڵی لە عێراقدا نەچەسپیون، بەو پێیەی فیدڕاڵی بەرهەمی کۆمەڵی عێراقی خۆی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا گرفت و ناکۆکی زۆر هەن لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە مێژوویەکی دوورودرێژهەیە لە نێوانیان و تا ئەم ساتەش بە هەڵپەسێردراوی و چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لە بوارەکانی خاک و شوناس و هێزو دارایی و سامان، بۆیە تەگەرەیەکی زۆر هەیە لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی فیدڕاڵیزم لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

لەم پێناوەشدا ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستۆتە سەر میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی بەگشتی و دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق وەک نموونە، چونکە چارەسەرکردن و کۆتایهاتنی ئەم گرفت و ناکۆکیانە جگە لەوەی بەشێکە لەزامنی سەقامگیری لە عێراق لەهەمان کاتدا وادەکات، کە پێکهاتەی فیدڕاڵی لە عێراقدا پتەوتربێت و عێراق بخاتە سەر شارێی هەنگاونان بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراتی و مۆدێرن و چەسپاو و سەقامگیر.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی و بایەخی سەرەکی ئەم توێژینەوەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تیشک دەخاتە سەر خستنەڕووی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا بەگشتی و بەتایبەتیش میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەو پێیەی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانەی نێوان هەرێم و ناوەند جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بنەماکانی فیدراڵی لە عێراقدا، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان وەک تاکەی یەکە پێکهێنەری فیدراڵی لە عێراقدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە، تیشک خستنە سەر باوترین ناکۆکی و کێشەکان و شەن و کەوکردنی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و کێشانەیە، بەتایبەتی لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا لەگەڵ یەکە فیدراڵییە پێکهێنەرەکەی، کە هەرێمی کوردستانە.

## کێشە وپرسیارەکانی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە لە سروشتی دەوڵەتی فیدراڵی وئاستەنگەکانی بەردەم چەسپاندن وگەشەسەندێتی، کە لایەنە پێکهێنەرەکانی ناچارەدەکات میکانیزمی جۆراوجۆر بگرنەبەر بۆ یەکلاکردنەوەیان، بۆیە پرسیاری بنەڕەتی توێژینەوەش بریتی دەبێت لەوەی، کە ئایا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا چین؟و تا چ ڕادەیەک لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراقدا بەکارهاتوون؟ بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بنەڕەتیەش هەوڵدەدەین چەند پرسیارێکی لاوەکیش بخەینەڕوو:

- ئایا هۆکارەکانی ناکۆکی لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا چیین؟
- ئایا هەمیشە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە یەک جۆرن؟
- ئایا میکانیزمەکانی چارەسەرکردن چۆن بەکاردەهێنرێن؟ و مەرجەکانیان چین؟
- ئایا هۆکاری ناکۆکیەکان لە عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی چین؟ و میکانیزمەکانی بەرکار بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە کامانەن؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

هەرچەندە دەوڵەتی فیدراڵی بەهۆی سروشتی پێکهاتنییەوە، کەلە جۆری دەوڵەتەئاوێتەکانە وزیاد لەدوو ئاست لەحکومەت لەخۆدەگرێت، لەکاتی پراکتیزەکردنیدا دووچاری چەندین ناکۆکی وکێشە دەبێتەوە، بەڵام هاوکات هەر ئەم جۆرە دەوڵەتەش بۆخۆی هەڵگری چەندین میکانیزمەبۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەوناکۆکیانە، کە دەکرێت هەریەکەیان بەڕەچاوکردنی بارودۆخ کەئاساییە یان نائاسایی، هەروەها بەپێی ڕادەی کاریگەری وهەل ومەرجی پێویست بەکاربهێنریت.ئەمەش بەئاسانی لەکەیسی ئەم توێژینەوەیەدا تێبینی دەکرێت، کە بریتییە لەمیکانیزمەکانی چارەسەرکردنی

ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدڕاڵی عێراق، بەشێوەیەک کە هەندێک لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدۆخی ئاساییدا بەکاردەهێنرێت (وەک: دەستور، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، دادگای فیدڕاڵی)، بەڵام هەندێکی تر لەمیکانیزمەکان زیاتر بۆدۆخی نائاسایی بەکاردەهێنرێن (وەک: ڕاگەیاندنی باری نائاسایی. جیابوونەوە، ڕێککەوتن و دانوستان).

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەو میتۆدانەی کە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان پێ بەستوون، بریتین لە:

١- میتۆدی وەسفی: بەمەبەستی وەسفکردنی دەوڵەتی فیدڕاڵی بەگشتی و ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بە تایبەتی بەکارهێنراوە .

٢- میتۆدی بەراوردکاری: مەبەست لە بە کارهێنانی ئەم میتۆدە بریتیە لە دەرخستنی ئەزموونە جیاوازەکانی دەوڵەتانی فیدڕاڵی لەچۆنێتی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، لەڕووی لەیەکچوون وجیاوازییانەوە.

٣- میتۆدی یاسایی: بەو پێیەی بەشێکی سەرەکی لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردن دەچنە چوارچێوەی دەستورو یاساوە، توێژینەوەکەش خۆی لەسەربابەتێکی دەستوری داڕێژراوە.

٤- میتۆدی لێکۆڵینەوەی حاڵەت (بار): ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدەش بریتیە لە جێبەجێکردنی ڕەهەندە تێۆرییەکانی توێژینەوەکەمان بەسەر کەیسی بەنموونە وەرگیراودا، کە بریتیە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق.

**توێژینەوەکانی پێشتووتر :**

لەبەرئەوەی دەوڵەتی فیدڕاڵی باوترین و بەرکارترین جۆری دەوڵەتن لە جیهاندا، بۆیە توێژینەوەو کاری ئەکادیمی جۆراو جۆر و لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیدا کراوە، بەڵام تایبەت لەسەر میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و خستنەڕووی ناکۆکییە ڕیشەدارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و میکانیزمەکانی بەرکار بۆ چارەسەرکردنیان کەمتر کاری لەسەر کراوە، لێرەشدا ئاماژە بە بەشێک لەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە دەکەین، کە بۆچوارچێوەی گشتی ئەم ماستەرنامەیە سودیان لێ بینراوە:

١- لطيف مصطفى أمين، الفيدرالية و افاق نجاحها فى العراق، ٢٠٠٧ .

ئەم کتێبە باس لە دەوڵەتی فیدراڵی بە گشتی و عێراق بەتایبەتی دەکات، بە جۆرێک پێناسەو تایبەتمەندی و هۆکارەکانی سەرکەوتنی فیدراڵی و جیاوازی فیدڕاڵی لە دەوڵەتی سادەو لە دەوڵەتی کۆنفیدڕاڵی تێیدا خراوەتەڕوو. دواتر تیشک دەخاتە سەر فیدڕاڵی لە عێراق و خستنەڕووی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لە ڕێگای خستنەڕووی چوار ڕێگاوە لەوانە: دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ، دابەشکردنی عێراق و پەیوەستبوونی هەریەکێکیان بە دەوڵەتانی ناوچەکە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

پێداگری لەسەر فیدڕاڵی لە عێراق، دیارە ئێمەش بەمەبەستی زیاتر لێ وردبوونەوە ئاشنابوون بە پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی سوودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، ئێمەش تایبەت کارمان لەسەر کێشەکانی عێراق کردوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وخستنەڕووی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی.

٢- أمجد علی حسین، النظام الفدرالی کحل للنزاعات فی المجتمعات التعددیة العراق نموذجا، رسالة ماجستیر، جامعة دهوک، ٢٠١٠.

ئەم ماستەرنامەیە باس لە سیستەمی فیدڕاڵی دەکات وەک چارەسەرێک بۆ ناکۆکیەکانی کۆمەڵگا پلوراڵیستیەکان، بۆیە تیشک دەخاتە سەر ناساندنی دەوڵەتی فیدڕاڵی و کۆمەڵگا پلوراڵیستیەکان و ناکۆکییەکانی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە، دواتریش بەتایبەت کار لەسەر کۆمەڵگای عێراق و ناکۆکیەکانی عێراق و هۆکارەکانی سەرکەوتنی فیدڕاڵی لە عێراق دەکات. ئێمە بۆ ناکۆکییەکانی فیدڕاڵی بە گشتی و ناکۆکییەکانی فیدراڵی لە عێراق بە تایبەتی سوودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە.

٣- ڕزگار شەهاب حاجی، مافی ویلایەتە فیدڕاڵییەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١١.

ئەم ماستەرنامەیە باس لە مافی ویلایەت (هەرێمە) فیدراڵییەکان دەکات لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان، تێیدا شەن و کەوی دەوڵەتی فیدراڵی و مافی چارەی خۆنووسین و چۆنیەتی جیابوونەوەو مافی سەربەخۆیی یەکە پێکهێنەرەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی و مەرج و شێوازەکانی بەکارهێنانی ئەم مافە کراوە، ئێمەش لە باسی میکانیزمی ڕاگەیاندنی جیابوونەوەو سەربەخۆیی سوودمان لێوەرگرتووە.

- کردستان سالم سعید، اشکالیە توزیع الاحتصاصات بین السلطات الاتحادیة واقلیم کردستان، بحث، جامعة التنمیة البشریة، ٢٠١٧ .

توێژینەوەیەکە تیشک دەخاتە سەر کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا باس لە دابەشکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدڕاڵی بەگشتی و بەتایبەت دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی عێراق کراوە، بە پێی دەستوری (٢٠٠٥)، و خستنەڕووی کێشەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناکۆکییەکانی نەوت و گازو پێشمەرگەو ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق، ئێمەش بەمەبەستی ئاشنابوون بە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لە عێراق و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و عێراق سوودمان لێوەرگرتووە.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام وپێشنیازو لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، کە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ چەمکەکان، کە دوو باس لەخۆدەگرێت: باسی یەکەم چەمکی دەوڵەتی فیدڕاڵی لەڕووی پێناسەو تایبەتمەندی و هۆکارەکانی دروستبوون و بنەماکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی دەخاتە بەرباس، باسی دووەمیش تیشک دەخاتە سەر ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی دا و هۆکارەکانی لەچەند دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکاندا، کە ئەویش لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت، باسی یەکەم تیشک دەخاتە سەر میکانیزمە هەمیشەییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، کە بریتین لە دەستوری فیدڕاڵی، دادگای فیدڕاڵی، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان)، باسی دووەمیش سەرنجی خستۆتە سەر میکانیزمەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی، کە هەریەکە لەمیکانیزمەکانی (دانوستان و ڕێککەوتن، ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) دەگرێتەوە.

بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکەش، کارلەسەر کەیسی وەرگیراو بۆ جێبەجێکردنی ڕەهەندە تیۆرییەکانی توێژینەوەک دەکات، کە بریتیە لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقدا، کە سێ باسی سەرەکی لەخۆدەگرێت: باسی یەکەم: ناساندنێک دەکات بۆ هەریەکە لەعێراق و هەرێمی کوردستان، باسی دووەم ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق شەن و کەو دەکات، کە خۆیان لە کێشەکانی (شوناسی کورد، ناوچە جێناکۆکەکان، بابەتە داراییەکان، بابەتی پێشمەرگە) دەبیننەوە، هەرچی باسی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، کە بریتین لە (دەستوری فیدڕاڵی عێراق، دادگای فیدڕاڵی، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، دەستە سەربەخۆکان، ڕیفراندۆم، دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا).

لەکۆتایدا ئەو ئەنجام وپێشنیازانە خراونەتەڕوو، کە لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پێیان گەیشتووین، لەگەڵ نووسین و ڕیزبەندکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بۆ توێژینەوەکە وپوختەی توێژینەوەکە بەزمانەکانی عەرەبی وئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان

باسی یەکەم: چەمکی دەوڵەتی فیدڕاڵی.

باسی دووەم: ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری چەمکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی وناکۆکییەکانی

بەمەستی ناساندنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەشی یەکەم تەرخان دەکەین بۆخستنەڕووی ناساندنی هەریەک لە چەمکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و ئەو ناکۆکیانەی کە لەدەوڵەتی فیدراڵیدا هەن، بۆیە ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا و هەر باسێکیش چەند خواستێک لەخۆدەگرێت:

## باسی یەکەم: چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی

ئاشکرایە ئاشنابوون بە دەوڵەتی فیدراڵی پێویستی بە ڕونکردنەوەی چەندین بوارو لایەنی جیاواز هەیە، وەک پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی، سەرهەڵدانی دەوڵەتی فیدراڵی و هۆکارەکانی، بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی و دەرهاویشتەکانی. بەم پێیەو بەمەبەستی زانینی هەموو ئەم لایەنانە ئەم باسە بەسەر سێ خواستدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### خواستی یەکەم: پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی و تایبەتمەندییەکانی:

**لقی یەکەم:لەڕووی زمانەوانی:**

لەڕووی زمانەوانیەوە هیچ ڕێککەوتنێک نییە لەنێوان یاساناسان و زانایانی سیاسی لەسەر وەرگێڕاوی (Federal state) ئینگلیزی و (Etat Federal)ی فەرەنسی، فیقهی عەرەبیش بەچەندین زاراوەی جۆراوجۆر ناساندویانەو هەریەکێکیشیان پشت بەست بە بەڵگەیەک داکۆکی لێدەکەن، لەوانە (د. منذر الشاوی)پێی وایە، کە (دەوڵەتی فیدراڵی – الدولة الفيدرالية) هەرچەندە زاراوەیەکی وەرگیراوی بیانییە، بەڵام باشترین زاراوەی دروستە[١]. هەروەها جەختیش لەوە دەکاتەوە، جگە لەم زاراوەیە دەبێتە هۆی تێکەڵی لەگەڵ جۆرەکانی تر یەکگرتنی نێوان دەوڵەتان.
سەبارەت بە دەستەواژەی فیدراڵی ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Foedus)، کە مانای یەکگرتوویی، یاخود یەکگرتن، یاخود پرۆتۆکۆڵ دەگەیەنێت، هەروەها بۆچونێکی تر هەیە، کە دەڵێت فیدراڵیزم شێوەی گرێبەندی وەردەگرێت و بەمانای ڕێککەوتن دێت (Foedusorpact)و لە بڕوابوون (Fiedsortrus) هاتووە، کە بریتیە لە ڕێککەوتنێکی بەرامبەر ئازادی قبوڵکراو[٢].
سەبارەت بە ڕەچەڵەکی وشەی (Foedus) ئەویش لە هەردوو وشەی (Fides) واتە بڕوابوون و جۆرێک لە ڕێککەوتن دەگرێتەوە، کە پشت بەبڕوای یەکتری ببەستێت، یاخود پەیمانێکی بڕواپێکراو وەرگیراوە[٣].

---

[١]منذر الشاوي، القانون الدستوري، الجزء الاول ، ط ٢، العاتك لصناعة الكتاب ، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ص ٢٥٠_٢٦١.

[٢] حەسەن مستەفا و بژار عبدالله، سیستەمە سیاسیەکان (سیستەمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک نموونە)، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سۆران، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٤.

[٣] لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركة فى الدول الفيدرالية، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١١، ص٢٢.

دەتوانین بڵێین، لەزمانی عەرەبیدا زیاتر لە زاراوەیەک بەکارهاتووە، وەک الدولةالاتحادية(دەوڵەتی فیدراڵی) والدولةالاتحادية (دەوڵەتی ناوەندی)والدولةمعاهدة (دەوڵەتی پەیماننامە) والدمج المركزي (یەکگرتنی ناوەندی) ودمج الفدرالي (یەکگرتنی فیدراڵی)والنظام الفدرالي (سیستەمی فیدراڵی)[1].

هەروەک ئەنسکلۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە وشەی (Federation) چوار مانای هەیە، کە بریتین لە[2]: (١- هاوپەیمانی Alliance)، (٢-کۆمەڵە League) (٣- کۆنفیدراسیۆن Confederation)، ٤ (- یەکێتی فیدراڵ Federation).

(مارسیل بریلۆ) پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی بەوە کردووە، کە یەکێتی نێوان دەوڵەتانە، ملکەچی بەشێک لە دەسەڵاتی ناوەندین لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، پارێزگاری لە بەشێک لە سەربەخۆیی دەستوری و کارگێڕی و دادوەری خۆیان دەکەن[3]. ئەندرێ هۆریۆش (Hauriou) دەڵێت: دەوڵەتی فیدراڵی هاوبەشی دەوڵەتانە کەپەیوەندی یاسایی نێوخۆ یان یاسای دەستوریان هەیەوبەپێی ئەوەش دەوڵەتێک دادەمەزرێت لەسەرووی دەوڵەتە بەشداربووەکان[4].

**لقی دووەم:لەڕووی زاراوەیی:**

ولیام ریکەر(William Riker) فیدراڵیەت بەوە پێناسە دەکات، کە "رێکخستنێکی سیاسیە، کە تیایدا کارەکانی حکومەت لە نێوان حکومەتەکانی هەرێمی و حکومەتی ناوەند دابەش دەکرێت، بە شێوەیەک هەر یەکێک لەو جۆرە حکومەتانە بەشێکی لەو کارانە لەبەر دەستدا دەبێت و دەتوانێت بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوەیان لەسەربدات"[5].

یەڵینیک Jilinek دەوڵەتی فیدراڵی بەوە پێناسە دەکات کە "دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە لە چەند دەوڵەتێکی بێ سەروەری پێکهاتووە، دەسەڵاتەکەی لەو دەوڵەتانەی پێکیان هێناوە هەڵدەچنێت"[6].

هەروەها کارەی دی مالبرێگ(Carre Demalberg) پێی وایە "دەوڵەتی فیدراڵی بە کۆکراوەیی هەم دەوڵەتەو هەم یەکگرتنی دەوڵەتانە، چونکە لەلایەک لە دەوڵەتی یەکبوو دەچێت بەم جۆرەش لە کۆنفیدراڵیەتی دەوڵەتان جیادەکرێتەوەو لەلایەکی دیکەش لەچەند دەوڵەتێکی خاوەن پەیوەندی فیدراڵی پێکدێت، بەم جۆرەش لە دەوڵەتی یەکبوو جیا دەکرێتەوە"[7].

---

[1] ولید کاصد الزیدی، الفدرالية: المركز الاسلامی للدراسات الاستراتيجية، النجف، ٢٠١٩، ص٣٧.

[2] سەیوان کاکەڕەش، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدراڵیەکان، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥.

[3] نقلا عن: عصام سليمان، الفدرالية و المجتمعات التعددية ولبنان، دار العلم الملاين، بيروت، ١٩٩١، ص٤١.

[4] اندريه هوريو، القانون الدستوری والمؤسسات السياسية، ت: (على محمد- شفيق حداد – عبدالمحسن سعد)، مطبعة الاهليه، بيروت، ١٩٧٤، ص١٥٢.

[5] نقلا عن: محمد عمر مولود، الفدرالية و إمكانية تطبيقها فی العراق، مؤسسة موكريان، أربيل، ٢٠٠٣، ص٢٣٥.

[6] نقلا عن: ميشال الرياشی، إسهام فی الدراسة النظرية التقليدية للدولة الفدرالية، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق و العلوم السياسة والادارية، الجامعة اللبنانية، ٢٠٠٩ ص٧.

[7] نقلا عن: المصدر نفسه.

بەگشتی دەتوانین بڵێین، کە توێژەران و لێکۆڵەرەوان لەسەر بنەمای دوو ئاراستە پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەن، بەجۆرێک کە ئاراستەی یەکەم، جەخت لەسەر دەستورو دامەزراوەیی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەنەوە[١]، وەک (د. سعد عصفور) دەڵێ: یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا و ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ناوەندییە، کە بەشێک لە کاروبارەکانی ناوخۆ، هەموو یان بەشێک لە کاروبارەکانی دەرەوەشی بەڕێوەدەبات[٢].

هەرچی ئاراستەی دووەمە، لە پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵیدا جەخت لەسەر ئەو بنەمایانەدەکاتەوەکە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دروست دەبێت، هەروەک (دایسی) دەڵێت: دەوڵەتی فیدراڵی پێوانەیەکی سیاسیە، کە مەبەست لێی یەکخستنی نێوان یەکەی نیشتیمانی و پارێزگاریکردنی مافی ویلایەتەکانە[٣]. پاش وردبونەوەمان لە کۆی ئەو پێناسەو بۆچوونانەی کە بۆدەوڵەتی فیدراڵی هەن، دەکرێت پیناسەیەکی گشتگیری لێ بەرهەمبهێنرێت و بڵێین :(دەوڵەتی فیدراڵی جۆرێکە لە جۆرەکانی دەوڵەتی ئاوێتە، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان چەند هەرێمیک پێکدێت، لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی دەستوریەوە، کە لەمیانەی ئەم دەستورەوە دەسەڵاتی و تایبەتکارییەکانی لەنێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دابەشدەکرێت، واتە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی یەکە پێکهێنەرەکان (ویلایەت، هەرێم)..

دەوڵەتی فیدراڵی بەوە جیادەکرێتەوە، کە چەند سیماو تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، بەو پێیەی کە یەکێکە لە ڕێکخستنەکانی یاسای دەستوری، بۆ پیشاندنی وێنەیەکی ڕاشکاوانەتر بۆ ئەو سیستەمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کە بریتین لە:

**١- دوانەیی دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا:**

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەسەڵات لەسەر دوو ئاستی جیاواز بوونی هەیە، کە جگە لە دەسەڵاتە فیدراڵیەکان، هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە، واتە دوو ئاست لە حکومەت هەیە، کە یەکێکیان بۆ هەموو دەوڵەتەکەیەو یەکێکی تریشیان بۆ هەرێمەکانە[٤].

حکومەتی فیدراڵ یان ناوەندی زیاتر کار لەسەر کاروبارە گرنگ و پەیوەندیدار بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە یان هاوبەشەکانەوە بەڕێوەدەبات وەک سیاسەتی دەرەوەو کاروباری

---

[١] عابد خالد رسول، المجلس التشريعي الثاني فى الدولة الفيدرالية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص١٧.

[٢] نقلا عن: عصام سلمان، مصدر سابق، ص٤٠.

[٣] محمد عبدالمعز نصر، في النظريات والنظم السياسية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٣، ص٤٧٥.

[٤] پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٢.

سەربازی و لایەنی دارایی و هێما نیشتیمانیەکان هەرچی حکومەتی هەرێمەکانیشە زۆرتر کار لەسەر ئەو کاروبارانە دەکات، کەپەیوەستن بە کاروباری هەرێمی و خۆجێییەوە و پەیوەندیدارن بەناوخۆیی هەرێمەکانەوە[١].

**٢- دەوڵەتی فیدراڵی دەوڵەتێکی ئاوێتەیە:**

دەوڵەتی ئاوێتە ئەو دەوڵەتەیە کە لە یەکێتی دوو دەوڵەت یان زیاتر پێک هاتووە، بەهۆی جۆرو سروشتی جیاوازی ئەو یەکێتیەی کە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا هەیە دابەش دەبێت بۆ چوار فۆرم کەبریتین لە یەکێتی کەسی ویەکێتی ڕاستەقینە و یەکێتی کۆنفیدراڵی و یەکێتی فیدراڵی*[٢].

واتە دەوڵەتی فیدراڵی، ئەو دەوڵەتەیە کە ئاماژە بە پێکەوەبوونی دوو ئاستی سەربەخۆی حکومەت دەکات، کە هاوکات بەسەر هاوڵاتیاندا حوکم دەکەن، بەڵام ئەم سەربەخۆییەی یەکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەمانای ئەوەنییە کە دەوڵەتی سەربەخۆن و سەروەری ناوخۆو دەرەوەیان هەیە[٣].

**٣- دەستورێکی نوسراو:**

دەستور کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتیە، کە شێوەی دەوڵەت و سیستەمە سیاسیەکەی و یاساکانی حوکمڕانی دیاری دەکات، دەستور یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو جۆرە دەوڵەتان و بەتایبەتیش دەوڵەتی فیدراڵی، بەو پێیەی ئەم جۆرە لە دەوڵەت بەپێی دەستور دروست دەبێت و دەستوری فیدراڵی گوزارشت لە خواست و ویستی گەل و یەکێتی هەرێمەکان دەکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی[٤].

دەستوری فیدراڵی بنەمای یاسایی دیاریکردن و دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکانە، دەستورێکی باڵایەو تاک لایەنە هەموارناکرێت و پێویستی بە ڕزایبونی ڕێژەیەکی بەرچاوی یەکە پێکهێنەرەکانە، هەروەها پایەدارترین یاسای وڵاتەو نابێت لە

---

[١] ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، فیدراڵیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

* یەکێتی کەسی: لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دروست دەبێت، یەک سەرۆک سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە دەکات کە دێنە ناو یەکێتیەکە، کە زیاتر پەیوەستە بە سەرۆکی یەکێتی یەکە.

یەکێتی ڕاستەقینە: بەهەمان شێوەی یەکێتی کەسیە، بەڵام بەهێزترە لە یەکێتی کەسی، چونکە دەستەیەک سەرۆکایەتی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دەرەکی یەکێتی یەکە لەنێوان پێکهاتەکان.

یەکێتی فیدراڵی: کە لە یەکگرتنی دوو دەوڵەت یان زیاتر دروست دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام مەرجی پێکهێنانی کۆنفیدراڵی ئەوەیە دەبێ ئەو دەوڵەتانەی دێنە ناو یەکێتی یەکە دەوڵەتی سەربەخۆبن و ئەنجومەنێک پێکدەهێنن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی کۆنفیدراڵیەکە. ینظر: أمجد علی حسین، النظام الفدرالي کحل للنزاعات فی المجتمعات التعددیة العراق نموذجا، رسالة الماجستیر، جامعة دهوک، کلیة القانون والسیاسیة، قسم القانون، ٢٠١٠، ص٥٩.

[٢] حسن مستەفا، بژار عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[٣] ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، فیدرالیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

[٤] المؤسسة الدولیة للدیمقراطیة والانتخابات، الفیدرالیة، ایار/ ٢٠١٥، تاریخ الزیارة:٢٠٢٠/١٢/١٠ علی الرابط الاتی: https://www.idea.int/sites/default/files/publications/federalism-primer-AR.pdf.

دەستوری هەرێمەکاندا هیچ بەندێک یان بڕگەیەک پێچەوانە و ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستوری فیدراڵی[١].

دەستوری فیدراڵی سەرچاوەی سەرەکیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، کە ڕەنگە لەنێوان یەکە فیدراڵیەکاندا ڕووبدات، بۆیە دەستور چارەسەری زۆربەی ئەو ناکۆکییە چاوەڕوانکراوانە دەکات، کە دەشێت لە دەوڵەتی فیدراڵیدا سەرهەڵبدەن[٢].

سەبارەت بە بواری پراکتیکیش، ئەوە ڕوونە کە ئەو یەکێتییە فیدراڵیانەی کە لە جیهاندا دروست بوون و هەر لە دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی فیدراڵی تازە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی(١٧٨٧ز)تائێستا، هەموویان لەدایکبووی دەستوری نوسراون و هیچ دەوڵەتێکی فیدراڵی سەردەم بەبێ دەستوری نوسراو دروست نەبووە[٣].

**٤- بوونی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان:**

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا زۆرجار ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان نوێنەرایەتی یەکە پێکهێنەرەکان لە دامەزراوەکانی داڕشتنی بڕیاری سیاسی فیدراڵیدا دەکات، بۆ گرەنتی کردنی بەشداری یەکەکان لە دروستکردنی بڕیاری ناوەندو گوزارشتکردن لە ڕاکانیان، لە پێکهێنانی ئەنجومەنی دووەمی یاساداناندا هەندێ ڕێوشوێن دەگیرێتەبەر، کە قورسایی زیاتر دەدات بەیەکە بچوکەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشوان و قەبارەی جوگرافییان. [٤]

**٥- بوونی دادگای باڵای فیدراڵی:**

زۆربەی دەستورە فیدراڵییەکاندا لە دەقەکانیاندا گرنگی بە مەسەلەی دادگای فیدراڵی دەدەن و مەرجی ئەوەیان داوە، کە وەک بەرزترین دەسەڵات لە دەوڵەتدا ڕێکبخرێتەوە، ئەم دەستە دادوەرییە زۆربەی جار بە(دادگای باڵا) ناودەبرێ، هەروەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەداو هندستان، لە سویسراش پێی دەوترێت (دادگای فیدراڵی)، بەڵام لە ئەڵمانیا پێی دەوترێت (دادگای دەستوری فیدراڵی)[٥].

سروشتی سیستەمی فیدراڵی و بوونی دەستەی دادوەری و دەستە دەستورییەکان و دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان وادەخوازێت، کە دامەزراوەیەکی دەستوری نیشتیمانی بێلایەن هەبێت، کە ئەرکی ڕاڤەی دەستورو چارەسەرکردنی ناکۆکییە دەستورییەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و

---

[١] پێشەوا حمید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

[٢] سوران علی حسن، التنظيم القانوني للوحدات الفدرالية فی العراق، مرکز ژير، اربيل، ٢٠١٧، ص١٧.

[٣] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٤١.

[٤] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٢٠.

[٥] محمد هماوند، الفيدرالية والحكم الذاتي والمركزية الادارية الإقليمية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص١٩٦.

حکومەتی یەکە پێکهێنەرەکان، یان نێوان یەکە پێکهێنەرەکان خۆیان، بگرێتە ئەستۆ، کە بێگومان ئەمەش دامەزراوەی دادگای باڵای دەستورییە[1].

دیارە دادگای باڵا وەک دەسەتەیەکی دەستوری سەربەخۆیە لەهەمبەر هەریەکە لە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی ویلایەتەکان بێلایەنەو دورە لەکاریگەریە سیاسییەکان و ئەمەش بە ئامانجی بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی ویلایەتەکان، بەم شێوەیە وەک گرەنتییەک وایە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و بەردەوام بوونی یەکێتی و پاراستنی دەستور لە دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان[2].

گرنگترین تایبەتکارییەکانی دادگای باڵا، لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بریتین لە[3]:

١- چاودێری دەستوریبوونی یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمەکان و دیاریکردنی گونجانیان لەگەڵ حکومەکانی دەستوری فیدراڵی.

٢- بڕیاردان لەو ناکۆکیانەی کە پەیوەندیدارن بە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمەکان یان نێوان حکومەتی هەرێمەکان.

٣- پێداچونەوەی ئەو حوکمانەی کە لەلایەن دادگاکانی یەکە پێکهێنەرەکانەوە دەرکراوە.

**٦- ڕێکارەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی وهەرێمەکان:**

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا چەند دەزگاو میکانیزم و ڕێکارێک بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە دەستورییەکان لە نێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت، وەک: (دادگای فیدراڵی، ئەنجومەنی دووەمی پەرلەمانی فیدراڵی، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم) و بوونی چەند ڕێکارو دەزگایەک بۆ ڕایکردنی پەیوەندی و دەسەڵاتە هاوبەشەکان لە نێوان هەردوو ئاستەکە لە حکومەت، وەک دەزگا سەربەخۆکان و لیژنە وەزارییەکانی نێوان هەرێم وحکومەتی فیدراڵ[4].

ئەم تایبەتمەندییانەی، کە ئاماژەیان پێکرا، لە ئەنجامی ئەو بنەمایانەوەن، کە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەریان دروست بووە، لەوانەش بنەمای (سەربەخۆیی خودی)و (بەشداری)، کە دەرهاویشتەی دەوڵەتی فیدراڵین، هەروەها ئەم تایبەتمەندیانە بە دوو جۆر پۆلێن دەکرێن، تایبەتمەندییە دوانەییەکان وەک: دوانەیی دەستور (دەستوری فیدراڵی و دەستوری هەرێمەکان) و دوانەیی دەسەڵات (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان) و دوانەیی پەرلەمان (ئەنجومەنی یاسادانانی یەکەم و دووەم)، تایبەتمەندییەکانی ناوەندیبوون، وەک کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی، نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ڕەگەزنامە، هێزی نیشتیمانی، سنورە نێودەوڵەتییەکان.

---

[1] أحمد علی احمد، التنظيم الاداري فی الدول الاتحادية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ص٩٦.

[2] أحمد ابراهيم الورتي، النظام الفدرالي بين النظرية و التطبيق، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠١٣٣، ص٥٣.

[3] المصدرنفسه.

[4] جورج اندرسون، مقدمة عن الفدرالية: ماهي الفدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، ط ١، منتدى الاتحادات الفيدرالية، كندا، ٢٠٠٧، ص٣.

ئەگەر فیدرالیزم هەر سیمایەکی ناوەڕۆکی هەبێت، ئەوا ئەوەیە کە لەڕووی دەستورییەوە دوو ئاستی دامەزراوەی حکومەتی هەیەو هەریەکەیان هەندێک سەربەخۆیی ڕاستەقینەی هەیەو حکومەتی هەر ئاستێک بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارە لە بەردەم دەنگدەرانی خۆیدا[1].

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا، ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، کە ئەم تایبەتمەندییانە بە بڕو ئاستی جیاجیا لە وڵاتە فیدراڵیەکاندا هەن، ئەم تایبەتمەندیانە لە هەر دەوڵەتێکدا ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و ئاستی خوازراوی سەربەخۆیی و جۆری ئەو سەربەخۆییەن، کە خوازراوە، بەشێوەیەکی سروشتی فیدراڵیزم پێویستی بە دیموکراسی و سەروەری یاسایە، چونکە ڕژێمە نادیموکراتییەکان بەگشتی ڕێگە بەسەربەخۆی ڕاستەقینەی یەکە پێکهێنەرەکان نادەن.

## خواستی دووەم: پەرەسەندنی دەوڵەتی فیدراڵی وکۆتایهاتنی

**یەکەم:گەشەکردن:**

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەوڵەتی فیدراڵی، وەک فۆرمێک لە فۆرمەکانی دەوڵەتی ئاوێتە لەڕووی پێکهاتنەوە، جێگای بایەخ و گرینگیپێدانی بیرمەندان و یاساناسان بووە، زۆری گرنگی دان بەمشێوە دەوڵەتە جیاوازی دروستکردووە لە دیاریکردنی مێژووی سەرەتایی سەرهەڵدانی دەوڵەتی فیدراڵی.

سەرهەڵدانی دەوڵەتی فیدراڵی بەمانا مۆدێرنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٨ تا ناوەڕاستی سەدەی ٢٠، سەدەکانی (١٨و١٩) نوێنەرایەتی سەردەمێکی مێژوویيان دەکرد، کە فیدراڵیزم سەریهەڵدا، تاڕادەیەک، کە پێی گوتراوە سەردەمی فیدراڵیزم[2].

لەڕووی مێژووییەوە، هەندێ لە مێژوونووسان و یاساناسان پێیان وایە، کە یەکەم سیستەمی فیدراڵی دۆکیۆمێنتکراو زیاد لە (٣٢٠٠)ساڵ لەمەوبەر، لە نێوان خێڵەکانی ئیسرائیلدا پەیڕەوەی لێکراوە[3].

هەندێکی تریش لە شارەزایان، دروستبوونی لایەنی تیۆری و پراکتیکی سیستەمی فیدراڵی دەگێڕنەوە بۆ یۆنانی کۆن، لە لای یۆنانییەکان جیاوازی هەبوو لەنێوان دوو شێوە ڕێکخستنی فیدراڵی، ئەوانیش ڕێکخستنی(سایماچیا) و (یمپۆلیتیا)بوون، سایماچیا یەکێتیەکی شێوە سەربازی بوو، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان زۆر بەهێزو تێیدا جۆرێک لە هاوبەشی لە ژیانی سیاسیدا بەدی

---

[1] جورج اندرسون ، مصدرسابق، ص٤.

[2] ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[3] رونالد ل. واتس، الانظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة ومها بسطامي و مها تكلا، طبعة خاصة، منتدى الاتحادات الفيدرالية، اوتاوا، ٢٠٠٦، ص١٦.

دەکراو، ئەوەش پێویستی بە بوونی حکومەتی ناوەندی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان و ناوەند دروست کرد[١].

دوای یۆنانیەکان باس لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەکرێت، کە لەسەدەی حەوتەمی (زاینی) سەریهەڵداو هەر لە دروستبوونیەوە ڕوخسارێکی شێوە فیدراڵی لە خۆگرتبوو، چونکە پێکهاتبوو لە چەندین ناوچە و هەرێمی سەربەخۆ، هەریەکە لەم قەوارانەش خاوەن دەسەڵاتێکی ناوچەیی خۆیان بوون، لەڕووی دەستوریشەوە ئیمپراتۆریەتەکە ئەنجومەنی (دایتی) پێکهێنابوو کە نوێنەرایەتی هەموو ئیمپراتۆریەت و یەکە سەربەخۆکانی لەخۆگرتبوو[٢].

پاشان سەدەکانی ناوەڕاستیش لەئەڵمانیا هەندێ فیدراسیۆنی بەخۆیەوە بینی، کە بەڕای مادیسۆن (Jame Madison) ئەم سیستەمە فیدراسیۆنانە زۆر لە دەرکەوتەو دیاردەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵیان لەخۆدەگرت[٣].

ئەم سیستەمە لەسەردەمی ئیسلامیشدا بەکردەوە هەبووە، جگە لەوەی نێوەندێکی دەسەڵاتی ڕامیاری و سوپایی، دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامی هەبووە، هەر وڵاتێک لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووبێ بە فەرمانی گەورەی موسڵمانان فەرمانڕەوایەکی تایبەتییان لەو نێوەندەدا بۆ دیاریکردوە، ئەو فەرمانڕەوایەش بەناوی (جێنشین)ی موسڵمانانەوە، فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی کردووە[٤].

پاشان کۆنفیدراسیۆنی سویسرا لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی واژۆکردنی بەڵگەنامەیەکی بەرگری لەنێوان سێ پارێزگا یان کانتۆنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی نەمساو ئەڵمانیا دامەزراو لە ماوەی دوو سەدەی دواتردا پارێزگاکانی تر چونە پاڵیان و بوو بە (هاوپەیمانی سێزدە پارێزگا)[٥].

لەئەنجامی ئەوەی باسکرا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بیرۆکەی فیدڕاڵی لە زۆربەی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوودا، پێش ئەوەی بەم فۆڕم و ناوەی ئێستاهەبوبێت، پیادەکراوە بۆیە لێرەدا ئاماژە بە مێژووی دروستبوونی زۆرێک لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکان دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەمریکای باکور، لەمیانەی بوونی (١٣) کۆڵۆنی تایبەت، کە لەژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا بوون و هەندێک سەربەخۆی ناوخۆییان هەبوو، لە ساڵی (١٧٦٥ز) ناکۆکی لە نێوان بەریتانیاو ئەم کۆڵۆنیانەدا دروست بوو، بەهۆکاری ئابوری و دوای خراپتربوونی دۆخەکە شۆڕشێکی چەکداری

---

[١] پێشەوا حمید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[٢] دیلمان محمد، فیدڕاڵیزم و ئۆتۆنۆمی، مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦.

[٣] محمد المجذوب، القانون الدستوري والنظام السياسي فى لبنان، ط٤، منشورات الحلجي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٧٧.

[٤] حوسێن محمد، فیدڕاڵیزم و دەوڵەتی فیدڕاڵ، چاپخانەی سیما، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٣.

[٥] شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي: دراسة تحليلية مقارنة، مركز العربي، القاهرة، ٢٠١٦، ص٢٨.

سەریهەڵداو بەهۆیەوە کۆلۆنیەکان لەتەممووزی (١٧٧٦ز) دا سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا ڕاگەیاندو هەر کۆلۆنیایەک گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ[١].

لە ساڵی(١٧٨٢ز) دا کۆنفرانسێک بۆ یەکبوونی هاوپەیمانی و گۆڕینی بۆ پەیماننامە یان کۆنفیدڕاڵی بەسترا، لەژێر کاریگەری فاکتەرە ئابورییەکان و گروپە سەرمایەدارەکان و خاوەن پیشە ئازادەکان و هەڵوێستی ڕۆژنامەنوسان، ئەمریکا بەرەو دامەزراندنی فیدڕاڵی هەنگاوی ناو لە ١٤ی ئایاری ساڵی (١٧٨٧ز) کۆنگرێس لە (فیلادلفیا) کۆنگرەیەکی سازکرد، بە کۆی دەنگ لە ١٧ی ئەیلولی (١٧٨٧ز)لەسەر ڕەشنوسی دەستور ڕێککەوتن و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا جێبەجێکردنی دەستوری نوێ دەستی پێکرد و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە یەکەم سیستەمی فیدڕاڵی هاوچەرخ لە بواری کرداریدا لە جیهاندا [٢].

بە کاریگەری ئەم ئەزمونە سویسرالەساڵی(١٨٤٨ز) سیستەمی کۆنفیدڕاڵی خۆی گۆڕی بۆ سیسەمی فیدڕاڵی و (کەنەدا)ش لەساڵی(١٨٦٧ز)بووە سێیەم دەوڵەتی فیدڕاڵی هاوچەرخ لەدوای سویسرا و فیدراسیۆنەکانی باشوری ئەڵمانیاش لەساڵی (١٨٧١ز)لەخۆی بگرێ، پێشتر دامەزرابوو، دوای ماوەیەکی کەم ئوستراليا لە ساڵی (١٩٠١ز) بووە فیدڕاڵی، هەروەها هەندێک لە کۆمارەکانی ئەمریکای لاتینی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سیستەمی فیدڕاڵیان گرتەبەر[٣].

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیستەمی فیدڕاڵی و نمیچە فیدڕاڵی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیاو ئەفریقا دابمەزرێت، وەک بەلجیکا، کە بەپێی دەستوری ساڵی(١٩٩٤ز) خۆی گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و پاش ئەوە ئەفریقای باشور بەپێی یاسای دەستوری لە ساڵی ١٩٩٤، دواتر عێراق بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆماوەی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤دا گۆڕدرا بۆ دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، هەروەها نیپاڵ بەدەستوری (٢٠١٧ز) بوو بەدەوڵەتێکی فیدڕاڵ[٤].

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەم ئەزمونە فیدڕاڵیانە سەرەڕای ئەوەی کە هەموویان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێستا لە جیهاندا نزیکەی(٢٨)دەوڵەتی فیدڕاڵی هەن، کە زیاتر لە (٤٠٪)ی دانیشتوانی جیهان لەخۆدەگرن و هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵیە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ فراوانی ئەم سیستەمە و گەشەکردنی لەسەر ئاستی جیهاندا و سیستەمێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە هەموو وڵاتاندا پیادە بکرێت بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کۆمەڵگەکەیان فرە نەتەوەو جۆراو جۆرن و ڕووبەریان فراوانە دەتوانن فیدڕاڵی پەیڕەوبکەن.

---

[١] محمد المجذوب، مصدر سابق، ص١٩٣.

[٢] شورش حسن عمر، مصدر سابق، ص٣٠.

[٣] محمد المجذوب، مصدر سابق، ص٤٨٧.

[٤] شورش حسن عمر، مصدر سابق، ص٣٠.

**دووەم:دروست بوون:**

**١- شێوازی چونە پاڵ :**

بەپێی ئەم شێوازە دەوڵەتی فیدراڵی لە ئەنجامی کۆبوونەوەو چوونە پاڵ یەکتری چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ یەکتری و یەکگرتنیان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دروست دەبێت، بەزۆری هۆکاری ترس و هەوڵدانی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی خاوەن هێز لە پشت دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵییە بەم شێوازە [١].

لەم شێوازەی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵیدا دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئەندام بە ڕێژەیەکی گەورەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە ئەندامانە دامەزرێنەری دەوڵەتە فیدراڵییەکەن و بەڕێژەیەکی دیاریکراو نەبێت بۆ دەوڵەتی فیدراڵی واز لە دەسەڵاتی خۆیان ناهێنن، بەواتایەکی تر دەوڵە پێکهێنەرەکان هەوڵدەدەن دەسەڵاتێکی کەم بەحکومەتی فیدراڵی بدەن[٢].

نموونەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییانەش، کە بەم شێوازە دروست بوون بریتین لە: (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسرا، ئوسترالیا، ئەڵمانیا، یەکێتی باشوری ئەفریقیا).

**٢- شێوازی هەڵوەشانەوە (پارچەپارچەبوون):**

دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی بەم شێوازە، لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێکی سادە دەبێت بۆ چەند یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ (هەرێم) کە جارێکی تر و سەرلەنوێ لەدوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سادەو بەهۆی بوونی چەندین هۆکاری هاندەر لە دەوڵەتێکی نوێدا یەک دەگرنەوە، کە بریتیە لە دەوڵەتی فیدراڵ[٣].

ئەو دەوڵەتانەی کە بەم شێوازە دروست دەبن جیاوازن لەو دەوڵەتانەی کە بەشێوازی یەکەم (چونەپاڵ) دروست دەبن، چونکە لەم دەوڵەتانەدا دەسەڵات و سەربەخۆی زیاتر بۆ حکومەتی فیدراڵییەودەسەڵاتی هەرێمەکان بەرتەسک دەکرێنەوە[٤].

ئەم شێوازە ڕێگای دروستبوونی هەریەکە لەم دەوڵەتە فیدراڵیانەیە(بەرازیل، مەکسیک، ئەرجەنتین، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو).

**٣- شێوازی ئاوێتە:**

بەپێی ئەم شێوازە دەوڵەتی فیدراڵی لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو شێوازەکەی پێشوو دروست دەبێت و لەخۆدەگرێت، هەردوو وڵاتی کەنەداو هندستان بەم شێوازە دروست بوون، بە جۆرێک

---

[١] لیڤیار بختیار حمە سەعید، التنظیم القانوني للقروض الدولیة والیة توزیعها فی الانظمة الفیدرالیة، رسالة ماجستیر (غیر منشورة)، کلیة القانون، جامعة السلیمانیة، ٢٠٢٠، ص٣٠.

[٢] گۆران ئازاد حەمەد، دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٨.

[٣] لقمان عمر حسین، مصدر سابق، ص٣٢.

[٤] تانیا طاهر، سیستەمی فیدراڵی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥دا، بەبێ شوێنی چاپ و ساڵی چاپ، ل٢٧.

کەنەدا لەسەرەتادا لە دەوڵەتێکی سادەوە پارچە پارچە بوو بۆ دەوڵەتێکی یەکگرتوو، کە ویلایەتەکانی (ئۆنتاریۆ و کیبوبک)ی تێدابوو، پاشان پارێزگا نوێیەکانیش چونە پاڵی[1].

**سێیەم:کۆتایهاتن:**

أ- ڕێگەی جیابونەوە: جیابوونەوەی دەوڵەتەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی و گۆڕینیان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئەنجامی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ یان شەڕی ناوخۆ[2]، نموونەش وەک چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٩١ و یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١.

ب- ڕێگەی هەڵوەشانەوە: گۆڕینی دەوڵەتی فیدڕاڵ بۆ دەوڵەتێکی سادەی یەکبوو، کە تیایدا دەوڵەتەکان ببنە یەکپارچەی ئیداری دوای ئەوەی کە یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆبوون لەگەڵ سەروەری ناوخۆیی[3]، نموونەی ئەمەش وەک ئەڵمانیا لە نێوان ساڵانی (١٩٣٤- ١٩٤٩) و لیبیا لە ساڵی ١٩٦٣.

**هۆکارەکان:**

**١- هۆکاری ترس:**

لە مێژووی زۆربەی وڵاتان ئەو ڕاستییە سەلماوە، کە شەڕ تاکە چەکێک بووە بۆ بەهێزکردنی پایەی دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەک و فراوانکردنی سنوری جوگرافی دەسەڵات و وڵاتەکەی لەلایەکی ترەوە، لەم ڕووەشەوە وڵاتە لاوازو بێ هێزەکان قوربانی هێرش و پەلاماری دەوڵەت و ئیمپراتۆرە بەهێزەکان بوون و ئەمەش وایکردووە بۆیەکگرتن و بەرگری هاوبەش هەستێک دروست بکات[4].

بۆنموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەڕەشەی بەریتانیاو ترس لە داگیرکاری گرنگترین هۆکاربوون کەوای لەو وڵاتانە کرد کۆنفیدڕاڵییەک دامەزرێنن، کە لە سێزدە دەوڵەتی سەبەخۆ پێکهاتبوو، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی سەربەخۆی خۆیان و بردنەوەی جەنگ لەدژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، دواتریش ئەم کۆنفیدڕاڵیە بووە بنەمایەک کە بەرەو فیدڕاڵی هەنگاویان نا .[5] بەم شێوەیە هەستکردن مەترسی و هەڕەشەی دەرەکی وای لە دەوڵەت و هەرێمەکان کرد، کە دەوڵەتێکی بەهێزو بەتوانا لە وێنەی دەوڵەتی فیدڕاڵی بۆ پاراستنیان دروست بکەن .

هەروەها ترس لە بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەندو خراپ بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە وایکردووە، گروپ و لایەنەکان بیر لە دەوڵەتی فیدڕاڵی بکەنەوە، لەم دۆخەشدا بیر لەوە دەکرێتەوە تایبەتکاری و دەسەڵات لە دەوڵەتێکی ناوەندی دابەش بکرێت بۆ سەر هەرێمە بچوک و جیاوازەکان،

---

[1] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٣٤.

[2] بطرس بطرس غالي، محمود خيري، المدخل فی علم السياسية، ط١٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩١، ص٢٢٢.

[3] المصدرنفسه، الصفعة نفسها.

[4] اوستن رني، سياسة الحكم، ت: حسين علي الذنون، ط٢، المكتبة الاهلية، بغداد، ١٩٩٦، ل٢٨٦.

[5] محمد عبدالعزيز نصر، مصدر سابق، ص٤٨٦.

ئەزموونی هەریەکە لە بەلجیکاو ئەڵمانیاو بەرجەستەکەری ئەم فۆڕمە تایبەتەی دەوڵەتی فیدراڵین[١].

**٢- هۆکاری جیاوازی ئەتنی ونەتەوەییو زمان و ئاین:**

یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی، جیاوازی نەتەوەو زمان و ئاینە، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە زیاتر لە ئەتنی و نەتەوەو زمان و ئاینێکیان تێدایە (کۆمەڵگا فرەییەکان) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵ، ئەم هۆکارە، هەر لەسەرەتاوە کاریگەری هەبووە لەسەر دروستکردنی کۆنفیدراڵیەکان، کە دواتر بەرەو دەوڵەتی فیدرالی گۆڕان، بۆ نموونە سویسرا لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی بچووکە بەڵام (فرە نەتەوە-بیروباوەڕە) سەرەتا وەک کۆنفیدراڵیەک لە نێوان چەند هەرێمێکی جیاواز لە نەتەوە پێکهاتبوو، دواتر بەرەو دەوڵەتی فیدراڵی گۆڕا[٢]. کەواتە دەوڵەتی فیدراڵی رێگەچارەسەرێکە بۆچارەسەرکردنی ئەو جیاوازیانە، چونکە تاکە دڵنیاییە، کە ڕێ لە تەقینەوەی هێزە سەربەخۆکان دەگرێت لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە فرەڕەگەزوفرەئەتنی و هاو نەتەوەیین، کە هەندێ جار چەند ئەتنی ونەتەوە و گەل و کەلتورێکی جۆراوجۆرو جیاواز لەگەڵ یەکدا دەژین[٣].

(جۆن ستیوارت میل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سۆزەئەتنی و زمانی و ئاینییەکان لەسەرووی هەموو ئەو سۆزانەی سیستەمە سیاسیەکانن کە ئەو بەهەستە نزیکەکانی ناو دانیشتوان ناوی دەبات و دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە یەکبون بکەن و بەرەو یەکگرتن هەنگاو بنێنن[٤].

کەواتە کێشەی نەتەوەیی و ئەتنی و ڕەگەزو زمان و ئاین، یەکێکە لەهۆکارەکانی پەنابردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەمەش بە ئاشکرا لە کاتی دروستکردنی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (وەک نموونەیەکی تایبەتی دەوڵەتی فیدراڵ) بەدیاردەکەوێت، کە چەندین نەتەوەی جیاوازی دەگرتەخۆ، وەکو ڕوسی و ئۆکرانی، ڕوسی سپی، یەهودی، ئەرمەنی، کورد، جۆرجی، کە هەموویان لەچوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا دەژیان[٥].

**٣- هۆکارە جوگرافییەکان:**

فراوانی ڕووبەری جوگرافی دەوڵەت لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵییە، هەروەک چۆن بیرمەندی فەڕەنسی (مۆنتیسکۆ) پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی دەکات،

---

[١] گۆران ئازاد حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[٢] پێشەوا حمید عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

[٣] ئەحمەد عەزیزی، فیدراڵیزم و سیستەمی فیدراڵی، گۆڤاری نۆڤین، ژمارە١، ئایاری ٢٠٠٤، ل٧١.

[٤] نقلا عن: لطیف مصطفى أمين، الفيدرالية وافاق نجاحها فى العراق، مطبعة سردم، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٤٨.

[٥] پێشەوا حمید عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

وەکو چارەسەرێک بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی فراوانی و گەورەیی ڕووبەری جوگرافی وڵات لەناوخۆدا ڕوودەدەن [1].

بۆیە ڕووبەری گەورەی دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەپەسەندکردنی سیستەمی فیدراڵی لەلایەن دەوڵەتانەوە و گۆڕینی دەوڵەتە ناوەندییەکان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، چونکە وڵاتێک کە فیدراڵی بێت و لەهەمان کاتدا خاوەنی ڕووبەرێکی گەورەبێت، وا دەکات کە بەشێوەیەکی کاریگەرو باش وڵات بەرێوەبەرێت و ناوچەو هەرێمە دورەکان توشی گرفت نەکاتەوە.

نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەش، ئەرجەنتین و ڕوسیاو بەرازیلە، هیندستانیش، گەلێکی نزیکەی یەک ملیار کەس و ڕووبەرێکی (٢٦٣.٢٧٨.٣کم٢) پەنای بردۆتە بەر سیستەمی فیدراڵی[2].

٤- **هۆکاری ئابوری** :

بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەسەر ئاستی ئابوری لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا وادەکات، کە فیدراڵی وەک هاوکێشەیەک بۆ پێکەوەژیان لە نێوانیاندا هەڵبژێرن، هەروەها هەریەک لەو دەوڵەتانەی، کە بە سەربەخۆیی ناتوانن ببن بە خاوەنی ئابورییەکی باش، کاتێک یەکێک خاوەنی سەرمایەی سروشتییەو یەکێکی تر خاوەنی دەستی کار، ئەویتریش خاوەنی هۆکارەکانی پیشەسازییە، هەموو ئەمانە وادەکەن، کە دەوڵەتێکی فیدراڵ پێکبهێنن[3].

هەستکردن بەوەی ئابوری جیهان، چەند هێزێکی ئابوری سیاسی دروست کردووە، کە گوشارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی زیادکرد لەسەر حیسابی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەروەها ئارەزووی پێراگەیشتن بە بازاڕو خزمەتگوزاری جیهانی، حکومەتەکانی زیاتر ڕووبەڕووی ئارەزووی گەلەکانیان کردۆتەوەو لێرەشەوە (دەوڵەتی نەتەوەیی کلاسیک) ناتوانێ چێژی زۆر لەو پێداویستیە بەسودانە بۆ هاوڵاتیان فەرهەم بکات و گرنگی پێدەدەن، وەک ئاستی بژێوی بەرز و گەرەنتییەکانی کار.[4]

ئەم هۆیانە وایکرد هەریەک لە وڵاتانی (سویسراو ئوستراليا) ببنە یەکێتی فیدراڵی و ئەو دەرئەنجامە پۆزەتیڤانەی لێ کەوتۆتەوە، کە بووە هۆی بووژانەوەیەکی گەورە لە دەستەبەرکردنی ئەنجامی گرنگ لە بواری ئابوری، بەڵگەش ئەو گەشەسەندنە ئابورییە گەورەیەیە، کە بەئاشکرا لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێت. هەر لە چوارچێوەی هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵیدا شایەنی ئاماژە پێدانە کە بە ڕای پرۆفیسۆر (رونالد ل واتس) هۆکارو فاکتەری تر هەن، کە فیدراڵییان کردوە بە بیرۆکەیەکی سیاسی زۆر گرنگ، لەوانەش ئامرازێکە بۆ ئاشتکردنەوە لەنێوان یەکە

---

[1] مۆنتیسکۆ، ڕوحی یاساکان، و: (ئیدریس شێخ شەرەف)، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢١٦.

[2] لطيف مصطفى أمين، مصدر سابق، ص٥٠.

[3] عصام سليمان، مصدر سابق، ص٤٦.

[4] پێشەوا حمید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

جۆراوجۆرەکان و گەشەکردن لە بواری پەیوەندی و گواستنەوەو هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی ئابوری بازاڕو خۆشگوزەرانی بازاڕ لەسەر بنەمایی فرەیی[١].

هەروەها (واتس) ئاماژە بەوە دەکات، کە چەمکی (دەوڵەتی نەتەوەیی) کە لەسەدەی ١٧هەمدا گەشەی کرد بۆتە چەمکێکی بەسەرچوو و ناتوانێت بەخێرایی لەگەڵ پێشکەوتنەکان هەنگاوبنێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بایەخی زیاتر بە فیدراڵی بدرێت[٢].

کەواتە وەک دەبینین دەوڵەتە فیدراڵییەکان هەم کە ڕووی شێوازی دروستبوون و هەم لەڕووی چۆنیەتی کۆتاییپێهاتنیشیانەوە جیاوازن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هۆکارەکانی دروستبوونیشیان جیاواز وفرە ڕەهەندە.

## خواستی سێیەم: بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی

دیارە زۆربەی زانایانی یاسای دەستوری و توێژەرو لێکۆڵەرانی دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی بنیاتنراوە، ئەوانیش: (بنەمای بەشداری) و (بنەمای سەربەخۆی خودیە)، دیارە دەرکەوتنی ئەم بنەمایانە لە ئەنجامی هاوسەنگی نێوان یەکێتی و فرەییە لە دەوڵەتی فیدراڵید ا و کارلێکردنی ئەم دوو بنەما بنەڕەتیشە بە زامنی چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دادەنرێت. بۆیە بەیەکگەیشتنی ئەم دوو بنەمایە، سەرەڕای ئەو دژیەکیەی، کە لەنێوانیاندایە دەرخەری چەمکی یەکریزی دەوڵەتی فیدراڵی ڕاستەقینەیە. هەروەها هاندانی دەوڵەتی فیدراڵی لە ئاشتکردنەوەی ئەم دوو سەرنجە بنەڕەتیە واتە ئارەزووی یەکە پێکهێنەرەکان (هەرێمەکان) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بڕێکی گونجاوی سەربەخۆی لەناو هەرێمەکانی خۆیدا، بە ئامانجی بەرژەوەندی هاوبەشی و گشتی لە نێوانیان و نوێنەرایەتی کردنیان[٣].

لەڕێگەی ئەم دەرکەوتەو بنەمایانەوە دەوڵەتی فیدراڵی لە جیهانی دەرەوەداو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسیەکاندا وەک یەک یەکە مامەڵە دەکات، لە ناوخۆشدا خۆی لەڕواڵەتی یەکگرتن بەرجەستە دەکات، کە وەک دەوڵەت وەسف بکرێت، بۆیە دەرکەوتە سەرەکیەکان بەسەر سێ دەرکەوتەدا دابەش دەبن، ئەوانیش: دەرکەوتەی یەکێتی، دەرکەوتەی سەربەخۆیی، دەرکەوتەی بەشداری[٤].

---

[١] رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ص٣٨.

[٢] المصدر نفسه، ص٣١.

[٣] حسني بوديار، الوجيز فی القانون الدستوري، دار العلوم للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٦٢.

[٤] ليڤيار بختيار حمه سەعيد، مصدر سابق، ص٣٤.

**یەکەم: دەرکەوتەی یەکێتی (یەکگرتن):**

بیرۆکەی یەکێتی یەکەم بناغەیە، کە دەوڵەتی فیدڕاڵی لەسەر دادەمەزرێ و لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی فیدڕاڵی یەک دەوڵەتە بە پێوەری دەرەکی و ناوخۆیی. ئەم بیرۆکەیە لە قەوارەی سیستەمی فیدراڵیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە ڕێکخستنی یاسایی و سیاسی و لە سروشتی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی یەکە پێکهێنەرەکان[1]. بنەمای یەکگرتن پێویستی بە لێکنزیکردنەوە لە نێوان خەڵکی دەوڵەتانی نوێنەردا هەیە کە بوون و بەرجەستەبوونی بناغەی دەوڵەتی فیدڕاڵی پتەو دەکات و لەسروشتی خۆیدا بەرجەستە دەبێت و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش یەکڕیزی زمان و ئاین و بنەچەی مێژووی و نەتەوەیی نوێنەرایەتی دەکرێت و ڕەنگە پارێزگاریش بکات لە هەڕەشەی دەرەکی و دەستدرێژی بۆسەر دەوڵەت لەکاتی لاوازی دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکان، هەروەها دەبێتە بنەمایەکیش بۆ تێکەڵبوونی چالاکی ئابوری و بوونی یەک بازاڕی هاوبەش بۆ بەرهەمهێنان و گەشەکردن و گەشەی بازرگانی[2].

دەرکەوتەی یەکگرتن و یەکێتی لەسەر دوو ئاست دەردەکەوێت:

**١- ئاستی دەرەکی:**

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی هەرێم و یەکە فیدڕاڵییەکان دەوڵەتی فیدڕاڵی ئەوە دەردەخات، کە قەوارەیەکی جوگرافی یەکبووی لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەدا هەیە ئەو هاووڵاتیانەی لەیەکە جۆراو جۆرەکانی و دەوڵەتە پێکهێنەرەکانیدا دەژین، هاووڵاتی دەوڵەتی فیدڕاڵین، کە تێیدا خاوەنی مافی هاووڵاتیبوونن و هەڵگریی یەک ڕەگەزنامەی هاوبەشن، کە ڕەگەزنامەی دەوڵەتی یەکێتییەکەیە، تێیدا چێژ لە مافی هاووڵاتیبوون وەردەگرن و پەیوەندییەکی یاسایی لە نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتی فیدڕاڵ بەرجەستە دەکات[3].

بۆیە دەوڵەتی فیدڕاڵی بە قەوارەیەک دادەنرێت، کە یەک کەسایەتی نێودەوڵەتی هەیە لەسەر ئاستی دەرەکی، و یاسای نێودەوڵەتی دان بەدەوڵەتی فیدڕاڵیدا دەنێت و دەوڵەتە ئەندامەکان یان ویلایەتەکان پشتگوێ دەخات.

دیارە هەندێ دەستوری فیدڕاڵی ڕێگەی ئەوە بەیەکە پێکهێنەرەکان دەدات بۆ بەستنی هەندێ پەیماننامەی ناسیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، بەڵام ئەمە دەبێ بە شێوەیەکی سنورداربێت و دەوڵەتی فیدڕاڵی تێیدا زاڵبێت و ڕواڵەتی یەکپارچەیی دەوڵەتیش بپارێزێت، وەکو دەستوری ئەڵمانیا و بەلجیکاو سویسرا[4].

---

[1] محمد هماوند، مصدر سابق، ص١٨٩.

[2] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٤١.

[3] المصدر نفسه.

[4] ليڤيار بختيار حمه سەعيد، مصدر سابق، ص٣٤.

هەروەها دەستوری عێراق لەماددەی (١٢١)برگەی چوارەم ئاماژە بەوە دەكات كەنووسینگەی تایبەت بەهەرێم وپارێزگاكان دەكرێتەوە لەباڵوێزخانەونێردە دبلۆماسیەكاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی كاروباری ڕۆشنبیری وكۆمەلایەتی وگەشەپێدان[١].

٢- **ئاستی ناوخۆ:**

ئەگەرچی فیدراڵیزم بەواتای دابەشكردنی دەوڵەتە بۆ هەرێم و ویلایەت لە ناو قەواری دەوڵەتدا، بەلام لەهەمان كاتدا بەواتای یەكگرتنی ناوەكییە، كە بەبێ ئەو دەوڵەتی فیدراڵی نییە، ئەم یەكێتییە دروست دەبێت و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، هەریەک لەیەكەكانی ناو یەكێتییەكە دەستبەرداری بەشێک لە سەروەرییەكەیان دەبن بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و پارێزگاری لە بەشەكەی تری دەكەن لە چوارچێوەی قەوارەی دەوڵەتی فیدراڵی و لەژێر سایەی دەستوری فیدراڵیدا[٢].

ئەم ڕاستییە لە بوونی دەستوری فیدراڵیدا ڕەنگ دەداتەوە، كە تێیدا یەكە پێكهێنەرەكان خاوەنی هەرسێ دەسەلاتی (یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەریین)، واتە یەكە پێكهێنەرەكان خاوەن دەسەلاتی سیاسی خۆیانن و سەربەخۆن لە دەسەلاتی فیدراڵی و خۆیان كاروبارەكانی خۆیان بەڕێوەدەبەن[٣].

دەستوری فیدراڵی هەموو ناكۆكییە دەستوری یان یاساییەكان چارەسەر دەكات، كە لەوانەیە لێكەوتەكانی ئەم ناكۆكییانە كاربكاتە سەر یەكپارچەیی دەوڵەتی فیدراڵ و تێپەڕاندنی ئەم ناكۆكییانەش لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵییەوە وادەكات، كە دەوڵەتی فیدراڵی جیاوازبێت لەسیستەمە كۆنفیدراڵییەكان[٤].

هەر هەرێمێک لە هەرێمەكانی دەوڵەتی فیدراڵی لەپاڵ دەستوری فیدراڵیدا دەستوری تایبەت بەهەرێمەكەی خۆی دەبێت، بەمەرجێک برگەكانی لەگەڵ ناوەڕۆكی دەستوری فیدراڵی ناكۆک نەبن، دەستوری هەرێمەكان لەلایەن دەسەلاتی دامەزرێنەری خۆیانەوە دادەنرێ و نوێنەرایەتی هەرێمەكە دەكات و هەر خۆشی هەمواری دەكات، بەلام دەستوری فیدراڵی دەستورێكی بالایەو تاک لایەنە هەموار ناكرێت و پێویستی بە ڕازیبوونی ڕێژەیەكی بەرچاوی یەكە پێكهێنەرەكانە[٥].

سەرباری دەستور، ناوبژیوانێكیش هەیە لە شێوەی دادگای بالای فیدراڵی، بۆ بەفەرمی یەكلاكردنەوەی كێشەو ناكۆكیەكان لە نێوان هەرێمەكان و ناوەند یان لە نێوان هەرێمەكان، چونكە

---

[١] المادة( ١٢١)من الدستور العراقى ٢٠٠٥

[٢] ممدوح عبدالكريم حافظ، الفيدرالية ( الدولة الاتحادية) خصائصها مقوماتها وهيئاتها (دراسه مقارنة)، بحث منشور فى مجلة العراق الفيدرالي مركز السلام والتنمية للابحاث والدراسات، العدد التجريبى (صفر)، ٢٠٠٥، ص٣١. نقلا عن: وحيد على عبدى السليڤانى، تقاسم الثروات فى الدول الفيدرالية منازعات و حلول دراسة مقارنة، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية القانون والإدارة، جامعة دهوک، ٢٠١٣، ص١.

[٣] أحمد على أحمد، مصدر سابق، ص١٥٤.

[٤] ليڤيار بختيار حمه سەعيد، مصدر سابق، ص٣٥

[٥] گۆران ئازاد حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

هەروەک لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە دەوڵەتی فیدراڵی بەهێزو پتەو دەکات[1].

**دووەم: دەرکەوتەی سەربەخۆیی وئارەزوومەندی :**

حەزو ویستی دەوڵەتە ئەندامەکان بۆئەوەی بچنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی یەکگرتوو بەس نییە بۆ دامەزراندنی یەکێتی فیدراڵی، بەڵکو بێجگە لەوەش دەبێت حەزو ویستی سەربەخۆییان بەلای کەمییەوە لەهەندێک بابەت هەبێت، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی سەربەخۆی بۆ ئەم مەبەستە پێکبێنێت[2].

بۆیە فیدراڵیزم ئامانجی پێکەوە گونجانی دوو بیرۆکەدژبەیەکەیە، ئەوانیش بیرۆکەی یەکگرتن و بیرۆکەی سەربەخۆیی، بەم پێیە سەرکەوتووترین فیدراڵیزم ئەو فیدراڵیزمەیە، کە لەم ئاشتکردنەوییەدا سەرکەوتوو دەبێت، واتە لە نێوان پێداویستی و بەرژەوەندی هاوبەشی دەوڵەتی فیدراڵی بەگشتی و خواست و ویستە ناوخۆییەکاندا گونجان دروستبکات[3].

پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتەکان ئەوە دەخوازێت، کە دەسەڵاتەکانی هەریەک لە دەوڵەتی فیدراڵی و یەکە پێکهێنەرەکان لە ڕێگەی دەقە دەستورییەکانەوە دیاری بکرێت، واتە هەر لایەنە وسەربەخۆییانە دەسەڵات و تایبەتکاری خۆیان پیادەبکەن و سنوری یەکتر نەبەزێنن و هاوکاری و هەماهەنگیش لە نێوانیاندا هەبێت لێرەوەبەو ئەنجامە دەگەین کە توخمە بنەڕەتییەکانی سەربەخۆیی ئەمانەن[4]:

١- بوونی ڕێکخستنی دەستوری تایبەت بە ویلایەتەکان (هەرێمەکان).

٢- ئازادی ویلایەتەکان لە ڕێکخستنی خۆیان.

٣- مافی ویلایەتەکان لەسەربەخۆیی یەکسان لەگەڵ ویلایەتەکانی تر.

٤- بوونی تایبەتکارییەک، کە ویلایەتەکان لە پیادەکرنیدا هاوتان.

**سێیەم: دەرکەوتەی بەشداری :**

دیارە بەشداری بە لایەنێکی گرنگ و بەرجەستە بوونی دەوڵەتی فیدراڵی دادەنرێت، هەروەک مانای وایە هەرێمەکان (ویلایەتەکان) وەک یەکە سیاسی و دەستورییە سەربەخۆکان بەشداری لە پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵیدا دەکەن و ئەم بەشداریکردنەش بەپێی ئەزموون و تایبەتمەندی یەکە پێکهێنەرەکان دەبێت، هەر ئەمەش ڕووی جیاوازی دەوڵەتی فیدراڵییە لەگەڵ جۆرەکانی تری دەوڵەت، بەوەی کە یەکە پێکهێنەرەکان بە شێوەیەکی کاریگەرو کارامە بەشداری لە دەرکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان دەکەن.

---

[1] پێشەوا حمید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

[2] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٦٢.

[3] عادل الطبطبائي، النظام الاتحادي فى الامارات العربية، مطبعة القاهرة، ١٩٧٦، ص١١٧.

[4] المصدرنفسە ، ص١١٦.

مەودای ئەو دەسەڵاتانە تەسک یاخود فراوان دەبێت، بەپێی بەهێزی پەیوەندییە یەکگرتووەکە یاخود لاوزابوونی، بەڵام بە هەر حاڵێک دەوڵەتی فیدراڵ ناتوانێت لە بەشداربوونی دەوڵەتە ئەندامەکان لە پێکهێنانی دامەزراوە یەکگرتووەکان خۆش بێت و دەبێت ئەو ئەندامانە دەنگێکیان تێدا هەبێت، ئەگینا سیمای یەکگرتن نامێنێت و دەکەوینە بەردەم دەوڵەتێکی کەرتبوو[1].

ئەم بەشداریکردنەی یەکە پێکهێنەرەکان مانای ئەوەیە، کە ئەوانیش ڕای خۆیان لەسەر حوکمڕانی دەوڵەت هەیە، هەروەها ڕۆڵیان جیاوازە لەبەشداری پارێزگا کارگێڕییەکان لە دەوڵەتی سادەدا.

بەشداریکردنی یەکە پێکهێنەرەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بە دوو شێوەیە:

**١- بە شێوەی ڕاستەوخۆ:**

بەشداری هەموارکردنی دەستوری، بەم شێوەیەش لەسەر بنەمای فیدراڵی پێویستە دەوڵەتەکان بەشداری لە هەموارکردنی دەستوری فیدراڵیدا بکەن، بەشداری یەکەکان لەم هەموارەدا بەو ئامانجەیە، کە ڕێگە لە ئاڵوگۆڕی سیستەمی یاسایی و قەوارەی سیاسی یەکەکان بگرن هەروەها بە ئامانجی ڕێگریکردن لە زیادکردنی دەسەڵاتی ناوەند لەسەر حیسابی دەسەڵاتی یەکەکان[2].

مەودای بەشداریکردنی یەکەکان لەهەموارکردنی دەستوری فیدراڵی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازی هەیەو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوڵەتە ئەندامەکان ڕۆڵێکی گەورەیان پێدراوە لە بواری هەموارکردنی دەستور و پەسەندکردنی ئەو هەموارکردنە، ئەمە لە کاتێکدا لە سویسرا کانتۆنەکان بەشداری ناکەن، لە پێشنیارکردنی هەموارکردنە دەستورییەکان، بەڵام بەشداری دەکەن لە پەسەندکردنی ئەو هەموارکردنەو دەبێ لەلایەن زۆرینەی دەنگدەرانی کانتۆنەکان پەسەند بکرێ[3].

**٢- بەشداری ناڕاستەوخۆ:**

دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی بەزۆری لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، کە بریتین لە (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان)، کە یەکەمیان نوێنەرایەتی هەموو هاووڵاتیانی دەکات و ئەوەی تریشیان نوێنەرایەتی هەرێمەکان دەکات، وەکو یەکەیەکی سیاسی جیاواز.

ئەم دوو ئەنجومەنە لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵیدا پەیوەستە بە سروشتی پێکهاتەی دەوڵەتی فیدراڵی، کە تێیدا هەرێمەکان بەشدارن لە دروستکردنی ئیرادەی گشتی وڵات و دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەت دەکەن، ئەم بەشداریکردنەش لەڕێگەی ئەنجومەنی هەرێمەکانەوە دروست دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران هێمای یەکبوونی دەوڵەتی فیدراڵی بێت، ئەوا بەهەمان

---

[1] كمال الغالي، مبادئ القانون الدستوري والانظمة السياسية، جامعة الدمشق، دمشق، ط٢، ١٩٦٧، ص٩٥.

[2] محمد هماوند، مصدر سابق، ص٢٠٥.

[3] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٨٦.

شێوه ئەنجومەنی هەرێمەکان سیمای پرەنسیپی سەربەخۆی ناوچەیی هەرێمەکان و هێمای یەکگرتنی دەوڵەتی فیدراڵین[1].

بوونی ئەوەی، کە ناونراوە دووانەیی دەسەڵاتی گشتی یان دوانەیی دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، واتە بوونی هەرسێ دەسەڵاتەکەی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێمەکانیش وادەکات کە دەسەڵات دابەش بکرێت لەنێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت، ئەمەش بەمەبەستی رێگرتن لە تێکەڵبوون لە نێوان دەسەڵاتەکان، و هەروەها بوونی کێشەش لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەروەری دەوڵەتی فیدراڵی[2].

بۆیە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی دەوڵەتی فیدراڵی دەبێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی سێ شێواز هەن بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا کەئەمانەن:

١- دەستوری فیدراڵی هەڵدەستێ بە دیاریکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی هەریەک لە دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمەکان، بەڵام ئەم ڕێگەیە ڕەخنەی لێگیراوە بەوەی دەستور ناتوانێ بزانێ لە دوارۆژ چ ڕوودەدات چ پێشهاتەیەکی نوێ دێتە پێشەوە، ئەو پێشهاتە نوێیانە لە دەسەڵاتی کێ دا دەبن[3].

٢- دەستور هەڵدەستێ بە دیاریکردنی تایبەتکاری هەرێمەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاری دەوڵەتی ناوەندی، واتە دەسەڵاتی ناوەندی دەبێتە خاوەنی تایبەتکارییەکی گشتی و هەرچی هەرێمەکانە دەبنە خاوەنی تایبەتکاری بەدەرکراو(ایستیسناء)، ئەو ڕەخنەیەشی کە ڕووبەڕوی ئەم شێوازە دەبێتەوە، ئەوەیە دەیەوێت پاڵپشت بێت بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی ناوەندو بەهێزکردنی[4].

٣- دەستور هەڵدەستێ بە دیاریکردنی تایبەتکاری دەسەڵاتەکانی ناوەندو ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاری هەرێمەکان، بەمەش دەسەڵاتی هەرێمەکان گشتی دەبێت و دەسەڵاتی ناوەند دەبێتە بەدەرکراو(استسناء)، تێبینی دەکرێت ئەم شێوازەش دەبێتە هۆی سنوردارکردنی هێزی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەپێی دەستور دیاریکراوە[5].

---

[1] محمد کامل، النظم السياسية (الدول والحكومات)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩، ص١٤٦.

[2] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٤٣.

[3] خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٥١.

[4] خالد مجيد فەرەج، البعد الفكري للفيدرالية وتطبيقها، منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، بدون سنة النشر، ص٤٣.

[5] معمر مهدي صالح، توزيع الاختصاصات الدستورية فى الدول الفيدرالية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠، ص٣٩.

نموونەی شێوازی یەکەمیان دەوڵەتی سویسرایە لەرابردو و ئێستادا کارت پێناکرێت، و شێوازی دووەمیش لەهەریەکە لە وڵاتانی کەنەداو هندستان و فەنزوێلاو بەلجیکا کاری پێکراوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و مەکسیک سەر بە شێوازی سێیەمن، لە دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لەنێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت.

جگە لەوەی کە لەسەرەوەدا باسکرا، ڕەنگە هەندێک دەستوری فیدراڵی لەسەر بنەمای هاوبەشی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان هەندێک لە دەسەڵاتەکان دابەش بکەن، بۆ نموونە دەستوری عێراق.

سەرباری ئەم سێ شێوازە سەرەکییانەی کە باسکران، شێوازی تریش هەیە، کە دەستوری دەوڵەتە فیدراڵیەکان دەیگرنەبەر، لە پێناو دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەندو هەرێمەکاندا، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن[١]:

١- زۆربەی دەستورە فیدراڵییەکان لەبارەی تایبەتکارییە هاوبەشەکان لەنێوان دەسەڵاتی هەرێمەکان و دەوڵەتی ناوەندیدا بەدەق دیارییان کردوە، بەم پێیەی هەرێمەکان لەپیادەی کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکەن، کە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی دەوڵەتی فیدراڵیدان.

٢- زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکان دەق ئەدەن لەسەر کۆمەڵێک تایبەتکاری، کە هەرێمەکان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەتوانن پیادەیان بکەن بەدەق دیارییان کردوە.

بەشێوەیەکی گشتی و لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین، هەموو ئەو مەسەلانەی کە سەروەری و گشتین وەک کاروباری دەرەو پەیماننامەو بەرگری و هەندێ دەسەڵاتی دارایی لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە، بەڵام بابەتە ناوچەییەکان کە پەیوەندی بە کاروباری هەرێمەکانەوە هەیە، دەدرێت بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکان.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە لەپێشەوەدا خرایە بەر باس و شیکردنەوە، دەتواندرێت ئەوە بوترێت، کە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر بیرۆکەی گونجان لەنێوان دوو ڕەگەز: ئەوانیش یەکەمییان ڕەگەزی (حوکمی ئۆتۆنۆمی)، کە (گوزارشت لە خواستی ناوچە پێکهێنەرەکانی ئەم دەوڵەتە دەکات بۆ سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی کێشەکانی خۆیان، دووەمیان ڕەگەزی (حوکمی هاوبەش) کە (گوزارشت لە خواستی هەرێمەکان دەکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، کە ئیدارەی بابەتە گشتیەکان بکات و بایەخ بە بەرژەوەندی هاوبەش بدات)، دیارە ڕەگەزی حوکمی ئۆتۆنۆمی لە بنەمای سەربەخۆیدا بەرجەستە دەبێت، کە بە دروستبوونی (ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان) لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەرفەتێک بۆ هەرێمەکان دەرەخسێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی پەرلەمانی فیدراڵ بەشداری لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان بکەن.

---

[١] إحسان حمید، کطران زغیر، رعد ناجی، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، و: (هەتوان عمر)، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٦٧.

بەڵام وێڕای هەموو ئەم بنەماو ڕەگەزانە، کە گونجاندن و تەبایی لەنێوان ئاستەکانی حوکمکردن لەناو دەوڵەتی فیدراڵیدا دەخوڵقێنن، هیچ دەوڵەتێکی فیدراڵی بێ بوونی گرفت وناکۆکی لەنێوان ئەم ئاستانەی حوکمدانییە، بۆیە لەباسی دووەمدا بایەخ بەچییەتی ئەو ناکۆکیانە دەدەین.

## باسی دووەم: ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

ئەم باسە هەروەک لە پێشتریشدا ئاماژەی پێدراوە، تایبەتە بە تیشک خستنە سەر ئەو ناکۆکی و کێشانەی، کە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەن و ڕووبەڕووی دەوڵەتی فیدراڵی دەبنەوە، ئەم باسە سێ خواست سەرەکی لەخۆدەگرێت و تێیدا ناکۆکیەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هۆکارەکانی و خستنەڕووی نموونەکانی ناکۆکی لە هەریەکە لە دەوڵەتە فیدراڵییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەلجیکا و هیندستان و نێجیریا ڕوون دەکرێتەوە.

### خواستی یەکەم: ناساندنێک بۆ ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵی و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە و ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەستی هێنا، وایکرد، کە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا سەرنجیان بچێتە سەر ئەم سیستەمەو پەسەندی بکەن بەتایبەتی لەسەدەی بیستەمدا، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو سوودو دەسکەوتانەی کە ئەم سیستەمە بەدەستی هێنابوو لەماف و پێکەوە ژیانی پێکهاتە جۆراوجۆرو جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی فیدراڵییدا.
بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە سیستەمی فیدراڵی وەکو هەموو دیاردە سیاسیەکانی تر تووشی گرفت و کێشە نەبێت، بۆیە سەرباری ئەزموونە سەرکەوتوەکانی فیدراڵیزم چەند ئەزمونێکی تر هەن کە سەرکەوتوو نەبوون و شکستیان هێناوە، و نەیتوانیوە بەردەوام بن، دیارە ئەمەش بەهۆی بێتوانایی لە زاڵبوون بەسەر ئەو کێشەو ناکۆکی و گرفتانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی فیدراڵیزمەوە سەرهەڵدەدەن و هەڕەشەو مەترسی لە سەقامگیری دەوڵەتانی فیدراڵی دروست دەکەن[١].

ململانێ و ناکۆکی لە دەوڵەتی فیدراڵییدا بەو پێیەی کە دەوڵەتێکە کۆکەرەوەی لایەن و بیروبۆچوونە جیاوازەکانە گوزارشتە لە یەکێک لە دیاردە باوەکان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، دیارە ئەم ململانێ و ناکۆکیانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت و لەڕووی هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان و پلەو ئاستی ناکۆکیەکان جیاوازییان هەیە. سەبارەت بە پێناسەی ناکۆکی دیارە پێناسەیەکی وردو دیاریکراو بەدی ناکرێت لە نێوان پسپۆڕان دیاردەیەکی گشتیەو لە ئەنجامی نەگونجانی لایەن و گروپە جیاوازەکان دروست دەبێت کاتێک

[١] شورش حسن عمر، مصدر سابق، ص٥٣.

هەریەکێک لە لایەن و گروپەکان دەیەوێ لەسەر حیسابی گروپ و لایەنەکانی تر بە ئامانجەکانی بگات[١].

(لویس کوزر)پێی وایە، ناکۆکیەکان سەبارەت بە بەهاو داواکاری و بارودۆخ و هێزو سەرچاوەی دەگمەن و دیاریکراوە، کە لێرەدا ئامانجەکە تەنها بەدەستهێنانی ئەمانە نییە، بەڵکو زیانگەیاندن و کۆتایهێنانە بە لایەنە ڕکابەرەکان[٢].

هەروەها (فریدرک کلاسل) دەڵێت: ناکۆکیەکان ڕێککەوتنی کێشەکانە و تا دەگاتە ئاستی توندوتیژی ئەمەش لە ئەنجامی شکستی دوو گروپ یان زیاتر لە گەیشتنیان بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان[٣].

لە دەرئەنجامی ئەم پێناسانەوە، دەتواندرێت ئەوە بەدی بکرێت، کە بوونی چەندان گروپ و بیروباوەڕی جیاواز لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکیتەکان لەو دەوڵەتەدا، ئەمەش لەکاتێکدایە، کە خودی ئەم هۆکارانەش لە پێشتردا هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی. بەو پێیەی وەک لە باسی پێشووتریشدا ڕوونکراوەتەوە دەوڵەتی فیدراڵی بە دوو ڕێگای سەرەکی دروست دەبێ، یەکەمیان: یەکگرتنێکە، کە لەئەنجامی ڕێککەوتنێک لە نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ دەکرێ، کە تێیدا ئەم دەوڵەتانە ڕەزامەنددەبن لەسەر دەستبەرداربوونیان لەسەروەری دەرەکیان بە تەواوی و بەشێک لە سەروەری ناوخۆیان بۆ دەوڵەتە نوێیەکە، کە دەوڵەتی فیدراڵییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەریەک لە یەکە پێکهێنەرەکان دەوڵەتی فیدراڵی خاوەن دەسەڵات و تایبەتکاری خۆیانن، کە گرینگترینیان یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە. ڕێگای دووەمیش ئەوەیە کە دەوڵەتێکی سادە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی ئاوێتە، لەم پڕۆسەیەشدا دەسەڵاتی ناوەندی واز لەهەندێک دەسەڵاتەکانی دەهێنێت بۆ یەکە پێکهێنەرە لۆکاڵییەکان، لە هەر دوو ئەم پڕۆسانەشدا هەمیشە کۆی کێشەکان یەکلاناکرێنەوە و هەندێکیان بۆ دوای دروست بوونی دەوڵەتەفیدراڵییەکە بەجێ دەهێڵدرێت، ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی ئەو ناکۆکیانەن کەلەدەوڵەتی فیدراڵییەکاندا هەن، کەواتە سەبارەت بە سروشتی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەتوانین ئەم تایبەتمەندیانە بخەینەڕوو:

١- دەشێت ناکۆکییەکان لەسەر چەند ئاستێک ڕووبدات، بۆ نموونە: لە نێوان حکومەتی ناوەندی و یەکە پێکهێنەرەکان، یان لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکان خۆیان، یان لەنێوان گروپ و پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەیی و ئاینی کلتورە جیاوازەکان، یان لەنێوان گروپێکی زۆرینە لەسەر ئاستی ناوەند و گروپی کەمینەکان لەسەرئاستی هەرێم و یەکە پێکهێنەرەکان.

---

(1) Louis Kricsberg, Contractive conflicts from Escalarion to Resolution, Third Edition, Rowman and Little fied publishers, Inc Newrok, 2007, p. 2.

(2) Lewis A. Coser, The function of Social conflict, the free press, Newroks, 1950, p. 211.

(٣) نقلا عن أمجد على حسين، النظام الفدرالي كحل للنزاعات فى المجتمعات التعددية العراق نموذجا، رسالة الماجستير، جامعة دهوك، كلية القانون والسياسية، قسم القانون، ٢٠١٠، ص٣١.

٢- زۆربەی کات ناکۆکییەکان لەو جۆرانەن، کە لە دەستوری فیدراڵیدا باس نەکراون، یان ئەگەر باسیش کرابن، یەکلایی نەکراونەتەوە، یان ئامرازی دەستوری پێویست بۆ یەکلاکردنەوەیان دانەنراوە.

٣- بەشێک لە ناکۆکییەکان ئەو کێشانەن، کە خودی سیستەمی فیدراڵی بون بە دەوڵەتی فیدراڵی، وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنیان خراوەتەڕوو، بەڵام بەهۆی بوونی کەموکوڕی لەجێبە جێکردنی بنەما سەرەکیەکانی ئەم سیستەمە، نەتوانراوە کێشەو ناکۆکیەکان بنبڕبکرێن، بەتایبەت کێشەو ململانێی ئیتنی و کلتورییەکان و کێشەی بونیاتنانی ئاشتی دوای جەنگێکی ناوخۆیی درێژخایەن و کێشەی دابەشکردن و داهاتی دەسەڵات و داهاتە ستراتیژییەکان.

٤- بوونی کێشەو ناکۆکییەکان واتە کۆتایهاتنی دەوڵەتی فیدراڵی و لەبەریەکهەڵوەشانەوە ناگەیەنێ، بەڵکو زۆربەی کات واتای ئەوەیە، کە خودی فیدراڵیزم پرۆسەیەکی درێژخایەنو بەچەندین قۆناغی یەک بەدوای یەک و ڕاگوزەردا تێدەپەڕێت، تا دەتوانێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ بەشێک لەو کێشەو ناکۆکیانە دەدۆزێتەوە.

## خواستی دووەم: هۆکارەکانی ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

لێرەدا مامەڵە لەگەڵ گرنگترین هۆکارەکانی ناکۆکی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەکەین، کە وادەکات دەوڵەتی فیدراڵی ڕووبەڕووی کێشەو ناکۆکی ببێتەوە، کە بریتین لە:

**١- دەسەڵاتی تاکلایەنەی حکومەتی فیدراڵ و لاوازی دیموکراسی:**

ئەزمونی دەوڵەتی فیدراڵی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت ئەگەر سیستەمی حکومەت لەسەر بنەمای دیموکراسی بەمانای ڕاستەقینە نەبێ جا چ لەڕووی بوونی چوارچێوەیەکی دەستوری گونجاو چ لەڕووی پراکتیزەکردنی لە ئاستی پراکتیکدا، چونکە ئەزموونە فیدراڵییەکان لە جیهاندا گەواهیدەری ئەوەن، کە هەر کاتێک دەمەزراوە دیموکراسییەکان لاواز بووبن ئەوا دەوڵەت ڕوبەڕووی پارچە پارچە بوون وجیابونەوە بۆتەوە، لەبەرامبەردا هەرکاتێک ناوەند خاوەنی دیموکراسی ڕاستەقینە بووە، ئەوا دەوڵەتی فیدراڵی لەهەڵوەشانەوە پارێزراوبووە، واتە دیموکراسی تەواو ڕاستەقینە پێشمەرجە بۆ دامەزراندن و بەردەوامیدان بەسیستەمی فیدراڵی [١].

بۆیە سیستەمی فیدراڵی ناتوانێت گەشە بکات و بەشێوەیەکی باش کاربکات لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا، چونکە بوونی دیکتاتۆریەت لە حکومەتی فیدراڵ یان حکومەتە ناوخۆییەکاندا زوو یان درەنگ، دەبێتە هۆی تێکدانی یەکسانی و ئەو سەربەخۆییەی، کە دەبێت ئەو پێکهاتانە لەناو

---

[١] عبدالجبار احمد، الفدرالية واللامركزية فی العراق، مكتبة الاردن والعراق، ٢٠١٣، بغداد، ة تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٠، على الرابط الاتى:
https://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/10420.pdf?fbclid

سیستەمی فیدراڵیدا بەرجەستەی بکەن، هەر بۆیەش دیموکراسی دەبێتە یەکێک لە فاکتەرە گرنگ و کاریگەرەکانی سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی[١].

فیدراڵیزم بۆیە بە دیموکراسی بەستراوەتەوە، چونکە ئەگەر حوکمی دیموکراسی بە مانای پەسەندکردنی ڕای زۆرینە بێت، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ڕێزگرتن لەڕای کەمینەو ئەوانی تر دەکاتەوەو، مانای قبوڵکردنی هەموان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە، کە لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا بەڕێگەی ئاشتیانە ڕوودەدەن، بۆیە دەبێ لە دەوڵەتی فیدراڵیشدا بەرژەوەندی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی زامن بکات و مافی هەموو لایەک لە چوارچێوەی فیدراڵیداو لە سایەی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە دا بپارێزێت.

دێموکراسی هاندەرێکی بەهێزە بۆ پتەوکردنی یەکێتی و وادەکات، کە هیچ لایەنێک لە لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بیر لە پچڕاندنی پەیوەندی و دەرچون لە دەوڵەتی فیدراڵی نەکاتەوە. هەروەها گرەنتی یاسایی دابین دەکات، کە ڕێگربێت لەسەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ناوەندی کە ڕەنگە بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو بنێت و هەوڵ بدات کۆنترۆڵ بەسەر ناوچەکاندا فراوان بکات و دەوڵەتی فیدراڵی بگۆڕێ بۆ دەوڵەتی سادە[٢].

وەک ئەوەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دا لە هەندێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین وەک (ئەرجەنتین وبەڕازیل ومەکسیک وفەنزوێلا) ڕوویدا، کاتێک لەو دەوڵەتە فیدراڵیانە، کە دیموکراسی بەتەواوی نەچەسپی بوو سەرۆکەکانیان هەوڵیان دەدا، کە هەرێمەکان کۆنترۆڵ بکەن و بەڕێگای جۆراوجۆردەست بخەنە ناو کاروباریان بۆئەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ناوەند بەسەر هەرێمەکاندا فراوان بکەن[٣].

**٢- گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم:**

ئاشکرایە، کە ژمارەی ئەو یەکانەی، کە دەوڵەتی فیدراڵی پێکدەهێن، کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتن و شکستی دەوڵەتی فیدراڵی، بە جۆرێک هەر دەوڵەتێکی فیدراڵی کە لە ژمارەیەکی زۆری یەکەی سیاسی پێکهاتبێت، ئەوا باشترو کاریگەرتر دەتوانێ بەردەوام بێت. وەکو لە نموونەکانی ویلایەتە یەککرتوەکانی ئەمریکاو سویسراو ئەڵمانیاندا دەردەکەوێ. بە پێچەوانەشەوە ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی، کە لەژماریەکی کەم یەکەی فیدراڵ پێکدێت، وەک دوو یان سێ یەکە، بەشێوەیەکی گشتی دووچاری چەندەها گرفت دەبنەوە و زۆرینەی کاتیش بە زەحمەت

---

[١] المركز الديموقراطي العربي، جذور الفيدرالية، النشاة والانتهاء ودوافع القيام و عوامل النجاح مظاهر و خصائص الفيدرالية، تاريخ الزيارة :٢٠٢١/١/١٨ على الرابط الاتي:
https://uomustansiriyah. edu. iq/media/lectures/11/11_2018_03_13!12_00_52_PM. docx.

[٢] لطيف مصطفى أمين، مصد سابق، ص٧٧.

[٣] على عباس حبيب، الفدرالية والانفصالية في افريقيا، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٥٦.

سەرکەوتوو دەبن، ئەگەر بڕوانینە ئەزموونی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی کە لەیەک یان دوو یەکەی سیاسی پێکهاتوون، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو ئەزموونانە سەرکەوتوو نین، بۆ نموونە پاکستان، کە تەنها لە دوو یەکە پێکهاتبوو لەساڵی ١٩٧١ پاکستانی ڕۆژهەڵاتی لێ جیابۆوەو دەوڵەتی بەنگلادیشی دروست کرد، هەروەها وەک دەوڵەتی فیدراڵی چیکۆسلۆڤاکیا، کە تەنها لە دوو یەکە پێکهاتبوو لە ساڵی ١٩٩٢ لەبەریەک هەڵوەشایەوە[١]. لەهەردوو نموونەکەشدا دەوڵەتی فیدراڵیەکە دووچاری شکست وهەڵوەشانەوە بووەوە.

دیارە دەرئەنجامی شکستی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی، کە لە دوو یان سێ یەکە پێکهاتوون دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە سووربوونی یەکە پێکهێنەرەکان لەسەر یەکسانی لە هەموو بوارەکاندا بەڕادەیەک، کە هەندێ جار ئەم سووربوونە بۆتە هۆی داشکانیان بەلای بێباکی و کەمتەرخەمی، ئەویش لەبەر ئەگەری بوونی چەردەیەک مافی ڤیتۆ لەلای پێکهێنەرەکان، کە ئەمەش بەبێ هیچ گومانێک مەسەلەکە دەگەیەنێتە ڕادەی پەککەوتن و سڕبوون و چەقین[٢].

هەروەها جیاوازی زۆری ژمارەی دانیشتوان لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانە دەشێ کاریگەری زۆری لەسەر چارەنووسی یەکێتیە فیدراڵیەکە هەبێ، چونکە کەمی چڕی دانیشتوان لەیەکێ لە یەکەکانی ئەو یەکێتیە فیدراڵییەی کە لە دوو یەکە پێکدێت، بە بەردەوامی وا لەو یەکەیە دەکات هەست بەوە بکات، کە دەبێ پێداگری لەسەر چەسپاندنی بنەمای یەکسانی بکاتەوە، تاکو بتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە داڕشتنی سیاسەتە فیدراڵیەکاندا، لەبەرامبەریشدا یەکە گەورەکە هەمیشە لەو کۆت و بەندانە بێزار دەبێ، کە بەسەریدا سەپاون بۆ ڕازیکردنی یەکە بچووکەکە[٣].

ژمارەو قەبارەی ڕێژەیی یەکە پێکهێنەرەکان یارمەتی دیاریکردنی سیاسیەتی دەوڵەتە فیدراڵیەکە دەدات و کاریگەری هەیە لەسەری، بەجۆرێک ئەگەر ژمارەی یەکە پێکهێنەرەکان زۆربێت ئەوا ناوەند ناچارە کە سیاسیەتێکی هاوسەنگ پەیڕەو بکات و جیاوازی نەکات لەنێوان یەکەکان، بەڵام ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی کە دوو تا چوار یەکەیان هەیە بەگشتی یەک هەرێمی دەسەڵاتداریان هەیەو سیاسەتێکی تەواو ناجێگیریان هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوەند لەبەرکەمی ژمارەی یەکەکان ڕەنگە هەوڵی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ناوەندی بدات لە یەکێتیەکەدا[٤].

پەیوەست بەو یەکانەی دەوڵەتی فیدراڵی کە هەندێجار هیچ هاوسەنگیەک نییە لەنێوان یەکە فیدراڵیەکاندا، کە تێیدا ژمارەی یەکەی فیدراڵی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، هەندێ لە

---

[١] شۆڕش حەسەن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥-٦.

[٢] رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ص١٤٢.

[٣] شۆڕش حەسەن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتووە لەدوو یان سێ هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧-٨.

[٤] جۆرج اندرسن، مصر السابق، ص١٣ .

دەوڵەتە فیدڕاڵیەکان پێکهاتوون لە ژمارەیەکی زۆر یەکە، وەک فیدراسیۆنی ڕوسیا کە لە (٨٣)یەکەی فیدراڵی پێکهاتووە (کۆمار، ناوچە، هەرێم، ناوچەی خۆ بەڕێوبەری و شار) پێکهاتووە، ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە(٥١) ویلایەت پێکهاتووە، نێجیریا (٣٦)یەکە، هیند (٢٨) یەکە، لەبەرامبەردا چەند دەوڵەتێکهەن کە لە ژمارەیەکی کەم یەکە پێهاتوون وەک دەوڵەتی سانت کیتس و نفیس کە لە(دوو) دورگە پێکهاتووە، کۆماری فیدراڵی کۆمۆرۆس کە لە (٣) دورگە پێکهاتووەو، بەلیجاکاش (٣) هەرێم لە خۆ دەگرێت[١].

جیاوازی ژمارەی یەکە فیدڕاڵیەکان لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، دەرئەنجامی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و ئیداری و ئیتنیکی و زمانەوانیە، لە هەردەوڵەتێکی فیدڕاڵیداو هەروەها شێوازی سەرهەڵدانی دەوڵەتە فیدڕاڵیەکە، هەرچەندە ئەم جیاوازییە زۆرجار کاریگەری لەسەر جەوهەری سیستەمی فیدڕاڵی نییە، بەڵام ڕەنگە بەشێوەیەک یان جۆرێکی تر کاریگەری لەسەر سەرکەوتن و شکستی هەندێک ئەزمونی فیدڕاڵی هەبێت[٢].

لەڕووی نوێنەرایەتی کردنی یەکە فیدڕاڵیەکان لە دامەزراوە فیدرالیەکاندا، ئەو فیدراسیۆنانەی کە لەیەکەی کەم پێکهاتوون، سەنگی زیاتریان هەیە لەبەشداریکردن لە دەسەڵاتە فیدڕاڵیەکاندا، بەتایبەتی لە نوێنەرایەتی کردن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدڕاڵیدا، بەڵام بە تێبینی کردنی ئەزمونە فیدڕاڵیەکان و تێپەڕبوونی کات دەرکەوتووە، کە ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵیانەی کە لە دوو یان سێ یەکە پێکهاتوون لە هەندێک کاتدا چارەنووسیان شکست بووە، بەتایبەتی ئەوانەی دوو یەکەی فیدڕاڵی بوون و کێبڕکێیان بووە لەسەر کۆنترۆڵکردنی بەڕێوبردن لەدەسەڵاتی فیدڕاڵی، سەرەڕای جیاوازیان لە ژمارەو ڕووبەرو بەرهەم و سوربوونی یەکە گەورە لەسەر سوودەکانی نایەکسانی لەگەڵ یەکەکانی تر بۆئەوەی کارەکان بە بنبەست بگات و ببێتە هۆی ڕوخانی دەوڵەتی فیدڕاڵی جیابونەوەی یەکە پێکهێنەرەکە[٣]. وەک جیابونەوەی پاکستان لە (پاکستانی ڕۆژهەڵات) لە ساڵی ١٩٧١ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ (چیک و سلۆڤاکیا) لە ساڵی ١٩٩٢، جیابوونەوەی سەنگافورە لە یەکێتی مالیزیا لە ساڵی ١٩٦٥[٤].

**٣- کێشەی جیابوونەوەی هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی:**

یەکێ لەو گرفتانەی کە دێنە ڕێی دەوڵەتە فیدڕاڵییەکان گرفتی جیابوونەوەی هەریمەکان یان یەکە پێکهێنەرەکانی یەکێتیەکەیە. ئەگەر لە دەستوری فیدڕاڵیدا دەقێک هەبێ، کە ڕێگە بە هەرێمەکان

---

[١] عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، سۆران علی حسن، اللاتماثل بين الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية و تأثير على النموذج الفدرالي العراق، مجلة جامعة دهوک، المجلد ٢٣، العدد (١)، (العلوم الانسانية والاجتماعية)، ص٩٩-١٢٢، ٢٠٢٠.

[٢] المصدرنفسه.

[٣] رونالد واتس، مصدر سابق، ص١٤٢ .

[٤] عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، سۆران علی حسن، مصدر سابق.

بدات بۆ جیابوونەوە ئەوا ئەو جیابوونەوەیە جیابوونەوەیەکی فیدراڵییە، بەڵام زۆربەی کات دەستورە فیدراڵییەکان بە ئاشکرا ئەو مافە بە هەرێمەکان نادەن[1].

بۆیە زۆرێک لە دەستوری فیدراڵی ئەو دەقەی بە ئاشکرا یان نا ئاشکرا تێیدایە، کە جیابوونەوە قەدەغە دەکەن، ئەمەش بەمەبەستی چەسپاندنی یەکپارچەیی ناوخۆی دەوڵەت و رێگرتن لە پارچە پارچەبوون و ڕووخانی دەوڵەت، وەکو دەستوری ویلایەتە یەکگرتوو، کە رێگە لە جیابوونەوەی ویلایەتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی دەگرێت، هەروەها دەستورەکانی مەکسیک و بەرازیل و نایجیریاو هندستان و ئیسپیانیا[2].

هەندێک لە شارەزایان هۆشداریدەدەن لە چەسپاندنی مافی جیابوونەوە لە دەستوردا، چونکە ئەمە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دامەزراوە یەکناگرێتەوە و مەترسییە لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەت و کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیری، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازی حکومەتی فیدراڵ و دەیخاتە ژێر فشاری حکومەتی یەکەکان، بەجۆرێک یەکە پێکهێنەرەکان ئەم مافی جیابوونەوەیە بۆ بەدەستهێنانی داواکانی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی پابەندبوونێکی هەمیشەییەو پێویستی بە هاوکاری و گونجانەو جیابوونەوە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵیدا نایەتەوە[3].

لەبەرامبەردا هەندێک دەستور هەبوون، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا مافی جیابوونەوەیان بە یەکەکان داوە، وەکو دەستوری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە ساڵی ١٩٧٧، هەروەها ئەسیوبیا ١٩٩٥، سانت کیتس و نیفیس، هەورەها هەرچەندە دەستوری کەنەدا مافی جیابونەوەی داوە بەڵام هەرێمی کیبک جیانەبۆوە[4].

**٤- کێشەی دابەشکردنی داهاتی دارایی و سامانی سروشتی:**

دەوڵەتە فیدراڵییەکان لە بابەتی داراییدا جیاوازی زۆریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەڵام لە بابەتی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە داراییەکان بەسەر بوارە جیاوازەکاندا و شێوەی رێکخستنی کاروباری داراییدا کەمتر جیاوازیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. مەسەلەی تەرخانکردنی داهاتی دارایی بۆ هەر ئاستێکی حوکمرانی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا مەسەلەیەکی گرنگ و بایەخدارە.

بۆیە دارایی و سامان بە گرنگترین فاکتەری ژیانی هەر دەوڵەتێکی فیدراڵی دادەنرێت، چونکە فاکتەری دارایی کاریگەری بەرچاوی لەسەر هێزو توانای ئابوری حکومەتە فیدراڵییەکان و

---

[1] حيدر ادهم الطائي، الشكل الفيدرالي للدولة وإمكانيات التطبيق في العراق، مجلة المستقبل العراقي، العدد(٦)، ٢٠٠٦٢٠٠٦، ص٣٢.

[2] صلاح جبير البصيصى، انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، جامعة بابل- كلية القانون، المجلد ٥، العدد ٢، كانون الاول/ ٢٠١٣، ص٣٧٠.

[3] صلاح جبير البصيصى ، ص٣٧١.

[4] المصدرنفسه، ص٣٧٢.

حکومەتی هەرێمەکان و ژیانی هاوڵاتیان هەیە و دابەشکردنی دارایی لە وڵاتانی فیدراڵی بە یەکێک لە گرنگترین ئەو کێشانە دادەنرێت، کە دەوڵەتە فیدراڵییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. زۆرجار ئەم بابەتە دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی وڵات و ناکۆکی سیاسی و یاسایی لێدەکەوێتەوە[١].

بەگشتی دەتوانرێت بڵێین، کە حکومەتی فیدراڵی لە کۆکردنەوەی داهاتەکاندا پشکی شێری بەردەکەوێ، بۆ نموونە: لە نێجیریا پتر لە٩٨ ٪ی داهاتەکان لەلایەن دەوڵەتە فیدراڵی کۆدەکرێتەوە، لە ئەرژەنتین، باشوری ئەفریقا، ئوستراليا، بەلژیکاو بەرازیل ڕێژەکەی لە نێوان٧٠ ٪بۆ ٨٥٪دایە. [٢]

زۆربەی سیستەمە فیدراڵیەکان لە دەستورەکانیاندا یان لە یاسایەکی تایبەت وەک ئەوەی لە بەلجیکا هەیە، دەسەڵاتەکانی کۆکردنەوەی داهاتی تایبەتی بە هەر یەکێک لە ئاستەکانی حوکمڕانی دیاری دەکەن، ئەمەش بۆ ئەنجامدانی بەراوردکاری لە نێوان ئەم دەسەڵاتانەدا، هەردەم پولی گومرگ و سودە گشتییەکان لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی یاسایی فیدراڵیدا بوون، هەروەها زۆربەی کات باجی داهاتی کۆمپانیاکان لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان بوون[٣].

زۆربەی هەرەزۆری ڕژێمە فیدراڵییەکان پێویستیان بەوەیە، کە دوو چەشن نا هاوسەنگی دارایی ڕاست بکەنەوە، ئەوانیش ناهاوسەنگی دارایی ستونی و ئاسۆییە، نا هاوسەنگی دارایی ستونی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان دروست دەبێت، چونکە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی لەسەروی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمەکان، بۆیە ئەم ناهاوسەنگیە بە ستوونی ناودەبرێت، کاتێک حکومەتی فیدراڵی توشی کورتهێنانی دارایی دەبێت لە پێویست بۆ خەرجکردنی ئەوە، تووشی ئەم ناهاوسەنگیە دەبێت ودەکرێت ئەم ناهاوسەنگییە کاتی بێت و بەهۆی ڕوداوێکی کتوپڕ یان چاوەڕواننەکراو بێت[٤].

بۆیە ناهاوسەنگی دارایی ستونی کاتێ ڕوودەدات، کە داهاتی حکومەتی فیدراڵ، ئەوەی کە دەستور دیاری کردووە، نەتوانێ لە ئاستی لێپرسراویەتیەکانی ئەو خەرجیانە بن، کە دەستور بە ڕوونی دیاری کردووە.

سەبارەت بە ناهاوسەنگییە ئاسۆییەکان، ئەو ناهاوسەنگییە، کە جیاوازی دارایی لەنێوان هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دروست دەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە داهاتی یەکە هەرێمیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی جیاوازبێت، بە پلەیەک کە نەتوانێ خزمەتگوزارییەکان بەیەک

---

[١] ئازاد وەڵەدبەگی، فیدراڵیزمی دارایی لە دەوڵەتە فیدراڵیەکان، "عێراق وەک نموونە"، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/١/١١وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://bit.ly/3xdOW5Z.

[٢] جورج اندرسون، مصدر سابق، ص٣٠.

[٣] رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ص٥٦.

[٤] أزهار هاشم احمد، تنظيم العلاقة بين السلطة المركزية و سلطات الاقاليم في النظام الفيدرالي، المركز القومي للاصدارات القانونية، ٢٠١٤، ص١٠١.

ئاست بە هاولاتیەکانی پێشکەش بکات، دەکرێ ناهاوسەنگی لە لایەنی خەرجییەوە لەنێوان حکومەتە هەرێمییەکان ڕوو‌بدات، ئەمەش بۆ جیاوازی لە پێویستی خەرجی بۆ یەکە جیاوازەکان ئەگەڕێتەوە.[1]

سەبارەت بابەتی دابەشکردن و بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیەکان، دەرکەوتووە، کە ئەمە لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا گرفتێکی تایبەت پێکدێنێ، بەهۆی ئەوەی کە سامانە سروشتییەکان ناگوازرێنەوە، ئەو داهاتەی لەو سامانەوە وەدەست دێت زۆربەی جار بۆ ئەو هەرێمە دەبێ کە سامانەکەی هەیە، بەلام ئەگەر داهاتی ئەو سامانە داهاتێکی زۆربێ و تەنها لە هەندێ هەرێم هەبێ نەک لە هەمووی، ئەوسا کێشەی نادادپەروەری لە نێوان هەرێمەکان پەیدادەبێ[2].

٥- **ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەیی:**

هەندێک ولات سەرکەوتون لە ئاشتکردنەوەی ناسنامە جیاوازەکان، لە هەندێکی دیکەدا ئەم جیاوازیانە دەبێتە هۆی ناکۆکیەک کە پێدەچێت ببێتە هۆی دروست بوونی ناجێگری، لەم بارەیەوە زانایانی سیاسی لێکدانەوەی جیاوازو زۆر جاریش دژ بەیەکیان بۆ ئەم شێوازی ناکۆکی و ململانێیە هەیە، ململانێی ئەتنی دەکرێت بە ناکۆکی لە نێوان گروپە ئێتنیەکان پێناسەبکرێت، کە تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی یان ئابوری دیاریکراو لەسەر حیسابی یەکتر، هەر گروپێک بەو ئومێدەی کە پێگەی خۆی بەهێز بکات بە دامەزراوە سیاسیەکانی وەک دەوڵەت یان حکومەت، بەلام لەناکۆکی نەتەوەیدا گروپێک یان زیاتر لەکاتی گەڕان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ گروپەکانی تردا بەریەک دەکەون یان ناکۆکی ڕوودەدات لە هەردوو حاڵەتەکەدا توندوتیژی دەبێتە مێتۆدێکی باوی بەکارهێنانی هێز لە دەوڵەتدا[3].

دیارە بوونی ئەم ناکۆکیانە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر دەوڵەت هەیەو لە حاڵەتی بوونی ئەم جۆرە مللانێیانەدا زەحمەتە باس لە دۆخی دامەزراوە دیموکراسیەکان و مافی مرۆڤ بکرێت، هەروەها تێکچوونی ئابوری بازاڕی ناوخۆی دەوڵەت و ڕەنگە تەنانەت سنوری ئەو دەوڵەتەش تێپەڕبکات، نزمی سەرمایەو وەبەرهێنانی بیانی لەو دەوڵەتانەی کە بەدەست ئەم ململانێی ئیتنی و نەتەوەییانەوە لەدۆخی ناسەقامگیردان، نایەکسانیش لە دابەشکردنی سەروەرت و سامانی ئابوری لە نێوان گروپەکاندا و پەراوێزخستنی گروپێک لەسەر حیسابی گروپێکی تر، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی

---

[1] جورج اندرسون، مصدر سابق، ص٣٤.

[2] شورش حسن عمر، خصائص نظام الفدرالي، مصدر سابق، ص٧٣.

[3] باتريک هـ اونيل، مبادئ علم السياسة المقارن، ت: (باسل جبيلي)، دار الفرقد، دمش، ٢٠١٢، ص٩٠.

کە گیرۆدەی ناکۆکی و ململانێی ئیتنی و نەتەوەین هاوردەکردنیان لەهەناردەکردنی زیاترەو بێ توانایی دەوڵەت لە پێدانی موچەو بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی و کاری نایاسایی[١].

هەر لەمیانەی کاریگەرییەکانی بوونی ململانێی نەژادی و نەتەوەیی لێکۆڵەرەوان ئاماژە بەوە دەکەن لە ئەنجامی بوون و بەردەوام بوونی ئەم ململانێیانە بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاسایش و سەقامگیری لاواز دەبێت و دیاردەی پەراوێزخستن و بەشداری نەکردنی هاووڵاتیان یان گروپەکان لە دروستکردنی بریار و چالاکی سیاسی سەرهەڵدەدات[٢] پەرەسەندنی ئەم ململانێیانە بەجۆرێک، کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەم بێت لە خراپترین حاڵەتدا لەوانەیە ببێتە هۆی شکستی تەواوی دەوڵەت .

**خواستی سێیەم: چەند نموونەیەک لە ناکۆکی لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا**

**لقی یەکەم- ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا:**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (٥١) ویلایەت پێکهاتووە، پێکهاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەرەتای پێکهێنانیدا (١٣) ویلایەت بوو (دیلاوەر، پەنسلڤانیا، نیوجێرسی، جۆرجیا، کۆنتیکت، ماساسوچیتس، ماریلاندا، کارۆلینای باشور، نیوهامشایەر، ڤێرجینیا، نێۆرک، کارۆلینای باکور، دورگەی رۆد)، ئەم ویلایەتانە پێش یەکگرتنەکەیان دەوڵەتانی سەربەخۆبوون[٣].

لە ئێستادا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوارده (١٤) پارێزگا هەیە (ساموای ئەمریکی، گوام، دورگەکانی ماریانای باکور، پۆرتۆریکۆ، دورگەکانی ڤێرجینی ئەمریکا) ئەمانە ناوچەی ئاوەدانن و ئەوانی تر دورگەکانی سەر بە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکان، بەڵام ئاوەدان نین، ئەم ناوچانە یاسای بنەڕەتیان هەیە، کە کۆنگرێس بۆیان دادەنێت و خاوەنی ئۆتۆنۆمی سنوردارو یاسادانانی هەرێم و سەرۆکی جێبەجێکار (پارێزگار)ن، بەڵام دانیشتوانی ناتوانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەنگ بدەن[٤].

دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی (١٧٨٧ز)دانراوە ولەساڵی (١٧٨٩ز) وە کاری پێدەکرێت، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمریکا کۆمارێکی فیدراڵییەو دەسەڵات دابەش دەکرێت لەنێوان حکومەتی نەتەوەیی و حکومەتی ویلایەتەکان و سیستەمی فیدراڵی ئەمریکی تێکەڵەیە لە مافی ویلایەتەکان و دەسەڵاتی نەتەوەیی، حکومەتی فیدراڵیش خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەیەو ئەرکی ئەوەی لەسەرە، کە ویلایەتەکان ڕازی بکات لە بەڕێکردنی کاروباری حوکم لە نێوانیاندا بەپێی

---

[١] جارش عادل و العيفاوي جمالک، تأثير النزاع الإثني في بناء الدولة بعد تفكك الإتحاد السوفييتي (USSR)، المركز الديمقراطي العربي، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١١/١١على الرابط الاتی:

https://democraticac.de/?p=2414

[٢] المصدر نفسه.

[٣] ادمون رباط، الوسيط فی القانون الدستوري العام، دار العلم للملايين، بغداد، ١٩٧١، ص ص٥٢٩-٥٣٠.

[٤] رائد حمدان عاجب المالكي، الاستقلال الذاتي لولايات الدولة الاتحادية وتطبيقاته في الدساتير المعاصرة – دراسة مقارنة، أطروحة دكتورا، كلية القانون، جامعة بغداد، ٢٠١٧، ص ص ١٠٩ –١١٠.

ئامانجە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، دەستوری ئەمریکا بەڕوونی ئاماژەی بە بیرۆکەی دووانەیی دەسەڵاتی یاسادانان کردووە چ لەسەر ئاستی فیدراڵی، یان ویلایەتەکان و دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر سێ لقی سەرەکیدا دابەش دەبێت، کە بریتین لە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری وهەر یەکەشیان سەربەخۆی تەواویان لەهەمبەریەکتری هەیە[1].

دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاریکردوەو ئەوەی دەمێنێتەوە، دەبێتە دەسەڵات و تایبەتکاری ویلایەتەکان، بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی بریتین لە: (کاروباری دەرەوە، کاروباری بەرگری و ڕاگەیاندنی جەنگ، کاروباری دارایی، کاروباری بازرگانی) هەرچی دەسەڵاتەکانی ویلایەتەکانیشە، ئەوەیە پەیوەستە بەکاروباری ناوخۆ لەوانە قەرزو پەروەردەو میلیشاو باج و حکومەتە ناوخۆییەکان و نەخۆشخانەکان و زیندانی و کشتوکاڵ و کار، بۆیە ویلایەتەکان بریتین لە کیانێکی دەستوری و سەربەخۆو تەواو وەکو حکومەتی فیدڕاڵ، هەموو ویلایەتەکان دەستوری تایبەت بەخۆیان هەیە[2].

بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی فیدراڵی ئەمریکایی بریتین لە، دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی ڕوون و لەڕێگەی یاساوە لەیەکتر جیاکراونەتەوەو ڕۆڵی حکومەتی ویلایەتەکان لە مەسەلەکانی دەرەکی و ڕێسای بازرگانی کەمە، و فیدراڵی ڕێگە بەکارکردنی هاوبەش لەنێوان حکومەتی ناوەندی ویلایەتەکان دەدات لە بابەتەکانی تەندروستی و ژینگەو ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەرکی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی ویلایەتەکان لە ئەستۆی دادگای باڵایە، هەروەها حکومەتی ناوەندو ویلایەتەکان لەیەک کاتدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان بەکاردەهێنن واتە هاووڵاتی چێژ لەماف و جیاوکەکانی هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و ویلایەتەکان وەردەگرێت[3].

سەبارەت بە کێشەو ناکۆکیەکانی فیدراڵی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرەتای دروستبوونیەوە، ئاماژە بەچەند جۆرێکیان دەکەین:

کێشەو ناکۆکی یاساکانی نێوان ئاستی فیدڕاڵی و ئاستی ویلایەتەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کێشەیەکە چارەسەر نەکراوەو وەکو کێشەیەکی سەرەکی فیدراڵیزمی ئەمریکای بەردەوام بووە وەکو جەنگی ناوخۆیی (١٨٦١)ز لەنێوان سەرکردەکانی ویلایەتەکانی باشور، کە داکۆکیان لە هێشتنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی دەکرد بەو پێیەی لەو کاتەدا سیستەمی کۆیلایەتی بنەمای

---

[1] القستلي عبدالوهاب، الفيدرالية الامريكية كنموذج لمنح حكم ذاتي موسع، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٧على البرابط الاتى:

https://www.marocdroit.com/_a4123.amp.html

[2] فضيل الأمين وسالي فرحات، كيف يعمل النظام الفدرالي الأميركي مع الولايات والحكومات المحلية ؟، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٩على الرابط لاتي:

http://www.siironline.org/alabwab/maqalat&mohaderat(12)/599.htm

[3].فضيل الأمين وسالي فرحات، المصدرسابق

ئابوری کشتوکاڵی بووە لە ویلایەتەکەیاندا و لەبەرامبەریشدا سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (ابراهام لینکۆڵن) پێداگری لە سەر سڕکردنی کۆیلایەتی دەکرد و ئەمەش بووە هۆی ململانێ لەنێوان حکومەتی ناوەندی ویلایەتی منیورینا[١].

بابەتێکی تر کە کاریگەری هەبووە لەسەر فیدراڵیەتی ئەمریکی، مەسەلەی پەیوەندی سیستەمی سیاسیە بە ئاینەوە، بەو پێیەی لە دۆخی ئەمریکادا ململانێی ئاینی سەدەها ساڵەی نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی و پرۆتستانت لە ئەوروپا سێبەریان بەسەر گەشەکردنی تێڕوانینی عەلمانی لە ئەمریکادا هەبووە، بەڵام لە هەوڵێکدا بۆئەوەی ناکۆکیە ئاینییەکان لە سیاسەتی دەربهێنرێ بەتایبەتی کۆچبەرە سەرەتاییەکان، کە گەیشتنە ئەمریکا بە مەبەستی دەربازبوون لە چەوسانەوەی ئاینی پرۆتستانتەکان حکومەتی فیدراڵی ئەمریکی بەرەو بێلایەنی کردنی ئاین لە سیاسەت ڕۆیشت، چونکە بەو پێیەی کە ویلایەتەکان سەربەخۆیی تەواویان هەیە بۆیە حکومەتی ناوەندی ترسی لەوە هەبووە، کە هەندێ لە ویلایەتەکان پەنا بۆ توندکردنی بیروباوەڕی ئاینی بەرن و ئاین وەک ئامرازێکی بەکاربێنن[٢].

کێشەو ناکۆکیەکی تر، بریتیە لە ناکۆکی لەسەر سنوری ناوخۆیی ویلایەتەکان، وەکو ناکۆکی سنوری نێوان ویلایەتەکانی ڤێرمۆنت و تەکساس، هەروەها کێشەی زەوی و زار، کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەمریکاوە بوونی هەبووەو وەکو ناکۆکی نێوان ویلایەتەکانی کۆنێکتنێت و پەنسلڤانیا، کە دوای ماوەیەکی زۆر لە قۆناغی جۆراوجۆری ناکۆکییەکە دۆسیەکە برایە لای دادگای باڵا و دادگاش لەبەرژەوەندی ویلایەتی پەنسلڤانیا یەکلای کردەوە[٣].

یاسای کۆچ و ڕەگەزنامە یەکێکی ترە لەو مەسەلانەی کە جێگای ناکۆکیەو لە هەندێک حاڵەتدا ویلایەتەکان و یەکە خۆجێییەکان داوای یاساییان تۆمار کردووە بۆئەوەی بەرپرسانی فیدراڵی ناچاربکەن، کە یاسای کۆچ و ڕەگەزنامەو یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکە جێبەجێ بکەن، هەروەکو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠ شەش ویلایەت (ئەریزۆنا، کالیفۆرنیا، فلۆریدا، نیوجەرسی، نیۆرک، تەکساس) داوای یاساییان تۆمارکردو ڕایانگەیاند، کە بەرپرسانی فیدراڵی سەرکەوتوو نەبوون لە سەلماندنی ڕێپێنەدراوی کۆچ[٤].

---

[١] صادق عبدالحميد مالكي، نشأة وتطور النظام الفيدرالي الأمريكي: نموذج تقاسم الصلاحيات السياسية وتوازنها عبر مستويات وقضايا الحكم، مركز جيل البحث العلمي، مجلة جيل الدراسات السياسية والعلاقات الدولية العدد ١٠، سبتمبر ٢٠١٧، ص٢٧.

[٢]صادق عبدالحميد مالكي، المصدرسابق، ص٢٧.

[٣] رائد حمدان المالكي، مصدر سابق، ص١١.

[4] Kate M. Manuel, state challenges to federal Enforcement of Immigration Law:From the Mid-1990 to the present, Date of visit: 29/7/2021: At this site: https://fas.org/sgp/crs/homesec/R43839.pdf

لەساڵی ٢٠١١ ویلایەتی ئەریزۆنا، ئەو داوایانەی لەدژی حکومەتی فیدراڵ چەسپاند، بەوەی کە حکومەتی فیدراڵی شکستی هێناوە لەوەستاندنی کۆچی بێ مۆڵەت و نایاسایی، هەرچەندە دادگا وای دانا، کە ئەریزۆنا رای هەیە، بەڵام ئەو بانگەشانەی ئەریزۆنای ڕەتکردەوە، سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسای کۆچ و توندوتیژی خێزانی، دواتر و لە ساڵی ٢٠١٢ ویلایەتی میسیسپی لەگەڵ هەندێک لە بریکارەکانی گومرگ و کۆچبەرانی ئەمریکا بەرەنگاری ئیدارەی ئۆباما بوونەوە لە بارەی(DACA) کە ئاماژەیە بۆ یاسای دواخستنی مامەڵە لەگەڵ منداڵانی گەیشتوو بۆ ئەمریکا، تا دەگەنە تەمەنی گەورە بۆ ئەوەی بڕیار لەیەکلاکردنەوەی کەیسەکەیان بدرێ، بەو پێیەی ناکۆکە لەگەڵ چاودێری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و یاسای ڕێکاری کارگێری، هەرچەندە لەسەرەتادا سەرکەوتن، بەڵام دواتر کەیسەکەیان ڕەتکرایەوە لەبەر هەندێ هۆکاری تر[1].

لەم دواییانەو لەمانگی دوانزەی ٢٠١٤ زیاتر لە ٢٥ ویلایەت داوای یاساییان تۆمارکرد لەدژی فراوانبوونی بەڕێوبەرایەتی (DACA) بۆ بیانیەکان، هاووڵاتیان و نیشتەجێ هەمیشەییە یاساییەکان ناسراو بە (DAPA) و ویلایەتەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەم بەرنامانە ناکۆکن لەگەڵ دابینکردنی چاودێری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستوردا [2].

لە کۆتایدا دەبێ ئەوە بڵێین، کە فیدراڵیزمی ئەمریکی سیستەمێکی ئاڵۆزو فرە چەشن و دینامیکیە لەگەڵ گۆڕینی کاتدا دەگونجێت، لەگەڵ ئەکتەرانی سیاسی و ئاراستەی هاوڵاتیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی بە نیشتمانی کردنی زۆر بابەتەوە، هاوڵاتی لە سیستەمی فیدراڵی تێدەگەن و هیچ کاندیدێکی سەرۆکایەتی لە ساڵی (١٩٨٠ز) هوە فیدراڵی نەکردووە بە مەسەلەی هەڵبژاردن و سەرەڕای کەمی ئاستی متمانەی جەماوەریش بەحکومەتی فیدراڵی، بەڵام کاتێک لە ڕاپرسیەکاندا پرسیار دەکرێت زۆربەی ئەمریکیەکان دەیانەوێت حکومەتی فیدراڵی بەشداری لە زۆربەی بوارەکانی سیاسەتدا بکات[3].

**لقی دووەم- نێجیریا:**

نێجیریا یەکێکە لەو وڵاتە فیدراڵیانەی، کە لە کیشوەری ئەفریقا پەیرەوی فیدراڵی دەکات، سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، سیستەمی فیدراڵی وەک سیستەمی حکومەتی وڵات لە ساڵی(١٩٦٠ز) و بەپێی یەکەم دەستور، کە لە هەمان ساڵدا پەسەندکرا، کە لەڕێگەیەوە وڵات دابەشکرا بەسەر سێ هەرێمی سەرەکی نیشتەجێ، لەلایەن گروپە

[1] Kate M. Manuel,Op.Cit.

[2] Ibid.

[3] Ahn Griffithns, Rupak chattopdhyay, John Light, Carla stieren the forum of federations hand book of fedral conn tries 2020, springer international 2020, p382.

خێڵە سەرەکیەکانەوە واتە ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەمایەکی خێڵەکی بوو، نەک لەسەر بنەمای ئاینی[١].

هەرچەندە ڕژێمی مۆدێرنی نێجیریا لە دوای سەربەخۆییەوە پێنج دەستوری هەبووە، لەوانەش ماوەی فەرمانڕەوایی سەربازی نادەستوری، بەڵام دواین دەستوری، کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا بووە شێوەی دەوڵەتی نێجیریا لەیەکەم پەرەگرافی ماددەی دوودا بەم شێوەیە پێناسەکردوە:( لە نێجیریا دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەروەری هەیە و بە کۆماری نێجیریای فیدراڵ ناسراوە)، نێجیریا لە ئێستادا دابەش بووە بەسەر (٣٦) ویلایەت لەگەڵ پایتەختی ئەبوجا، بە بوونی جیاوازیەکی گەورەی زمانی و ئاینی و ئیتنی[٢].

سیستەمی یاسایی لە نێجیریا پشت بە یاسای ئینگلیزی دەبەستێت، هەروەها یاسای ئیسلامی لە هەندێک ویلایەتی باکوردا کاری پێدەکرێت و یاسای تایبەتیش بەهەرێمەکان بە پێی دەستوری ١٩٩٩ کە پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی ویلایەتەکانی ڕێکخست، ئەویش بە پێدانی سەربەخۆیی زیاتر بەو ویلایەتەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆی خۆیان و دەسەڵاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە ئابورییەکانی ویلایەتەکان[٣].

بۆیە ئامانجی پیادەکردنی فیدڕاڵی لە نێجیریا بەمەبەستی گونجان بووە لەنێوان ئەو جیاوازیانەی کە هەیەو بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین ململانێ و ناکۆکی لە شێوەی میلملانێی ناوچەیی و ململانێی نەژادی و ململانێی ئاینی.

**ناکۆکییەکان لە نێجیریا بریتین لە مانەی خوارەوە[٤] :**

١- خراپی پەیوەندی نێوان کەمینەکان دیارە هەمەڕەنگی کۆمەڵگای نێجیریا یەکێک بووە لەو بەربەستەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی دوای سەربەخۆیی، چونکە کۆڵۆنیاڵی بەریتانی هەوڵی دورستکردنی پەیوەندی نەداوە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی نەیجیریا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری بۆ قوتکردنەوەی جیاوازییەکان و بەکارهێنانیان بووە بۆ خزمەتی بەرژوەندییە داگیرکارییەکانی خۆی، پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی کەمینە مەسیحییەکان بەتایبەت ئەوانەی لە

---

[١] امجد زين العابدين، مستقبل النظام الفدرالي فى العراق دراسة فى التجارب الدولية، مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية، العدد ٤٧، ص١٧.

[٢] محمد عزالدين، الفيدرالية فى افريقا حل لمشكلاتها أم أنها بدايه التفكك، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٢على البرابد الاتى:

http://africansc.iq/index.php?news_view&req=250fc1e92ae58ad9

[٣] المصدر نفسه.

[٤] بشير سايب، خلفيات الصراعات الأثنيه فى نيجيريا، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٣على الرابط الاتى:

https://www.researchgate.net/publication/334155582_khlfyat_alsraat_alathnyt_fy_nyjyrya

پارێزگاکانی باشور دان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی بچنە ناو سوپاو ئیدارە و خوێندن لە قوتابخانە بەریتانییەکان و دەرئەنجامی ئەمەش بریتی بوو لەدروست بوونی ململانێ.

٢- دیارە کە نێجیریا لە دوای سەربەخۆیی ڕووبەڕووی دۆخێکی ئیداری ناهاوسەنگی بووەتەوە، بەهۆی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان سێ هەرێمەکەی کۆلۆنیالیزم هەبوو، لەڕووی پەروەردەو سەرچاوەو توانای بەڕێوەبردنی وڵات، خۆی لە بەردەم باشورێکدا بببینەوە کە شارەزایی لە بەڕێوەبردندا هەیە و پلەیەک لە توانست و خوێندنی هەیەو باکوریش پەراوێزخرابوو.

ئەم دۆخە وای لە فەرماندە سەربازییەکان کرد، کە دووبارە چاو بخشێنینەوە بەو دابەشکارییە ناوچەییەی کە هەیە، بەمەبەستی گەمارۆدانی ئەو ئاڵۆزییە گەرمەی هەیە، مەبەستیش لەو دابەشکردنە نوێیە لاوازکردن و لەتکردنی گروپە ئێتنیە زاڵەکان بوو.

٣- ناکۆکی لەسەر سەرچاوەکان:

دوای دووبارە دابەشکردنەوەی وڵات بۆ (٣٦) ویلایەت و (٧٧٤) ئەنجومەنی خۆجێی، کە هەر ئەنجومەنێکی خۆجێی لە نێوان (١٠بۆ١٥) گەرەکی لەخۆدەگرت، جۆری ململانێی نێوان گروپەکان گۆڕا بۆ ململانێ لەسەر سەرچاوەکان، ئەو داهاتەی کە لە نەوت و غازی ناوچەی دەلتا پەیدا دەبوو، کە سەرکردەکانی ویلایەتی دەلتا، بینیان کە هەرێمەکەیان پەراوێزخراوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە خراوەتە خزمەت ویلایەتەکانی تر.

ئەنجامی ئەم دۆخەش بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکیەکی قوڵ و نوێنەرانی ویلایەتی دەلتا کۆبونەوەیەکی حکومییان جێهێشت لەساڵی (١٩٨٥)زو دواتریش میلیشیایەکی چەکداری دەرکەوت، کە هەڕەشەی جەنگی دەرکرد دژی حکومەتی فیدراڵی.

٤- ناکۆکی ئاینی لە نێجیریا:

توخمێکی تری سەرەکی لە ناکۆکیە نەژادییەکان لە نێجیریا کە تا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتاکان دروست نەببوو، کاتێ لە ساڵی(١٩٧٩) لە میانەی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی داڕشتنەوەی دەستور لە پەرلەمان نوێنەرانی هەرێمە باکورییەکان، کە زۆربەیان موسوڵمان بوون پێشنیاری بابەتی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیان کرد و لێرەوە ئاین چووە ناو گوتاری سیاسی و داواکارییەکانیان زیادیان کرد، بۆ کارپێکردنی یاسا ئیسلامیەکان.

دیارە ئەم هەنگاوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی ناکۆکی نێوان ئیسلامیەکان و مەسیحیەکان و نزیکەی ٤٥ ململانێ بەهۆیەوە ڕوویانداوە تێیاندا نزیکەی ( ٥٠٠٠)هەزار مەسیحی بوونە قوربانی بەهۆی دەرکردنی یاسای ئیسلامی لە ویلایەتەکانی باکوری نەیجیریا.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نێجیریا لە قەیرانێکی ڕاستەقینە دایە، کە ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فرەییە ئاڵۆزەی کە لە دانیشتوانەکەیدا هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەو جیاوازییە جوگرافیە ڕوونەی کە لەنێوان باکورو باشوردا هەیە و بەو پێەی لە٦٥ ٪ی داهاتی نەوت

دەکەوێتە کێڵگەکانی باشورەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەی باکور کۆنترۆڵی سیاسەت و سوپای کردوە، لێرەشەوە دانیشتوانی باشور ڕەخنە لە کۆنترۆڵکردنی باکور دەگرن بەسەر تواناکان[١].

لەلایەکی ترەوە دامەزراوە فیدراڵییەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتی و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە جیاتی ئەوەی هەستن بە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی کە دروست بوون و سەرهەڵدەدەن، کەچی خۆیان بەشێکن لەو کێشانەی کە دواجار بەرەو ناکۆکی و ململانێی زیاتر هەنگاودەنێن و هاوکارن بۆ قوڵکردنەوەی جیاوازییەکان و تەقینەوەی ناکۆکیەکان و هەندێ جاریش بانگەشەی توندوتیژی دەکەن بە تایبەت لە کاتی هەڵبژارنەکاندا[٢].

دەبێ ئەوەش بوترێ کە زۆرتر باس لە ناکۆکی نەژادی دەکرێت لە نێجیریا، بە تایبەتی ناکۆکی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان، کە ئەم دوو گروپە سەرەکیە دەیان ساڵە لە دیمەنی سیاسی نێجیریا هاوبەشتن و ململانێ لەسەر دەسەلات و سامان دەکەن، بەلاَم سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ناکۆکییەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن و چەندین فاکتەری بەیەکداچوو هەن، کە دەبنە بزوێنەری ئەم ناکۆکی و ململانێیانە و گرینگترینیان بریتین لە:

١- فاکتەری هۆزی ناوچەگەری:

هەرچەندە حکومەتی ناوەندی بەسەر (٣٦) ویلایەت و (٧٧٤) ئەنجومەنی خۆجێیدا دابەش بووە، بەلاَم هێشتا نەخشە و دابەشبوونی نەژادی هەر بەنەگۆڕی ماتەوە، کە بریتی بوو لە هۆزەکانی (هۆسۆ فولانی) لەزۆربەی ویلایەتەکانی باکور بەرێژەی لە٢٩ ٪ی دانیشتوان و هۆزەکانی (یوربا) لە هەرێمی باشوری رۆژئاوا بە ڕێژەی لە ٢١٪لە دانیشتوانی نەیجیریا، و هۆزەکانی( ئیبۆ) لە باشوری ڕۆژهەلاَت بە ڕێژەی لە ١٨٪و ئەم هۆزانە مێژوویەکی دورو درێژیان لە حکومڕانی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم[٣].

بۆیە ئەمانە فیدراڵیەت وەک چوارچێوەیەک بۆ پێکەوەژیان دەبینن، نەک چوارچێوەی تواندنەوەو لەناوچوون، بەلاَم تایبەتمەندی هەر هۆزێک لەزمان و ئاین و خاک مەسەلەی ئیتنیکی لە نێجیریا زۆر ئاڵۆزکردوە.

**٢- فاکتەری ئاینزایی و ئاینی:**

هەرچەندە دەستوری نێجیریا دەستورێکی سیکۆلارە و دەوڵەت پاڵپشتی هیچ ئاینێک ناکات، بەلاَم بوونی ئەو هەموو فاکتەرە دینی و مەزهەبیانەی کە لەدیمەنی نێجیریادا هەن، شتێکە کە پێویستی بەڕوونکردنەوە نییەو بەپێی هۆزەکان گرنگترین ئاینەکانی نێجیریا ئەمانەن:[٤]

---

[١] علی عباس حبیب، مصدر سابق، ص٣٠٩.

[٢] المصدرنفسه، .

[٣] الخضر عبدالباقی محمد، المواجهات فی نیجیریا، الاسباب والحلول المقترحة، مرکز الجزیرة للدراسات، تاریخ الزیارة: ٢٠٢١/١/١٣علی الرابط الاتی:

https://studies. aljazeera. net/ar/reports/2010/201172223956906920. html

[٤] المصدرنفسه.

أ- هۆسۆفولانی: ٩٥٪ی موسڵمان و ٥٪ی مەسیحی و گاورەکان.

ب- یوریبا لە٥٠ ٪ی موسڵمان و٤٥ ٪ی مەسیحی و لە٥ ٪ی گاورەکان.

ج- ئیبۆ لە٢ ٪ی موسڵمان و لە٥٦ ٪ی مەسیحی و لە ٣٣٪ی گاورەکان.

لە ڕاپرسیەکی کەناڵی (CNN)ی ئەمریکیدا دەرکەوتووە، کە بەشێکی زۆری ناکۆکی و ململانێکانی نێجیریا سیاسین و پەیوەندیان بەئاینەوە نییە، بەجۆرێک زۆرێک لە سیاسەتمەداران پەنا دەبەنە بەرچەکدارکردنی گروپە توندڕەوەکان و کۆمەکردنی داراییان بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان و ئامانجیانە لە ڕێگای ئەم ناکۆکی و ململانێیانەوە گەندەڵی و کارە خراپەکانی خۆیان بشارنەوە[1].

**لقی سێیەم- هیندستان:**

هیند کۆمارێکی فیدراڵی خاوەن سیستەمێکی پەرلەمانییە و لە (٢٨)یەکەی بەشدار پێکهاتووە، پەرلەمانە فیدراڵیەکە دوو ئەنجومەنە لە ڕاجیاسابها (ئەنجومەنی ویلایەتەکان) و لوک سابما (ئەنجومەنی خەڵک) پێکهاتووە. توێژەر و زانایان سیستەمی ڕامیاری هیندیان بەوە وەسفکردوە، کە (فیدراسیۆنێکی بێ فیدراڵیزمە)و بەشێوەی هەمەجۆر ئاماژەیان بە فیدراڵیزمەکەی داوە، وەک (هەرەوەزیی، کەشیاوە بۆ جێبەجێکردن، تازە بابەت، بەرپرسیارێتی، پەرلەمانتاری، جەماوەری، یاسادانەر، تایبەت بە کێبڕکێ، دارایی بنیاتنراو، نەخوازراو یان (ڕواڵەتی)[2].

کۆڵەکە سەرەکییەکانی فیدراڵی هیند، بریتین بوونی دوو ئاست لە حکومەتی واتە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی ویلایەتەکان، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ناوەندو یەکە فیدراڵییەکان، بوونی دەستورێکی پتەو و نووسراو، بوونی دەسەڵاتی دادوەری و دادگای باڵا، کە پارێزەری دەستور، ڕاڤەی ئەو ماددانە دەکات، کە جێگەی باسن و بڕیار لەسەر ناکۆکی نێوان حکومەتی ناوەندی و ویلایەتەکان دەدات[3] دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە فیدراڵی هیندستان لەڕێگەی سێ لیستەوەیە، کە بریتین لە لیستی ناوەندو لیستی ویلایەتەکان و لیستی هاوبەش، لیستی ناوەندی و دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی بریتییە لە کاروباری بەرگری و دەرەوەو هێڵی ئاسن و پۆستەو دراو و وزەی ئەتۆمی و چەندین بابەتی تر، کە بەگشتی دەگەنە (٩٧) بابەت، هەرچی لیستی ویلایەتەکانیشە بریتین لە پاراستنی ئاسایش و حکومەتی خۆجێی و تەندروستی گشتی و کاروباری کشتوکاڵی و بازرگانی و ئابوری لە ویلایەتەکان و کۆی بابەتەکان (٦٦) بابەتە، بابەتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی ویلایەتەکان (٤٧) بابەتن و هەردوو حکومەت دەتوانن لەم بوارە

---

[1] سی أن أن العربية، سلطان سوكوتو: (العنف فى نيجيريا تحركه دواع سياسية، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٣، على الرابط الاتى:

http://archive.arabic.cnn.com/2011/world/6/14/abubakr.nigeria_politics/index.html

[2] مەجید ئاسنگەر، سیستەمی فیدراڵی لەچەند وڵاتێکی جیهاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٤.

[3] نوری طالباني، حول مفهوم النظام الفدرالي، مكتبة سوران، اربيل، ط٣، ٢٠٠٥، ص٤٦.

هاوبەشانەدا یاسا دەربکەن، بەڵام زیاتر حکومەتی ناوەندی لەزۆر بابەتدا دەسەڵاتی گەورەو فراوانی هەیە[١].

ئەزمونی فیدراڵی لە هیندستان لەسەر ئەو بنچینەیە بووە، کە دیموکراسی چارەسەرێکی گونجاوە بۆ واقیعی ئەو وڵاتە، کە پلورالیزمێکی ئەتنی و ئاینی و کلتوری تایبەتمەندە، هیندستان چەندین زمان و زاری جیاوازی تێدایەو هەمووشیان لەڕووی دەستورییەوە دانیان پێدانراوە، ئەمە سەرەڕای چەندین باوەڕی ئاینی و خێڵ و ئەمەش وایکردوە، کە ئەزمونی فیدراڵیزمی هیندی لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی هەروەزی بنیات بنرێ[٢].

**گرنگترین کێشەو ناکۆکیەکانی هیندستان بریتین لە:**

**١- فرە کەلتوری و کێشەی ڕەگ و ڕیشەی کەلتوری هیندی:**

ناکۆکی لەسەر ناسنامەو خاک و شوێنە پیرۆزەکان و شێوازی ژیان و بیروباوەڕ لە هیندستاندا مێژووی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا، کە لەوکاتەوە بەشێوەیەکی توندوتیژ وەریان گرتووە، چەندین بزوتنەوەی سەربەخۆ لەم وڵاتەدا هەن، کە داوای دەوڵەت دەکەن، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی چەندین مافی بنەڕەتی و سیاسەتی ناسنامە لە هیندستان بابەتێکی دیارە لە سیاسەتی هیندستاندا[٣].

زۆر کەمینە لە شوناسی خۆیان هەست بە هەڕەشە دەکەن، و لە هەستی نائاسایش و نائارامی و گۆشەگیری و پەراوێزدان، لەوانەش (ناگاس و میرزۆس و تامیل و و عەسام و جام) لە زۆر ناوچەی ترەوە، کە بزوتنەوە چەکدارییەکان داوای سەربەخۆی دەکەن لەسەر بنەمای ئیتنی، هەروەها ناکۆکییە ئاینیەکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناسنامەی ئاینی دا، وەک لە کشمیر و پەنجاب گوجارات بەرەو گۆڕانکاری ڕەگەزی چوون، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر ئیتنی نیگەرانن کە هەست بە هەڕەشەی دیموگرافی دەکەن، لەلایەن لایەنەکانی ترەوە[٤].

---

[١] النظام السياسى فى الهند، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٥على الرابط الاتى:
https://ar. t2india. com/indian-histroy-arabic. aspx.

[٢] أسامه تاج الدين، أهم الانظمة الفيدرالية الناجحة فى العالم، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٥على الرابط الاتى:
أهم الأنظمة الفيدرالية الناجحة في العالم (dotmsr. com)

[٣] فكرت رفيق السيد وعبدالرحمن كريم درويش، سياسات التعددية الثقافية فى الهند، زانكۆی سۆران، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، ٢٠٢٠، ص ٨٨٨

[٤] عبدالعال عبدالرحمن، العنف السياسى فى شبه القارة الهندية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:
http://search. mandumah. com/Record/331527.

**٢- فره كلتوری و كێشەی سیاسەتی زمانەوانی له هیندستان:**

زمانی هیندی فەرمی بەپێی یاسای زمانی فەرمی له ساڵی (١٩٩٣ز)، پشتیوانی دەوڵەتی هەیە، بۆئەوەی له تەواوی هندستاندا بڵاوبکرێتەوە، وەک بەشێک له سیاسەتی پلان بۆ دارێژراو هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن به ئینگلیزی، ئەم سیاسەتانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر پێشکەوتنی زمانە فەرمییەکانی دیکەی هیندستان هەبوە، هەرچەندە (٢١) زمانی فەرمی له وڵاتدا هەیەو هیچ زمانێکیش قەدەغە له هندستان نییە بەڵام هێشتا (١٦٥٢ز) زمان و زار هەن، که داوای ماف دەکەن، که بەشێکی زۆریان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرەو زۆربەیان هەست به مەترسی دەکەن، بۆیە ڕەخنەی زۆر هەیە له سیاسەتی زمانەکانی له وڵات و هەمیشە داواکاری بەردەوام له حکومەتی فیدڕاڵ و خۆجێی هەیە بۆ دابینکرنی سیاسەتی زیاتر بۆ پاراستنی زمانەکان[١].

**٣- فره کەلتوری و كێشەی پەیوەندییە ئاینییەکان له هندستان:**

هندستان وڵاتێکی فره مەزهەب و ئاینەو ئەمەش جۆرێکە له هەڕەشە بۆ سەر سیستەمی سیاسی بەهۆی دروستبوونی کەمینەکان و تێکەڵنەبوونیان به کۆمەڵگا، هیندۆنیزم کۆنترین ئاینی هیندییە بەڕێژەی ٧٩.٨٪ی دانیشتوانی هندستان و ئاینی ئیسلامیش به پلەی دووەم بەرێژەی له١٤.٢ ٪و دواتریش مەسیحییەکان به ڕێژەی له ٢.٣ ٪ی دانیشتوانی هیندستان پێکدێنێت[٢].

سەرەڕای چەسپاندنی عەلمانیەتیش، بەڵام هێشتا ئەم فره ئاینییە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان له وڵات هەیە، هێشتا هەڵوێستی هیندستان زۆر به نادیاری ماوەتەوە سەربارەت به بەکارهێنانی ئاین لەژیانی سیاسیدا، کۆمەڵگای هیندی پێداگری لەسەر یەک ئاینی تەقلیدی دەکاتەوە، که هیندۆنیزمەو ئەمەش بەهۆکاری بەیەکگرتووی هێشتنەوەی هیندستان و پاراستنی له لەناوچون، دادەنێن[٣].

دیاره بەریتانییەکان هاوکاربوون له قوڵکردنەوەی شەڕو ناکۆکییە ئاینییەکان به تایبەتی لەنێوان هیندۆسەکان و مسوڵمانەکان، ئەویش لەڕێگای سیاسەتی دابەشکردن و حکومڕانی، و كێشەی نێوان موسڵمان و هیندۆسەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو زۆرجار موسڵمانەکان هەوڵدەدەن، که خۆیان داببڕن له کۆمەڵگای عەلمانی و هیندۆسەکانیش موسوڵمانەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن، که هەوڵ بۆ گۆڕین و سڕینەوەی ئاینی هیندۆسی دەدەن[٤].

---

[١] غوستاف لوبون، حضارات الهند، ت: (عادل زغبر)، دار العالم العربی، القاهرة، ص٤٧٧.

[٢] رشا فاضل جزاع، دور الحكومة الاتحادية فی تعزیز النظام الفدرالي (الهند نموذجا)، رسالة الماجستیر (غیر منشورة، كلیة العلوم السیاسیة، جامعهة بغداد، ٢٠٢٠، ص١٢٣.

[٣] فكرت رفیق السید و عبدالرحمن كریم درویش، مصدر سابق، ص٨٩٠.

[٤] یاسمین حسین، عباس احمد، التعددیة الدینیة والاستقرار السیاسی فی الهند، بحث، المركز الدیمقراطی العربی، ٢٠١٦، ص١.

٤- **فره كەلتوری و كێشەی گەشەپێدانی ئابوری وسیاسی:**

له ساڵی (٢٠١٢ز)كۆمسیۆنی پلاندانانی هیند ڕایگەیاندوه، كه له 28.9%ی دانیشتوانی هندستان، كه زیاتره له (١.٢١ )ملیار كەس دەكات، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، ئەم ژمارەیەش كەمبوونەوەیەكی بەرچاوی بەخۆەبینوه بەراورد به ساڵی ٢٠٠٤ كه (٢٧ .٢٪)ی دانیشتوان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیان [١].

ئابوریناسان پێیان وایه، كه خراپی حوكمڕانی ویلایەتەكان و خراپی چاودێری تەندروستی و پەروەردە لەو هۆكارانەن كه یارمەتی هێشتنەوەی هەژاری دەدەن له هیندستان، ژمارەكان هەرچۆنێك بن، ئەوە ناگۆڕێت كه ژمارەی هەژاری به شێوەیەكی ترسناك بەرزەو ئەوەی زیاتریش هەراسانكەرە ئەوەیە، كه سروشتی دیمۆگرافی و كۆمەڵایەتی هەژاران نەگۆڕەو پێناچێت بگۆڕێت[٢]. سەختی دیموكراسی فیدڕاڵی هیندی، بەجۆرێكە كه هەموو هاوڵاتیان ئارەزوویان بۆ دەسەڵاتی فیدڕاڵی نییەو دەسەڵاتی خۆجێی به تاكه دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەزانن، ئەم گەشە نەكردنەی دیموكراسی لەناو گەلی هیندستاندا بەشێكی پەیوەندی به گەشەی كۆمەڵایەتی و ئابوری نێوان ویلایەتەكان و بەشێكی تریش پەیوەندی به جوگرافیاو جیاوازی گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی و ئابوری نێوان ویلایەتەكان و نەبوونی سەقامگیری و مەیلی جوداخوازی و شەڕی ناوخۆە هەیە[٣].

٥- **فره كەلتوری و كێشەی ڕەهەندی هەرێمی شوناسی كەلتوری:**

هیندستان له فراوانكردن و زیاتركردنی ناوچەی نوێ سەركەوتوو نەبووە، ناكۆكی و كێشەی زۆری هەیە، بۆیە پتەوكردنی فیدڕاڵیزم وەك بنەمایەك و بەشێكە له (پرۆژەی ئاشتكردنەوەی نیشتمانی گشتگیر) كه له ساڵی ١٩٨٥ دەستی پێكردوە و تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام هەتا ئێستاش ململانێی ئاینی و نەتەوەیی له هندستان بەردەوامەو لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت بڵێین سەركەوتووە له بەڕێوەبردنی گەلێكی فره كەلتورو ئاین لەیەك دەوڵەتدا[٤].

ئەزمونی هیندی سەلماندویەتی، كه نوێنەرایەتی تاكه مۆدێلێك دەكات له بەڕێوەبردنی فره كەلتوریدا و سەركەوتنی گەورەی به دەستهێناوە، بەڵام هێشتا بەدەست كێشەی كلتورییەوە دەناڵێنێت، كه له سەربەخۆییەوە تا ئێستاش بەردەوامە لەگەڵی، یەكێك له هەرە كێشە گرنگەكانی

---

[١] أسامه تاج الدين، مصدر سابق.

[٢] بی بی سی – دلهی، من هم الفقراء فی الهند؟ تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢١على البرابط الاتی:
https://www. bbc. com/arabic/worldnews/2012/03/120321_india_poor. amp.

[٣] فكرت رفيق السيد و عبدالرحمن كريم درويش، مصدر سابق، ص٢٩١.

[٤] أحمد ماهرالعكيدي، تنامي المد القومي العنصري، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٧، على الرابط الاتی:
https://almoslim. net/node/289766.

تر کە ڕووبەڕووی سیاسیەتی فرە کەلتوری لە هیندستان دەبێتەوە بوونی جوڵانەوە سەربەخۆو بەردەوامەکانی نێوان گروپە ناکۆکەکانی دانیشتوانە[١].

**لقی چوارەم- بەلجیکا:**

بە فیدراڵی بوونی بەلجیکا هەنگاو بەهەنگاو جێ بەجێکراوە، تا دواجار لە دەستوری ساڵی ١٩٩٣، کە بەلجیکای لە سیستەمێکی یەکگرتووی بەڕێوەبردنی سادەوە گواستەوە بۆ ناناوەندییەکی کارگێڕی کە دەچێتە سەر شێوازێکی سیستەمی فیدراڵی، دیارە بەلجیکا وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو بۆ سێ ناوچە دابەشکراوە، کە بریتین لە ناوچەی ڤاڵۆن (فەرەنسی زمانن) و سنوریان بە فەرەنساوەیە، ناوچەی فلاندەر (هۆڵندی زمانن )و سنوریان بەهۆڵنداوە، هەروەها ناوچەی سێیەم بریتی یە لە برۆکسلی پایتەخت (فەرەنسی و هۆڵندی زمانن)[٢]

١-هۆڵەندی: لەهەرێمی فلاندەرز باکوری بەلجیکا دەژین و ڕێژەیان ٥٩٪ی کۆی دانیشتوانە.

٢-فەرەنسی: لە هەرێمی والۆن دەژین لە باشوری بەلجیکا ڕێژەیان ٤٠ ٪ی دانیشتوانە.

٣- ئەڵمانی: لە ڕۆژهەڵاتی بەلجیکا دەژین و ڕێژەیان لە ١٪ی دانیشتوانە.

هەروەها شانشینی بەلجیکا لە سێ هەرێم یان ناوچە پێکدێت، کە ئەمانەن: هەرێمی والۆن، ناوچەی فلاندەرز، هەرێمی برۆکسل. ئاینی فەرمی مەسیحییە لەگەڵ نزیکەی لە٧٥٪ی کۆمەڵگەی کاسۆلیکی لەکۆی دانیشتوان و لە١٥ ٪ش مەزهەبی پرۆتستانت و ئەوەی تریش بریتین لە پێکهاتەیەک لە ئاینە جیاوازەکان، وەک جولەکە و ئیسلام و بودایی[٣].

فیدراڵی بەلجیکا لەسەر بنەمای ناناوەندی جوگرافی بنیاتنراوە، هەرچەندە ئەم ناناوەندییەش نەبۆتە هۆی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، لە ئێستادا لە بەلجیکا ئەم ئەنجومەن و حکومەتانە هەن:

- دوو ئەنجومەنی ناوەندی پەرلەمانی و حکومەتی ناوەندی.

- سێ ئەنجومەنی گروپە ئێتنیەکان، واتە بەپێی دابەشبوونی جوگرافی و سێ حکومەتی شوێنکەوتەی ئەوان.

- سێ ئەنجومەنی ناوچەیی، بەپێی دابەش بوونی جوگرافی، حکومەتی خۆیان هەیە.

بەدوایدا دە ئەنجومەنی پارێزگا، دە حکومەت ناوچەیی یان کارگێڕی هەیە. [٤]

---

[١] فكرت رفيق السيد و عبدالرحمن كريم درويش، مصدر سابق، ص٢٩٣.

[٢] بشرى برتو، الفيدرالية فى الدستور البلجيكي الجديد – اقترنا مع مناقشة الدستور العراقى، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:

https://m. ahewar. org/s. asp?aid=43689&r=0

[٣] محمد البشاري، مسلموا بلجيكا.. وإداره الشأن الديني، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:

https://al-ain. com/amp/article/belgium-political-islam-european-union.

[٤] حافظ ابراهيم مالك وماجد محى عبد العباس، المؤسسات السياسية الرسمية والنظام الحزبي فى مملكة بلجيكا، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٧، العدد٣، ٢٠١٩، ص٢٨٩.

بۆیە سیستەمی سیاسی لە شانشینی بەلجیکادا پەیوەندی نێوان پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای بەپێی دەستوری ئێستا (دەستوری ساڵی١٩٩٣) ڕێکخستووە، بەمشێوەیەش فیدراڵی باشترین و گونجاوترین چارەسەربوو بۆ ئەو پێکهاتانە و دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیان، بەتایبەتیش ئیدارەی ناناوەندی، کە بەهۆیەوە پێکهاتەکانی بە ئازادیەوە سوودمەند دەبوون لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانی فیدراڵی و ئەنجومەنی کۆمەڵگە زمانییەکان و ئەنجومەنی و قەزاکان[1].

دەستور دەسەڵاتی بەخشیوە بە پاشا، بەڵام بەشێوەیەکی کرداری ناتوانێ پیادەی بکات، و بەشێوەی یاسا و بە کۆدەنگی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێوەدەبرێت، لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی ڕوون بۆ حکومەتی فیدراڵ نادۆزینەوە، لەسەر کارلادان و دانانی هەموو وەزارەت و هەمووی بەدەست پاشاوەیە، جێبەجێکردنی بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە هەر سێ دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا (ئەنجومەنی نوێنەران و پیران) و (ئەنجومەنی وەزیران) و (ئەنجومەنی باڵای دادوەری)، هەموو ئەو دامەزراوانەی کە لەڕووی زمانەوە دابەشکراون، بۆتە هۆی دورکەوتنەوە لە دابەشبوون و بەهێزکردنی هەرێمەکان لەڕووی پێدانی دەسەڵاتی فراوان و بێسنور[2]، بۆئەوەی ناکۆکی دروست نەبێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵی، دەوڵەتی بەلجیکا بەیەکێک لەسەرسەخترین سیناریۆ سیاسییەکانی ئەوروپادا تێپەڕدەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەو جیاوازیە قوڵ و ناکۆکییە زمانی و نەتەوەیی و کەلتورییەی کە لە کۆمەڵگای بەلجیکی دا و لەڕوی زمانییەوە هەیە، کە زمانەکانی فەرەنسی و هۆڵەندی و ئەڵمانی بوونیان هەیە، بەجۆرێک کوتلەی فلاندەری هۆڵەندی زمان کەلتوری هۆڵەندیان وەک بنەمایەک بۆ ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتیان داناوە، ناوەندەکەشیان باکوری بەلجیکایە، کوتلەی والۆنی فەرەنسی، کە پشت بە کەلتوری فەرەنسی دەبەستن و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوریانە و ناوەندی ئەم کوتلەیە باشورە، هەرچی کوتلەی ئەڵمانییە پشت بە کەلتوری ئەڵمانی دەبەستن[3].

ئەم جیاوازییە زمانی و کلتورییە لەڕووی مێژووییەوە سەرچاوەی ململانێکان بووە و هەندێ جار بەرەو جیاوازییەکی قوڵ لە نێوان خەڵکی بەڵجیکادا دروست بووە، بەتایبەتی جیاوازی نێوان فلاندەرەییەکان و والۆنیەکان ڕاستەوخۆ دوای سەربەخۆی بەلجیکا دەمێنێتەوە و لەلایەن بورژوازیەتی فەڕەنسی ڕابەرایەتی دەکرێت و زمانی فەرەنسیش وەک تاکە زمانی ئەو وڵاتە سەپێنرا.ئەم دۆخەش بووە هۆی تورەبوونی فلاندەرییەکان و دروستبوونی جوڵانەوەی فلامیەکان لە ساڵی ١٨٤٠ کە داوای دانپێدنانەی زمانی فلامیان دەکرد و ئەمەش دوای چەند دەیەیەک بوو

---

[1] حافظ ابراهیم مالک وماجد محی عبد العباس، مصدر سابق، ص١-٣.

[2] بشری برتو، مصدر سابق.

[3] الموقع الجمل، الصراع السیاسی ومستقبل الدولة البلجیكیة، تاریخ الزیارة : ٢٠٢١/١/٢٦على الرابط الاتی:
الصراع السياسي ومستقبل الدولة البلجيكية https://aljaml. com/

بەدەست هات[١]، لەڕووی نەتەوەیشیەوە لە بەلجیکا سێ مەیلی ناسیۆنالیستی و کۆمەڵایەتی لە نێو گۆڕەپانی نەتەوەیدا هەیە و بە جۆرێک هێزە سیاسیەکانی باکوری هۆڵەندا نوێنەرایەتی گروپی لایەنە سیاسییەکانی بە ئاراستە کۆمەڵایەتیە نەتەوەییەکانی گروپی هۆڵەندیەوە دەکەن، هێزە سیاسییەکانی والۆنی نوێنەرایەتی باشور دەکەن بە ئاراستەکردنی ناسیۆنالیستی فەرەنسی و هەرچی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتیشن خاوەن کارەکتەری کلتوری ئەلمانین و مەیلیان بەلای پارتە سیاسیەکانی نەتەوەی ئەڵمانیانەوە هەیە[٢].

لە ساڵی(١٩٦٠ز) جۆرێک لە دابەشبوونی ئاشکرا لە هەموو ئاستەکاندا دەبینرا، بەجۆرێک هەریەکە لە پارت و سەندیکا بازرگانی و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و وەرزشیەکان دەستیان کرد بە دامەزراندنی لەسەر بنەمای ناوچەیی و زمانی، لە ساڵی (١٩٦٢ز)، بەلجیکا یەکەم هەنگاوی بەرەو ناوچەگەری ناو بۆ یەکەمجار لە مێژووی بەلیجکا سنورە هەرێمیەکان لەسەر بنەمای زمانی نێوان فلاندەری و والۆنی دانراو هەر هەرێم و ناوچەکیش زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی پەیڕەو دەکرد[٣].

دەکرێت تێبینی ئەوەش بکرێت، کە فاکتەری ئابوریش یەکێک بووە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر مێژووی بەلجیکا هەبووە، بەجۆرێک بەلجیکا لە ساڵی (١٨٣٠ز)دا ڕاستوخۆ پاش سەربەخۆیی دەستی بە پیشەسازی کرد چەندین کارگە لە دەوری کانەکانی خەڵوز بووە سەرچاوەی سەرەکی بۆ زۆربەی بوارەکان، بەڵام لەهەمانکاتدا بە ڕێژەی لە١٠٠٪ ڕووبەری کشتوکاڵی و کشتوکاڵیەکان لە دەستدا و دەوڵەمەندی ناوچەی والۆنی تا ساڵی (١٩٦٠ز) بەردەوام بوو، بەڵام دوای ئەوە دۆخەکە پێچەوانە بوویەوەو کارگەکان لەناوبران و زۆربەی زۆری کانە خەڵوزییەکان دەرگاکانیان داخست، لەبەرامبەردا فلاندەرەکان مەشخەڵی ئابورییان وەرگرت و چەندین کارگەوکارخانەیان دروستکردو لەو ڕۆژەوە تا ئەمرۆ بە دەوڵەمەندی مانەوە لەچاو والۆنیەکان[٤].

کەواتە وەک لە ئەزموونی ئەو وڵاتە فیدرڕاڵیانەی لەم داواکارییەدا باسکران، دەردەکەوێت کە هەر دەوڵەتێکی فیدڕاڵی ڕووبەڕووی چەندین ناکۆکی وکێشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، هەر لەناکۆکی ئیتنی وکەلتوری و زمانی وئاینییەوە، تا ناکۆکی سیاسی وئابوری وئیداری، ئەمەش و ادەخوازێت کە هەمیشە ئەم وڵاتانە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئامرازی جۆراوجۆر بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و کێشانە، کە لەبەشی دووەمدا ئاماژە بۆ زۆرێک لەو ئامرازانە دەکەین.

---

[١] سعيد العمراني، حول تدبير التعدد الثقافي واللغوي ببلجيكا، تاريخ الزيارة:٢٠٢١/١/٢٦ على الرابط الاتى: https://dalil-rif. com/mobile/permalink/7955. html.

[٢] المصدرنفسه.

[٣] نبيلة سالک، الاليات المؤسساتية لادارة التعدد الاثني، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة باتنة، ٢٠١٦، ص٣١٢.

[٤] سعيد العمراني، مصدر سابق.

# بەشی دووەم

# میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییە بەراوردییەکاندا

**باسی یەکەم: میکانیزمە یاساییە هەمیشییەکان**

**باسی دووەم: میکانیزمە کاتییەکان**

## بەشی دووەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدڕاڵییە بەراوردییەکاندا

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئەوانیش بەسەر دوو جۆر لە میکانیزمدا دابەشکراون، کە بریتین لە میکانیزمەیاساییە هەمیشەییەکان و میکانیزمە کاتییەکان، بۆیە ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا و هەر باسێکیش چەند خواست و لقێک لەخۆدەگرێت.

### باسی یەکەم: میکانیزمە یاساییە هەمیشەییەکان

گرنگترین میکانیزمە یاساییە هەمیشەییەکان بریتین لە (دەستوری فیدڕاڵی) و (ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان) و (دادگای فیدڕاڵی) کە هەر یەکەیان وەک سێ میکانزیمی یاسایی و سەرەکی لە دەوڵەتە فیدڕاڵییە بەراوردییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەکاردەهێنرێن.

#### خواستی یەکەم : دەستوری فیدڕاڵی و هەموارکردنی

ئەم خواستە تیشک دەخاتە سەر دەستوری فیدڕاڵی و هەموارکردنی لە چوارچێوەی سێ لقی سەرەکیدا، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە:

**لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی دەستوری فیدڕاڵی و هەموارکردنی:**

بەمەبەستی ناساندنی میکانیزمی دەستوری فیدڕاڵی و ڕونکردنەوەی چۆنیەتی هەموارکردنی دەستور لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا" ئەم لقەمان دابەشکردووە بەسەر سێ خاڵداو تێیاندا ئەم بابەتانە دەخرێنە بەرباس:

**یەکەم - چەمکی دەستورو دروستبوونی دەستوری فیدڕاڵی:**

دەستور پێناسەدەکرێت بەوەی، کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی، کە شێوەی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی دەست نیشان دەکات" لەڕێگای ڕێکخستنی دامەزراوە گشتییەکان لەڕووی پێکهاتن و دەسەڵاتەکانیانەوە لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیان، ئەمە جگە لە دیاریکردنی ماف و ئەرکی تاکەکان[1].

لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت، کە دەستور لە لایەکەوە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت دیاری دەکات بەو پێوەرەی، کە دامەزراوەیەکی مرۆییە لەڕێگای کۆمەڵێک ڕێسای یاساییەوە کۆمەڵگا ڕێکدەخات، لەلایەکی تریشەوە ئەرک و مافی تاکەکان دیاری دەکات لەپێناو پاراستنیان لەدوای پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتدا.

دیارە ڕێکخستنی سیاسیش لەڕێگەی یاساوە دەبێت، لەبەرئەوەی هەموو دەوڵەتێک سیستەمێکی یاسایی گشتی هەیە، کە لەبنەمادا بەستراوەتەوە بەدەستورو لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزراوە،، لە

---

[1] حميد الساعدى، مبادئ القانون الدستورى و تطور النظام السياسى فى العراق، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠، ص١٠٥.

سایەی دەستوردا پێناسەی سیستەمە گشتییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان دەکرێت و هەموو چالاکییە تاکەکەسی و حکومییەکان هەر لەژێر سایەی دەستوردا ئەنجام دەدرێن[١].

دەستور تەنیا دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان پۆلێن ناکات، بەڵکو ئامانجەکانیان و ئاڕاستەی بەڕێوەبردنیشیان دیاری دەکات،بەم پێیە هەر سیستەمێکی سیاسی هەڵگری بیرۆکەیەکی یاساییە، کە لە دەستورەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زامنکەری سەقامگیری و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتین و خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات و دەستوریش لە لوتکەی ئەم سیستەمەدا بێت[٢].

هەروەها دەستور لە دەقەکانیدا ئاماژە بەجۆری سیستەمی حکومەت (کۆماری یان پاشایەتی)، چەشنی سیستەمی سیاسی (پەڕلەمانی، سەرۆکایەتی، حکومەتی ئەنجومەنی)، شێوەی دەوڵەت (دەوڵەتی سادە یان ئاوێتە) و مافە بنەڕەتییەکان (سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و فەرهەنگی)دەکات [٣].

دەوڵەتی فیدڕاڵی وەک پێشتر لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆیکردوە بنچینەی دروستبوونی دەستورە، بەو پێیەی یەکگرتنێکی دەستورییە، لەئەنجامی دەستوردا دەوڵەت دەبێتە خاوەن گەل و هەرێم و دەسەڵات، و ناوی ئەم دەوڵەتەش دەبێتە دەوڵەتی فیدڕاڵی، کە پێکدێت لە چەندین ویلایەت یاخود هەرێم و دەستور پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و ویەکە پێکهێنەرەکان و دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان دیاری دەکات*، ئەو دەوڵەتانەی کە فیدڕاڵی پێکدەهێنن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە کەسایەتی نێودەوڵەتیەوە دەگۆڕێن بۆ کەسایەتییەکی دەستوری و دەستور پێگەی تایبەتیان پێدەدات[٤].

بۆیە دروستبوونی دەستوری فیدڕاڵی، لەزۆربەی کاتدا لەسەر کردەوەی بە کۆمەڵی کۆمەڵێک دەوڵەت وەستاوە، کە خواستی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئاوێتەیان هەیەو ڕاگەیاندنی ئیرادە لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە بۆ پابەندبوون پێیەوە، چونکە ڕاگەیاندنی ئەم خواست و ئیرادەیە بۆ گەیشتن بەیەک ئامانجە ئەویش دروستبوونی ئەم دەوڵەتەیە[٥].

دەستوری فیدڕاڵی پێویستە دوو فاکتەری بنەڕەتی لە چەسپاندنیدا بەرجەستە بکرێت:[٦]

---

[١] طعيمة الجرف، القانون الدستورى ومبادئ النظام الدستوري فى الجمهورية العربية المتحدة، مكتبة القاهرة الحديثة، القاهرة ١٩٤٦، ص١٢٧.

[٢] إسماعيل مرزه، مبادئ القانون الدستورى والعلم السياسى (النظرية العامة الدساتير)، شركة الطبع والنشر الاهلية، بغداد، ١٩٦٠، ص١٤١.

[٣] عصمت عبدالله، الدستور بين مقتضيات الثبات وموجبات التغير (فى ضوء الفكرة القانونية السائدة لدى أفراد المجتمع السياسى)، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٥.

* مەبەست لە وشەی (تایبەتکاری کوردی) بریتی یە لە وشەی (اختصاصات)ی عەرەبی.

[٤] ئاريان محمدعلی، الدستور الفيدرالى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٩، ص٢٢.

[٥] المصدرنفسه، ص ٢٢ .

[٦] منذر الشاوى، فى الدولة، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٥، ص٨٥

١- بەشداریکردنی دەوڵەتان، کە ئارەزووی یەکگرتن لە پرۆسەیەکی دەستوریدا دەکەن، بە واتایەکی تر دەبێ هەموو دەوڵەتەکان کە لە یەکێتیە فیدراڵییەکە دان ڕۆڵیان هەبێت لەهەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە دەستورەوە.

٢- ئازادی دەوڵەتان کە دەچنە یەکێتییە فیدراڵییەکەوە، بۆ پەسەندکردنی دەستور، ئەمەش لۆجیکێکی یاسایی لە پشتە بەوەی دەستور تەنیا بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا جێبەجێ دەبێت، کە پەسەندیان کردووە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەستور بنچینەی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵییە و گرەنتییەکی هەرە کاریگەری سەرکەوتن و بەردەوامبوونی دەوڵەتی فیدراڵییە، بەو پێەی دەستوری فیدراڵی هەموو پەیوەندی و دەسەڵاتە تایبەتکارییەکانی هەردوو ئاستی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دیاری دەکات.

**دووەم- تایبەتمەندییەکانی دەستوری فیدراڵی :**

**١- پایەبەرزی وتوندی دەستوری فیدراڵی** :

هەندێک لەیاساناسان دەربارەی بنەمای پایەبەرزی دەستور لە دەوڵەتی فیدارڵیدا وای بۆدەچن کە (زۆر چاکە ئەگەر بوترێت، دەوڵەتەکە یەکێتیەکی فیدراڵییە، ئەگەر دەستورەکەی باڵابوو) ئەمەش مانای وایە، کە ئەو ڕێککەوتنەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان پێکدەهێنێت و دەسەڵاتەکان دابەش دەکات لە نێوانیان، پێویستە باڵا بێت بەسەر حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، چونکە ئەو ڕێککەوتنەی کەوا پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات، پێویستە لەسەروی هەموو ویستەکانەوە بێت[(١)].

بنەمای پایەبەرزی دەستور لەسەر ئەم پایانە بەندە[(٢)]:

١- دەوڵەتی فیدراڵی یەکێتییەکی دەستورییە لە نێوان دوو دەوڵەتی هەرێمی یان زیاتر، بەرهەمی کردارێکی یاسایی دەستورییە، کە دەوڵەتی فیدراڵی لەساییەدا دامەزراوە.

٢- دەستور دەسەڵاتی گشتی دادەمەزرێنێت لە دەوڵەتی فیدراڵییدا لەڕووی پێکهاتن و تایبەتکاری و دابەشکردنی تایبەتمەندییە دەستورییەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و لەسەر ئەم بنەمایەش دەبێت هەردوولا ملکەچی دەستور بن.

٣- دەستوری فیدراڵی ئەو ڕێساو ڕێوشوێنانە پەسەند دەکات، کە بۆ هەموارکردنی دەستور بەکاردێن و دەستوری فیدراڵی پێویستی بە ڕێوشوێنی توندە بۆ هەموارکردنی. زۆر پێویستی هەن کە وا دەکات دەستوری فیدراڵی دەستورێکی توند بێت و مەبەستیش لە توندی ئەوەیە کە دەستوری فیدراڵی پێویستی بە ڕێوشوێنی ئاڵۆزو توندە بۆ هەموارکردنی، پێدانی بواری هەموارکردنی دەستور بەو ڕێگا ئاسانانەی کە لەدەوڵەتی سادەدا هەیە، دەبێتە هۆی هەڕەشە

---

(١) نقلا عن: نوری لطیف، النظام الفدرالي، دار المسیرة للطباعة والنشر، بدون سنة ومكان الطبع، ص١٣٠.

(٢) ئاریان محمد علی، مصدر سابق، ص٦٦.

لەسەر دەسەڵات و تایبەتکاری هەرێمەکان و دروستکردنی مەترسی و ناسەقامگیری و زیانگەیاندن بە قەوارەی دەوڵەتی فیدراڵی و ڕێگرتن لە جێگیری دەستور لەدەوڵەتی فیدراڵیدا.[1]

**٢- دابەشکردنی تایبەتکاریەکان لە دەستوری فیدراڵیدا:**

دەوڵەتی فیدراڵی کاتێک دێتە ئاراوە، کە چەند دەوڵەتێک (چەند ویلایەتێک یان چەند هەرێمێک) ئارەزووی یەکگرتن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتودا دەکەن، ئەو دەوڵەتە یەکگرتووەش لەڕێگەی حکومەتی فیدراڵییەوە چاودێری و ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتی و هاوبەشەکان دەکەن و ئەم ویلایەتانەش دەبنە یەکەی سیاسی دەستوری لەناو ئەم دەوڵەتەدا، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بڕێکی پێویست لە سەربەخۆی لە کاروباری ناوخۆی خۆیاندا، هاوکات و بەشداری حکومەتی فیدراڵیدا دەکەن، بەو شێوەی کە لە دەستوری فیدراڵیدا دامەزراوە[2].

لەسەرجەم دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسەلات و تایبەتکارییەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان لە دەستوردا هاتووەو بەشێوەیەکی گشتیش کاریگەریان لەسەر بارودۆخی دامەزراندنی یەکێتیە فیدراڵییەکە و ویستی ئەندامەکانی بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان یان بەپێچەوانەوە لەپاراستنی قەوارە سەربەخۆکانی هەرێمەکان هەیە . دیارە دەستورە فیدراڵییەکانیش جیاوازن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسەلات و تایبەتکارییەکان لەنێوان دوو ئاستەکەی حکومەت، ئەمەش پەیوەستە بەو ڕێبازە سیاسی و ئابورییەی، کە دەوڵەتەکە پشتیوانی دەکات و ئەو هەلومەرج و فاکتەرانەش، کە ڕۆڵیان لە دروستبوونیاندا هەبووە [3].

شایەنی باسە دەبێت دەستوری فیدراڵی بابەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە شێوەیەک ڕێکبخات کە لەگەڵ واقیعی سیاسی و سەربەخۆیی و یەکسانی فیدراڵیدا بگونجێت، واتە کاتێک حکومەتی ناوەندی تایبەتکارییە دەستوری و یاساییەکانی خۆی پراکتیک دەکات دەبێ سەربەخۆبێت و ملکەچ نەبێت بۆ حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی هەرێمەکانیش بەهەمانشێوە بەسەربەخۆیی پراکتیکی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی خۆیان دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایەش دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی دەستوری فیدراڵی[4].

دیارە دەستورە فیدراڵییەکان لە جیهاندا ڕێگای جۆراو جۆر دەگرنە بەر بۆ دابەشکردنی تایبەتکارییە دەستورییەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سێ ڕێگای سەرەکی دابەش دەبن:

---

[1] علی مدلول محسن، ضوابط ممارسة الوظيفة التشريعية فی الدساتير الفيدرالية، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الحقوق و العلوم السياسة، جامعة بيروت العربية، ٢٠١٦، ص١٩.

[2] محمد هماوند، مصدر سابق، ص١٩٩-٢٠٠.

[3] المصدرنفسه، ص١٧٣.

[4] ئاريان محمدعلی، مصدر سابق، ص٨٠

**ڕێگەی یەکەم: دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی:**

لەم ڕێگەیەدا دەستوری فیدراڵ بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر شێوەی ژماردن ئەو تایبەتکارییانەی کە تایبەتمەندن بە دەسەڵاتی فیدراڵی دیاری دەکات، هەرچی بمێنێتەوەو باس نەکرابێت و دیاری نەکرابێت ئەوا هەرێمەکان خاوەنداریەتی ئەو تایبەتکارییانە دەکەن، نموونەی ئەم جۆرە ڕیگەیە لە دابەشکردنی تایبەتکارییەکان لە دەستورەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (١٧٨٧)ز، ئەرجەنتین (١٨٥٣)ز، بەدیاردەکەوێت[١].

**ڕێگەی دووەم: دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی هەرێمەکان:**

بەپێی ئەم ڕێگەیە لە دەستوری فیدڕالیدا تایبەتکارییەکانی هەرێمەکان دیاری دەکرێت بە ژماردن و پاشان ئەوەی کە دەمێنێتەوەو باس نەکراوە خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی، ئەوانەی کە پەیرەوکاری ئەم ڕێگەیە دەکەن وەک دەستوری کەنەدا (١٧٦٧)ز، دەستوری فەنزەوێلا (١٩٥٣)ز[٢].

**ڕێگەی سێیەم: دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان:**

ئەم ڕێگەیەش بریتیە لە تۆمارکردنی تایبەتکارییەکانی هەردوو ئاستی حکومڕانی لە دەستوردا، بەجۆرێک لایەنی بنەڕەت و بەدەر لە تایبەتکارییەکان بەدی ناکرێت، بەڵکو تایبەتکارییە دەستورییەکان بە دوو لیستی جیاواز دیاری دەکرێن، یەکێکیان بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی و ئەوەی تریان بۆ دەسەڵاتی هەرێمەکان، نموونەی ئەم جۆرە لە دەسەڵاتی تایبەتکارییەکان لە دەستوری هند (١٩٤٩)ز، دەستوری مالیزیا (١٩٤٨)ز بەدی دەکرێت[٣].

سەرباری ئەم سێ ڕێگەیە، بەبڕوای هەندێک لە توێژەران دەکرێت ڕێگەی چوارەمیش بۆ ئەو سێ ڕێگە سەرەکییە دیاری بکرێت، کە ئەویش بریتییە لە (دیاریکردنی تایبەتکارییە هاوبەشەکان)، مەبەست لە تایبەتکارییە هاوبەشەکان ئەو تایبەتکاریانەیە کە هیچ یەکێک لە دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان بەتەنها خاوەنداریەتیان ناکەن، بەڵکو هەردوو ئاست هاوبەشن تێیداو پیادەکردنیان دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو لایان. ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پاشکۆی گرتنەبەری یەکێک لە ڕێگاکانی پێشووە، کە ئاماژەمان پێکرد، نموونەی ئەم جۆرە دابەشکاریەش دەستوری مالیزیا (١٩٨٤)ز، سودان (٢٠٠٥)ز[٤].

بۆیە زۆرگرنگە کەلە دەستوردا بەتەواوی دەسەڵاتەکان(حصری وغیرحصری)کان دیارییکرێت ئەمەش لەپێناوی دوومەبەست ئەوانیش:ئارامی وجێگری دەستوری وملکەچ نەبوون بۆ فرە ڕاڤەیی وپەنابردن بۆدادگای باڵا یان دادگای دەستوری.

---

[١] سۆران علی حسن، دامەزراوەدەستورییەکان بۆگرەنتی کردنی مافی هەرێمەکان لەدەولەتی فیدڕاڵیدا(عێراق وەک نموونە) ، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین.٢٠١٩، لا٧٦ .

[٢] معمرمهدي صالح، مصدر سابق، ص٢٤٧.

[٣] محمد ابراهیم وەرتی، مصدر السابق، ص٦٨ .

[٤] أمجد علی حسین، مصدر السابق، ص١٠٣.

هەروەها حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان ئەوانەی دەکەونە سنوری هەرێمەکانەوە، لەڕێگای یەکێک لەم سێ شێوازانە بەڕێوەدەبات[1]

١- شێوازی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ: جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی فیدراڵی لەناو هەرێمەکاندا لە ڕێگەی ئەو بەشانەوە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە دروست کراون و ڕاستەوخۆ ملکەچی ئەوانن و سەربەخۆن لە هەرێمەکان بەکارهێنانی ئەم شێوازە پێویستی بە خەرجی زیاتر هەیەو دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەت ئاڵۆزدەکات لە ئەنجامی دووبەرەکی و هەمەجۆری لە بەڕێوەبردندا، ئەم شێوازە لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٧)ز پشتگیری کراوە.

٢- شێوازی بەڕێوەبردنی ناڕاستەوخۆ: یاساو بڕیارەکانی فیدراڵی بەهۆی نەبوونی لقی بەڕێوبەراتیە فیدراڵیەکان لە هەرێمەکاندا لەلایەن دەزگا جیاوازەکانی هەرێمەکانەوە جێ بەجێ دەکرێت، هەرچۆنێک بێت ئەم شێوازە لەوانەیە بێتە هۆی دواکەوتن لە جێ بەجێکردن لە یاساو بڕیارەکانی فیدراڵی لە ئەنجامی دواکەوتنی یاساو بڕیارەکان لەلایەن فەرمانبەرانی ناوخۆییەوە، ئەم شێوازەش لە دەستوری ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩١٩) پەیرەوکراوە.

٣- شێوازی بەڕێوەبردنی تێکەڵ: ئەم شێوازە لەسەر بنەمای دامەزراندنی چەند ئیدارەیەکی فیدراڵی لە هەرێمەکاندا دامەزرا بۆئەوەی بەرپرسانی دەوڵەتی فیدراڵی بتوانن یاساو بڕیاری دیاریکراو جێ بەجێ بکەن و بەشێکی تریش لە یاساو بڕیارەکان لەلایەن هەرێمەکانەوە جێ بەجێ دەکرێ، ئەمە ئەو شێوازەیە کە دەستوری سویسرا لە ساڵی (١٨٧٤)ز هەروەها دەستوری سویسرا لە ساڵی (١٩٩٨)ز پەسەندی کردووە.

**سێیەم- هەموارکردنی دەستوری فیدراڵی:**

ڕێسا دەستورییەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتین لە کۆمەڵگەی سیاسیدا کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەیەو خاوەنی کاریگەریشن لەسەری، لەبەرئەمە پێویستە ڕێسا دەستورییەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گەشەکردن و گۆڕانکارییەکان و هاوشان لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی کۆمەڵگەی سیاسی هەنگاوبنێت ئەویش بە وەرگرتنی هەمواری پێویست، دەستوری فیدراڵیش وەک هەر دەستورێکی تری نووسراو دەکرێت، وردە وردە لەڕێگەی بڕگەی ئاسایی و دادوەرییەوە هەمواربکرێتەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو ڕێوشوێنانەی پەیوەستن بە هەموارکردنی فەرمی دەستورەوە دەبێت ڕەنگدانەوەی سروشتی فیدراڵی بێت[2].

---

[1] علی هادی حمیدي الشکراوي، الاتحاد الفیدرالي فی سویسرا، تاریخ الزیارة : ٢٠٢١/٣/١على الرابط الاتی:
http://www. uobabylon. edu. iq/uobColeges/lecture. aspx?fid=7&lcid=15071

[2] خاموش عمر عبدالله، دور القضاء الدستوري فی حمایة الحقوق والحریان العامة مجلة القانون والسیاسیة، کلیة القانون والسیاسة، جامعة صلاح الدین، السنة العاشرة، العدد ١١، اربیل، ٢٠١٢، ص١٦٢.

ڕۆڵی هەرێمەکان لە هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵیدا چ لە قۆناغی پێشنیارکردندا چ لە قۆناغی یاسادانانادا بە دوو شێوەیە، بەشێوەی ڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان یان لەڕێگەی ڕێکخستنی کۆنفرانسی دەستوری لەهەرێمەکان بۆ ئەم مەبەستە، یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی پرۆسەی دەنگدانی گشتی (ڕیفراندۆم) لەسەر پێشنیارەکە یان پەسەندکردنی هەموارکردنەکە لە ئەنجومەنی هەرێمەکان (ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان) لە پەرلەمانی ناوەندی[1].

بەم پێیە دەستوری فیدڕاڵی لەبەرئەوەی دەستورێکی نووسراو و چەسپاوە پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەت هەیە و ئەم ڕێوشوێنانەش لە دەوڵەتێکی فیدڕاڵیەوە بۆ دەوڵەتێکی تری فیدڕاڵی دەگۆڕێت و بەگشتی چۆنیەتی هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵی دەکرێ بە سێ چەشنەوە [2]:

١- بەشداریکردنی پەرلەمانی ویلایەتەکان لەگەڵ پەرلەمانی ناوەندی فیدڕاڵی: دەستور هەموارکردنەوە و پەسەندکردنی لە هەردوو پەرلەمانەکە دەردەچێ، وەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمواری دەستور پێویستی بە ڕەزامەندی سێ بەشی ویلایەتەکانی هەیە بە پێی ماددەی(٥).

٢- ڕەزامەندی خەڵک بە زۆرینەی ڕەها، واتە مەرجەکە زۆرینەی خەڵک ویلایەتەکان ڕازی بن، وەکو نموونەی سویسرا بەپێی ماددەی (١٩٢).

٣- ڕەزامەندی پەرلەمانی ناوەندی فیدڕاڵی: ڕەزامەندی زۆرینەی تایبەت، وەک نموونەکانی بەڕازیل و ئەرجەنتین.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین، ئەوەیە کە بەشداریکردن هەرێمەکان یان ویلایەتەکان لە هەموارکردنەوەی دەستوری فیدڕاڵی، یەکێکە لە سیما گرنگەکانی فیدڕاڵی، لەم کارەشدا جگە لەوەی کە هەرێمەکان ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕن، هاوکات لە بەشێک لە سەروەریی بەشداری دەکەن و هەروەها نوێنەرایەتی ئامرازی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گروپە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی فیدڕاڵی دەکەن دور لە قەوارەو کەسێتی خۆیان[3].

**لقی دووەم: ڕۆڵی دەستوری فیدڕاڵی و هەموارکردنی لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا:**

بیرۆکەی بەکارهێنانی فیدڕاڵیزم وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری پێکهاتەی ناکۆکییە ئەتنی و ئاینی و زامانیەکان بیرۆکەیەکی کۆنەو هێشتاش زۆر بەناوبانگە، چەندین دەستوری لە ڕابردوودا لەسەر ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە بنیاتنراون، کاتێک باس دێتە سەر ڕەگەزی دەستور ئەمە بەواتای بەکارهێنانی ئامرازە سیاسییەکانە بۆ سنوردارکردنی دەسەڵات، واتە دەستور

[1] محمد كامل ليله، مصدر سابق، ١٤٦.

[2] سولاف محمدامين، تحديد الصلاحيات فى الدولة الفيدرالية، رسالة ماجيستر (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة صلاح الدين ، ص٤٩.

[3] على مدلول محسن، مصدر سابق، ص١١٣.

دەسەڵات دابەش دەكات و ڕێگری دەكات لە خراپ دابەشكردنی دەسەڵات. لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەو پێیەی كارو ڕۆڵە گرنگەكانی دەستوری فیدراڵی دیاریكردنی دەسەڵات و تایبەتكارییەكانی هەریەک لە حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێمەكانە، بەجۆرێک كە سنوری هەریەكێكیان بەڕوونی دیاری كرابێت، ئەم ڕۆڵەش لە ڕێی دەستورەوە دەبێت[١].

دەستور یەكێكە لەو ئامرازە كاریگەرانەی كە چارەسەری كێشەی كەمینەكان دەكات و مافی كەمینەكان دەپارێزێت، ئەویش لەڕێگای ڕێگریكردن لەو هەوڵانەی، كە ڕەنگە لە هەر كاتێكدا لەسەر بنەمای حوكمی زۆرینە بۆ بێ بەشكردنی كەمینەكان لە دەسەڵات ڕوبدات، بەڵام دەستوری فیدراڵی لە ڕێگای دابەشكردنی دەسەڵاتەوە حكومەت بۆ گروپێک كەمینەی دیاریكراو دەتوانیت زۆر بەسوودبێت، وەک ئامرازیک بۆ ڕاگرتنی ئەو ململانێی و ناكۆكیەی كە دەكرێت پەرەبسێنێت لە ئەنجامی بێ بەشكردنی كەمینەكان لە دەسەڵات و پێشكەشكردنی مافەكانیان[٢].

دەستوری فیدراڵی سنورو گەرەنتی دەستوری و سیاسی دادەنێت بۆ پاراستنی سەقامگیری سیستەمی فیدراڵی و سەركەوتنی، دەستوری فیدراڵی كاریگەرترین و باشترین ئامرازە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی هەمەڕەنگی و دابەشكردنی ناهاوسەنگی دەسەڵات و تایبەتكارییەكانی نێوان ئاستەكانی حكومەت یەكلادەكاتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەكانی هەریەكێكیان و ئاستی سەربەخۆییان و پیادەكردنی دەسەڵاتەكانیان لەسنوری خۆیان[٣].

دەستوری فیدراڵی دوو دۆخی ناكۆک ونادژ لەبۆتەیەكدا كۆدەكاتەوە، كە ئەوانیش سەربەخۆیی و یەكگرتنە، چونكە هەندێ جار بەشێک لە دەوڵەتە ئەندامەكان، كە لەناو یەک فیدراسیۆندان هەرچەندە، كە یەكێتی و هەستی فیدراڵییان دەوێت، بەڵام یەكرێزییان ناوێ، ئەمەش ڕەنگە سەربكێشێت بۆ چوونە دەرەوەیان لە فیدراسیۆنەكە، لەبەرئەمە دەستوری فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندی یەک بە یەكی دەوڵەتە ئەندامەكان دەكات و ڕێگر دەبێت لەبەریەككەوتنی بەرژەوەندییە جیاوازو ناكۆكەكان[٤].

دەستوری فیدراڵی هۆكاری سەرەكی پاراستنی شێوەی فیدراڵی دەوڵەت و گرەنتی سەربەخۆی دەوڵەتە ئەندامەكان دەكات" بەو پێیەی دەستوری فیدراڵی دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەوڵەتانەدا هەیە، كە یەكگرتنەكە پێكدەهێنن، هەر دەستورە، كە دەسەڵات و تایبەتكارییەكانی ئەم دەوڵەتانە

(1) Hanns Buhler, Susanne Luther Michael sieghe FE DERAL ISMAND CONFL ICT MANAGENENT, Hanns seudle foundation, 2017, p11.

(2) Ibid, p12.

(٣) عثمان على ويسي، الطبيعة الديناميكية للدستور الفدرالي، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٣، ص٢٧.

(٤) محمد رفعت عبدالوهاب، الانظمة السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٥، ص٧٠.

دیاری دەکات و لەڕێگای ئەویشەوە دەتوانرێ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکانیان بکرێ و ڕێگریش دەبێ لە پێشلکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵات و پێگەیان لەلایەن ناوەندەوە[1].

پەیوەست بە هەموارکردنی دەستوریش گومانی تێدا نییە کە دەستورو ڕێساکانی ژیانی هاوڵاتیان ڕیکدەخات و ژیانیش لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەمەش وادەکات، کە هەموارکردنی دەستور ببێتە کارێکی پێویست بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ پەرەسەندە نوێیەکاندا بگونجێت، بەتایبەتیش گرنگی هەموارکردنەوەی دەستور بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵی، کە لەچەند یەکەیەک پێکهاتووە و لە ئەگەری بوونی هەر کێشە یا ناکۆکییەک دەکرێت یەکێک لە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و کێشانە هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵی بێت بە بەشداری خودی یەکە پێکهێنەرەکان[2].

دەکرێ یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکان کە وابکات پەنا ببرێت بۆ هەموارکردنەوەی دەستوری فیدڕاڵی دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت، واتە گواستنەوەی هەندێک لە دەسەڵاتەکانی دەستور لەناوەندەوە بۆ هەریمەکان یاخود لە هەرێمەکانەوە بۆ ناوەند، بۆ نموونە هەموارکردنەوەی دەستور لە سویسرا لە ساڵی (١٨٤٧ز) کە لە ڕێیەوە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی کانتۆنەکان و گواسترایەوە بۆ ئاستی فیدڕاڵی[3].

لە پرۆسەی هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵیدا، یەکە پێکهێنەرەکانیش دەبێ بەشداربن لە بنەمای فیدڕاڵی، ئەم بەشداریکردنەکەش بەئامانجی ڕێگرتنە لە دەستکاریکردنی سیستەمی یاسایی و قەوارەی سیاسی یەکەکان و ملکەچکردنی هەرێمەکان بۆ دەسەڵاتی فیدڕاڵی، ئەمەش بە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی یەکەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا دادەنرێت و گرەنتی ماف و تایبەتمەندییەکانی یەکەکان دەکات لە دەستوری فیدڕاڵیدا، کە بنەمای سەرەکی دروست بوونی دەوڵەتی فیدڕاڵییەو هەموارکردن و گۆڕانکاریکردنیش لەم بەڵگەنامە گرنگەدا، دەبێت بەجۆرێک بێت، کە هاوکاربێت بۆ پتەوکردنی فیدڕاڵی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی، کە دەکرێ بەهۆی هەموارکردنی دەستورەوە چارەسەر بکرێن[4].

لێرەدا سەبارەت بە ڕۆڵی هەموارکردنی دەستوری فیدڕاڵی و بەکارهێنانی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان نموونەی هەموارکردنەوەی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخەینەڕوو پەیوەست بە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە مەسەلە داراییەکاندا، ماددەی (١) لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا برگەی هەشتەم ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆنگرێس باج و قەرزو بەها و نرخی دراوی بیانی ڕێکدەخات و کێش و پێوانەکان دیاریی دەکات، و بەمەش ئەم مادەیە

---

[1] عثمان علی ویسي، مصدر سابق، ص٢٥.

[2] وحید علی عبدي، ، مصدرسابق، ص١٤٥.

[3] المصدر نفسه، ص١٤٦.

[4] أحمد علی احمد، مصدر سابق، ص١٠٨.

دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی فراوانکرد، دروستبوونی ناهاوسەنگی دارایی و سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ویلایەتەکان و حکومەتی فیدراڵی لەم بوارەدا. بەڵام لەدەیەمین هەمواری دەستورەکەدا کە ساڵی (١٧٩١ز) ئەنجامدرا، دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاریکراو ویلایەتەکان و خەڵک دڵنیاکرانەوە، کە حکومەتی فیدراڵی نایەوێت زاڵ بێت بەسەر ویلایەتەکاندا(١).

لە ئەفریقای باشوریش دەستوری ساڵی (١٩٩٣ز) ڕۆڵێکی گرنگی لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان و گواستنەوە بۆ حکومەتی دیموکراسی هەبووە، ئەم دەستورەوە ڕێگربوو لە هەڕەشەی سەرهەڵدانی شۆڕش و سەوداگەری نێوان گروپەکان،. لە ڕێگەی ئەم دەستورە حکومەتی یەکێتی نەتەوەیی زۆر بە گرنگییەوە کاری بەسەر ڕێکخستنی دابەشکردنی هێزو دەسەڵات لە ئەفریقای باشور کرد (٢).

**خواستی دووەم: ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان (ئەنجومەنی ویلایەتەکان)**

ئەم خواستەش لەچوارچێوەی سێ لقدا تیشک دەخاتە سەرناساندنی میکانیزمە کە وڕۆڵی لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و نموونەی بەکارهێنانی لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدەوڵەتەفیدراڵییە بەراوردییەکاندا.

**لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان:**

ئەم لقە لە ناساندنی چەمکی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان دەکۆڵێتەوە لەڕووی پێناسەوەو چۆنیەتی دروستبوونی و ئامانجەکانی پێکهاتنی، پاشان لە پەیوەندی نێوان ئەم چەمکەو ناساندنی بنەمای سیستەمی دوو ئەنجومەنی لە پێکهاتەی پەرلەمان لە دەوڵەتی فیدراڵی دەکۆڵێتەوە. هەروەها ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنە لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەدەوڵەتی فیدراڵی دەکات،، بۆیە ئەم لقە دابەش دەبێت بەسەر سێ خاڵدا:

١- لەڕووی زمانەوانییەوە زانایانی یاسای دەستوری و توێژەرەوان چەندین ناویان بۆ گوزارشتکردن لەم چەمکە بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا (المجسل الاعلى) ئەنجومەنی باڵا و (الغرفة ثنائي) ژووری دووەمی یاسادانان و ( المجلس التشريعى الثنائى) ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم و (المجلس ثاني) ئەنجومەنی دووەم و هەندێک لە توێژەرەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەم فرەبوونی ناونانەی ئەم چەمکە لە زمانە بیانیەکانیشدا بڵاوە بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا (upper House) (Second Legislative Hase) (Second Legistative Chamber) لە زمانی فەرەنسیشدا (haute chamber) و (Second Chambers)(٣)

**یەکەم : پێناسەی ئەنجومەنی دووەم :**

---

(١) وحيد على عبدي، مصدر سابق، ص١٥٨.

(2) Jamal Benomar, Making peacebuilding and Nation Reconciliation: earnead from tnecanstitution Making processes of post- conflict countries, Date of visit: 28/3/2021, At this site: https://www. britannica. com/topic/Bundesrat-German-government.

(٣) عابد خالدرسول، مصدر سابق، ص٤٧.

لەڕووی زانستیەوە، چەندین پێناسە هەیە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم، لەوانە بوونی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا بەمەبەستی بەشداری کردنی هەرێمەکانە لە ویستی باڵای دەوڵەت[١].

ئەنجومەنی دووەم ئەو ئەنجومەنەیە، کە لەلایەن دانیشتوانی وڵاتانی ئەندامەوە هەڵبژێردراون، ئەم ڕێکخستنە یاسادانانە دوانییە دەرفەتی بۆ دەوڵەتانی ئەندامی بچوکتر یان دەوڵەمەند ڕەخساندوە، کە بەکردەوە ئامانج وبەرژەوەندییەکانیان بخەنەڕوو و نەبنە قوربانی قەڵەمڕەوی وڵاتانی ئەندامی گەورە[٢].

کەواتە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم، یەکێکە لە ڕێکخستنە دەستوری و یاساییەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی و یەکێکیشە لەو هۆکارانەی کە وا دەکات سیستەمەکە کارامەبێت، لەرێگەی ئەم ئەنجومەنەوە هەرێمەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بیروڕاکانیان دەخەنەڕوو بەتایبەت لەو حاڵەتانەی، کە بەرژەوەندییە هەرێمییەکان لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەو مەسەلە ئابورییەکان جیاوازی لەنێوانیاندا پەیدادەبێت[٣].

بیرۆکەی دوو ئەنجومەنی وفرە ئەنجومەنی لەمێژوودا بیرۆکەیەکی باوە، ژمارەیەک دەوڵەت هەن، کە پەرلەمانی پێنج ئەنجومەنیان تاقیکردۆتەوە لەوانە فیدراسیۆنی یۆگسلاڤیا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣–١٩٦٩)یان چوار ئەنجومەنی وەکو فیلاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٠٦–١٩١٩)، هەروەها سێ ئەنجومەنی وەک ئەفریقای باشور لەنێوان ساڵانی (١٩٨٤–١٩٩٤)، بەڵام لەئێستادا پەرلەمان لەزۆربەی وڵاتانی جیهان لەیەک یان دوو ئەنجومەن پێکدێت[٤].

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەرلەمانی جیهانی، کە لەساڵی (٢٠١٢ز) لەلایەن یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوکراوەتەوە، لەسەر واقیعی پەرلەمان لە (١٩٣) دەوڵەت لە جیهاندا، دەرکەوتووە (٧٦) دەوڵەت پەرلەمانەکەیان دوو ئەنجومەنییە و (١٠٩) دەوڵەتیش یەک ئەنجومەنی، لەگەڵ (٥) دەوڵەت کە پەرلەمانێکی ڕاگوزەریان هەبووە، (٣) دەوڵەتش کە هەر پەرلەمانیان نەبووە یان هەڵوەشاتەوە، بەم شێوەیەش لەو ساڵەدا (١٨٥) دەوڵەت پەرلەمانێکی جێگیریان هەبووەو لەناو ئەو ڕێژەیەشدا لە (٤١٪)یان سیستەمی پەرلەمانی و دوو ئەنجومەنین و لە (٥٩٪)ش پەرلەمانی یەک ئەنجومەنین[٥].

---

[١] گۆران ئازاد حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

[٢] ايات سلمان شهيب، النظام الفيدرالي فى العراق، رسالة الماجيستر (غير منشورة)، كلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠٠٧، ص٧٠.

[٣] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٨٢.

[5] Andrew Heywood, politics, 2ed, (New york and Hampshire: palgrave Machillan, 2002, p320.

[٥] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٥٢.

لەڕووی مێژووییەوە ژمارەیەک لە توێژەران مێژووی دروستبوونی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم دەگەڕێنەوە بۆ گەشەکردنی پەرلەمانی بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی (١٤) و پاشان وڵاتانی تری ئەوروپا، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەکاتی دامەزراندنی و لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەدا سیستەمی پەرلەمانی دوو ئەنجومەنیان دامەزراند، بەمەبەستی ئاشتەوایی لەنێوان بەرژەوەندییە نیشتمانی و هەرێمییەکان لەدەوڵەتی فیدڕاڵیدا[١].

ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لەچەندین زەمینەی جیاجیاداو لە وڵاتانی جیاجیادا دروستبووەو گەشەی کردووە، بۆ نموونە بنەمای دروستبوونی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە هەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیاو فەڕەنسا بریتی بووە لە نوێنەرایەتیکردنی چینەکان لەگەڵ دەرکەوتنی چەمکی سەروەری جەماوەری و گەشەکردنی دیموکراسی پەرلەمانی (بنەمای نوێنەرایەتی کردنی خەڵک) وەک بنەمای پێکهێنانی ئەنجومەنی یەکەم پشتی پێ بەستراو ئەنجومەنی یاسادانانی دووەمیش هەر لەسەر بنەمای چینایەتی مایەوە، بەڵام ئەمڕۆ پێکهاتنی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لەسەر( بنەمای نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکانە) لە پەڕلەمانی فیدڕاڵی[٢].

سەبارەت بە مەبەست و ئامانج لەپشت پێکهێنانی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم، دیارە هۆکارەکانی زۆرن، بەڵام بەزۆری توێژەران ئاماژە بە دوو هۆکار دەکەن، ئەوانیش بەشداریکردنی هەرێمەکان لە ویستی باڵای دەوڵەتەکە و کۆی بڕیارو کارەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی و هەروەها گرەنتی کردنی ماف و بەرژەوەندی هەرێمەکان و نەبوونی ترسیان لە هەیمەنەی زۆرینەو و زاڵبوونیان بەسەر کەمینەدا، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێبینی دەکرێت، کە (٧) ویلایەتی شاخاوی، کە بریتین لە ئەریزۆنا، ئیداهۆ، مونتانا، نیڤادا، مەکیلای تازە، ئوتاما، وایومنگ، تەنها (١٢) نوێنەریان لە ئەنجومەنی نوێنەران هەیە، لەکاتێکدا (١٤) سیناتۆریان لەئەنجومەنی پیران هەیە[٣].

پەیوەست بە تایبەتکاری دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی پەڕلەمانی فیدڕاڵی، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دوو ئەنجومەنەکە لە کاری یاساداناندا یەکسانن، بەڵام ئەنجومەنی پیران خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی جێبەجێکردنی گرنگە، چ لە پەسەندکردنی ڕێککەوتنامە بێت، یان لە دامەزراندنی گەورە فەرمانبەران. هەروەها دامەزراندنی نوێنەری دبلۆماسی و دادوەرانی دادگای باڵاو گەورە فەرمانبەرەکان لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران هەیە[٤].

لەبەرامبەردا لە هەندێک لە دەوڵەتانی فیدڕاڵی وەکو (سویسرا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) دەسەڵاتی ئەم دوو ئەنجومەنە لەئاستێکی یەکسانن، بۆ نموونە لە سویسرا هەردوو ئەنجومەنی

---

[١] سولاف محمدامین، ، مصدرسابق، ص٤٣.

[٢] عابد خالدرسول، مصدر سابق، ص٥٦.

[٣] الشافعی محمد بشير، نظرية الاتحاد بين الدول و تطبيقها بين الدول العربية، دار المعارف، القاهرة ١٩٦٣، ص٦٧.

[٤] گۆران ئازاد حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(نیشتیمانی و كانتۆنەكان) لە ئاستێكی یەكسانن لە ئەركی یاسادانان و هەردوو ئەنجومەنەكەش یەكسانن لە بەشداریكردنی پێشنیاركردنی هەمواركردنی دەستور، لە ئەڵمانیاش دەسەڵاتی ئەنجومەنی فیدراڵی (ئەنجومەنی هەرێمەكان) لەهەندێ تایبەتكاری نزمترە، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی، بۆ نموونە هەرچەندە هەردوو ئەنجومەنەكە لە پێشنیاركردنی یاساكان یەكسانن، بەڵام ڕەزامەندی كۆتایی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانە [١].

بەمشێوەیە ئەو ڕاستیە سەلماوە، كە پەرلەمانی دوو ئەنجومەنی، تایبەتمەندییەكی دیاری سیستەمی فیدراڵییەو جگە لەوەی یەكێكە لەو گرەنتیانەی، كە زامنكردنی كاریگەریی و بەردەوامی ئەم سیستەمەیە.

**دووەم- ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم:**

دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی، یەكێكە لە دەركەوتە سەرەكییەكانی بنەمای یەكێتی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا و ئەم دەسەڵاتە نوێنەرایەتی تەواوی دەوڵەت دەكات و پێكدێت لەدوو ئەنجومەكە ئەنجومەنی یەكەمیان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی دانیشتوانەو ئەنجومەنەكەی تر كە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەمە، لەسەر بنەمای یەكسانییە بەبێ ڕەچاوكردنی ڕووبەری هەرێمەكان یان ژمارەی دانیشتوان، بوونی سیستەمی دوو ئەنجومەنی لەپەرلەمانی فیدراڵیدا شتێكی مسۆگەرە، چونكە دەوڵەتی فیدراڵی بە تەنها لە تاكەكان پێكنەهاتووە، بەڵكو لەچەندین هەرێم یاخود ویلایەت پێكهاتووە، كە سەربەخۆیی خۆیان هەیە، لەبەرئەوە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەرێمەكان دەكات و ئەنجومەنی یەكەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ناوەندی و كۆی دەوڵەتە فیدراڵییەكە دەكات[٢].

لەم چوارچێوەیەشدا (د. منذر الشاوی) ئاماژە بەوە دەكات، كە بیرۆكەی دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دوو ڕاستی بنیاتنراوە: دوانەیی دەسەڵات و دوانەیی ئەنجومەنی یاسادانان، جیاوازی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و دەوڵەتی ناناوەندی ئەوەیە، كە دەسەڵاتی یەكە ناوچەیی و ناوخۆییەكان لەدەوڵەتی فیدراڵیدا فراوانترە لە دەوڵەتی ناناوەندی[٣].

هەندێك لە توێژەران ئاماژە بەوە دەكەن، كە دروستكردنی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لەبەر دوو هۆكارە[٤]:

١- ترسی ویلایەتە بچووكەكان لەبەكارهێنانی زۆرینە لەلایەن ویلایەتە گەورەكانەوە لەئەنجومەنی نوێنەران، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە ویلایەتە بچووكەكان.

---

[١] نوری طالبانی، مصدر سابق، ص١٧.

[٢] عادل ابراهیم ادهم ، التنظیم الاداري فی الدولة الاتحادیة (العراق نموذجا)، اطروحة دكتورا (غیر منشورة)، كلیة القانون، جامعة سانت كلیمنتس العالمیة، ٢٠١٤، ص٦٥.

[٣] منذر الشاوی، مصدر سابق، ص٢٥١.

[٤] سولاف محمد امین، مصدر سابق، ص٤٤.

٢- ترسی ویلایەتە گەورەو بچووکەکان لە دەسەلاتی ناوەندی فیدراڵی بۆسەر بەژەوەندی و دەسەلاتەکانیان.

هەر بۆیە سیستەمی دوو ئەنجومەنی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵیدا زۆر پێویستەو تاکە هاوکێشەیە، کە لەژێر سایەیدا دەکرێت بنەماکانی (یەکبوون) و (سەربەخۆیی) کە کۆنترۆڵی بەردەوامی دەوڵەتی فیدراڵی دەکات، بەرجەستە بکرێت. بەپێچەوانەی ئەمەو لە ئەگەری هەبوونی جیاوازیکردن لەنێوان ویلایەتەکان و سەرخستنی بەرژەوەندی هەندێ ویلایەت بەسەر هەندێ ویلایەتی ترداو نەبوونی هاوسەنگی و سەربەخۆیی وادەکات کە دەوڵەتی فیدراڵی بەرەو ناکارامەیی و تەنانەت هەڵوەشانەوەش بچێت[١].

هەموو ئەوانە وا دەکەن، کە سیستەمی فیدراڵی جیاوازبێت لە سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی و سیاسی حوکمڕانی، کە دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتوودا کاری پێبکرێت، ویلایەت و ناوچەکان و هەرێمەکان، کە ئەندامن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بەشێوەیەکی کارا بەشداری لە بڕیارداندا لەلایەن دەسەلاتدارانی فیدراڵییەوە دەکەن، سیستەمی فیدراڵی بوون ئەو دامەزراوە فیدراڵییانە دەگرێتەبەر، کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی هاوبەش و جێبەجێکردنی یاساکانە بۆ یەکە ئەندامەکان و وەرگرتنی بڕیاری خوازراو بۆ تەواوی دەوڵەتی فیدراڵی[٢].

**سێیەم- ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم و بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی:**

لە بابەتەکانی پێشوودا، ئەوە باسکرا، کە بیرۆکەی فیدراڵیەت لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی هەردوو توخمی (ئۆتۆنۆمی و حکومڕانی هاوبەش) بنیات دەنرێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا وەک ڕێکخستنی سیاسی تیشک دەخاتە سەر دوو بنەمای سەرەکی ئەوانیش (بنەمای سەربەخۆیی) و (بنەمای بەشداری) یە[٣]، مەبەستیش لەمە دابەشکردنی دەسەلات و تایبەتکارییەکانی هەردوو ئاستەکەی حکومەتە بەمەبەستی گەرەنتی حوکمی سەربەخۆیی هەرێمەکان لە هەندێ بواری دیاریکراوداو هەروەها دامەزراندنی چەند دامەزراوەیەک لە حکومەتی فیدراڵی بەمەبەستی گرەنتی حوکمی هاوبەش و هاوسەنگ لەنێوان ئاستەکانی دەوڵەتی فیدراڵیدا.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بەرجەستەکەری بنەمای بەشدارییە، جگە لەوەش ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمەکان یان نێوان ناوەندو هەرێمەکان، واتە ئەم ئەنجومەنە دەبێتە سەکۆیەک بۆ ڕاوێژکردن و ئاشتبوونەوە پێش ئەوەی ناکۆکییەکان ڕەوانەی دادگای فیدراڵی بکرێن، ئەم ڕۆڵەی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەمیش متمانە بە دامەزراوە فیدراڵییەکان دەستەبەر دەکات، بەوەی بەشداریکردنی هەرێمەکان لە بڕیارەکاندا زیاتر تایبەتمەند

---

[١] شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي، مصدر سابق، ص٤٨

[٢] بیوار عبدالرحیم محمدامین، مصدر سابق، ص٤٠.

[٣] رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ص١٠٣.

دەبێت بە فیدرڕاڵی و هەرێمەکان نامۆ نابن بەبڕیارەکان و گرەنتیەکیش پێشکەش بە هەرێمەکان دەکرێ بەوەی ناتوانرێ دەستکاری سەربەخۆیی ئەوانە بکرێ بەبێ بوونی ڕەزامەندی خۆیان[١]، دیارە جگە لە ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە دەوڵەتی فیدرڕاڵیدا چەندین ئامرازو دامەزراوەی تر بۆ بەرجەستەکردنی بنەمای بەشداری لەم جۆرە دەوڵەتەدا هەن، بەڵام ئەوەی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە دامەزراوەکانی تر جیادەکاتەوە. ئەوەیە. کە ئەم ئەنجومەنە دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ بەشداری ڕاستەوخۆی هەرێمەکان بە بەهێزترو کاراتر لە یاسادانانی فیدرڕاڵی و لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدرڕاڵی بەگشتی، هەروەها بەرجەستەی بنەمای ئۆتۆنۆمیش دەکات لە پرۆسەی بڕیارداندا لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدرڕاڵی بەگشتی و هەرێمەکان گەرەنتییان هەیە، کە بڕیارە فیدرڕاڵییەکان بەبێ بەشداری ئەوان دەرناکرێت[٢].

**لقی دووەم: ڕۆڵی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان**

ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمی زۆربەی ئەنجومەنەکانی دووەمی یاسادانان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا یاسادانان بوو، ئەویش لەڕێگای پێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەرکراوە بەمەبەستی گونجانی لەگەڵ بەرژەوەندی هەرێمەکان و کەمینەکاندا، ئەمیش قورساییەکی سیاسی بەهێز بە ئەنجومەنەکانی دووەم دەدات[٣].

گرنگی بوونی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لەوڵاتانی فیدرڕاڵی بریتییە لە توانای جێبەجێکردنی پرەنسیپە جیاوازەکان لە نوێنەرایەتیداو دیراسەکردنی یاسادانان و پێداچوونەوەکانی و دابینکردنی پشکنینی زیاتری دیموکراسی و هاوسەنگی لەپرۆسەی یاساداناندا، هەروەها لە هەندێک وڵاتدا ئەنجومەنی دووەم بەشێوەیەکی مێژوویی ماوەتەوەو بووە بەمیرات، واتە لە خاڵێکی دیاریکراو لە مێژووی نەتەوەدا هەڵگیراوەو بەتوندی ماوەتەوە[٤].

نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکان یان ویلایەتەکان لەڕێگەی ئەم ئەنجومەنەو بەیەکسانی بێ گوێدانە قەبارەو ژمارەی دانیشتوان یان ئابوری ویلایەتەکان وادەکات، کە یەکە پێکهێنەرەکان پەراوێزخراو نەبن و ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی یاسادانان و بڕیارەکان، بەم شێوەیەش ئەم ئەنجومەنە گوزارشت لە سەربەخۆیی یەکە پێکهێنەرەکان و ڕوحی نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵ دەکات، هەروەها لایەنگرانی ئەم سیستەمە پێیان وایە، کە ئەم سیستەمە وادەکات یاساکان بە وردی تێبینی بکرێن و سەقامگیریی یاسایی بەدەست بهێنن[٥].

---

[١] عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٧٤.

[٢] محمد هماوند، مصدر سابق، ص٢٠٥.

[٣] فتحى الجوارى، الدول الفدرالية ذات المجلسين التشريعيين، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٢/٣على رابط الإتي: https://www. iraqfsc. iq/news. 3845/.

[٤] المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات الفيدرالية، مصدر سابق.

[٥] عزيز كايه، السلطة التشريعية بين نظام المجلس الواحد ونظام المجلسين، الهيئة الفلسطينية لحقوق الموافق، عزت، ٢٠١١، ص١٦.

ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پاراستنی دەستورو یاساکانی حوکمڕانی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەروەها کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە ستەمکاری پەرلەمانی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی، هەروەها ڕۆڵ دەبینێت لە کەمکردنەوەی ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان و وەکو ناوبژیوانکەرێک کار لەنێوانیاندا دەکات[١]. ئەنجومەنی هەرێمەکان ڕۆڵی هەیە لە نەهێشتنی ئەو ترسەی کەلەلای دەوڵەتە ئەندامەکان دروست دەبێت لە ئەگەری هەبوونی یەک ئەنجومەنی یاسادانان، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەموو گەلەو ئەنجومەنی پیرانیش نوێنەرایەتی باری فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و بەهۆیەوە ویلایەتەکان دڵنیابوون، کە هیچ کردەوەیەک دژی ویست و ئامانجەکانی ئەمان ناگیرێتەبەر[٢].

**لقی سێیەم: نموونەکانی بەکارهێنانی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان:**

لێرەدا بەمەبەستی خستنەڕووی زیاتری ڕۆڵی ئەنجومەنی یاسادانان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان تیشک دەخەینە سەر ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە ئەڵمانیای فیدراڵ و ئەفریقای باشور.

**یەکەم:ئەڵمانیا**

لەدەوڵەتی فیدراڵی ئەڵمانیا، ئەنجومەنی ویلایەتەکان (Bundetrast) نوێنەرایەتی (١٦) ویلایەت (lander) دەکات و هەر ویلایەتێک بەڕێژەی دانیشتوان بەشداردەبێت، بەجۆرێک هەموو ویلایەتێک (٣) ئەندامی هەیە و هەندێجاریش دەگاتە (٦) کەس، ئەم ئەنجومەنە لە (٦٩) ئەندام پێکدێت[٣].

ویلایەتەکان لەڕێی ئەم ئەنجومەنەوە بەشداری لەدانانی یاساو ئیدارەی کاروباری فیدراڵی دەکەن، ئەم ئەنجومەنە جۆرێک لە هاوسەنگی سیاسی دروست دەکات و لەهەمانکاتدا ئامرازێکیشە بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان و سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنەش لەلایەن ویلایەتەکان خۆیانەوەو یەک لەدوای یەک و لەسەر سیستەمی خولی کە بەپێی ناوەکانیان دیاریکراو، دەبێ[٤].

بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیا سەرۆکی ئەنجومەنی ویلایەتەکان بەرپرسیارییەتیەکی زۆر گرنگی هەیە لە دەرەوەی ئەم ئەنجومەنە، ئەویش بریتیە لەپیادەکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی فیدراڵی، لەحاڵەتی ئەوەی کە سەرۆکی فیدراڵی دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات یان لە

---

[١] زهير أحمد، المجلس التشريعي الثنائي وتناقص دوره في النظم السياسية المعاصرة، مجلة الزرقاء للبحوث والدراسات، المجلد الثامن، العدد الاول، ٢٠٠٦، ص١١.

[٢] روافد محمد، مبدأ المشاركة في النظام الاتحادي"، مؤسسة النباء للثقافة والاعلام وجامعة الكوفة، كلية القانون، ٢٠٠٨، ص١١.

[٣] محمد مێرگەسوری، سیستەمی فیدراڵی ئەڵمانیا، مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، بێ ساڵ، ل٥٢.

[٤] محمد مێرگەسوری ، سەچاوەی پێشوو، ل٥٣.

دەرەوەی وڵات بێت یان لەکاتی پشووەکان، ئەرکی سەرۆکی ئەنجومەنی ویلایەتەکان هەمان ئەو ئەرکانەیە، کە سەرۆک کۆمار دەیکات و لەماددەکانی (٥٤) تاکو (٦٠) لەبەشی پێنجەمی یاسای بنەڕەتیدا دیاریکراوە، لەوانەش ڕاستاندنی یاساکان و وەرگرتنی پەڕاوی باڵوێزانی دەرەوەو دەستنیشانکردن و دەرکردنی بەرپرسانی حوکمی[١].

ئەنجومەنی ویلایەتەکان لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی ڤیتۆی هەیە لەسەر هەموو یاسا فیدراڵییەکان، کە کاردەکاتە سەر ویلایەتە فیدراڵییەکان، لەو چوارچێوەیەشدا ویلایەتە فیدراڵییەکان لەهێزی ڕێژەیی خۆیان یەکسانن [٢].

ئەنجومەنی ویلایەتەکان بەشێوەیەکی کارا بەشدارە لە یاسادانان و هەروەها ئەگەری ڕەتکردنەوەی یاساکانیشی هەیە، بۆیە ئەم ئەنجومەنە نەک تەنیا لەلایەن جەماوەرەوە وەک نوێنەری (Lander) و دەستەی بەشداری فیدراڵی پێدەکرێت، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وەک ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە سەیردەکرێت، بەشێکی گرنگی ئەم ئەنجومەنە لیژنەکانە، کە (١٦) لیژنە لەخۆی دەگرێ، لە بوارەکانی: (سیاسەتی کشتوکاڵی، تەندروستی، دارایی...هتد) لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی ویلایەتەکان و ئەنجومەنی نوێنەران، کە پێی دەوترێت لیژنەی ئاشتەوایی، ئەم لیژنەیە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت، لەو پرۆژە یاسایانەی کە مشتومڕێکی زۆریان لەسەرە[٣].

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان لەلایەن ئەم ئەنجومەنە ئەوا تەنها دەتوانێت تاڕادەیەکی سنوردار کێشە شاراوەکان چارەسەر بکات، ئەویش کاتێک کە کۆدەنگی و سازش کردنی لە پرۆسەکانی دانوستاندا، وەکو چارەسەرکردنی پرسی چاکسازی تەندروستی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدینایەت [٤].

### دووەم: ئەفریقای باشور

سەبارەت بە ئەفریقای باشور ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان پێی دەوترێت (ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمەکان)، ئەم ئەنجومەنە لە (٩٠) ئەندام پێکدێت و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هەر (٩) هەرێمەکانی ئەفریقای باشور دەکات و لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەرژەوەندی هەرێمەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە زیانیان پێ نەگات[٥].

---

[١] دلاور عثمان مجید، المركز الدستوری للولايات الفدرالية (دراسة سياسية – دستور ولاية بافاريا فی ألمانيا الاتحادية)، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعه السليمانية، ٢٠١٩، ص١٠٠.

[٢] رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ٣٥٣٥.

[5] Bundesrat - German government, Britannic Site, Visit: 9/3/2021 at thus linke: https://www. britannica. com/topic/Bundesrat-German-government.

[4)] Bundesrat - German government Op.Cit.

[٥] مەجید ئاسنگەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمەکان (NCOP) لەڕووی دەستورییەوە بۆ ئەوە دامەزراوە، کە بەرژەوەندی هەرێمەکان لەبەرچاو بگرێت، ئەمەش لەڕێگەی بەشداریکردن لە پرۆسەی یاسادانانی نیشتیمانی و بەدابینکردنی سەکۆیەکی نیشتمانی بۆ ڕوانین لەو کێشانەی، کە دەکرێت کاریگەرییان لەسەر هەرێمەکان هەبێت. هەروەها ئەم ئەنجومەنە رۆڵێکی ناوازە دەگێرێت لە بەرزکردنەوەی بنەماکانی حکومەتی هەرەوزی و پەیوەندی نێوان حکومەتەکان و زامنکردنی کاری پێکەوەیی نێوان هەرسێ بوارەکانی حکومەت و دەستێوەردان لەکارەکانی یەکترو پاراستنی هاوسەنگی لەنێوانیاندا[1].

ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنە لە چاودێریکردنی بودجەدا ئەوەیە، کە بەژەوەندی هەرێم و شارەوانییەکان بەشێوەیەکی گونجاو لە بودجەدا جێ بکاتەوەو دابەشکردنەکە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بێت، دابینکردنی تێڕوانینی هەرێمەکان لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتی نیشتمانی و یاسادانان و ڕاپۆرتکردن لەسەر کێشەی کەمی توانا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە نیشتیمانییەکان و پێداویستی دامەزراوەیی هاوبەشی هەرێمەکان، هەروەها هەماهەنگی کردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان هەرێمەکان لەسەر کێشەکان یان ڕاهێنان لەسەر کێشە هاوبەشەکان بۆ باشترکردنی توانای هەرێمەکان[2].

هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم ئەنجومەنەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی بەرچاو بووەتەوە، وەک دامەزراوەیەکی نوێ بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵەی کە لە دەستوردا بۆی گەڵاڵەکراوە، بتوانێت پردێکی کاریگەر بێت لەنێوان هەرێمەکان (پارێزگاکان) و لەچوارچێوەی نیشتمانی حکومەتدا و هاوکاربێت لە بەدیهێنانی پابەندییە دەستورییەکان بۆ حکومەتی هەرەوەزی[3].

## خواستی سێیەم: دادگای فیدراڵی

ئەم خواستە تیشک دەخاتە سەر ناساندنی دادگای فیدراڵی و ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدەوڵەتانی فیدراڵی، وەک یەکێک لەمیکانیزمە کاریگەرەکان، هەروەها نموونەکانی بەکارهێنانی لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

### لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی دادگای فیدراڵی:

دادگای فیدراڵی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، وبریتییە لە دەسەتەیەکی دەستوری سەربەخۆ لە هەریەکە لە دەوڵەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان و هەوڵدەدات بۆ

(1) How Parliament is Structured,Parliament Of South Africa, Date of Visit: 9/3/2021 at thus site: https://www. parliament. gov. za/how-parliament-is-structured.

(2) Ciristina Murray, speading trans formation: Ncop's Role in the Overe sight process, IN terim Report, Faculty of law University of cape town, p:24.

(3) Ciristina Murray, OP. CIT, P:15.

هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو لایەنە[١]، دیارە دادگای فیدراڵی بەپێی دەوڵەتە فیدڕاڵییەکان ناو و ئەرکی جیاوازی هەیە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و هیندستان پێی دەوترێت (دادگای باڵا)، لە سویسرا (دادگای فیدڕاڵی)، لە ئەڵمانیا (دادگای دەستوری فیدڕاڵی)، لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و عێراق پێی دەوترێ: (دادگای باڵای فیدڕاڵی)[٢].

بوونی دادگای دەستوری یان دادگای فیدڕاڵی یەکێکە لە هەرە پێداویستیە گرنگ و سەرەکیەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، بەو پێیەی هەروەک لە پێشتریشدا ئاماژەی پێکراوە، فیدڕاڵیزم ڕێکخستنێکی دەستورییە کە تێیدا دەسەڵاتەکان (تایبەتکارییەکان)، لە نێوان دوو ئاستی حکومەت دابەشکراون، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەسەر ئەم دابەشکردنە، یاخود هەندێ جار ئاڕاستەی ناوەندی وەربگرێ، یا سەرپێچی لە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی ئەوی تر بکات، کە ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی دەستوری و پێویستە دەزگایەکی دەستوری سەربەخۆی هەبێت، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکیانە، کە ئەویش بریتیە لە دادگای فیدڕاڵی[٣].

سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی دادگای فیدراڵیش لە دەوڵەتانی فیدڕاڵیدا ئەوا دیسانەوە جیاوازی بەدیدەکرێت، بەجۆرێک ئەندامانی دادگای باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (٩) دادوەر پێکدێت و لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران دادەنرێن، ئەندامانی دادگای فیدراڵی سویسراش لە(٣٠) دادوەر و جێگری دادوەر پێکدێت، لەلایەن پەرلەمانی فیدراڵیەوە بۆ ماوەی (٦) ساڵ و بەتازەکردنەوە دادەنرێن، بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیا دادگای دەستوری فیدڕاڵی لە (١٦) دادوەر پێکدێت و بەیەکسانی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێن بۆماوەی (١٢) ساڵ، کە نوێکردنەوەی نییە[٤].

بەشێوەیەکی گشتی گرنگترین کارەکانی دادگای باڵا لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا ئەمانەی خوارەوەیە[٥]:

١- چاودێری کردنی دەستوری بوونی یاسا فیدڕاڵی و هەرێمەکان.

٢- پێداچوونەوەی ئەو سزایانەی کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمەکانەوە دەرکراوە.

٣- پێدانی ڕاسپاردە نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمەکان یاخود لەنێوان بەشێک لە هەرێمەکان.

٤- یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان، هەروەها ناکۆکی نێوان هەرێمەکان.

---

[١] گۆران ئازاد حەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

[٢] احمد ابراهيم الورتي، مصدر سابق، ص ص٥٣-٥٤.

[3] Nicholas Aroney And John Kihcaid, Courts in Federal Countries, published by: University of Toron to press, 2017, p:14.

[٤] شورش حسن عمر، الضمانات الواقيعية لاستمرار الدولة الفيدرالية، مكتبة زين الحقوقية، سوريا، ٢٠٢٠، ص٥٦.

[٥] احمد ابراهيم الورتي، مصدر سابق، ص٥٤.

سەبارەت بە سنوری دەسەڵات و تایبەتکاری ئەو دادگایە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت دوو جۆر پێوەر دیاری بکرێت، کە دەستوری دەوڵەتە فیدراڵییەکان کاریان پێکردون[١]:
١- دیاریکردن و جیاکردنەوەی تایبەتکارییەکان لەڕێگای گەڕانەوە بۆ سیفەتی لایەنی کێشەکە.
٢- دیاریکردن و جیاکردنەوەی تایبەتکارییەکانیان لەڕێگای سروشتی کێشەکە.

**لقی دووەم: ڕۆڵی دادگای فیدراڵی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

دەوڵەتانی فیدراڵی لەڕووی پێکهاتەی دەسەڵات و بەرژوەندییەوە جیاوازن، سروشتی کێشەکانیش جیاوازو هەمەلایەنە بۆیە پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتە بۆ چارەسەرکردنیان، جگە لەوە هەرێمە بچووکەکان پێویستیان بە بوونی دڵنیاییە بۆ یەکگرتن لەگەڵ هەرێمە گەورەو دەسەڵاتدارەکان، چونکە ئەگەر هاتوو دەزگایەکی ناوبژیوان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان نەبوو، ئەوا ئەگەری بڕیاری زاڵکردن هەیە بەسەر یەکدا، دادگای فیدراڵی بەشێک لەو دڵنیایە دەگرێتە خۆی ئەمەش بەهۆی ئەو ئەرکە گرنگانەی پێی هەڵدەستێت[٢].

لە پیادەکردن و پراکتیکدا دەبینین، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوایین قسەو بڕیاری کۆتایی لەڕاڤەکردنی دەستورو لە دوایشدا لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەدادگای باڵا سپێردراون، لە ئەڵمانیای یەکگرتوو و لەژێر سێبەری دەستوری فیدراڵی هەڵدەستێت بە یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی ڕاڤەکردنی دەستوری و هەبوونی ناکۆکی سەبارەت بەماف و ئەرکەکانی هەریەکە لە یەکێتی ویلایەتەکان و پیادەکردنی چاودێری یەکگرتوو لەناکۆکییەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە یاسای گشتی هەیە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و ویلایەتەکان یان لەنێوان ویلایەتەکان یان لەچوارچێوەی یەک ویلایەتدا[٣].

بەرەچاوکردنی گرنگی دادگای فیدراڵی لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا و بەتایبەتی لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی هەندێک لە یاساناسان بە دەستەیەکی سیاسی وەسفیان کردووە، وەک ئەنجومەنی سیاسی سێیەم لەپاڵ ئەنجومەنی گەل و ئەنجومەنی هەرێمەکان، ئەم دادگایە ڕۆڵی هەیە لە بەدیهێنانی بنەمای یەکگرتن و دامەزراندنی کۆڵەکەکانی فیدراڵی، وەک زامنکردنی بوونی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکان و سەربەخۆیی و ئازادی و پاراستنی قەوارە سیاسیەکانیان، هەروەها زامنکردنی بەردەوامی دەوڵەتی فیدراڵی و بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی[٤].

---

[١] عادل الطبطائی، مصدر سابق، ص٣٠٨.

[٢] المصدرنفسە، ص٥٤.

[٣] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٥٢.

[٤] شورش حسن عمر، الضمانات الواقيعية لاستمرار الدولة الفدرالية"، مصدرسابق، ص٥٧.

له سویسرا دادگای فیدراڵی سویسری، مافی چاودێری یاساکانی دەوڵەتە ئەندام (کانتۆن)کانی هەیە، بۆشی هەیە بڕیاری ئەوە دەربکات، کە ئەو یاسایانە دەستوری نین لەبەر دژبوونیان لەگەڵ دەستوری فیدراڵی، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی سەبارەت بە یاسا فیدراڵییەکان نییە[١]، هەروەها هەڵدەستێ جێبەجێکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی فیدراڵیەوە دەرکراون، لەگەڵ ئامادەکردن و دەربڕینی بیروڕا لەسەر پێشنیارکردنی یاساکان و ئامادەکردنی بودجەی گشتی دەوڵەتی فیدراڵی.

دادگای باڵای دەستوری لە ئەڵمانیا بڕیار لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی ویلایەتەکان یان لەنێوان ویلایەتەکان دەدات و هەروەها چاودێریکردنی یاساکانی فیدراڵی و ویلایەتەکان بەوەی تا چ رادەیەک لەگەڵ یاسای بنەڕەتی (دەستوری فیدراڵی) دەگونجێن یان نا، تا ئێستا دادگای دەستور فیدراڵی لەئەڵمانیا بڕیاری لەسەر ١٤١ هەزار دۆسیە داوەو لەناویاندا ١٢٥ هەزار دۆسیە پەیوەستن بە سکاڵای دەستورییەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار دادگا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە دەکات، کە گرنگی زۆریان هەیە نموونەی ئەو دۆسیانەش بەشداری سەربازانی ئەڵمانی لە پرۆسە سەربازییەکانی دەرەوەی خاکی ئەڵمانیا[٢].

کەواتە وەک دەبینین لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، دادگای فیدراڵی رۆڵی گرنگ دەبینێت لە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و یەکلاییکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بەتایبەت ئەو ناکۆکیانەی کە دژو پێچەوانەی یاساکانن و بەرێگەی دبلۆماسی چارەسەر ناکرێن، چونکە لەچوارچێوەی یاسای هاوبەشی ناوخۆییدان و هەروەها بەرێگەی کارگێڕی چارەسەرناکرێن، چونکە دەوڵەتانی ئەندام لە رێگەی زنجیرەی کارگێڕییەوە، ناکەونە ژێر دەستی حکومەتی باڵای فیدراڵی تاکو چارەسەر بکرێن[٣].

لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین لەزۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکان دادگا کۆتا شوێنە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و بەتایبەت ئەو ناکۆکیانەی، کە لەنێوان دوو ئاستەکەی حکومەتدا ڕوودەدەن، لەپێناو ئەوەش، کە ئەم دامەزراوەیە (دادگای فیدراڵی) بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ئەنجام بدات، زۆربەی دەستورە فیدراڵییەکان هەوڵدەدەن بۆ دابینکردنی گەرەنتی پێویست بۆ پاراستنی بێ لایەنی و سەربەخۆی دادگاکان[٤].

---

[١] علي هادي حميدي الشكراوي، المصدر السابق.

[٢] الانظمة القضائية الدولية، القانون والقضاء في المانيا الاتحادية، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٣/١على الرابط الاتي:
http://www. magallah. com/القانون-والقضاء-في-ألمانيا-الاتحادية/

[٣] عثمان علي ويسي، مصدر سابق، ص٢٢٩.

[٤] المصدرنفسه، ص٢٤٢.

**لقی سێیەم: نموونەکانی بەکارهێنانی دادگای فیدراڵی لە وڵاتانی فیدراڵیدا:**

لە ساڵی ١٨٦٨ و کاتێک ویلایەتەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ویلایەتی کارۆلینای باشور داوای جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی فیدراڵی دەکرد و ئەنجامی ئەمەش ململانێیەکی خوێناوی و چەکداری لێ کەوتەوە، کەماوەی چوار ساڵی خایەند، لەم بارەیەوە دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دەرکردئەویش ئەوەبووکە بە پێی دەستور یەکێتی فیدراڵی شیاوی لێجیابوونەوە نییەو لە ویلایەتەکان پێکدێت، کە بۆیان نییە جیاببنەوە تاکە ڕێگەش بۆ جیابوونەوەی ویلایەتەکان یاخود ئەگەر یەکێتی فیدراڵی بیەوێت ویلایەتێک دەربکات ئەوا هەموارکردنی دەستورەو لەم بارەیەشەوە دەبێت ڕەزامەندی ویلایەتەکە وەربگرێت[١].

لەم نموونەیەوە کە تیشک دەخەینە سەردادگای باڵای فیدراڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دیارە دادگای باڵا بەرزترین دادگای وڵاتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو تاکە دەستەی دادوەرییە، کە بە دیاریکراوی لەلایەن دەستورەوە دامەزراوە، ناکرێت بڕیارەکانی دادگای باڵا لەبەردەم هیچ دادگایەکی تر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، دادگای باڵا لە سەرۆکی دادگای باڵاو ژمارەیەک لە دادوەری یاریدەدەر پێکدێت، کە لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاو بە ڕەزامەندی لەگەڵ ئەنجومەنی پیران دادەمەزرێنرێن و دادگاکەش خۆی لە ساڵی ١٧٨٩ و بەپێی ماددەی (٣)ی دەستوری ئەمریکا دامەزراوە[٢].

ئەرک وتایبەتکارییەکانی دادگای باڵای ئەمریکا بریتیە لە چاودێری و سەرپەرشتی کردنی دادگای پێداچوونەوەو لێکدانەوەی کۆتایی بۆ یاسای دەستوری و کارەکانی هەردوو حکومەتی ناوەندی و ویلایەتەکان، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەر یاساو بڕیارێک کە لەگەڵ ئازادییە دەستورییە بنەڕەتییەکان نەگونجێت، بە دیاریکراوی ئەم دادگایە کارایە بۆ سکاڵای ناکۆکی نێوان ویلایەتەکان یان ناکۆکی نێوان حکومەتی ناوەندی و ویلایەتەکان[٣]

لە نموونەی ڕۆڵی دادگای باڵای ئەمریکا، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان خودی ویلایەتەکان بریتیە لە ناکۆکی نێوان هەردوو ویلایەتی وایۆمینگ (Wyoming) و ئۆکلاهۆما (Oklahoma) کاتێک لە ساڵی (١٩٨٦ز) ویلایەتی وایۆمینگ ڕایگەیاند، کە ویلایەتی ئۆکلاهۆما بڕی لەسەدا (١٠) وزەی کارەباییەکانی بۆ کڕینی خەڵوز بەکارهاتووەو ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی خەڵوزی کڕدراو لەلایەن ویلایەتی وایۆمینگەوە، هەروەها کاریگەری ئەرێنیشی دەبێ لەسەر داهاتی

---

[١] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص١٥٦.

[٢] الجزيرة، المحكمه العليا الامريكية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٠، على الرابط الاتى:
https://www.aljazeera.net/amp/encyclopedia/organizationsandstructures/2016/3/26/المحكمة-العليا-الامريكية

[٣] الجزيرة، المحكمه العليا الامريكية .

وایۆمینگ لە بواری سەپاندنی باج بەسەر کانە خەڵوزییەکاندا، لەبەرئەمە ویلایەتی وایۆمینگ لەبەردەم دادگای باڵادا داوایەکی تۆمارکردو لەبەرامبەریشدا دادگای باڵا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا کە ویلایەتی وایۆمینگ داواکەی قبوڵکراوەو لەبەرژەوەندی ئەو یەکلاکرایەوە[١].

هەروەها تیشک دەخەینە سەر دادگای باڵا لە دەوڵەتی فیدراڵی ئوسترالیا، دیارە دادگای باڵا بەرزترین دەستەی دادوەریشە لە سیستەمی دادوەری ئوسترالیا، کە بەپێی ماددەی (٧١) لە دەستوری ئوسترالیای ساڵی(١٩٠١ز) دروست بووەو لە سەرۆک وچەند یاریدەدەرێک پێکدێت، کە لەلایەن پەرلەمانی فیدراڵییەوە دیاری دەکرێن، ئەم دادگایە ڕۆڵی سەرەکی لە سەقامگیرکردنی فیدراڵی ئوسترالیادا بینیوە[٢].

وەک نموونەیەکی ڕۆڵی ئەم دادگایە لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، ساڵی(١٩٢٤ز) دادگا بڕیاری لەبارەی ناکۆکی نێوان ویلایەتی باشوری ئوسترالیا و حکومەتی فیدراڵیدا سەبارەت بەیاسای ناوخۆ، بەجۆرێک دادگای باڵا بریاریدا، کە یاسایەکی ویلایەتی ئوسترالیا نادروستە، کە سەبارەت بە هاوردەکردنی میوەی وشکەو هەروەها ماددەی (٥١)ی دەستوریشی پێشێلکردوە، کە تایبەتە بە مەرجی خۆلادان لە باج[٣]. شایەنی باسە، کە ئەم بڕیارانەی دادگای باڵا لەلایەن ویلایەتەکانی ئوسترالیاوە بووە هۆی نیگەرانی بە نادادپەروەریو کارێکی نارەوای دەسەڵاتی فیدراڵی دایاننا.

کەواتە وەک دەبینین لەم وڵاتە فیدراڵییانەدا دادگای فیدراڵی ئامرازێکی کارایە بۆ یەکلاکردنەوەی چەندین ناکۆکی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و ویلایەتەکان.

هەروەها لەسەرەتاکانی (١٩٨٢)ز لە کەنەدا سەرۆک وەزیران دەست پێشخەرییەک کرد بۆ شێوازی هەموارکردن لەناو دەستور تایبەت بە دانانی خشتەیەک بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لەناو دەستور مەبەستی ئەو لەو گۆڕانکارییانە بۆ دروستکردنی کاریگەری بوو لەسەر دەسەڵاتی هەرێمەکان، لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە لە لایەکەوە ئازادی ڕادەربڕینی دەدا بە هەرێمەکان لەکاتی هەمواری دەستوردا لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێمەکانی سنوردار دەکرد ئەویش لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ خشتەی مافەکان، بۆیە پرۆژەکە ڕووبەڕووی ڕێگری بووەوە لەلایەن هەشت هەرێم لەکۆی دە هەرێم، بۆیە لەدوای ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی سور بوو لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، هەرێمەکان داوایان لە دادگای پێداچوونەوەی تایبەت کرد، کە لەم

---

(١) لورانس بوم، المحكمة العليا، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٧.

(٢) كليمنت ماكنتاير و جون وليامن، "استراليا، ثورة هادئة في ميزان القوى"، في حوارات حول توزيع السلطات والمسوليات في البلدان الفيدرالية، راؤول بلندباخر وابيجل اوستاين، ترجمة: مها بسطامي، ج٢، منتدى الحوارات الفدرالية، اوتاوا، ٢٠٠٧، ص٥.

(٣) المادة (٩٢) من الدستور استراليا لسنة١٩٠١.

بارەیەوە بڕیاربدات و ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی دەستوری کەنەدادا، کە داوا لە دادگا بکرێت بۆ دەرکردنی بڕیارێکی کۆتایی لەو شێوەیە[١]

لەسویسراش دادگای باڵای فیدراڵی تاکە لایەنی تایبەتمەندە بۆ گوێگرتن لەناکۆکییەکانی نێوان کانتۆنەکان، لەوانوش ناکۆکی سنوری نێوان کانتۆنەکان وەکو ناکۆکی سنوری نێوان کانتۆنەکانی بێرن وڤالایس لەساڵی ١٨٦٣ کەدادگا کەیسی ناکۆکییەکەی لەبەرژوەندی کانتۆنی بێرن یەکلاکردەوە. [٢]

## باسی دووەم : میکانیزمە کاتییەکان (نائاساییەکان)

لە چوارچێوەی باسی دووەمدا، لە میانەی سێ خواستی سەرەکیدا سێ لە میکانیزمە کاتییەکان یاخود نائاساییەکان دەخرێنە بەرباس و شیکردنەوە، لەڕێگەی ناساندنی میکانیزمەکە و رۆڵی میکانیزمەکەو نموونەی بەکارهێنانی لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان لەم میکانیزمە کاتیانە، شایەنی باسە ئەم میکانیزمە جێگرەوەی شەڕەوبەجۆرێ لەجیاتی ئەوەی کێشەکان لەڕێگەی ململانێی سەربازییەوە چارەسەربکرێت پەنا دەبرێت بۆچارەسەری ململانێکان لەڕێگەی ئاشتییەوە.

### خواستی یەکەم : دانوستان و ڕێککەوتن:

دانوستان وڕێککەوتن یەکێکە لەمیکانیزمە دیارو سەرەکییەکانی میکانیزمە کاتییەکان، لەمیانەی سێ لقدا ئەم میکانیزمە شەن وکەو دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن

دانوستان یەکێکە لە کۆنترین و باوترین و وردترین ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، دانوستانەکان دەکرێت بە ئاڵوگۆڕێکی بیروڕا لە نێوان دوو دەوڵەتی ناکۆک پێناسە بکرێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر ناکۆکیەکان[٣].

زۆرجار پەیماننامەکان مەرجی ئەوە دادەنێن، کە پێش ئەوەی پەنا بۆ ناوبژیوانی یان دادگای نێودەوڵەتی ببرێ، پەنا بۆ دانوستان و ڕێککەوتنی دبلۆماسی ببردرێ، دانوستانی دبلۆماسی ئامرازێکە بەسیفەتی نەرمی و بێ دەنگی جیادەکرێتەوە، لەبەر ئەمە ئەم ئامرازە بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو جۆرە ناکۆکییەکان یان زۆرینەی ناکۆکییەکان بەکاردەهێنرێ[٤]. کەواتە دانوستان پرۆسەیەکە، کە لەڕێگەیەوە دوو لایەن یان زیاتر لەگەڵ یەک کارلێک بکەن لەسەر باوەڕێک بۆ بەرژەوەندی هاوبەش و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و بەدەستهێنانی ئەنجامی خوازراو، کە ئەمەش

---

[1] Nicholas Aroney And John Kihcaid, op.t.c, p:159.

[2] Ibid,p234

[٣] عبدالكريم علوان، الوسيط فى القانون الدولي العام، مكتب دار الثقافة للتعميم والانتاج، عمان، ٢٠١٠، ص١٨٣.

[٤] عصام العطية، القانون الدولى العام، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٢، ص٥٨٣..

پێویستی بە پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا، وەک ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری جیاوازییەکان و فراوانکردنی ڕووبەری ڕێککەوتن لەنێوانیاندا لەڕێگەی گفتوگۆو قوربانیدان بە هەندێ ئارگۆمێنت و ڕازیبوون بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی پەسەند بۆ لایەنەکان لەسەر پرسی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیان(١).

**لقی دووەم: ڕۆڵی میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

دانوستان یەکێ بووە لەو شێوازی بەڕێوەبردنانەی ململانێ لە دەوڵەتی فیدراڵی نێجیریا، کە زۆر بەکارهاتووە و سوودی لێ بینراوە، بەو پێیەی نێجیریا دوای سەربەخۆیی، بەدەست جۆرەها ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییەوە گیرۆدە بووە لەوانەش ناکۆکی نەتەوەیی و جوداخوازی و ئاینی و ئەتنی و سیاسی(٢).

دیارە بەکارهێنانی میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن زیاتر لەو دەوڵەتە فیدراڵیانەدا دەردەکەوێ و گرنگە کە بەفیدراڵیزمی ڕاوێژکاری ناسراون، وەکو دەوڵەتە فیدراڵیەکانی کەنەداو ئوسترالیا و هیندستان و مەکسیک و بەرازیل سەرەڕای ئەوەی کە سیاسەتی زۆر ناکۆکیان هەیە لە کارکردنی دەزگاکانیاندا و ئەم ناکۆکییە لە تایبەتمەندی کۆمەڵگایەکەیاندا ڕەگی داکوتاوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هەردوو ئاستەکەی حکومەت بەرژەوەندی هاوبەش لەوەدا دەبینن کە کێشەو ناکۆکیەکانیان بە دانوستان و ڕێککەوتن چارەسەر بکەن، بەو پێیەی لەم جۆرە فیدراڵیزمانەدا زیاتر گرنگی بە ڕاوێژکاریی و ڕێککەوتنی گفتوگۆ لەسەرکراو دەدرێت(٣).

**لقی سێیەم: نموونەی بەکارهێنانی میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

لە نموونەی ڕێککەوتن و دانوستان لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا نموونەی ڕێککەوتنی ئاشتی گشتیگری نێوان حکومەتی نیشتمانی لە باشوری سودان و حکومەتی باکوری سودانمان هەیە، کە لەساڵی ٢٠٠٥ لە کینیا ئیمزاکرا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان هەردوو حکومەت و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەو ناکۆکیانەی کە بوونە هۆی شەڕوماڵوێرانی و وێرانبوونی ژێرخانی ئابوری ومەدەنی بەتایبەت لە باشوری سودان، هەردوولاش داوایان کرد، کە بۆ چارەسەری پەنا بۆ چارەسەری سیاسی ببەن، بە ڕازیبوون بەهاوبەشی کردنی سامانی سروشتی . شایەنی باسە

---

(١) صحيفة النجاح، مفهوم التفاوض و خصائصه، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/٨ على الرابط الاتى:
https://www. annajah. net/مفهوم-التفاوض-وخصائصه-amparticle-18605.

(2) Layi Egunjobi, The Negotiation Issues in Nigeriad post – Independence conflicts, Datt of visite: 25/3/2021, At this site:
https://digitalcommons. kennesaw. edu/cgi/viewcontent. cgi?article=1172&context=jgi.

(٣) جورج ئەندرسن، مصدر سابق، ص٦٢ .

ئەم ڕێککەوتنە یارمەتی حکومەتی باشوری سودانی دا، کە داهاتی پێویست بۆ بنیاتنانەوەی باشور بەدەست بهێنێت[١] .

چەند دەوڵەتێکی فیدراڵی داهێنانێکی تازەی ڕێکخراوەیی ئەوتۆیان پەسەندکردوە کە شێوازی گفتوگۆو دانوستان ئامرازی بۆمامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەو ناکۆکییە ناوخۆییەکان، کە بوەتە جێگەی سەرنجی نێودەوڵەتی، بۆنموونە ئوستورالیا کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی مینحەدانی هەیە، کە کاریان دەسنیشانکردنی تواناو پێویستی دارایی ولایەتەکان و پێشکەشکردنی ڕاوێژکارییە لەسەر بەخشین بۆئەوەی نەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لەو لایەتەکاندا، و لە هەندێ دەوڵەتی فیدراڵیشدا، حکومەتی ناوەندی زۆر باڵا دەستەو دەکرێ لەپەیوەندییەکاندا لەگەڵ یەکە پێکهێنەرەکاندا زۆر بەکاربێت، لەدەوڵەتی تردا یەکسانی زۆرترەو گرنگیی زیاتر بەڕاوێژکاریی ورێککەوتی گفتوگۆ لەسەرکراو دەدرێت. بۆنموونە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویلایەتەکان کار لەسەر دروست کردنی لۆبی دەکەن لەناو کۆنگرێسدا بەڵام لەمالیزیا گفتوگۆیەکی کەمی بونیادنراوی نێو حکومییان هەیەو فیدراڵییەکەیان ناوەندگەرایە.

### خواستی دووەم: ڕاگەیاندنی باری نائاسایی

ڕاگەیاندنی باری نائاسایی یەکێکی ترە لەمیکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدەوڵەتانی فیدراڵیدا، بۆیە ئەم خواستە لەچوارچێوەی سێ لقدا شەن وکەوی ئەم میکانیزمە دەکات:

**لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی**

دۆخی نائاسایی یان حاڵەتی نائاسایی لە کاتێکدا دروست دەبێت، کە دۆخ و فاکتەرێک لە دەوڵەتدا دێتە پێشەوە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بێ توانا دەکات لە سەپاندنی ئاسایش و سەقامگیری، بەمجۆرەش دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەردەچێ لە حوکمی یاسای بنەڕەتی و ئاسایی و پەنا بۆ ڕێوشوێنی بەپەلەو مەترسیدار دەبات، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی گشتی و دامەزراوە گشتیەکان[٢].

تایبەتمەندییەکانی دۆخی نائاسیی بریتین لە[٣]:

١- بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە (دۆخی نائاسایی) دەبێت لەژێر یاساکاندا بێت.

٢- ئەم یاسایانە نابێت لە حوکمەکانی دەستور لابدەن .

٣- ئەم یاسایە دەبێت کاتی بن.

٤- مەبەست لە سەپاندن و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییە.

---

[١] وحيد على عبدي، مصدر سابق، ص١٧٠.

[٢] م.د.اسعد غالي حمزة، قانون الطواري وحقوق الانسان، موقع جامعة القادسية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٥، على الرابط: https://qu.edu.iq/law/wp-content/uploads/2013/11/قانون-الطوارئ-وحقوق-الانسان.pdf

[٣] جغلول زغدود، حالة الطوارىء وحقوق الانسان، رسالة الماجستير، كلية الحقوق والعلوم التجارية، جامعه بـ و مرداس، ٢٠٠٥، ص١٣.

٥- ئەم حاڵەتە ڕیزپەڕی دەبێ بەهێزی یاسا کۆتایی بێت، یان گەر پێویستی نەما کۆتایی بێت.

دوو جۆری سەرەکی هەیە لە حاڵەتی باری نائاسایی:

١- حاڵەتی باری نائاسیی ڕاستەقینە:

ئەم حاڵەتە پێشی دەوترێت یاسای جەنگی یان حاڵەتی لەناکاوی سەربازی، کە بارودۆخێک کە بەهۆی داگیرکاری دوژمنی بیانی خاکی دەوڵەت یان بەشێک لە خاکەکەی پێناسە دەکرێت، هەروەها ناکۆکی ناوخۆیی، کە هەڕەشە لە دەوڵەت دەکات و ڕاگەیاندنی ئەم دۆخە دەبێتە هۆی دروستبوونی پێشێلکاری لەسەر ماف و ئازادییە گشتیەکان، ئەمەش بەهۆی توندی بارودۆخە نائاساییەکەی و ئەو پێداویستیانەی کە ئەو دۆخە پێویستی پێیەتی(١).

٢- دۆخی حاڵەتی باری نائاسایی سیاسی :

ڕاگەیاندنی ئەم دۆخ و حاڵەتە لەکاتی بوونی هەڕەشەیەکی هەستپێکراو دەبێت، جا هۆشداری بدرێت لە بوونی هەڕەشە یان شەڕ، واتە ڕاگەیاندنی حاڵەتی سیاسی لەناکاو ڕەنگە لەسەر بنەمای ئەو مەترسیە نزیکە بێت، کە ڕووبەڕووی نیشتمان دەبێتەوە جیا لە جەنگ دەکرێ سەرپێچیەکی مەدەنی بێت یان ناسەقامگیری لە ڕادەبەدەر یان بوونی کارەساتی گشتی(٢).

ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا لە مامەڵەکانی جەنگ و قەیرانی ئابوری و جیابوونەوەو لە مامەڵەشدا دامەزراوە فیدراڵییەکان دەسەلاتێکی زۆریان دەبێت وەک لێپرسراویەتی سیاسەتی دەرەو جەنگ و مەسەلەی ئاشتی و زۆرجار بۆ ئەوە دەڕوات، کە دامەزراوە فیدڕاڵییەکان زیاتر دەست لەکاروباری ناوخۆیی هەرێمەکان وەربدەن و تێپەڕبکات لەوەی کە لەدەستوردا دیاریکراوە. جەنگ یەکێکە لە هەرە هۆکارە بزوێنەرەکان بەرەو ناوەندی بوون، بەزیادکردنی دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگادا بۆ دابینکردنی پاراستن و ئاسایش بۆ تاک و ئاسانکارییەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت هەموو وزەکانی نەتەوە ئاڕاستە بکات بۆ خزمەتی هەوڵی جەنگی دەوڵەت، هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی سەروەری دەوڵەت بەسەر هەرێمەکاندا و لەکارکەوتنی جوڵەی حکومەتی هەرێمەکان لە دەستێوەردان لە هەندێ کاروباری تایبەت بە حاڵەتی نائاسایی و چارەسەرەکردنی(٣).

لەم حاڵەتەشدا دەوڵەتی فیدڕاڵی سروشتی فیدڕاڵی خۆی لەدەستداوە و بۆتە نیمچە فیدڕاڵی، بەو هۆیەی کە حکومەتی فیدڕاڵی دەستێوەردان دەکات لەدەسەلاتی ولاتانی ئەندام و هەندێ جار دادگاکان ڕۆڵیان دەبێت لە حوکمکردن لەکاتی دەسەلاتی نائاسایی و ناوەندی دەسەلاتی فیدڕاڵی بۆ نموونە، لەوانەیە بەکارهێنانی هێزو پێویستی بەڕەزامەندی یاسادانەران هەبێت، بەلام کاریگەرییەکەی سنوردارە، ئەگەر زۆرینە کۆنترۆڵی دەستەی یاسادانانی کردبێت، بۆ نموونە

---

(١) جغلول زغدود، مصدر سابق، ص٢٤.

(٢) معمر مهدي صالح، مصدر سابق، ص٢٣٠.

(٣) معمر مهدي صالح، مصدر سابق، ص٢٣١.

دەستوری باشوری ئەفریقا لە ساڵی (١٩٩٦ز) یەکێکە لە دەستورە هەرە پێشکەوتووەکان لەدانانی ئامرازو ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو حاڵەتانە[١].

چەند پێداویستیەک هەن بۆ ڕێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نائاسایی دانراون لەوانەش[٢]:

١- پێویستە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی پەیوەست بە حاڵەتی نائاسایی لە دەستورەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

٢- پێویستە ئەم دەسەڵاتانە بۆماوەیەکی کاتی بن.

٣- بوونی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ بڕیاردان لە ڕێوشوێنی نائاسایی، کە بۆ پاراستنی دەستورو بەرگریکردن لێی گیراونەتەبەر .

سیستەمە فیدڕاڵییەکانی حکومەت وەک هەموو جۆرە حکومەتە دەستورییەکانی تر لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوان، کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی هەندێک ڕاهێنانی لەگەڵ سنوردارکردنی یاسایدا هەبێ، واتە پێویستە دەستور ئامادەبکرێت بۆ ڕێوشوێنە لەناکاوە ڕاشکاوەکان یان پێویستە نەرمییەک هەبێت بۆئەوەی حکومەت بە پێوانەیی نائاسا مامەڵە لەگەڵ حاڵەتی لەناکاو و نائاسایی بکات، و ئەو قەیرانانەش، کە پێویستیان بەم ڕاهێنانی دەسەڵاتە هەیە واتە دەسەڵاتی لەناکاو بریتین لە جەنگەکان و پاشەکشەکردنی ئابوری و جیابوونەوەو سەرهەڵدان و ئاژاوەو تێکدان[٣].

بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی سێ جۆر سنورداری لەسەرە، کە بریتین لە:[٤]

١- سنورداری پەیوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ هاوولاتیان، کە دەسەڵات لێرەدا پەیوەست دەبێت بە بنەمای ئەو ئازادیانەی کە بۆ هاوولاتیان پارێزوراوەو دور لە دەستێوەردانی حکومەت.

٢- سنورداری پەیوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە دەسەڵاتەکانی ترەوەو پەیوەستبوون بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی سەربەخۆییان.

٣- دوا سنوری پەیوەندی بە دەوڵەتی فیدڕاڵییەوە هەیە، واتە لقی جێبەجێکار بە بنەمای فیدراڵییەوە پەیوەست دەبێت بەپێی ئەو بنەمایانە بێت، کە لە دەستوردا هاتووەو پێویستە ڕێزی لێبگیرێت و کارەکانی حکومەت لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵ و خۆجێیدا دابەش ببن.

---

[١] جورج اندرسون، مصدر سابق، ص٥٢.

[٢] علي مدلول محسن، مصدر سابق، ص١٢٩.

[٣] روبرت بوی، كارل فریدریک، دراسات فی الدول الاتحادیة، ط٢، الدار الشرقیة للنشر بالاشتراک مع مؤسسة فرانكلین الطباعة والنشر بیروت، ١٩٦٥، ص١٥٩.

[٤] روبرت بوی، كارل فریدریک ، ص١٦١.

**لقی دووەم: ڕۆڵی میکانیزمی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

دیارە دەوڵەتی فیدراڵیش وەک هەر جۆرێکی تری دەوڵەت، لەبەرامبەر دۆخی نائاسایی وەک جەنگ و قەیرانی ئابوری و یاخیبوون و هەموو ئەو دۆخانەی زیان بە قەوارەی دەوڵەتەکە بگەیەنێت و لاوازی بکات پەنا بۆ ڕێوشوێنە لەناکاوەکان دەبات، بۆ پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە حکومەتی ناوەندی بە مەبەستی کۆتایهێنان بەو دۆخانە[١].

بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتانەو رۆڵیان بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمی یاساو شێوە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانی باشە، زۆربەی ڕێسا فیدراڵییەکان ڕێگە بە حکومەتی فیدڕاڵی دەدەن، کە دەست لە ئیدارەی ناوخۆیی یەکە پێکهێنەرەکان وەربدات، بۆ نموونە دەستوری هیندستان بەپێی ماددەی ٣٥٥ بەرپرسیاریەتی دەخاتە سەر حکومەتی ناوەندی، کە ئەرکیەتی دەوڵەت لە دەستدرێژی دەرەکی و نائارامی ناوخۆیی بپارێزێت و دڵنیابێت لەوەی حکومەتی هەر ویلایەیتێک بەپێی ماددەکانی دەستور کاربکات[٢].

هەروەها ئەم دەسەلاتانە ڕۆڵیان لە پاراستنی هاوسەنگی دەسەلاتەکان لەنێوان ناوەندو ویلایەتەکان هەیە و یان ئەگەر یەکەیەک مەترسی ئەوەی لەسەربیت کە هەڵوەشێتەوە، بە هۆکاری هەبوونی قەیران لەو یەکەیەدا، ئەوا حکومەتی ناوەندی لەو کاتەدا سەربەخۆیی کەم دەکاتەوەو دەستێوەردان دەکات لەکاروباری یەکەکە[٣].

**لقی سێیەم: نموونەی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

پەیوەست بە نموونەی بەکارهێنانی میکانیزمی ڕاگەیاندنی بارای نائاسایی لە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکیەکانی دەولەتە فیدڕاڵیدا ئەوا دەتوانین باس لە نموونەی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە دەولەتی (کەنەدا) بکەین، لە ساڵی (١٩٧٠ز) بەهۆی قەیرانی (ئۆکتۆ) بە سەرۆک وەزیرانی کەنەدا بڕیاری ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و ڕاگرتنی ئازادییە گشتییەکانی دا، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی ئەو دۆخە ناسەقامگیرو ئەمنیەی، کە لەلایەن بزوتنەوەی سەربەخۆیی (کیبک) دروستبوو، کە هەوڵی سەربەخۆیی (کیبکیان) ئەدا، لە کەنەدا[٤].

هەروەها سودان لە بەرواری ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٩٩ز) حاڵەتی نائاسایی لەو وڵاتەدا ڕاگەیاند و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەمەش بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆی لە باشوری ئەو وڵاتە، کە بەدرێژایی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان. کە داوای سەربەخۆیی و ئەتۆنۆمیان لە دەوڵەتی سودان دەکرد، بەهۆی ئەم ململانێ و شەڕەوە لە

---

[١] أزهار هاشم، المصدرسابق، ص١٢.

[٢] المؤسسە الدولیة الدیمقراطیة، الفیدرالیة، مصدر سابق.

[٣] المصدر نفسە.

[٤] بیار أحمراني، النزعة الاستقلالیة فی کیبیک عبر التاریخ، تاریخ الزیارة، ٢٠٢١/٣/٣٠على الرابط الاتی:
https://www.rcinet.ca/ar/2018/08/11/النزعة-الاستقلالية-في-كيبيك-عبر-التار/

ساڵی(١٩٩٣ز) و نزیکەی دوو ملێۆن کەس مردون و زیاتر لە ٤ ملێۆنیش، کە لەباشورەوە بەرەو ئاڕاستەی باکوری وڵات ئاوارە بوون[١]

لە (نێجیریا)ش دەسەڵاتی سەربازی ئەو وڵاتە، لە ساڵی (١٩٩٨ز) باری نائاسایی لەناوچەی (دەلتا) ڕاگەیاند، ئەمەش بەهۆی ئەو توندوتیژی و ململانێیەی کە لەوێ سەریهەڵدابوو، کە داوای سەربەخۆییان دەکرد، بۆیە سوپا بە مەبەستی گەمارۆدان و کۆتایی هێنان بەو توندوتیژیانە باری نائاسایی ڕاگەیاندو دەستێوەردانی فراوانی کرد بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە[٢].

لە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵانی جەنگی ناوخۆیی (١٦٦٤–١٦٦٥ز) سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەوکات، (ئەبراهم لینکۆڵن) کە سەرۆک کۆماری ئەوکات بوو، دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی میکانیزمی باری نائاسایی بەکارهێنا لە دژی ئەو ویلایەتانەی کە داوای سەربەخۆیان دەکردو بەمەبەش توانی یەکێتیە فیدراڵیەکە بپارێزێت، هەروەها کۆماری ڤایماری ئەڵمانی بە پێی ماددەی (٤٨) لە دەستوری ڤایمار لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٠ز) دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بەکارهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەندێ لەو ویلایەتانەی کە یاخی ببون لە حکومەتی فیدڕاڵی تەنانەت هەندێ جار بە پێی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لەو ویلایەتانە وەردەگرتەوە یان حکومەتەکانی لەسەر کار لادەبردن و نوێنەری فیدڕاڵی دادەنا، تا یاخیبوونەکە چارەسەر دەکران[٣]

لەم نموونانەوە دەبینین، کە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەندێ لە ناکۆکیەکان لە نێوان دەوڵەتی فیدڕاڵی و یەکە پێکهێنەرەکان کە ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئەگەر چارەسەر نەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ئەم میکانیزمە زۆربەی کات ئەشێت تاکلایەنە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵیەوە بەکاربهێنرێت بۆیە پێویستە چەند کۆتێک بۆ بەکارهێنانی دابنرێت لە پێناو ئەوەی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانیان نەکرێت[٤].

بەگشتی لە دەوڵەتانی فیدڕاڵی و نافیدڕاڵی دوو کۆت هەیە لەسەر بەکارهێنانی میکانیزمی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی کە یەکەمیان بەرامبەر هاوڵاتیانە بەوەی کە پێویستە دەسەڵاتی جێ بەجێکردن ماف و ئازادی هاوڵاتیان بپارێزێت، هەرچی کۆتی دووەمیانە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی ترە، واتە پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادەڕەوی نەکاتە سەر دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری، جگە لەم دوو کۆتانە لە دەوڵەتانی فیدڕاڵیدا کۆتێکی تر هەیە لەسەر ئەم میکانیزمە، کە بریتیە لە پابەندبوونی دەسەڵاتی حکومەتی فیدڕاڵی بە بنەمای فیدڕاڵیزمەوە کە مەبەستمان

---

[١] عبر الوهاب الافندي، "السودان إلى أين حول الممارسات الديمقراطية العربية، دراسة حالات (ملف)"، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد (٢٥٧)، تموز ٢٠٠٠، ص١٧١.

[٢] فضيلة خلفون وفيصل خميلة، "تداعيات النزاع الإثني على الدولة الفدرالية في إفريقيا – نيجيريا نموذجا-"، المجلة الجزائرية للامن الانساني، العدد الرابع، ٢٠١٧، ص١٨٥.

[٣] روبرت بوی، كارل فريدريک، مصدر سابق، ص ص ١٦٧ –١٦٨.

[٤]المصدرنفسه، ص١٦٢ .

ڕێزگرتنه له مانەوەو پاراستنی دوو ئاستەکەی حکومەت و نابێت ئەم باری نائاساییە ببێتە هۆی لەناوبردنی ئەم دوو ئاستەی حکومەت و تەنیا دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتی بێت بەکارهێنانەکەی[1].

هەر له چوارچێوەی ئەو کۆتەشدا بەکارهێنانی ئەم کۆتە نەبێتە هۆی پێشێلکردنی دەستور، کە بنەمای سەرەکی دەوڵەتی فیدراڵیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت گرنتی ئەوە بکرێت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هەموو ئەو کۆتانەوە پابەند بێت، بۆیە هەندێ جار ببێ بە سەرچاوەیەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان، بۆ نموونە کۆماری ڤایمار لە ساڵی کۆتایی تەمەنی (١٩٣٠ز) زیادەڕەوی کرد لە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، کە بووە هۆی پەکخستنی زۆربەی حکومەتی هەرێمەکان کە ئەمەش یەکێک بوو لە ڕێگا خۆشکەرەکان بۆ هەڵوەشانەوەی کۆماری ڤایماری فیدراڵی لەو ساڵەدا[2].

کەواتە، دەبنین، ڕاگەیاندنی باری نائاسایی میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ چارەسەری ناکۆکی، بەڵام گرنگترین کەلێن لەم میکانیزمەدا ئەوەیە کە تاکلایەنە بە ویستی حکومەتی فیدراڵی بەکاردەهێنرێت، گەرچی ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا حکومەتی هەرێمێکی ناکۆک یان چەند لایەنێکی ناوخۆیی ئەو هەرێمە خۆیان داوای بەکارهێنانی لە حکومەتی فیدراڵی بکەن، بۆیە زۆربەی جار یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە کە بەم میکانیزمە لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵی دەبێت.

## خواستی سێیەم : جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

خواستی سێیەم تیشک دەخاتە سەر ناساندن و ڕۆڵ و بەکارهێنانی لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدەڵەتانی فیدراڵیدا.

**لقی یەکەم ناساندنی میکانیزمی جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی:**

یەکێک لە و بابەتە سەرەکیانەی، کە دەبێتە پرسیار لەسەر سیستەمی فیدراڵی، ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتانی ئەندام مافی هەڵوەشاندنەوە یان پوچەڵکردنەوەی یاسا فیدراڵییەکان، و بڕیاری ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی جیابوونەوەیان هەیە؟ ڕەگ و ڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێک ویلایەتی (کارۆلینای باشور) لە ساڵی ١٨٣٢ هەڵوێستی وەرگرت بە پوچەڵکردنەوەی هەندێک لە یاساکانی یەکێتی، کە پەیوەندبوون بەنرخی گومرگ، بە بیانووی ئەوەی، کە کۆنگرێس سنوری خۆی بەزاندووە، لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی خۆی کە لە دەستوری فیدراڵی هاتوون، ئەوەش ڕێگا بە هەر ویلایەتێک دەدات، کە ئەو یاسایانە بە پوچەڵکراو دابنێت[3].

---

[1] روبرت بوی، كارل فريدريك، مصدر سابق ، ص١٦٢ .

[2] المصدرنفسه، ص١٦٨.

[3] الشافعي رشيد، القانون الدستوري والنظم السياسية السودانية، منشأه المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٢، ص١٧٦.

لەڕووی زاراوەییەوە جیابوونەوە، واتە ڕۆیشتنی بەشێک یان هەرێمێک لە سەروەری دەوڵەتی ڕەسەن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، ئەمەش کاتێک دەبێت، کە هەموو توخمەکانی دەوڵەتی یاسایی کۆکردبێتەوە و جێگری کردبێت و دەولەتە ڕەسەنەکەش نەیتوانی بێت باوەڕی پێبهێنێت کەدەستبەرداری ڕای جیابوونەوە ببێت[١].

سەبارەت بە پرسی جیابوونەوە لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، ئەوا زۆربەی دەستورە فیدڕاڵییەکان بە ئاشکرا یاخود نائاشکرا ئەو بڕگەیان تێدایە، کە مافی جیابوونەوە قەدەغە دەکەن و جەخت لەیەکێتیەکە یەکپارچەیی ناوخۆیی دەوڵەت و پاراستنی یەکپارچەیی، یەکێتی دەکەنەوەو ڕێگە لەپارچەپارچەبوون و ڕوخانی دەوڵەت دەگرن، نموونەی ئاشکراش بۆ ئەمە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە ڕێگە لە جیابوونەوەی ویلایەتەکان لەدەوڵەتی ناوەندی دەگرێت، هەروەها دەستوری مەکسیک و بەڕازیل و نێجیریا و ئیسپانیا، کە دوو ڕیفراندۆمی جەماوەری لەسەر جیابوونەوە قەدەغە کردووە[٢].

هەندێک لەفوقەهاکان هۆشداری لە مەترسیەکانی چەسپاندنی مافی جیابوونەوە دەدەن، چونکە لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا ناگونجێت، کە دەوڵەتی فیدڕاڵی لەسەر دامەزراوە، چونکە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەت دروست دەکات و کاریگەری لەسەر سەقامگیری دەوڵەت هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازی حکومەتی فیدراڵ و دەیخاتە ژێر گوشاری حکومەتە هەرێمیەکان بەجۆرێک کە بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدڕاڵی پێویستی بە پابەندبوونێکی هەمیشەیی هەیە بە هاریکاری و تەبایی و جیابوونەوە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی فیدڕاڵ یەکناگرێتەوە[٣].

لەبەرامبەردا لە دەستوری هەندێک لە دەوڵەتان دەبینرێت، کە بەفەرمی ئەم مافەیان بەیەکە پێکهێنەرەکان داوە، وەکو دەستوری یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٧، ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٩٥، سانت کیتس ونیفیس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەستوری کۆماری فیدڕاڵی سودان لە قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٥، واتە ئەم دەستورانە ڕێگایان بەیەکە پێکهێنەرەکان داوە بۆ هەڵوەشاندوەی پەیماننامەی یەکگرتنەکە و کێشانی ڕێگای جیابوونەوە، ئەمەش بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە قەیرانی دەستوری[٤].

لەگەڵ ئەوەشەدا بەشێک لەو دەستورانەی، کە مافی جیابوونەوەیان تێدا هاتووە و دانی پیانراوە تەنها مەسەلەیەکی تیۆرییە، بۆ نمونە لە یەکیەتی سۆڤیەت دەسەلاتەکانی یەکگرتوو هەڵدەستێت بە سەرکوتکردنی هەر بزوتنەوەیەک داوای جیابوونەوە بکات، وەکوئەو ڕووداوە خوێناوییەی کە لە

[١] عبدالواحيد محمد، القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٤، ص١٤٨.

[٢] صلاح جبير البصيصي، مصدر سابق، ص٣٧٠.

[٣] المصدرنفسه، ص٣٧١.

[٤] المصدر نفسه، ص٣٧١.

کۆماری شیشان ڕوویاندا لە میانی هێرشی سوپای ڕووسیا داو بە دوای ڕاگەیاندنی جیابوونەوە لەلایەن شیشانییەکان[١].

هەریەک لەبیرمەندان (شارل دیوراند)و(کالهون) بەم جۆرە باس لەمافی جیابونەوەومافی هەڵوەشانەوە (پوچەڵکردنەوە) لەدەوڵەتی فیدراڵیدا دەکەن:

١- بەڕای (شارل دیوراند) دەوڵەتی فیدراڵی، جۆرێکە لە جۆرەکانی ناناوەندێتی و ئەم دەوڵەتە بریتییە لەچەند کۆمەڵەیەک کەپێکهاتەی تایبەتی خۆیان ومافی سەربەخۆیی بەشیان هەیە، بۆیە دەوڵەتی ئەندام مافی پاشگەزبوونەوەی لەیەکێتی هەیە، کەئەمەش ئەوەیە کەجیای دەکاتەوە لەپارێزگاوناوچەوکانتۆنەکان[٢].

٢- بەڕای (کالهون) یش ویلایەتەکان مافی پوچەڵکردنەوەی یاسا فیدراڵییەکانیان هەیەو هەروەها مافی جاڕدانی جیابونەوەشیان لەیەکێتی هەیە، ئەو بەڵگە یاساییانەش، کە (کالهون )پشتی پێ بەستبوون ئەمانەی خوارەوە بوون[٣]

أ- یەکێتی ڕێککەوتنێکە لەنێوان دەوڵەتە یەکسانەکان.

ب- حکومەتی یەکێتی لەلایەن ئەو دەوڵەتانە دامەزراوە، وەکو بڕیارێک بۆ جێبەجێکردنی دەقەکانی ئەو ڕێککەوتنە کە لە دەستوری یەکێتی هاتووە.

ت-کاری بریکار ئەگەر سنوری خۆی بەزاند پوچەڵ و بێ نرخە.

ث- دەوڵەتی ئەندام مافی ئەوەی هەیە، کە بڕیاربدات ئایا حکومەتی یەککگرتوو لە هەرکارێک لە یاسای کارەکانی سنوری تایبەتمەندییەکانی خۆی بەزاندووە یان نا؟.

دەکرێت ڕای ڕاست لە نێوان شارەزایانی نێودەوڵەتی و دەستوری ئەوەبێت، کە جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان یەکێتی کۆنفیدراڵی و یەکێتی فیدراڵی ئەوەیە، کە یەکەمیان مافی جیابوونەوە بۆ دەوڵەتانی چونە ناو یەکێتیەکە دەدات، بەڵام فیدراڵی یەکریزی و بێ توانایی دەوڵەتانی ئەندام لە جیابوونەوە لە یەکێتیەکە دەچەسپێنێ و دەبێ هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بۆ بەرزکردنەوەی پلەی یەکێتی بەکاربێن نەک جیابوونەوە[٤].

**لقی دووەم: ڕۆڵی جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

دیارە بابەتی جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکێکە لەو دیاردانەی، کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی فیدراڵی دەبێتەوەو دەوڵەتانی فیدراڵیش جیاوازن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم

---

[١] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٥٩.

[٢] محمد بكر حسين، الاتحاد الفدرالي بين النظرية التطبيق، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق، جامعة عين شمس، ١٩٧٧، ص٣٩.

[٣] معمر مهدي صالح، مصدر سابق، ص٢٦٢.

[٤] المصدرنفسه ،ص٢٦٣.

پرسە، بەجۆرێک هەندێک لە دەستورە فیدراڵییەکان قەدەغەی دەکەن و بە دژی یەکپارچەیی دەوڵەتی دادەنێن و هەندێکی تریش هەرخۆیان لێنادەن، هەرچۆنێک بێت پرسی جیابوونەوە، یەکێکە لەو ئامرازە سیاسی و یاساییانەی کە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە چارەسەرکردنی گرفت و ناکۆکییەکانی ئەتنی و نەتەوەییەکان و بڕیاردان لە ئایندەی سیاسیان ...هتد[1].

جیابوونەوە لەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی کە شکست دەهێنێت لە جێبەجێکردن و چەسپاندنی بنەماکانی فیدراڵی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی کە یەکە پێکهێنەرەکانی توشی دەبن، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەتایبەتی کاتێک کە حکومەتە ناوەندییەکان زۆر ناوەندیی دەبن و لە دیموکراسی دوور دەکەونەوەو دەرفەتی دیالۆگ یان هاوکاری لە نێوان ناوەندو هەرێمەکان کەمدەبێتەوە بۆیە لێرەدا هەرێمەکان دەرفەتێک کە بەڕاست و دروستی دەزانن لەبەردەمیان بەردەوام نەبوونە لەو یەکێتیەو گرتنەبەری جیابوونەوە سەربەخۆییە[2].

هەروەها جیابوونەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی نەبوونی حوکمی یاساو دابەشنەکردنی دەسەڵاتەکان بەپێی دەستورو ڕێزنەگرتن لەمافی کەمینەکان، کە ئەمەش وادەکات شانسی مانەوەی فیدراڵییەکان کەمتربێتەوە بەتایبەت لەو فیدراڵیانەی کە بەزۆر سەپێندراون وەکو قەیرانی شیشان لە ساڵی (١٩٩٤ز) بەو پێیەی کە شیشان بە ئیرادەی خۆی نەچووبووە ناو فیدراسیۆنی ڕوسیا[3].

جیابوونەوە لەو دەوڵەتانەی، کە بەدەست کێشەی نەتەوەیی و ئەتنی دەناڵێنن و ناتوانن پێکەوە ژیان و تەبایی لەژێر سێبەری دەوڵەتی فیدراڵیدا بەدیبێنن، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بەوەی، کە هەر نەتەوەو گروپێک بڕیار لە ئایندەی چارەنوسی خۆی بدات، بەوەی کە دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەپاش جیابوونەوە یان لەگەڵ دەوڵەتێکی تر یەک دەگرێ.

ڕەنگە لە بەشێک لە دەوڵەتە فیدارڵییەکان لاوازی بارودۆخی ئابوری ببێتە هۆی ئەوەی، کە هەرێمەکان بە دوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی فیدراڵییدا بگەرێن، بەمەبەستی پەیداکردنی سەرچاوەی نوێی پارەدارکردن و چارەسەرکردنی خراپ و دۆخی ئابوری هەرێمەکەیان، وەک ئەوەی کە لە ئوسترالیای خۆرئاوا ڕوویدا، کاتێک زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ویلایەتە دەنگیان دا بە جیابوونەوەی لە یەکێتی فیدراڵی ئوستراليا لە ساڵی (١٩٩٣ز) بەهۆی تێکچوونی باری ئابوری. بەڵام حکومەتی فیدراڵی ئوستراليا ئەم جیابوونەوەی ڕەتکردەوەو لەجیاتی ئەوە وەڵامی داواکاری

---

[1] أليو قرنق، الحق في الاستقلال عبر تقرير المصير بالتطبيق على تجربة جنوب السودان، ٣يناير ٢٠١٩، ، مركز الجزيرة للدراسات، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٦، على الرابط الاتي:
https://studies. aljazeera. net/en/node/4384.

[2] محسن سعدون، الفيدرالية فى المجتمعات المتعددة، مطبعة ازادى، دهوك، ٢٠٠٨، ص٧٤.

[3] صلاح جبير البصيصى، مصدر سابق، ص٣٧٧.

و كێشە ئابورییەكانی ویلایەتەكانی دایەوە، لەڕێگەی سیستەمی یارمەتی دارایی بۆ ئەو ویلایەتانەی كە ڕووبەڕووی كێشەی ئابوری دەبنەوە[1].

**لقی سێیەم: نموونەی جیابوونەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا:**

لە مێژووی دەوڵەتانی فیدراڵی چەندان نموونەی جیابوونەوە بەرچاودەكەوێت، لەوانەش جیابوونەوەی ئەریتیریا لە دەوڵەتی فیدراڵی ئەسیوبیا، ئەمەش بەهۆی هەڵوەشانەوەی سیستەمی فیدراڵی لە ساڵی ١٩٦١ و بەهۆیەوە ئەریتریا لە ساڵی ١٩٩٣ سەربەخۆیی خۆی لە ئیمپراتۆریەتی (هایل سیلاسی) ڕاگەیاند[2].

جیابوونەوەی باشوری سودان لە دەوڵەتی سودان لە ساڵی (٢٠١١ز)، كە لە٨٣ ٪ی باشورییەكان بەپێی ڕاپۆرتەكان دەنگیان بەجیابوونەوە دابوو، هۆكارەكانی جیابوونەوەی باشوری سودان زۆرە لەوانەش كێشەی ڕەگەزی و تاوانباركردنی باكورییەكان وەک داگیركەر و فشارە دەرەكییەكان چ لە وڵاتانی دراوسێی چ لە وڵاتی دەرەوە، هەروەها خراپی بەڕێوەبردن و بەفیڕۆدانی سەرچاوەكانی وڵات و بێ بەشبوون لە خزمەتگوزارییە پەروەردەیی و تەندروستی و كۆمەڵایەتییەكان، جگە لەوانەش لە دەستدانی متمانە لەنێوان باكورو باشوردا وایكرد، كە هەر لایەنەو بەگومانەوە سەیری كارەكانی یەكتر بكەن[3].

جیابوونەوەی هەرێمی بیافرە لە نێجیریا لە ساڵی (١٩٦٧ز) ئەمەش بەهۆی شەڕی ناوخۆ و خراپ بەڕێوەبردن و جێبەجێنەكردنی پێكهاتەی فیدراڵییەت لە نێجیریا[4]، هەروەها جیابوونەوەی چیكۆسلۆڤاكیا لە ساڵی ١٩٩٣ لە سانت كیتس نفیس، جیابوونەوەی كۆماری (مۆنتینگرۆ) لە یەكێتی سربیا لە ساڵی (٢٠٠٦ز)، جیابوونەوەی ڕۆژهەڵاتی پاكستان (بەنگلادیش) لە دەوڵەتی فیدراڵی پاكستان لە ساڵی (١٩٧١ز) لەڕێگەی توندوتیژییەوە[5].

لەبەرامبەر ئەم نموونە سەركەوتوانەی جیابوونەوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی جا بە ئاشتی بووبێ، یان بە توندوتیژی، ئەوا چەند نموونەیەكیشمان هەیە، كە لەجیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سەركەوتوو نەبوون، لەوانە(١٠)ویلایەتی دیكەی باشور لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كە

---

(١) صلاح جبير البصيصى، مصدر سابق ، ص٣٧٧.

(٢) أمجد الدهامات، هل الفيدرالية تؤدي الى التقسيم؟، شبكة النبأ المعلوماتية، الأحد ١٧ حزيران ٢٠١٩ تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٢/٢٧على الرابط الاتى:

https://m.annabaa.org/arabic/authorsarticles/19615

(٣) اسماء عبدالرزاق، انفصال جنوب السودان نتيجة، فما أسبابه، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٨على الرابط الاتى:

https://almoslim. net/node/150121

(٤) أوتا شتاينفير، حركات انفصالية فى افريقيا، خلال ارث استعماري قديم، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٨على الرابط الاتى:

https://amp.dw.com/ar/حركات انفصالية في افريقيا.. أطلال إرث استعماري قديم/a-55714622

(٥) صلاح جبير البصيصى، مصدر سابق، ص ص ٣٧٤-٣٧٥.

بەدوای کارۆلینای باشور کەوتن وجیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوەش وای کرد کەیەکێتی ناچاربێت بەچەک وململانێی چەکداری کۆتایی بەکێشەی جیابوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێنێ .

لە ساڵی (١٩٣٤ز) ویلایەتی ئوسترالیای ڕۆژئاوا داوای جیابوونەوەی کرد لە پەرلەمانی بەریتانیا، بەڵام داواکارییەکەی سەری نەگرت، لە بەرئەوەی لیژنەی هەڵبژێردراو لە هەردوو ئەنجومەنی لۆردات و گشتی لە بەریتانیا بڕیاری دا، کەوا بەپێی ڕێککەوتنە دەستورییەکان پەرلەمانی بەریتانیا تایبەتمەندنییە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە[١] .

بەگشتی، دەبینین کە میکانیزمی جیابوونەوە میکانیزمێکی جێی مشتومڕە لەوەدا ئاخۆ تا چ ڕادەیەک کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی هەیە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، ئایا بەکارهێنانی واتای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فیدڕاڵی دەگەیەنێ یان چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی و بەردەوام بوونی دەوڵەتە فیدڕاڵییەکە، هەروەها بەهەمان شێوەی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، گرنگترین کەلێن لە میکانیزمی جیابوونەوەدا ئەوەیە کە تاکلایەنە بە مکوڕبونی هەرێم و یەکە پێکهینەرەکان بەکاردەهێنرێت، گەرچی ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا حکومەتی فیدڕاڵی بە بەکارهێنانی قایل بێت، بۆیە زۆربەی جار یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بەم میکانیزمە لە بەرژەوەندی هەرێمەکان دەبێت.

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتە بیڵین، لەبارەی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەدەوڵەتە فیدڕاڵییە بەراوردییەکاندا ئەوەیە، کە بەکارهێنان و ڕۆڵی هەریەکێک لەم میکانیزمانە لەدەوڵەتێکەوە بۆدەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت، هەروەک لەپێشتریشدا ئاماژەمان پێکرد، دەوڵەتی فیدڕاڵیش وەک هەموو جۆرەکانی تر بەدەر نییە لەکێشەوناکۆکی و گرنگە لەڕێگای میکانیزمی دەستوری و یاساییەکانەوە هەوڵی چارەسەرکردن و کۆتایهێنان بەم ناکۆکیانە بدرێ، چونکە چارەسەرنەکردنی ئەم ناکۆکیانەو مانەوەیان بەهەڵپەسێردراوی ڕەنگە گرفتەکان قوڵتر بکاتەوەو زیانیش بەپێگەو داهاتووی دەوڵەتە فیدڕاڵییەکە بگەیەنێت.

---

[١] شافعی محمد، مصدر سابق، ص١٧٩.

# بەشی سێیەم
# میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا

**باسی یەکەم: ناساندێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان**

**باسی دووەم: ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.**

**باسی سێیەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.**

## بەشی سێیەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا

بەشی سێیەم و کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی نموونەیەک لە ناکۆکی لەدەوڵەتێکی فیدراڵیدا، کە بریتیە لە دەوڵەتی عێراق، بۆیە و بەمەبەستی شیکردنەوەی تەواوی وێنەو کارکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا هەوڵدەدەین، کە لەتەواوی گۆشەنیگا ئاراستەکانەوە سیستەمی فیدراڵی لە عێراق بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەرلەبەرئەم هۆکارەش بەشی سێیەم، سێ باسی سەرەکی و چەند داواکارییەک لەخۆدەگرێت دەربارەی ناساندنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و یەکە پێکهێنەرەکەی لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی کە لەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا هەن لەگەڵیشدا خستنەڕووی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

### باسی یەکەم: ناساندنێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان

لەم باسەدا هەوڵ دەدرێ لە میانی دوو خواستدا تیشک بخرێتە سەر ناساندنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان، وەک تاکە یەکەی پێکهێنەری فیدراڵی لە عێراقدا.

#### خواستی یەکەم: ناساندنێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی فیدراڵیزم لە عێراق تا ڕادەیەک کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢١) کە لەو کاتەدا هەرسێ ویلایەتی عوسمانی (بەغداد، بەسرە، موصل) کە شانشینی عێراق بوون، بەشێوەیەکی نیمچە فیدراڵی بەڕێوەدەبران، واتە لەسەر بنەمای ناناوەندییەتی سیاسی، داوتریش دوای کۆتایهاتنی سیستەمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری سیستەمی کۆماری و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە هەموو ئەو قۆناغانەدا نەتوانرا کێشەکانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی کوردیش لەناویدا چارەسەر بکرێت بۆیە ئەم بارودۆخەو چەند هەنگاوێکی تر ڕێگەخۆشکەربوون بۆ عێراق بەرەو فیدراڵی، لەوانەش لە ساڵی ١٩٨٠ کوتلە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق گفتوگۆیان دەکرد لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە عێراق و دواتریش دانان پێی لەچوارچێوەی هاوکێشەی فیدراڵیدا، گرنگتریش لەوە ڕاگەیاندنی فیدراڵی تاکلایەنە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢ زەمینەیەکی لەباریان ڕەخساند بۆ هەنگاونان بەرەو بە فیدراڵی بوونی عێراق[١].

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩، لەلای زۆربەی هێزە عێراقیە ڕێکخراو و نا ڕێکخراوەکان و هێزە دەرەکی و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان)، باوەڕی باو ئەوە بوو، کە پێویستە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر چەند بنەمایەک ببێت، کە بتوانێت کۆی جێکەوتە خراپەکانی دەیان ساڵەی حوکمڕانی دیکاتۆری ناوەندی سەرکوتکەر و ستەمکاری نەتەوەیی و مەزهەبی سارێژ بکات لەم

---

[١] ازاد عثمان، العملية السياسية ومسيرة الفيدرالية في العراق، دار موكرياني للطبع والنشر، مطبعة موكرياني(اربيل)، ٢٠١٣، ص١٦٢.

چوارچێوەیەشدا باشترین بژاردە لای زۆربەی ئەو هێزە ناوخۆیی و دەرکیانە ئەوەبوو کە عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی فرەیی خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراسی پەرلەمانی ناناوەندی بونیاند بنرێتەوە[1].

لە ڕاستیشدا لەو کاتەدا چانسی بونیادنانەوەی عێراق لەسەر ئەم بنەمایانە ئەستەم نەبوو، بەتایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی زۆربەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پێشوو(سوپا، دەزگای ئەمن، وەزارەتی بەرگری و ناوخۆو . . . ) هەربۆیە لە ساڵانی سەرەتادا پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق بەم ئاڕاستەیە بەرێوەدەچوو، بەتایبەت لە ئاستی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی هەردوو حکومەتی کاتی و گواستنەوەدا چەند وەزارەتێکی وەک (مافی مرۆڤ و کاروباری ژینگە) پێکهێنران، لەپاڵ بوژانەوەی دەزگا ناناوەندییە خۆجێییەکان و چالاکبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیای ئازاد، بەشێوەیەک، کە چاوەڕێ دەکرا ئیدی عێراق ئامادەیە بۆ دەربازبوون لە جێکەوتەکانی سێ دەیەی ڕژێمی پێشوو چواردەیەی ڕژێمی پاشایەتی لاواز[2].

لەسەر ئاستی پرۆسەی دەستوریش دوو دەستور هەن، کە بۆ بەیاسایکردنی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و فیدراڵی و پەرلەمانی نوسراون، یەکەمیان یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە (٢٠٠٤/٣/٨)پەسەندکراوە و لە ٢٨ /٢٠٠٤/٦ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لەماددەی٤٤دا هاتووە: (سیستەمی حکومەت لەعێراق کۆماری، فیدراڵی دیموکراتیەو دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاو شارەوانی و ئیدارە خۆجێییەکان دابەشکراوە)، پاشانیش دەستوری هەمیشەیی عێراق، کە لە ساڵی (٢٠٠٥) دەرچوو لەماددەی یەکەمیدا دووپاتی پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی دەکاتەوە. کە دەقی ماددەکە بەم جۆرەیە (کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، سیستەمی حوکم تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراتی فیدراڵیە)[3].

دیارە چەند هۆکارێک هەن کە وایان کرد عێراق فیدراڵی هەلبژێرێت و پیادەی بکات لەوانەش فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و تایفی بەجۆرێک، کە دیاردەی دابەشبوونی مەزهەبیی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگای عێراقیدا لە ئاستێکی بەرزدایەو کاری کردۆتە سەر لایەنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق دوای ڕووخانی ڕێژێمی بەعس دا داشبوونە ئەتنی و نەژادییەکان بەربەستێکی ڕاستەقینەبوون بۆ دیموکراسی عێراق و دورنەبوو ئەم جۆرە ناکۆکیانە ببێتە هۆی گەڕانەوەی بۆ دیکتاتۆری یان شەڕی ناوخۆیی خوێناوی، بۆیە فیدراڵیزم وەک چارەسەرێک بۆ ململانێ ئەتنی و مەزهەبییەکان دەبینراو لە زۆرێک لە وڵاتان فیدراڵیزم یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزکردنی

---

[1] عابد خالد رسول، "ئایندەی بونیادنانەوە عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی"، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ئایار/٢٠٢٠، ل٤٠.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل٤.

[3] المادة(٤)من الدستورالعراقی.

دیموکراسی و ئاسانکردنی ململانێی ئاینی و ئەتنی وەک هندستان و کەنەداو سویسرا، ئەم دۆخی ململانێی سیاسیەی عێراقیش پێویستی بە دروستکردنی سیستەمێک هەبوو، کە ئەم پلورالیزمە دینی و نەتەوەیی و مەزهەبیانە لەخۆبگرێت، کە ئەویش فیدرالێزم بووە[١].

هەروەها هۆکاری ئابوری بەمەبەستی هێشتنەوەی قازانجە ئابورییەکانی عێراق بۆ ڕۆڵەکانی وڵات و بەهێزکردن زیادکردنی ئەو قازانجانە، بەو پێیەی بازرگانی لە عێراق ڕووی لە زیادبوون کردووە وای لێهاتووە، کە زحمەتە و ناکرێ لەڕووی ئابورییەوە هەرێمی کوردستان لەناوچەکانی دیکەی عێراق جیابکرێتەوە، چونکە خەڵکی ئەو هەرێمە لە فرۆشتنی هەندێک جۆری بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکاندا پشتیان بە بەغداو موسڵ دەبەست و لەبەرامبەریشدا دانیشتوانی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لە فرۆشتنی چەند جۆرێکی تر لە بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان پشتیان بە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەبەست و ئەمەش ببووە هۆی دروستبوونی ئابورییەکی تەواوکاری و پتەو لەنێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق[٢].

ئەمە جگە لە هۆکاری جوگرافی و بوونی کلتوری هاوبەش و ژیانێکی دوورودرێژی نەتەوەکانی عێراق بەیەکەوەو هۆکاری سەربازی (بەرگریش) بەو پێیەی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ستراتیژی گرنگ بۆ عێراق پێکدێنێت، بەتایبەتیش لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و ئابوری ستراتیژیدا لە پێناو خۆسەپاندن بەسەر ناوچەکەدا لەنێوان هەریەکە لەعێراق و ئێران و تورکیا، پەیوەندی ئاینی هاوبەش و دەکرێ بوترێ ئیسلام بەهێزترین پەیوەندییە، کە عەرەب و کورد لە عێراق پێکەوە گرێ بدات[٣].

سەبارەت بە بوونی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا ئەوا دەتوانین بڵێین سەبارەت بە تایبەتمەندی هەبوونی دوو ئاست لە حکومەت، تا ئێستا جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ هەرێمی تر لە سایەی دەستوری ٢٠٠٥ دروست نەبووە لە کاتێکدا دەستور بە ڕاشکاوانە مافی بەهەر پارێزگایەک یان زیاتر داوە، کە هەرێم دروست بکەن و ئەمەش وایکردووە، کە تایبەتمەندی بوونی دوو ئاست لە حکومەت لە عێراقدا لەبەردەم گرفتی گەورەدابێ، بەو پێیەی یەک یەکەی پێکهێنەر هەیە، سەبارەت بە تایبەتمەندی هەبوونی دەستوریش ڕاستە دەستوری نووسراو نەگۆڕی هەیەو تا ئێستا بەبێ ڕەزامەندی هەرێم، هیچ هەموارێکی بۆ نەکراوە، بەڵام دوچاری پێشلکاری گەورە بووە لەلایەنی سیاسی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی[٤].

---

[١] نغم محمد صالح، "الفیدرالیة فی الدستور العراقی العام ٢٠٠٥الواقع و الطموح"، مجلة دراسات دولیة، العدد ٤١، ٢٠٠٩، ص٥٢.

[٢] محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٤٩٦.

[٣] وسن حمید رشید، "الفیدرالیة وتطبیقها فی العراق"، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانیة، المجلد ٢٧، العدد٤، ٢٠٠٩، ، ص١٢٣.

[٤] عابد خالد رسول، ئایندەی بونیاتنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

له گرنگترین تایبەتمەندی دەوڵەتی فیدراڵی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و یەکە پێکهێنەرەکان، ڕاستە دەستوری عێراق هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەم دابەشکردنە، بەڵام هەمیشە ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتانە جێگەی مشتومڕو ناکۆکی بووە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانەش کێشەو ناکۆکییەکانی بوودجەو نەوت و گاز و پێشمەرگەو ناوچە جێناکۆکەکان، بەجۆرێک ئەم کێشانە هەتا ئێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و عێراقیان بەرەو لاوازی بردووە[(١)].

تایبەتمەندییەکی تری دەوڵەتی فیدراڵی بریتیە لە بوونی ئەنجومەنی دووەم لە پەرلەمانی فیدراڵیدا، کە بەمیکانیزمێک دادەنرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکان، بەڵام لە عێراقدا تا ئێستا ئەم ئەنجومەنە پێکنەهێنراوە و بوونی نییە، کە ئەمەش کەلێنێکی گەورە لەژیانی دیموکراسی لە عێراق و کەموکوڕی و لاوازی ژیانی یاسادانان لە عێراقدا و گرفتیشە لەبەردەم بونیادێکی ڕاستەقینەی فیدراڵی لە عێراقدا[(٢)].

بوونی دەزگای دادوەری تایبەتمەند بەتایبەتی بوونی دادگای فیدراڵی و ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشەو ناوکۆکییەکانی نێوان ناوەندو هەرێمەکان یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیدا و دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دادگایە هەیەو یەکێک لە تایبەتکارییەکانی ئەم دادگایە بەپێی دەستوری عێراق و ماددەی ٩٣ بریتییە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاو ئیدارە خۆجێیەکان، بەڵام دەبینین کە ئەم ڕۆڵەی دادگای فیدراڵی بەوپێیەی هیچ یەکێک لەدوو ئاستەکەی حکومەت (ناوەندوهەرێم) بۆچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان پەنایان بۆدادگای فیدراڵی نەبردوە، بۆیەزۆربەی کێشەکان لە عێراقدا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو نەتوانراوە چارەسەربکرێن[(٣)].

### خواستی دووەم: ناساندنێک بۆ هەرێمی کوردستان

باشوری کوردستان پێش جەنگی جیهانی یەکەم بریتی بوو لە دەوڵەتی ناسراو بە ویلایەتی موصل، کە سەربەخۆبوو لە ویلایەتەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کاتێک بۆیەکەمجار حکومەتی کاتی عێراق لە ١٩٢٠/١١/٢پێکهێنرا، دانیشتوانی ئەو ویلایەتە کە زۆربەیان کوردبوون بەشدارییان ڕەتکردەوە، بۆیە کۆمسیاری باڵای بەریتانیا (پێرسی کۆکس) بەیاننامەیەکی

---

(١) کوردستان سالم سعید، "اشکالیة توزیع الاختصاصات بین السلطات الاتحادیة وسلطات اقلیم کوردستان"، مجلة جامعة التنمیة البشریة، المجلد ٣، عدد٤، ص٣٤.

(٢) محسن باقر، العراق: مجلس الاتحاد ضرورة دستوریة و حاجة ملحة، تاریخ الزیارة: ٢٠٢١/٤/٣، علی الرابط الاتی: https://www.google.com/url?sa=t&source=web&cd=&ved=2ahUKEwjju9GVyvTwAhU0gf0HHZIMDmYQFjAAegQIGBAC&url=https%3A%2F%2Fwww. raialyoum.

(٣) احمد رسول غزاي، "توزیع الاختصاصات بین السلطات الاتحادیة وسلطات الاقالیم والمحافظات فی الدستور العراقی الدائم ٢٠٠٥"، جامعة القادسیة، کلیه القانون، ٢٠١٨، ص٣٣.

بڵاوکردەوەو تێیدا پێشنیاری کرد بۆ کابینەکەی عێراق، کە چەند ڕێوشوێنێکی ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی باشوری کوردستان بگرێتەبەر، بەجۆرێک ئەم ویلایەتە سەربەخۆ لەناوچەکانی تر عێراق لە کاروباری سیاسی و ئیداری لەژێرسایەی کۆمسیاری باڵای بەریتانیا بێت و نەک حکومەتی عێراق، ئەمەش لەگەڵ فەرمانی (١٦)ی سەرپەرشتی کردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دەگونجا، کە بەوپێیە بەریتانیا ڕاسپێردرابوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بەو شێوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ[١].

لە کانووی یەکەمی ساڵی (١٩٢٢) هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق بەیانێکی هاوبەشیان دەرکردو تێیدا دانیان بە مافی کوردنا لەناو عێراقدا، بەڵام ئەمە لە کرداردا ڕەنگی نەدایەوەو بەردەوامی کێشەی کورد بووە هۆی دروستبوونی کێشەی ویلایەتی موصل، بەپێی هەموو ڕاستیە مێژوویی و جوگرافیەکان دەوڵەتی عێراق بە درێژایی حوکمی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٢١-١٩٥٨) پابەند نەبووە بەو بەڵێنانەی کە بە کوردو ناوچە کوردییەکانی داوە، دوای نەهێشتنی سیستەمی پاشایەتی دامەزراندنی سیستەمێکی کۆماری لەدوای شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) هیوایەکی نویێ بۆ گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی گەڕایەوە، کاتێک دوای دوو هەفتە لەسەرکەوتنی شۆڕش یەکەم دەستوری کاتی لەعێراق لە (٤ی تەمموزی١٩٥٨) داننراو تێیدا بۆیەکەمجار بەشێوەیەکی یاسایی و سیاسی کورد وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە عێراق دانرا، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری (عبدالکریم قاسم) لە ساڵی (١٩٦٣) هەموو ئەو لێدوان و دانپێدانانەی کە بەکورد درابوو لە دەستورو بەڵگەنامە فەرمییەکاندا تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە[٢].

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٨) حیزبی بەعس هاتە سەر حوکم پێویست بوو حیزب چەند ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر سەبارەت بە کێشەی کورد، کە جێگای مەترسی بوو، بەو پێیەی کێشەی بەردەوامی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کورد بووە، بۆیە چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی گرتەبەر، لەوانە دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، کۆمەڵەی زانستی کوری، دانپێدانانی جەژنی نەورۆز، لە ساڵی (١٩٦٩)ش حیزبی بەعسی حاکم لە عێراق چەند بڕیارێکی لە بارەی کوردەوە دەرکرد، لەوانە دانپێدانانی زمانی کوردی[٣].

لە ساڵی (١٩٦٩) چەند قۆناغێک لە دانوستانی دوو قۆڵی لە نێوان ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد تا ئەوکاتەی هەردوولا لە ئازاری (١٩٧٠) گەیشتە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بۆیەکەمجار ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەبوو لەڕووی سیاسی و یاساییەوە چونکە خۆ بەڕێوبەری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بۆ یەکەمجار ڕاگەیەندرا وەک وەڵامێک بۆ

---

[١] شۆڕش حسن عمر، خصائص نظام فیدراڵی، مصدر سابق، ص٨٥.

[٢] المصدرنفسه، ص٨٧

[٣] سعد ناجی جواد، العراق والمسألة الکوردیة ١٩٥٨ -١٩٧٠، دار السلام، لندن، ١٩٩٠. ص١٥٧.

داخوازییەکانی گەلی کورد، بەپێی ڕێککەوتنەکە کە لە (١٥) خاڵ پێکهاتبوو، بڕیار بوو تا ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگەی سەرژمێری گشتییەوە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دیاری بکرێت، بەڵام دوای ناکۆکیەکی زۆر کە لەدوای ڕێککەوتنەکە هاتە ئاراوە بەتایبەت لەبارەی پرسی کەرکوک و چەند بابەتێکی تر، حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ڕیککەوتنامەی جەزائیری لەگەڵ ئێران واژۆ کرد بەمەش کۆتایی بە ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئازار هات[١].

هەموو ئەو بنەما یاسایی و ڕێککەوتنانەی کە لەسەرەوە باسکران، بوون بە زەمینەیەک بۆ بە ڕەسمی ناساندنی دروستبوونی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئەنجامی نزیکەی سێ چارەکە سەدە لە خەبات و قوربانیدان و نەهامەتیەوە بووە، هەروەها یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی جەنگی دووەمی کەنداو (١٩٩٠–١٩٩١)، بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها هاوسەنگی هێزی نەوت لە ناوچەی کەنداودا[٢].

دواتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەشداری کرد بۆ کۆتایهێنان بە داگیرکاری عێراق لە کوێت، لەبەرئەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (٢٠) بڕیاری لەدژی عێراق دەرکرد لەوانەش ڕاگەیاندنی جەنگ لەدژی عێراق بەسەرکردایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانی (٣٣) دەوڵەت لەوانە بەریتانیا و فەرەنساو ئیتالیاو چەندین وڵاتی عەرەبی وەکو میسرو سوریاو دەوڵەتانی کەنداو[٣].

دیارە ڕژێمی پێشووی عێراق وەڵامی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بانگەوازی وڵاتانی جیهانی نەدایەوە، دەربارەی کشانەوەی لە کوێت و دواجار جەنگی نێوان عێراق و هاوپەیمانان لە (١٩٩١/١/١٣) دەستی پێکرد و تا (١٩٩١/٢/٢٨) بەردەوام بوو، دەرئەنجامە بەرچاوەکانی ئەم جەنگەش بریتی بوو لە لاوازبوونی بەرچاوی سوپای عێراق و هێزی سیاسی و ئابوری عێراق و گۆشەگیری نێودەوڵەتی و ئەمەش هەلێکی بەرچاوی بۆ گەلی کورد ڕەخساندو بەهۆیەوە ڕاپەڕین لە کوردستان لە ڕانیە*وە لە ١٩٩١/٣/٥دەستی پێکرد، دژی ڕژێمی پێشووی عێراق و لەماوەی دوو حەفتەدا تەواوی شارە کوردییەکان ئازادکران و دواترینیان کەرکوک بوو لە١٩٩١/٣/٢١ [٤].

لە ڕۆژی ٢٨ی هەمان مانگ و ساڵ ڕژێمی پێشووی عێراق هێرشێکی پێچەوانەی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان دەست پێکرد و بەهۆیەوە کوردەکان ئاوارەی ناوچە سنورییەکانی ئێران و تورکیا بوون، وێنەی کارەساتباری ئەم ڕووداوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێنایە دەنگ و لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی بەمەبەستی پاراستنی کوردەکان دەرکرد، و

---

[١] أحمد علی احمد، مصدر سابق، ص٣٣٣ .

[٢] محمد الطاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٨، ص١٣٢.

[٣] مصطفى الانصاري، العراق والامم المتحدة ١٩٩٠ –١٩٩٧، بنك المعلومات العراقي، ١٩٩٨ ص٣١.

* ڕانیە قەزایەکە سەر بە پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە، ڕانیە(٤) ناحیە لە خۆدەگرێت ئەوانیش (سەرکەپکان، بێتواتە، حاجیاوا، چوارقوڕنە)، بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٥) کۆی گشتی دانیشتوانی ئەم قەزایە (٢٢٢٧٣٠)هەزار کەسە.

[٤] أمجد علی حسین، مصدر سابق، ص١١٧–١١٨.

جێبەجێکردنی ئەم بڕیار نامەیە بووە هۆی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ شارو ناوچەکانی خۆیان، لەو ماوەیەدا چەند جارێک دانوستان لەنێوان ڕژێمی پێشووی عێراق و سەرکردەی پارتە کوردییەکاندا هەبووە، بەڵام ئەم دانوستانانە نەگەیشتونە ئەنجام و ڕژێمی پێشووی عێراق هیچ ئامادەبوونێکی تێدا بەدی نەدەکرا، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی دیموکراسی لە عێراق[١].

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩١/٤/٨وەکو دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩١ی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق و یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان دەرکردو لە(١٩٩٢/٥/١٩) یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق بەڕێوەچوو، هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە یەکێک بوو لە دیموکراسترین هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوکاتەدا، بەڵام لە کەش و هەوایەکی بارگاوی بەلایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کەم و کورتیەوە بەڕێوەچوو و بەشداریکردنی فراوانی هاووڵاتیانیش لەم هەڵبژاردنەدا بەڵگەی ڕەنگدانەوەی کۆتایهێنان بە ڕژێمی سەدام حسێن بوو [٢].

یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/١٠/٤)لە هەولێر کراو( جەوهەر نامیق سالم) بەسەرۆکی پەرلەمان و (محمد تۆفیق رەحیم) بە جێگر هەڵبژێردران و یەکەم کابینەی حکومەتیش لە هەرێمی کوردستان متمانەی پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/٧/٤)بە سەرۆکایەتی (فوئاد مەعسوم) لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و جێگرەکەی (ڕۆژ نوری شاوەیس) لەپارتی دیموکراتی پێ درا بەم شێوەیەش سیما سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو قەواریەکی سیاسی نزیک لەسەربەخۆیی لە عێراق دروستبوو[٣].

لە(١٩٩٢/١٠/٤)پەرلەمانی کوردستان فیدراڵی پەسەندکرد بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ئایندەیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و چەسپاندنی بارودۆخی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەم حاڵەتە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی (٢٠٠٤)و دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دانی پێدانراوە[٤].

سەبارەت بە سیستەمی حوکم لە هەرێمی کوردستان و بەو پێیەی ئەمە لەدەستوردا دیاری دەکرێت و هەرێمی کوردستانیش هێشتا ڕەشنوسی دەستورەکەی پەسەند نەکراوە، بەڵام

---

[١] أمجد علی حسين، مصدر سابق ، ص١١٧.

[٢] ازاد عثمان، دراسات مختارة من أجل السلام والتقدم فی العراق الجديد، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧، ص٥١-٥٢.

[٣] سایتی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەڵبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٤/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەوە:

https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-1/

[٤] محمد هماوەند، مصدر سابق، ص١٨٣.

لەماددەی (١)ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کە سیستەمی سیاسی بریتییە لە پەرلەمانی کۆماری دیموکراتی، بەڵام بە تێڕوانینی لە بڕگەو ماددەکانی تری ئەم دەستورەو بەتایبەت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژداردنی و پەیوەندی ناهاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی سیستەمەکە دووردەکەوێتەوە لە سیستەمی پەرلەمانی[1].

دەستوری عێراق دانی بەهەرێمی کورستاندا ناوە وەک بەشێک لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق و بەپێی دەقی ماددەی (١١٦)ی دەستوری عێراق ((سیستەمی فیدڕاڵی لە کۆماری عێراق پێکدێت لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگاو ئیدارە خۆجێیەکان))، بۆیە هەرێمی کوردستان وەک تاکە یەکەی پێکهێنەری فیدڕاڵی لە عێراق خاوەنی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری خۆیەتی[2]، بەپێی دەستوری عێراق خاوەنی کەسایەتی یاساییە لە سنوری دەوڵەتی عێراق، سەبارەت بە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا بەپێی دەستوری عێراق دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدڕاڵی دیاریکردوەوئەوەی ماوەتەوە هی هەرێمەکانن لەگەڵ بوونی چەند دەسەڵاتێکی هاوبەش کە لەلایەن هەردوو ئاستی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێم کاری پێدەکرێت[3].

شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستوری نییە، بەڵام هەندێ یاسا لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە سروشتێکی دەستورییان هەیەو لەگەڵ هەبوونی دەستوردا دەبێ ئەم یاسایانەش گۆڕانکارییان تێدابکرێ بۆئەوەی لەگەڵ دەستورەکەدا کۆک بن، وەک یاسای ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥) (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق) کە لە (١٠) ماددە پێکهاتووەو لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٧) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوە لەژێر ناوی (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمدا) کە لە پێنج ماددە پێکهاتووە[4].

---

[1] یوسف محمدصادق و ئەوانی تر، کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٥.

[2] شورش حسن عمر، خصائص نظام الفدرالي، مصدر سابق، ص٢٠٩.

[3] احمد ابراهيم، مصدر سابق، ص٢٩٦.

[4] (parliament.krd)

## باسی دووەم: ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.

ئەم باسە لە چوارچێوەی چوار خواستدا تیشک دەخاتە سەر گرنگترین و سەرەکیترین ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و فیدراڵی عێراق هەن کە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

### خواستی یەکەم: کێشەی شوناسی کورد لە عێراقدا

زۆرێک لە وڵاتانی فیدراڵی هاوشێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بەدەست قەیرانی ناسنامەو کێشەی شوناسەوە گرفتارن، لەوانەش ئەفریقا بەهۆی بوونی جیاوازی ئاینی و کلتورییەکان، ناتوانرێت هەست بە ناسنامەیەکی نیشتیمانی بکرێت لەو وڵاتەدا، توێژەران پێیان وایە هەمەجۆری شوناسی ئەفریقی لە ئاین و زمان و کلتوردا سەرچاوەی بەهێزییە لەسەر بنەمای پێشکەوتن و سەقامگیری، بەڵام گرفتەکە لە شکستی سیاسەتەکانی ئەفریقادایە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ئەم هەمەجۆرییەداو حکومەت ناکارایە لە بنیاتنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ژێرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بەهێز بۆ هاوڵاتیان کە ئەمە وادەکات تاک دڵسۆزی هەبێت بۆ نیشتیمان و کەمتر بیر لە جیاوازییە زمانی و نەتەوەیی و کلتورییەکان بکاتەوە[1].

لەعێراقیشدا کێشەی شوناس و ناسنامە یەکێکە لە هەرە کێشە و قەیرانە دیارەکانی عێراق، بەو پێیەی لە عێراقدا چەندین شوناش هەن لە کوردو عەرەبی سونی و عەرەبی شیعی و چەند شوناسێکی تر، کە ئەوان کاریگەریان کەمترە لە سەر پەیکەری سیاسی عێراق، هەریەک لەم شوناسانە بە درێژایی مێژوو بە شێوەیەکی کرداری لە پێناو یەک شوناسی نیشتیمانی یەکگرتوو بە سوودی پەیکەری سیاسی لە عێراق لە هەماهەنگیدا نەبوون، کە ئەمەش لە عێراق خۆی لە مێژووی دامەزراندن و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبینێتەوە، کە پرۆسەیەکی مێژووی تێنەپەڕاندوەو گەلانی عێراق و لێک نزیکبوونەوەو بەستنەوەی ئەم میللەتانە مەبەستێکی سیاسی هەبووە نەک بەهۆی مێژوو، زمان، نەژاد، میراتی هاوبەش، فەرهەنگ، بەرژەوەندی هاوبەش یەکیان گرتبێ[2].

گومان لەوەدانییە کە یەکێک لەگرگترین ئەو پاڵنەرانەی بووە هۆی قوڵبوونەوەی قەیران و کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراقدا قەیرانی متمانەو نادڵنیایی و ناکۆکی بوو لەنێوان پارت و کوتلە سیاسیەکان و سەرکردەکانی حکومەت، ئەم دیاردەیەش ڕەگەکێکی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ

---

[1] ادمام بمبا، صراع الهوية فى افريقيا، التأريخ راجع بين القبيلة و الدولهة، تأريخ الزياترة:٢٠٢١/٤/١٩ على الرابط الاتى

:https://bit.ly/3j18kPz.

[2] ئاودێر جەمیل، کاریگەری شوناس لە پەیکەری سیاسی عێراقدا، توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٧.

سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق نەک بەرهەمی سەردەمی ئێستا بێت، ونکە ناکۆکیە ئیتنی تائیفیەکان، کە بەربەستیان لەبەردەم ناسنامەی نەتەوەییدا دروستکردوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکار[١]

کێشەکانی عێراق زۆرن و یەکێ لە بەرچاوترین کێشەکانیش کێشەی ململانێی تائیفی و ئیتنیکە، کە ئەمەش دەرئەنجامی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی فاشی لەساڵی (٢٠٠٣)یان بەرهەمی نەوەی ئێستا نییە، بەڵکو بەرهەمی مێژوو جوگرافیاو کێشەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقە بە درێژایی سەدە، لە ئێستادا گەلی عێراق، گیرۆدەی ململانێی تایفەگەری (سوننەو شیعە) و ناسیۆنالیستی (عەرەب و کورد و تورکمان) کە فۆڕمی جیاوازی وەرگرتوەو، کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری[٢]. پەیوەندی نێوان نوخبە سیاسیەکانی عێراق بە قەیرانی بێ متمانەییدا گوزەر دەکات و هەموان سەرقاڵی بەشکردنی پۆستە سیاسیەکانن لەسەر حسابی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان، نوخبە لە عێراقدا هەڵگری ڕوحێکی نەتەوەیی نییەو تەنیا وەک نوخبەی پێکهاتەکانی خۆیان ڕەفتاریان کردوە تەنیا داکۆکی لە مافەکانی نوخبەی خۆیان دەکەن، بەجۆرێک نوخبەی شیعە، داکۆکی تەنیا لە مافەکانی شیعە دەکات و نوخبەی سوننەش تەنیا بەرگری لە بەرژەوەندی سوننە دەکات و جێگای سەرنجیشە کە ئەم بەرگرییە پێچەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەییەو بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی[٣].

گومانی تێدانییە، کە مێژووی دەوڵەتی عێراق لە مێژە پڕبووە لە پێکدادان و کودەتای سەربازی، کە قەیرانی متمانەو ناکۆکی و نەبوونی زەمینەی گونجاوی قوڵتر کردۆتەوە بۆ ڕێگەدان بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەو دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی شوناسی نەتەوەیی، کەواتە لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە ئایا چۆن شوناسی نەتەوەیی لە غیابی ژینگەیەکی سیاسی جێگیردا و بێ بوونی سیستەمی دامەزراوەیی بێ لایەن دروست دەبێت؟[٤]

سەبارەت بە کێشەی کورد زیادەڕۆنییە بڵێین تا ساڵی (١٩٩١ز) کێشەی کورد لە عێراقدا گەورەترین کێشەی عێراق بووە و تا ئەمڕۆش هەر بە کێشەیەکی سەرەکی ماوەتەوە، کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن زمان و خاک و کلتوری خۆی هەوڵی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی خۆی دەدات لە دەوڵەتی عەرەبی دا، کێشەی شوناس ئەوکاتە سەرهەڵدەدات، کە شوناسی نەتەوەیی سەرکوت بکرێت، ئاشکرایە کە مێژووی سیاسی عێراق خاڵی نییە لە کوشتاری بە

---

[١] أيوب محمد طيب، ماهية الهوية الوطنية و تحياتها (تحديات الهوية الوطنية العراقية نموذجا)، بحث، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى :

[التحديات التي تواجه الهوية الوطنية العراقية (iasj.net)]

[٢] أيوب محمد طيب .

[٣] رشيد عمارة، النخب السياسية العراقية و دورها فى السلم الاهلى، مجلة كلية للعلوم القانونية والسياسية، تصدرها جامعة كركوك، العدد ١٢، ٢٠١٥، ص٣١ .

[٤] أيوب محمد طيب، مصدر سابق .

کۆمەڵ، سەرکوتکردنی بە کۆمەڵ، جینۆساید، لەبەرئەوە بیروبۆچوونی کورد لە عێراقدا بە ئاڕاستەی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی کوردی بووەو هیچ کاتێک رازی نەبوون بە دەوڵەتی خاوەن شوناسی عەرەبی، ئەمەش وای خواستوە، کوردەکان بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق لە هەوڵی خودموختاری و مافی چارەی خۆنووسیندا بن[1].

پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی عێراق لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی نایەکسان لە پێکهاتەکان دابەشکرا، بەجۆرێک لە ساڵی(١٩٢٠–١٩٥٨) نزیکی (٦٠٪)کاربەدەستانی سیاسی لە عێراق لە عەرەبی سونی، (٢٥٪) عەرەبی شیعی، (١٥٪)لە کورد پێکهاتبوو، ئەم بارودۆخە لە سوپاشدا بەهەمان شێوە بوو، کە ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵانی دوای خۆی بە تێڕوانینی کوردەکان کەمتربوو، ئەمەش وایکرد کوردەکان هەست بە نایەکسانی و پەراوێزخستن بکەن. هەروەها ڕەفتارو مامەڵەی سیستەمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ شوناسی کورد و دانیشتوانەکەی ڕەفتارێکی تەندروست نەبووە، کە خۆی لە سەرکوتکردن و جوڵانەوەی سەربازی دژی ئەم پێکهاتەیە بینیوەتەوەو کار گەیشتوە بە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆساید، کۆچی بە زۆرەملێ، هەربۆیە دەکرێت بگوترێت ئەمانە خاڵی سۆزبوون کەوا شوناسی کوردی هەنگاوی کرداری نەبێت بۆ شوناسی عێراق یان دەوڵەتی نیشتمانی، تەنها لە ئاستی شوناسنامەیەکی سادە تێپەڕی نەکردووە[2].

لە ساڵی (١٩٩١ز) دەستپێکردنی گەردەلولی بیابان بەرامبەر سیستەمی عێراقی پێشوو لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانان و دواتر لە ئەنجامدا دروستبوونی هەرێمێکی کوردی وەک واقیعێکی دیفاکتۆ لەژێر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەلێکی باش بوو بۆ زیندوکردنەوەی شوناس و فەرهەنگی کوردی و دامەزراندنی کیانی سیاسی و پەرلەمانی، سەرەڕای بوونی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ، بەڵام دەستپێکی مێژوویەکی نوێ بوو لە پرۆسەی ساسی کوردەکان کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە عێراقدا، تێی کەوتبوون، کە بۆماوەی زیاتر لە یەک دەیە توانیان جیا لە عێراق لەژێر چەتری سیستەم و ڕێسای نێودەوڵەتی حوکمڕانی خۆیان بکەن، هاوکات دورکەوتنەوە لە شوناسی عێراقی بەشێوەیەکی کرداری لەو ماوەیەدا تا ڕووخانی سیستەمی سیاسی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣ز)[3].

ئازادکردنی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (٢٠٠٣ز) بۆ کوردەکان بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرا، بەهۆی ئەوەی کوردەکان لەلایەک هەستیان بەوە دەکرد، کە ڕژێمێک کە دەستی هەبوو لە پاکتاوی نەژادی و بەعەرەبکردنی ناوچەکانیان لەناوچووە، لەلایەکی تر توانیان ئەو حکومڕانیەی لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی١٩٩١ بەدەستیان هێنابوو لە سیستەمی تازەی عێراقدا

---

[1] سعد ناجی، أكراد العراق و أزمة الهوية، البحث، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى:
https://www.aljazeera.net/amp/2004/10/03/أكراد-العراق-وأزمة-الهوية.

[2] ئاودێر جەمیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[3] سعد ناجی، مصدر سابق.

بیچەسپێنن، و بەدەستوری بکەن هەرچەندە ڕێککەوتن لەسەر دەستوری عێراق بۆ کوردەکان کارێکی ئاسان نەبوو پڕ کێشمەکێشم و ململانێی بوو، بەتایبەت سەبارەت بەوەی کە عێراق چ شوناسێکی دەبێ و کوردەکان ئامادەنەبوون بچنە ژێر شوناسێک لەژێر ناوی گەلی عەرەبی بەو واتایەی ئەوان بەشێک بن لە گەلانی عەرەبی ناوچەکە، لەلایەکی تریش کێشەی سنوری هەرێم و بەڕێوەبردنی و سەرەڕای چەندین ناکۆکی تر دواجار لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستوری نوێی عێراق چەسپێنراو کوردەکان توانیان زمان و حوکمڕانی بەدەستهاتووی خۆیان لە عێراقی نوێدا بچەسپێنن[١].

ناکۆکییەکانی دوای (٢٠٠٣)و پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەکراوەیی مانەوەو شوناسە جۆراو جۆرەکانی عێراق بۆ مانەوەو زیندوکردنەوەو پاراستنی شوناسی خۆیان لە عێراقی نوێدا تێکۆشاون، هەرچەندە لە دەستوری عێراقدا باسی پاراستنی مافی کەمینەکان و سود وەرگرتن لە زمان و کلتوری خۆیان کراوە، بەڵام دەکرێت بگوترێت لەڕووی کردارییەوە نەتوانراوە کار بۆ زەمینەیەک بۆ لەیەک نزیکبوونەوەی عێراقییەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بکرێ، شایەنی باسە ناکۆکیەکانی عێراقی دوای سەدام لەگەڵ هەرێمی کوردستان خۆی لە بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان و پرسی نەوت و گازو پشکی کورد لەبودجەی فیدراڵی و پێشمەرگەدا دەبینێتەوە ئەمانە پرس گەلێکن، کە تائێستا چارەسەر نەکراون، کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر یەکێتی عێراق و شوناس و سەقامگیرییەکەی[٢].

دەتوانین بڵێین کە عێراق تاکە وڵاتی دنیا نییە، کە بەدەست دابەشبوون و جیاوازی بەهاو ئینتیما و فرەچەشنی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ململانێی ئەتنیەوە گرفتارە، و دەبێ لەڕێگای دەوڵەتی دامەزراوەیی و دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکرێت و چیتر ئەم کێشانە نەبنە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانکاری و گەشەکردنی عێراق و خۆشگوزەرانی و بنیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و یاسایی لە عێراقدا[٣].

## خواستی دووەم: بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان

دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکان، ئاماژەیە بۆ بەشێک لە خاک، یان خاکێکی دیاریکراو، کە ناکۆکی لەسەر خاوەندارێتیەکەی یان سەروەرییەکەی لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر هەیە. واتە زیاتر لەلایەنێک هەیە کە داوای مافی یاسایی خۆی دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی، نمونەی ناکۆکی

---

[١] الموسوعة الجزائية للدراسات السياسية والاستراتيجية، قراءة فی أشكالية الهوية الوطنيه العراقية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتی:

https://www.politics-dz.com/ /قراءة-في-إشكالية-الهوية-الوطنية-العرا/

[٢] ئاودێر جەمیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

[٣] الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية والاستراتيجية، مصدر سابق.

نێوان ئیسرائیل و سوریا لەسەر بەرزاییەکانی جولان، دورگەکانی(طنب الکبری و طنب الصغری و اوب موسی) لەنێوان ئێران وئیمارات[١].

بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان یا کێشەی سنورو جوگرافیا، لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە کێشە هەر سەرەکیەکان، کە نە لەیاسای بەڕێوەبردن دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو نە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا سەرنج و چاودێری پێویستی لەسەر نەبووەوکەمتەرخەمیەکە لەئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی یاسادانەوە هەنگاوی باشی بڕیوە ئەم بابەتە، هەروەها لەلایەن هەرسێ لە حکومەتەکانی ناوەندی عێراقەوە (کاتی و گواستنەوەو هەمیشەیی) فەرامۆشکراوە. سەرەڕای ئەوەی، کە چارەسەرکردنی ئەم بابەتە زۆر پێویستییە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی هاوبەش لەسەر بنەمای یەکێتی ئارەزوومەندانەو بەدیهێنانی چارەسەرێکی یەکجاری و بەجێ بۆ مەسەلەی کورد لەعێراق[٢].

لە یاسای بەڕێوەبردن دەوڵەتی عێراق (٢٠٠٤) بەپێی ماددەی (٥٨) ئەم یاسایە، کەرکوک تایبەتمەندی پێ دراوەو بەتەنها ناوی هێنراوە، وەک بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکان، ناوی ناوچەکانی دیکە نەهاتووە. بەپێی برگەی (ج) لەم مادەیە یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بە کەرکوکیشەوە دوادەخرێت، تا ئەوکاتەی پرۆسەی سەرژمێریکردن و جێگیرکردنی ناوچەکان تەواو دەکرێت و دەستوری هەمیشەیی پەسەند دەکرێت هەر لەهەمان ماددەش هاتووە، کە پێویستە ئەو یەکلاکردنەوە لەگەڵ بنەماکانی دادوەری کۆک بێت و ویستی دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕەچاو بکرێت[٣].

لە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)یشدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان تەنها یەک ماددەی دەستوری بۆ دیاریکراوە، کە ئەویش بریتییە لەماددەی (١٤٠)، کە دەقەکەی بریتییە لەوەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکار هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردن و ڕاپەڕاندنی پێداویستییەکانی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردن عێراق، قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری و پاشان ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر ئەنجامی بدرێت و ئەویش لە ماوەیەکدا، کە دوا وادەی ٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧)ە[٤]. بەپێی نوسراوەکانی لیژنەی ماددەی (١٤٠) ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بریتین لە (هەموو پارێزگای کەرکوک، قەزای خانەقین لە پارێزگای دیالە، قەزای بەلەدروز، قەزای بەدرە لە پارێزگای واست،

---

[١] یوسف محمدصادق وئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩.

[٢] أزاد عثمان، المصدرصابق، ص٦٥.

[٣] فەرید أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٥٥١ .

[٤] لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکوک، و: (ئومێد عوسمان)، خانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٢٥.

قەزای دوزخورماتوو، قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر، قەزای شنگال، قەزای تەلعەفەر، قەزای تەلکێف، قەزای شێخان، قەزای حمدانیە، ناحیەی قحتانیە[1].

دیارە هەنگاوەکانی ماددەی (١٤٠) و خودی مادەکە، تائێستا نەک هەر نەتوانراوە تەواوی هەنگاوەکانی جێبەجێبکرێت، بەڵکو تەنانەت کارەکانی هەنگاوی یەکەم، تەنها کەمێکیان تەواو کردوە، کارەکانی هەنگاوی یەکەم هێندە قورس و ئاستەم بوون، کە نەک لەماوەی دیاریکراودا (٢٠٠٧/١٢/٣١ )جێبەجێنەکراون، بەڵکو داوی تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر ئەو ماوەیەدا زیاتر لە جاران ئاسۆی جێبەجێکردنی لێڵە. ئەوەی کە لە ئێستاشدا زیاتر ئاسۆی چارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لێڵتر کردووە، ئەو بەر ئەنجامانەن، لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە یەکلایەنەکەی هەرێمی کوردستان لە کەرکوک و ناوچەکانی تر هاتوونەتە کایەوە [2].

کێشە هونەرییەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بریتین لە:[3]

١- تایبەت بە پارێزگای کەرکوک، ئاماژە بەوە نەکراوە، کە پرسیاری ڕاپرسیەکە چۆن دەبێت، ئایا تەنها دەنوسرێت: دەتەوێت پارێزگای کەرکوک بچێتە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟، یان لەسەر حکومەتی ناوەندی بمێنێتەوە؟ یان ئەو پرسیارەی بۆ زیادبکرێت، کەرکوک ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی؟.

٢- سەبارەت بە هەموو ناوچەکان، ئاماژە بەوە نەکراوە، لەسەر چ ئاستێکی کارگێڕی ئەنجام دەدرێت.

٣- هەندێک قەزا بەشێک لە ناحیەکانی دەکەوێتە سنوری ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە، واتە پێش(٢٠٠٣/٣/١٩ )لەژێر دەسەلاتی هەرێمدا بووە، بەلام بەشەکەی تری لەژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی و دەکەوێتە ناوچە جێناکۆکەکانەوە تا ئێستا ئەوە یەکلانەبۆتەوە، ئایا سنوری ئەو یەکە کارگێڕیانە یەک دەخرێنەوە، ئەمجار ڕاپرسی دەکرێت یان دەستکاری ئەو سنورانە ناکرێت.

دیارە لە تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا ناوچە جێناکۆکەکان ئەوانەن کە قۆناغەکانی ماددەی (١٤٠)دەیانگرێتەوە، بریتین لەو ناوچانەی، کە دووچاری تاوان و کردەوە خراپەکانی ڕژێمی پێشوو بوون، کە بریتی بوون لە گۆڕینی دیمۆگرافی و گۆڕینی دۆخی دانیشتوان لەڕێی ڕاگواستن و دەرکردن و کۆچکردنی زۆرەملێ، ئەم دیدەی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ ناوچە جێناکۆکەکان زۆر فراوانەو مەبەستیشی لە فراوانکردنی سنوری ناوچە جێناکۆکەکان بۆئەوەیە ئەرکی زیاتر

---

[1] یوسف محمد صادق و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

[2] ئومێد رەفیق فتاح و ئەوانی تر، ئایندەی کەرکوک لە نێوان هەولێرو بەغدا؟ پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسی لە کۆلێژی یاساو رامیاری، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٥٠.

[3] یوسف محمد صادق و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.

بکەویتە ئەستۆی لیژنەی جێ بەجێکردنی مادەی (١٤٠)و خایاندنی کاتی زیاتر بە پرۆسەکانی مادەکە و هاوکات خەرجی زیاتر لەوەی پێویستە بێت، کە بۆی تەرخانکراوە. هەموو ئەمەش لەپێناو شکستپێهێنانی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکە بووە[١].

سەبارەت بە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی مافی مێژوویی خۆیەوە، دەڕوانێتە ڕەوایەتی مافی داواکردنی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەری ناکۆکە، بەڵام بەڵگەکانی بۆ دیاریکردنی سنوری ئەم ناوچانە زۆر توندوتۆڵ نین. لە ڕاستیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی گەورەی پێوەدیارە لەم بوارەدا، وێڕای ئەوەی کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە چەند دامەزراوەیەکی بۆ کاروباری ناوچە جێناکۆکەکان دروست کردوە، لەوانە: وەزارەتی کاروباری ناوچە دابڕێنراوەکان، کە دواتر گۆڕدرا بە دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەر، بەڵام هێشتا هەولێکی جدی ئەوتۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم وەزارەت و دامەزراوانەشەوە نیە بۆ دیاریکردنی سنوری کارگێڕی و جوگرافی ناوچە جێناکۆکەکان[٢].

هەردوو ئاستی حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان لەهەمبەر چارەسەرکردنی ئەم پرسە چەندین گفتوگۆو دانوستانیان ئەنجامداوەو هیچ کامییان سەرکەوتوو نەبوون و شکستیان هێناوە. پێش ساڵی ٢٠١٧ و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە شێوەیەکی ئەمری واقیع و بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە کورد باڵادەست بووە، بەڵام لە پاش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزە عێراقییەکان دەستیان بەسەر کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکاندا گرت، ڕەوشێکی نوێ هاتەکایەوە، عەرەبە هاوردەکان توانیان بگەڕێنەوەو بەمەشە جارێکی دیکە کێشە لەنێوان پێکهاتە ڕەسەن و هاوردەکراوەکان سەریان هەڵدایەوە. بەتایبەت لەسەر کێشەی زەوی و زار و کوردەکانیش ئیدارەی کەرکوک و حکومەتی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە دەیانەوێت کەرکوک بگەڕێتەوە پێش ساڵی (٢٠٠٣ )بۆیە لە ئێستادا کورد دەسەلاتی سیاسی، سەربازی و کارگێڕی ناوچەکەی لەدەستداوەو پێکهاتەی کورد لەناوچە جێناکۆکەکان خۆیان بەبێ پشت و پەنا دەزانن[٣].

بەسەرنجدان لە نەبوونی ئیرادە لای حکومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و پەرش و بڵاوی لایەنە کوردییەکان و نەبوونی یەک گوتاریان و کەمتەرخەمیان لە ئاستی ئەم کێشەیەدا، باڵادەستبوونی سەربازی حکومەتی عێراق لەناوچە جێناکۆکەکان پاش ڕیفراندۆم، ئەمە سەرەڕای

---

[١] عابد خالید رسول، تێڕوانییە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٤/٢٩، وەرگیراوە لەم پێگەیە: https://drawmedia. net/page_detail?smart-id=6698

[٢] عابد خالید رسول، تێڕوانییە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] عەدنان ئەحمەد، کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان پێکەوە ژیان و پێکداداندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٣، ٢٠٢٠ سلێمانی، ل٩٩.

دەستێوەردانە هەرێمییەکان لە دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان و بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو ناوچانەدا، چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و لەناویشدا جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق لەم قۆناغەدا دوور دەنوێنێ[١].

**خواستی سێیەم: سەرچاوەسروشتییەکان وبابەتی دارایی**

یەکێکی تر لە بابەتەکان کە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا جێگای مشتومڕو ناکۆکی زۆرە پەیوەستە بە لایەنی داراییەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لەناکۆکی لەسەر سەرچاوە سروشتیەکانی داهات وەکو نەوت و گاز، کێشەکەش پەیوەستە بە خاوەندارییەتی ئەم سامانە سروشتیانە بەوەی کە ئایا لەسەر حکومەتی فیدراڵیە یان بۆ یەکە فیدراڵیەکانە، لەهەردوو بارەکەشدا مشتومڕ دروست دەبێت لەسەر ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە سروشتیانەو چۆنیەتی دابەشکردنیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، چونکە نادادپەروەری لە بوون و دابەشکردنی ئەم سەرچاوە سروشتیانە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر، مانەوەو سەقامگیری یەکێتیەکە، بۆ نموونە جیابوونەوەی هەرێمی (بیاڤرا) لە نێجیریا لە ساڵی (١٩٦٧ز) کە زۆرینەی کێڵگە نەوتیەکانی نێجیریای تێدابوو[٢].

پەیوەندییە داراییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق وەکو کۆی پەیوەندییەکانی تر لە دۆخێکی ناتەندروست و ناسەقامگیرو نەگونجاو دان، لەگەڵ پرەنسیپەکانی فیدراڵییەتی دارایی، پرسی دابەشکردنی داهاتە جۆراوجۆرەکان و چۆنیەتی بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە پێکهێنانی ئەو داهاتانە، یەکێکە لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکان، ئەمەش گرێکوێرەیەکی گەورەو تەواوی لق و پۆپەکانی کێشەی پەیوەندییە داراییەکانی لێ بۆتەوە، سەرەکیترینیان بریتین: لە نەناردنی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە و ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە فیدراڵییەکان لەلایەن هەرێمەوە، بۆیە لەم خواستدا لە چوارچێوەی دوو لقدا ناکۆکی و کێشەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر نەوت و گازو بودجە دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم: ناکۆکیەکانی پەیوەست بە سەرچاوەسروشتییەکان( نەوت و گاز):**

یەکێک لە ئاڵۆزترین وسەخترین ئەو کێشانەی کە لەدوای ساڵی(٢٠٠٣)ەوە عێراق و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕووبەڕوویان بۆتەوەو دەبێتەوە کێشەی بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانە بەگشتی و کێشەی دۆسیەی نەوت و گازە بەتایبەتی. دیارە ئەم دۆسیە گرنگییەکی زۆر لەسەر ئاستی نیشتیمانی هەڵدەگرێت و ئاستەنگێکی گەورەش لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دادەنی. بەهۆی بەردەوامی و ڕیشەداری ئەم کێشەیە

---

[١] ئازاد وەڵەدبەگی، ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان عێراق وهەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٤/٢٩، وەرگیراوە لەم پێگەیە:
http://www. penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1619-2019-06-03-18-51-14.

[٢] عبدالفتاح عبدالرزاق محمود و سوران علی حسن، اللاتماثل بین الوحدات المکونة للدولة الفدرالیهة و تأثیره علی النموذج الفدارلی العراقی، بحث، مجلة جامعة دهوک، المجلد (٢٣)، عدد(١)، العلوم الانسانیة والاجتماعیه، ٢٠٢٠، ص٩.

لە نێوان حکومەتی ناوەندی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، ئەمەش بەهۆی دژەبۆچوونی یاسایی و سیاسی و سەیرکردن و خوێندنەوەی دەستوری عێراقی فیدراڵی پەیوەست بەم دۆسیەیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، لەلایەن هەریەکە لەناوەندو هەرێم[1].

دیارە عێراق خاوەنی پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لەجیهاندا، لەناو دەوڵەتانی عەرەبیشدا لەپلەی دووەمدایە، بە جۆرێک بەسرە خاوەنی (٥٩٪ )ی یەدەگی نەوتە لە عێراق و هەردوو پارێزگای میسان و زیقاریش، پێکەوە خاوەنی نزیکەی (١٢٪)ن، کەرکوکیش نزیکەی لە (١٢٪)ی هەیە لەیەدەگی نەوت، پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش خاوەنی نزیکەی لە (١٧٪)ی یەدەگی نەوتن، لەم ڕێژەیە نزیکەی (٧١)کێلگە هەیە, کە تەنها (٢٤) کێلگەیان وەبەرهێنانیان تێدا کراوەو ئەو (٤٧)کێڵگە بەرهەم نەهاتوانەش ,(١٠)کێڵگەی گەورەیان لەخۆگرتووە[2].

ئەگەر وردتر لەسەر هەرێمی کوردستان بوەستین، بەو پێەیەی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لە هەرێمە هەرە بە بەهاکانی هایدرۆکاربۆنی جیهان بەهۆی بوونی یەدەگێکی گەورە لەسەرچاوەکانی نەوت و گاز، بەجۆرێک بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرێم خاوەنی یەک لەسەر سێی یەدەگی عێراقە کەدەکاتە (١٤٩ملیار م٣/)، بەڵام ئەوە دیارنییە، کە ئایا ئەم ڕێژەیە بەناوچە جێناکۆکەکانەوەیە یان نا؟ دیارە دژیەکی هەیە سەبارەت بە ژمارەی یەدەگی نەوت لەهەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی ڕوپێویەکی جیۆلۆجی ئەمریکی ساڵی (٢٠٠٠) ئەنجامدراوەو تیایدا سەرچاوەی نەدۆزراوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە (٤١) ملیار بەرمیل نەوت و (٥٤) تریلیۆن مەتر سێجا لە گازی سروشتی مەزەندە کراوە[3].

سەرەتای ناکۆکییەکانی نێوان ناوەندو هەرێم بریتییە لە کاریگەری ناکۆکییە دەستوری و یاساییەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی بەگشتی و وەبەرهێنانی سامانی نەوت بەتایبەتی ماددەکانی (١١١) و (١١٢) لەدەستوری عێراق تایبەتن بەم دۆسیەیەو دەقەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ماددەی (١١١): نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لەهەموو هەرێم و پارێزگاکاندا.

ماددەی (١١٢) پێک دێت لە:

یەکەم: حکومەتی فیدراڵی هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستادا، لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکاندا بەمەرجێ داهاتەکانی بەشێوەیەکی

---

[1] صدام فيصل كوكز المحمدي، "اشكاليات إدارة ملف النفط الخام بين الحكومة اللاتحادية وحكومة كردستان العراق دراسة في ظل دستور ٢٠٠٥م النافذ"، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الاسلامية، العراق، ٢٠٢٠" ص٩.

[2] وحيد علي عبدي، مصدر سابق، ص١٤٥.

[3] وحيد انعام الكاكائي، جيوسياسة النفط والغاز في اقليم كردستان العراق و الفواعل الاقليمية والدولية، تاريخ الزيارة :٢٠٢١/٤/٣٠ على الرابط الاتي:
https://portal.arid.my/Publications/6e75af02-7f62-4c6d-8778-3c215ea66565.pdf

دادپەروەرانە دابەش بکرێت، بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لەهەموو ناوچەکانی وڵاتداو لەگەڵ دیاریکردنی بەشێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمە زیان لێکەوتووەکان کە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە بەشێوەیەکی بێ دادی بێبەشکراون و زیانیان لێکەوتووە دوای ئەوە، بەجۆرێک پەرەپێدانی هاوسەنگی بۆ هەموو ناوچە جیاجیاکانی وڵات دابینبکات و ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت. دووەم: حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە نەخشە کێشان بۆ ستراتیژییە پێویستەکان بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و گاز بەجۆرێک زۆرترین سود بۆ گەلی عێراق بەدیبێنت بە پشت بەستن بە نوێترین تەکنەلۆژیاو پرەنسیپەکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان[١].

دەکرێت دوو قۆناغی گرنگ لە ئیدارەدانی دۆسیەی نەوت وگاز جیابکرێتەوە، قۆناغی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٣ دەست پێدەکات و تایبەت کاتی دەرچوونی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥، لەم قۆناغەدا سیاسەتی هەرێم بەجۆرێک بوو، کە دەیانوت ماددەی (١١٠) لەدەستوری عێراق تایبەتە بە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی فیدراڵی بێ گوێدانە لێکەوتەکانی ماددەکانی (١١١) و (١١٢)، بۆیە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوتیان بە مافی خۆیان دەزانی، قۆناغی دووەمی ناکۆکی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و دەرکردنی یاسای ناوت و گازە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەبێ ڕاوێژکردن بە حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و بە بەکارهێنانی هەردوو ماددەکانی (١١١)و (١١٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازو بەرهەمهێنانی لە کەرتی نەوت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی، لەکاتێکدا کە حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا ئەم یاسایەی بە نادەستوری لەقەڵم دەدات، چونکە پێی وایە ناکۆکە لەگەڵ ماددەی (١١١)ی دەستوری عێراق کە بە گوێرەی ئەو ماددەیە پێویستە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت بەهاوبەشی هەرێم و پارێزگاکانی بێ لەگەڵ حکومەتی عێراق[٢].

لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕوانگەیەکی تر دەستور دەخوێنێتەوە و گوزارشتی لێدەکات، کە بەگوێرەی ماددەی (١١٢)ی دەستوری عێراق و یاسای نەوت و گازی هەرێم بە مافی خۆی دەزانێ، کە پرۆسەی نەوتی هەرێم بەڕێوەببات بە تایبەت لەو کێڵگانەی کە لەم دواییانە دۆزرانەوە، شایەنی باسە بەهۆی نەبوونی توانای دارایی هەرێم بۆ دابینکردنی تێچووی گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنان، وایان کرد کە هەرێم بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیاکان پشت بە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەم ببەستێت، کە بۆ کۆمپانیاکان لەیەک کاتدا ڕیسک و قازانجی زیاتری

---

[١] يوسف محمد صادق، المتغيرات المؤثرة فى الواقع السياسي لاقليم كردستان العراق، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية القانون و السياسة، جامعة السليمانية، ٢٠١٤، ص١٢٨.

[٢] صدام فيصل كوكز المحمدي، مصدر سابق، ص ص ٤-٥.

هەیەو بۆ هەرێم کەمتر، رێگری بەغداش لەم پرۆسەیەدا هۆکارێکی ترە، کە هەرێم بۆ ساغکردنەوەی نەوتەکەی لە بازاڕ ناچاربێت بەکەمتر بیفرۆشێت[١].

دیارە سەبارەت بە جۆری گرێبەستەکانی نەوتیش کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان ئەنجامی داون، حکومەتی فیدراڵی ناڕەزایی هەیە سەبارەت بە دەستوری بوونی ئەو جۆرە گرێبەستانە ئەو ناڕوونیەی لەبارەی داهاتەکانیانەوە و جیاوازیان لەگەڵ ئەو گرێبەستانەی کە لەعێراقدا هەن بەو پێیەی گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق لە جۆری خزمەتگوزارین و حکومەتی فیدراڵی پێی وایە، کە حکومەتی هەرێم نەوت وگازەکەی بە قاچاغ بۆ وڵاتانی دراوسێ دەبات و لەکاتێکدا دەسەڵاتەکانی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان و خستنەگەڕو بەبازاڕکردنی و هەناردەکردنی پەیوەستە بە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە، دواجار سەرەڕای ڕیگرییەکان لە ساڵی(٢٠١٣) ەوە هەرێم دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان بێ گەڕانەوە بۆ بەغداو تاکلایەنە ئەم پرۆسەیەی گرتەبەر، لە دەرئەنجامیشدا لە ساڵی (٢٠١٤) حکومەتی ناوەندی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی[٢].

یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە ساڵی (٢٠٠٥ز)ەوە لەگەڵ دەرکردنی دەستور بڕیاربووە دەربکرێت، بەڵام تائێستا هیچ یەکی لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق نەیانتوانیوە ئەم یاسایە دەربچێنن، بە فەرمی لە مانگی ئازاری ساڵی (٢٠٠٧ز)حکومەتی عێراق پرۆژە یاسای نەوت و گازی ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، ئەمەش دوای دەرچوونی ڕەشنووسی یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەکۆی دەنگ لە بەرواری (٢٠٠٧/٢/١٥ز) لەگەڵ بوونی چوار پاشکۆ، بەڵام لە ماوەی (٥١) ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ململانێ سیاسیەکانەوە تا ئێستا نەتوانراوە دەنگی لەسەر بدرێت، سەرەڕای ئەوەی چەندین جار گۆڕانکاری لە ڕەشنوسەکەیدا کراوەو گفتوگۆو دانوستانی لەبارەوە کراوە[٣].

پەیوەست بە ڕای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، لەبەرواری ٢٠٠٧/٤/١٨(ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکانی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنوسی ئەو پرۆژە یاسایەی ڕەتکردەوە ئەمەش پێش کۆتاییهاتنی ئەو ماوەیە بوو، کە دانرابوو بەمەبەستی گەیشتنە یاداشتێکی لەیەک تێگەیشتن لەنێوان هەرێم و ناوەند، دواتریش لە بەرواری ٢٠٠٧/٤/٢٧(ئاشتی هەورامی) بەیانێکی بە زمانی ئینگلیزی لە پێگەی ڕەسمی حکومەتی

---

[١] جیهانگیر سدیق، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم وبەغدا (هۆکارەکانی ناسازی، سیناریۆ ئایندەییەکانی)، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٨)، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠.

[٢] صدام فیصل کوکز المجمدي، مصدر سابق، ص٢٣.

[3] https://gov.krd/mnr/?fbclid=IwAR2Di7CgeCiT9YL-G9Q6JQdRRglnlGQzBfvAC7Lupwkjb7UJx7v_9f4KUmw

بۆ زانیاری زیار بڕوانە: پێگەی سبەی، ئاڵنگارییە سیاسی و یاساییەکانی بەردەم نەوتی هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

ئاڵنگارییە سیاسی و یاساییەکانی بەردەم نەوتی هەرێمی کوردستان(sbeiy.com)

هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوەو دووبارە ڕەشنوسی ئەم پرۆژە یاسایەی ڕەتکردەوە، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرابوو، ڕایگەیاند ڕەشنوسی ئەم پرۆژە یاسایە بەم شێوەیەی کە هەیە، نادەستورییەو حکومەتی هەرێم ڕەتی دەکاتەوە[١].

دیارە هەر پەیوەست بە کەیسی نەوت و گاز لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق تا ئێستا هەرێمی کوردستان سێ سکاڵای یاسایی لەسەرە، یەکەمیان سکاڵای وازەرەتی نەوتی عێراقە عێراقە پەیوەست بەوەی هەرێم چۆن سەربەخۆیانە نەوتەکەی دەفرۆشێت کە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە تۆمارکراوەو تا ئێستا چەندین دانیشتی دادگا لەو بارەیەوە بەڕێوەچووەو کۆتایی پێ نەهاتووە. دووەمیان سکاڵای کۆمپانیای (داناسیتی پیترۆلیۆمە) لەسەر خودی (ئاشتی هەورامی) وەزیری پێشووی سامانە سروشتیەکانی هەرێم، کۆمپانیاکە لە دادگای شاهانەی لەندەن سکاڵاکەی تۆمارکردوە، سکاڵای سێیەم وەزارەتی نەوتی عێراقە کە لە پاریس سکاڵای لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمار کردووە بەوەی پێشێلی سەروەری عێراقی کردووە، چونکە بێ گوێدانە بەغداد مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووەو هێڵی بۆری کوردستان تورکیای کردۆتەوە[٢]

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، کە حکومەتی فیدڕاڵی بەهەموو جۆرێک دژی بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوتە لەلایەن هەرێمەوە بە سەربەخۆیی و ناشەفافیەوە ئەوەی کە بابەتی ناکۆکییەکانی هەرێم و ناوەندیشی لەهەمبەر ئەم پرسە بەیەکلانەکراوەیی هێشتۆتەوە نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵییە، تاوەکو بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیە بکرێت، بۆیە بوونی ئەم بۆشاییە یاساییەی عێراق لە بواری هایدرۆکاربۆنی نیشتیمانی و لێکدانەوەی جیاوازی بڕگەکانی دەستوری عێراق لەلایەن هەریەکە لە حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێم بەجۆرێک هەروەک وتمان حکومەتی فیدراڵی تێڕوانینی وایە، کە بە پێی مادەی (١٦١) بەڕێوەبردنی سامانی نەوت لەگشت عێراق بۆ حکومەتی فیدڕاڵیەو هەرێمیش بەپێی ماددەی (١١١) بەڕێوەبردنی ئەم دۆسیە بەمافی خۆی دەزانێت بۆیە هەتا ئێستا ئەم پرسە بە چارەسەرنەکراوی و هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە[٣].

---

[١] فواد قاسم الامير، الجديد فى عقود النفط والغاز الموقعة من قبل حكومة اقليم كردستان والسياسة النفطية للاقليم، دار الغد للنشر، بغداد، ٢٠١٣، ص٢٣٠ .

[٢] بەهرۆز جەعفەر، مەترسیەکانی بەردەم یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانییەوە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٥وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://bit.ly/3mVDA3h .

[3] Bilal A. Wahab, Iraq and KRG Energy politic: Actors, challenges and opportunities Date of visite:5/5/2021, Ath this site:
https://auis. edu. krd/sites/default/files/WahabIRISReport. pdf

**لقی دووەم: کێشەی بودجە:**

کێشەی دووەم لە بواری ئابوریدا لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بریتییە لە بودجەی گشتی و دیاریکردنی پشکی هەرێم لەو بودجەیە، لە ساڵی (٢٠٠٥) و لەگەڵ دانانی دەستوری عێراق پشکی هەرێم بەرێژەی لە (١٧٪)* دیاریکراوە، تا ساڵی (٢٠١٣) و سەرهەڵدانی کێشەو ناکۆکییەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند ئەم رێژەیە کەمکراوەتەوەو دواجاریش لە ساڵی ٢٠١٤ بە تەواوی بڕدرا، دیارە رێژەی پشکی هەرێم و پرسی خەرجییە سیادییەکان و حاکیمەو بودجەی پێشمەرگە لەو پرسانەن، کە هەر لە (٢٠٠٧)ەوە بابەتی نارەزایی و ناکۆکین و بەغدا دەنگی لێ بەرزبۆتەوە بەوەی کە رێژەی ١٧٪بۆ هەرێم زۆرەو هەرێم بەشداری لەداهاتەکان ناکات[١].

لەبەرامبەریشدا هەرێمی کوردستان هەمیشە گازندەی ئەوەی کردوە، کە پشکی ڕاستەقینەی تەرخانکراو بۆ هەرێم نزیکەی لە (١١٪ )بووە نەک لە( ١٧٪ )چونکە بەشێکی زۆر لە بودجە کە بەرێژەی زیاتر لە ٣٠٪ی بۆ خەرجییە سیادییەکان تەرخانکراوەو کە هەرێمی کوردستان لێی بێبەشکراوە. بەشێکی تریشی بەرێژەی زیاتر لە ١٠٪بۆ خەرجییەکانی حاکیمە تەرخانکراوە، کە بری شایستەی هەرێم لەوێش وەک پێویست خەرج نەکراوە، وەک پارەی جوتیاران و دەرمان، و دواجار پاش سەرهەڵدانی پرسی نەوت لە ساڵانی (٢٠١٠–٢٠١٣) چەند ڕێککەوتنێک لەو بارەیەوە لە نێوان هەرێم و بەغدا کرا بەڵام وەک پێویست جێ بەجێ نەکراون و ڕەوشەکە بەو جۆرە بەردەوام بوو تاوەکو سەرەتای ٢٠١٤ کە پشکی هەرێمی بەتەواوی لەلایەن بەغداوە بڕدرا[٢].

پاساوی بەغدا لە پاش ساڵی (٢٠١٣)ەوە بۆ نەناردنی پشکی بودجەی هەرێم بریتییە لە ڕادەستنەکردنی نەوت و داهاتە فیدڕاڵییەکان لەلایەن هەرێمەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠١٤)ەوە دەستی کرد بە فرۆشتنی نەوت بە دەرەوە بەسەر بەخۆو بێ گەڕانەوە بۆ بەغدادو ئەنجامدانی ڕێککەوتنی (٥٠) ساڵە لەگەڵ تورکیا، کە حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەک دژایەتی خۆی ڕاگەیاندوە لەدژی پەیڕەوکردنی بژاردەی سەربەخۆی ئابوری

---

* لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدڕاڵی بەرێژەی لە١٧ ٪دیاری کراوە لە بودجەی فیدڕاڵی عێراق، دیارە دیاریکردنی ئەم رێژەیە پشت بەست نەبوە بەهیچ پێوەرێک بۆنموونە لەسەرپێوەری رێژەی دانیشتوان بەڵام لەساڵانی دواتردا لەیاساکانی بودجە ئاماژە بەوە کراوە کەئەگەرسەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت ئەوا چاوبەپشکی هەرێمدا ئەخشێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی سەرژمێریش نەکراوە پشکی هەرێم بۆرێژەی لە١١٪ بۆ١٢ ٪کەمیکردوە، ئەمەش بەهۆی ناساقامگیری لەپەیوەندییەکانی نێوان هەرێم وناوەندوپابەند نەبوونی هەرێم بەرێکەتنەکانەوەوڕادەست نەکردنی نەوت وداهاتی نانەوتی بەبەغدا.

[١] مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، مستقبل العلاقه بين الحكومة الاتحادية وحكومة اقليم كوردستان العراق، تاريخ الزيارة :٢٠٢١/٥/٥ الرابط الاتی:

http://fcdrs. com/polotics/1455.

[٢] جیهانگیر سدیق، سەرچاوەی پێشوو.

لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە. ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە وایکرد (نوری مالیکی – سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق) بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕیت، لە ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی عێراق بە ڕەسمی لە دادگاکانی ئەمریکا سکاڵای لەسەر کێشەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان تۆمارکردوە[١].

دیارە بۆ هەموو ساڵێکی دارایی بە گوێرەی یاسای بودجە حکومەتی فیدراڵی عێراق مەرجەکانی بۆ ناردنی پشکی دیاریکردوەو مەرجەکان لە ساڵێک بۆ ساڵێکی تر و لە یاسایەکی بودجە بۆ یاسایەکی تر، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی نەگۆڕە دوو بابەتە، بابەتی یەکەمیان؛ پێداگری بەغدایە لەسەر مەرجەکانی لەبەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم، دووەمیان پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە بەشێکی زۆری ئەو مەرجانەی حکومەتی عێراق دیاری کردوون لەبەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی کە لەنێوان حکومەتی هەریم و ناوەند هەبوون پەیوەست بوون بە پابەند نەبوون بە یاساکانی بودجە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە بۆ ئەمڕۆ، ڕاستە لەسەرەتای هەموو ساڵێکی دارایی لە عێراق ڕێکەوتن کراوە، ڕێککەوتنەکە لەچوارچێوەی یاسای بودجە جێگەی کراوەتەوە، بەڵام گرفتەکان ئەوکاتە دەستیان پێکردووە، کە پابەند نەبوون لە یاسای بودجە هاتۆتە ئاراوە[٢].

لەبەرئەوەی ئەم مەرجانە بە کرۆکی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دادەنرێت، بۆیە ئێمە لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو مەرجانەی کە بەغدا دایناون لەبەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم لە یاساکانی بودجەی ٢٠٠٥ تا ساڵی ئەم ساڵ ٢٠٢١ بەم شێوەیە:

## یەکەم لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٥):

لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٥) پشکی هەرێم بە (١٧٪ )دیاریکراوە، لەم یاسایەدا تەنیا مەرجێک دانراوە لە بەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم، ئەوەش لە بڕگەی (د) لە مادده(١٢)ی یاساکە ئاماژەی پێکراوە و دەڵێت: هەرێمی کوردستان خەملاندن بۆ سەرجەم داهاتەکانی ساڵی (٢٠٠٥) دەکات، وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە یاسای بودجەی (٢٠٠٥) ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ مەرجێکی گرانی لەسەر هەرێم دانەناوە، ئاماژە بەوەش دەکات هەر کاتێک زیادەیەک هاتە سەر بودجەی عێراق، ئەوا پشکی هەرێمیش زیاد دەکرێت[٣].

## دووەم: لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٦):

لە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٠٦) پشکی هەرێمی کوردستان لە ماددەی (١٣)ی یاساکەدا بەڕێژەی لە (١٧٪) دیاریکراوە، مەرجەکەش لەبەرامبەر ناردنی پشکەکە هەمان مەرجی ساڵی (٢٠٠٥) بووەو

---

[١] ئەلەند مەحوی، "هەرێمی کوردستان لەبەردەم بژاردەی سەربەخۆیی ئابوریدا"، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٧.

[٢] ئومێد مەحمود، "أسباب الاختلاف بين اقليم كردستان و بغداد ضمن قانون الموازنات العراقية من ٢٠٠٥ الى ٢٠١٩، الغرفة القانونية لحركة التغير، السليمانية، ٢٠٢٠، ص٢.

[٣] ئومێد محمود، ص٣

ئەوەی جیاوازە لە یاساکەی پێش خۆی ئەوەیە، کە ئەم یاسایە بەڕوونی ئاماژەی بە پشکی هەرێم کردووە، لەو پابەندییە داراییانەی حکومەتی عێراق دەکەوێتە ئەستۆی، بەهۆی قەرزە جۆراو جۆرەکانەوە[1].

## سێیەم: بودجەی ساڵی (٢٠٠٧):

لە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٠٧)ی حکومەتی عێراق ماددەی (١٧)ی یاساکە پشکی هەرێمی بە لە (١٧٪) دیاریکراوە، لەم یاسایەدا مەرجێکی نوێ دێتە ئاراوە، کە بریتیە لەوەی داوا لەهەرێم دەکات بڕی هەموو ئەو داهاتەی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠٠٦) دەستی کەوتووە ئاشکرا بکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە گفتوگۆی نێوان سەرۆکی حکومەتی عێراق و سەرۆکی هەرێم بەڕێوەبچێت، بەمەبەستی دابینکردنی خەرجی و پێویستییەکانی پێشمەرگە، وەک بەشێک لە سوپای عێراق[2]، کەواتە ئەم یاسایە ئامرازی گفتوگۆ دەکاتە میکانیزم بۆ چارەسەری کێشە داراییەکان .

## چوارەم: لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨):

ئەم یاسایە بە بەراورد بە یاساکانی تری بودجەی عێراقی فیدراڵ یاسایەکی جۆریە، چونکە مەرجێک لەخۆدەگرێت کە لە یاساکانی پێشووتری بودجەدا نەبووە، لەبەرامبەر پشکی (١٧٪) مەرجی ئەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێنراوە، کە پێویستە دیوانی چاودێری دارایی عێراق چاودێری و بەدواداچوون بکات و هەموو مانگێک ڕادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەندی بکات. واتە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە هەرێم پابەند دەکرێت، کە داهاتی فەرمانگە فیدراڵییەکانی ڕادەستی بەغدا بکاتەوە. ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ دەرچوونی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای پارێزگا نارێکخراوەکان لە چوارچێوەی هەرێمدا، لەم یاسایەدا هیچ پشکێک لە داهاتە فیدراڵییەکان نادات بە پارێزگاکان، هەروەها باس لەوەش دەکات هەرکات هەرێم ئامادەنەبوو داهاتە فیدراڵییەکانی ڕادەستی بەغدا بکات بە ئەندازەی ئەو داهاتانە لە پشکی هەرێم دەبڕێت، هەر کاتێکیش داهاتەکانی عێراق کەمیکرد، ئەوا ئەو پشکەش کە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە کەم دەکات[3].

## پێنجەم: بودجەی ساڵی (٢٠٠٩):

لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ش بەهەمان شێوە پشکی هەرێم بەڕێژەی لە (١٧٪ )دیاریکراوە، مەرجەکان هەمان مەرجی ساڵی (٢٠٠٨)و تەنیا خاڵێک کە تازەیە لەم یاسایەدا ئەوەیە، کە ئاماژە

---

[1] مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، مصدر سابق.

[2] ئومێد محمود، مصدر سابق، ص٥.

[3] جاسم الشمري، الكرد والنظام التوافقى فى العراق، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٥على الرابط الاتى:
https://eipss-eg.org/الكرد-والنظام-التوافقي-في-العراق/amp/

بەوە دەكات دوای بەڕێوەچوونی سەرژمێری گشتی لە (٢٠٠٨/١٢/٣١) لەژێر رۆشنایی دەرئەنجامی ئەو سەرژمێریە چاو بە پشكی (١٧٪ )ی هەرێمدا دەخشێنرێتەوە[١].

**شەشەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٠):**

لەم یاسایەشدا پشكی هەرێم هەر بەڕێژەی لە (١٧٪ )جێگیركردووە و سەرباری مەرجەكانی پێشوو، كە ئاماژەمان پێكرد، لەم یاسایەدا ئاماژە بەوە دەكات، چاو بە پشكی هەرێمی كوردستان دەخشێنرێتەوە لەژێر رۆشنایی سەرژمێری گشتی (٢٠١٠/١٢/٣١) و هەروەها باس لە دیاریكردنی بڕی ئەو زیانەیە دەكات كە لەعێراق كەوتووە لە ئەنجامی مامەڵەكردنی پارێزگاكان یان هەرێم بە نەوت، جا مەبەستی دەرهێنان یان بەكارهێنانی ناوخۆیی یان هەناردەكردن بێت، ئەمەش زیاتر پەیوەندیدارە بە هەرێمی كوردستان، چونكە لە پارێزگاكانی تری حكومەتی عێراق خۆی كۆنترۆڵی تەواوی مەلەفی نەوتی كردووە[٢].

**حەوتەم: بودجەی ساڵی (٢٠١١):**

لەم یاسایەشدا پشكی هەرێم (١٧٪ )یە وێڕای كۆی مەرجەكانی تر، دووبارە لەماددەی (١٦)دا دەڵێت: چاو بە پشكی هەرێمدا دەخشێنرێتەوە لەبەر رۆشنایی سەرژمێری گشتی ساڵی (٢٠١١) و خاڵێكی تریش ئاماژە بەوە دەكات كە حكومەتی عێراق ئامادەیە موچەو پێداویستی پێشمەرگە دابین بكات، بەمەرجێك لەگەڵ حكومەتی هەرێم بگاتە رێككەوتن[٣] كەواتە ئەم یاسایەش میكانیزمی ڕككەوتن بۆ چارەسەری كێشە داراییەكان دەست نیشان دەكات.

**هەشتەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٢):**

لێرەشدا بەهەمان شێوە پشكی بودجە بەڕێژەی لە (١٧٪)جێگیركراوە لەماددەی (١٥)ش ئاماژەی بەوە كردووە، كە حكومەتی عێراق ئامادەیە ئاماژە بە موچەو خەرجی پێشمەرگە دابین بكات، دوای ڕێككەوتن لەگەڵ حكومەتی هەرێم لەو بارەیەوە[٤].

**نۆیەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٣):**

لە یاسای ساڵی (٢٠١٣) سەرەڕای جەختكردنەوە لەهەموو مەرجەكانی یاساكانی پێشتووتر بۆ ناردنی بەشە بودجەی هەرێم، ئەم یاسایە ڕوونتر باسی نەوت و گازی بەرهەمهاتوو دەكات لەپارێزگا و هەرێمەكان، بەجۆرێك لە برگەی (٤) ماددەی (١٠) ئاماژەی بەوە كردووە، كە وەزارەتی دارایی حكومەتی عێراق لە پشكی هەرێم و پارێزگاكان دەبڕدرێت، لە كاتێكدا ئەگەر ئەم هەرێم و پارێزگایانە، ئامادە نەبن نەوت و گاز ڕادەستی حكومەتی ناوەندی بكەن، زیاتر لەوەش

---

[١] مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، مصدر سابق.

[٢] ئومید مەحمود، مصدر سابق، ص٩.

[٣] رواز طاهر، محمدأمين، الخلاف على المعابر الحدودية يعيق الاتفاق على الموازنة بين بغداد وأربيل ، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/٥/٥: على الرابط الاتی:

https://www. bayancenter. org/2020/08/6277/.

[٤] رواز طاهر، محمدأمين، المصدرسابق

ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر گرفتێک یان لەیەک تێنگەیشتنێک لەم بابەتە دروست بوو، دادگای فیدراڵی لایەنی یەکلاکەرەوە دەبێت، شایەنی باسە لەم ساڵەداو لە(٢٠١٣/١/٤) بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا هەرێمی کوردستان (١٥)هەزار بەرمیل نەوتی بە بۆری هەناردەی تورکیا کرد[١]. کەواتە ئەم یاسایە میکانیزمی دادگای فیدراڵی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە دیاری دەکات.

**دەیەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٤):**

لەم پرۆژە بودجەیەشدا هەم پشک و هەم مەرجەکانیش وەک خۆی ماوەتەوە دەستکاری نەکراوە. دیارە تاوەکو کۆتایی ساڵی (٢٠١٣) پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق لە بەغداوە دەهات، بەپێی بەڵگەنامەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان داهاتی نەوت تاکۆتایی ٢٠١٣ بڕەکەی (٩ملیار و ٧١٤ ملیار دۆلاۆ بووە)، بۆیە لە مانگی (٢)ی ساڵی (٢٠١٤) عێراق هەڕەشەی بڕینی پشکی هەرێمی کوردستانی کرد بە بیانوی ئەوەی هەرێم بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەبێ ڕاوێژ بە بەغدا نەوت دەفرۆشێت، بۆیە پشکی هەرێم کەمکرایەوە بۆ (٥٠٠) ملیار دیناری مانگانە و دواتریش لە مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠١٤) بەیەکجاری پشکی هەرێم بڕدرا[٢].

**یازدەیەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٥):**

لەم یاسایەشدا دەستکاری پشکی هەرێم نەکراوەو ئەوەی دەستکاری کراوە مەرجەکانن، بە جۆرێک لەماددەی (١٠) لە بڕگەی (٥)ی ئاماژە بەوە دەکات پشکی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دەبێت، هەروەها باس لەوەدەکات هەرکاتێک هەریەکە لەحکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند پابەندییە نەوتی و داراییەکانی سەر شانیان جێبەجێ نەکرد، ئەوا ئەوەکەی تر دەتوانێت جێبەجێی نەکات، واتە ئەگەر حکومەتی ناوەند پابەند بوو بە ناردنی پشکی لە (١٧٪)ی هەرێم، لەبەرامبەردا هەرێم دەتوانێت داهاتە فیدراڵییەکان ڕادەستی بەغدا نەکات[٣].

هەرچەندە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٤)ڕێککەوتن کرابوو لە نێوان هەرێم و ناوەند بۆ بودجەی ساڵی (٢٠١٥) بەڵام حکومەتی هەرێمی لەسێ مانگی یەکەمی ٢٠١٥دا بە پاساوی گرفتی تەکنیکی نەیتوانی پابەند بێت بەو ڕێککەوتنەوە، دوو مانگی دواتریش حکومەتی ناوەندی عێراق ڕێککەوتنەکەی شکاند، چونکە لەبڕگەی سێ ی مادده(١١)ی بودجەی (٢٠١٥) ئەو دەسەڵاتە درابوو بەهەر لایەنێک وەک وتمان، کە ڕێککەوتنەکە ڕابگرێت، ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەر پرسیاریەتیەکانی سەرشانی جێبەجێ نەکرد. دیارە ڕیکەوتنەکە لە(٢٠١٢/١١/١٣)کرابوو، کە تێیادا هەرێمی کوردستان دەبوو

---

[١] فواد قاسم الامير، مصدر السابق، ص١٥٣.

[٢] عەلی حمەساڵح، ئەو ئافاتەی ناونرا ئابوری سەربەخۆیی، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/٦لەم پێگەی خوارەوە وەرگیراوە:

https://www.awene.com/detail?article=38541.

[٣] ئومێد محمود، مصدرسابق، ص٢٠.

ڕۆژانە (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی خۆی و (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆڕی کوردستان – جەیهانی تورکیەوە ڕادەستی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) بکات[١].

لە ڕۆژی ٤ی ئاداری ٢٠١٥ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد، کە لەمانگی نیسانی ٢٠١٥ بڕی (١٩.٨٧٨.٩٨٥) بەرمیل نەوتی خاو بە تێکڕای (٥٦٢.٦٣٣) بەرمیلی ڕۆژانەی لەڕێی هێڵی بۆڕی کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جیهانی کردووەو لە تورکیا، لەم بڕە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بە (١٢.٤٥٧.٣٧) بەرمیلی ڕۆژانە بەشدار بوون، هەر بە پێی ئەم داتایانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاستی کۆگاکانی عەمبارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهان لە (١.١٨٢.٠٩٣)بەرمیل بوو هەمووی ڕادەستی سۆمۆ کردووە، وەک بەشێک لە پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرامبەردا دەبوو حکومەتی ناوەندی عێراق ٨٥٠ ملیار دینار بۆ هەرێم بنێرێت، بەڵام تەنها ٤٨٨ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دیناری ناردووە[٢].

**دوازدەهەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٦):**

هەمان بڕی پشک و مەرجەکانی بودجەی ساڵانی تر دانراوەتەوە، دیارە لە ساڵی ٢٠١٦دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕوسی کرد، بەمەبەستی وەبەرهێنان لە پێنج کێڵگەی نەوتی هەرێم لەبەرامبەردا کۆمپانیای ڕۆسنەفت بڕی سێ ملیاری دۆلاری دا بە هەرێمی کوردستان[٣].

**سیانزەهەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٧):**

سەبارەت بە پشکی هەرێم لەم یاسایەشدا هەر لە (١٧٪)بوو، بەڵام مەرجەکانی گۆڕانکاری جەوهەرییان تێدا کراوە، بەجۆرێک ئەم یاسایە سەرباری باسکردنی لە بابەتی نەوت باسی بڕی ئەو نەوتەش دەکات، کە پێویستە هەرێم ڕادەستی بەغدای بکات، خاڵی (أ) لە بڕگەی سێیەمی ماددەی (٩) دەڵێت: پێویستە هەرێم ڕۆژانە لانی کەم (٢٥٠٠٠٠) بەرمیل نەوت لەڕێگای کۆمپانیای (سۆمۆ)ەوە هەنارده بکات و داهاتەکەی بگەڕێتەوە ناوەند، هەروەها بۆ یەکەم جار ئەم یاسایە باسی نەوتی کەرکوک دەکات و مەرجی ئەوە بەسەر هەرێمدا دەسەپێنێت، کە پێویستە ڕۆژانە لایەنی کەم (٣٠٠٠٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات و بەهەمان شێوە داهاتەکەی بگەڕێتەوە ناوەند، هەروەها هەر لەم یاسایەدا بۆ یەکەمجار ئاماژەبەوە دەکات ئەگەر دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ئامادەنەبوو هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی عێراق بکات ئەوا دیوانی چاودێری دارایی دەستەی باج و گومرگەکان وردبینی بۆ داهاتی هەرێم دەکات، لە خاڵی (ج)ی بڕگەی سێی ماددە (٩) شدا حکومەتی ناوەند هەرێم پابەند دەکات بەدانانی موچەی

---

[١] ئەلەند مەحوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٤.

[٣] عەلی حمەساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

فەرمانبەران لەو پشکەی لە بودجەی عێراق بۆی تەرخان کراوەو لە کۆتایی مادەکەشدا دەڵێت ئەگەر هەرێم پابەندبوو بە بڕگەکانی (أ، ب، ج) کە تایبەتن بە ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم و کەرکوک ئەوا حکومەتی ناوەندی پابەند دەبێت بە ناردنی پشکی هەرێم، ئەگەرنا دەتوانێت پشکی هەرێم نەنێرێت[1].

**چواردەیەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٨):**

لە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٨) و بۆ یەکەمجار دوای ساڵی (٢٠٠٥) پشکی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی سەدی دیاری ناکات، بەڵکو لەماددەی (٩) ئاماژە بەوە دەکات، کە پشکی هەرێم بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایە دیاری دەکرێت و هەرێمیش پابەندکراوە بە ناردنی (٢٥٠٠٠) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەڕێی کۆمپانیای سۆمۆوە، لە خاڵی (د)دا بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠) دەڵێت: وەزارەتی دارایی و نەوتی عێراق بڕی ئەو نەوتە دیاری دەکەن، کە لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤–٢٠١٧) لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک هەناردەکراوە، هێندەی بڕی ئەو نەوتەی هەناردەکراوە لە پشکی هەرێم دەبڕدرێت و لەبڕگەی (و)یشدا ئاماژە بە گەڕانەوەی پارەی پترۆدۆلاری کەرکوک دەکات، لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگیراوە، لە خاڵی (ج) بڕگەی دووەمی مادده ١٠٩شدا دووبارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر هەرێم پابەند نەبوو بە ناردنی نەوت و ڕادەست کردنی داهاتە فیدراڵییەکان ئەوا لە پشکی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت[2].

## پازدەیەم: بودجەی ساڵی (٢٠١٩):

لەم یاسایەشدا پشکی هەرێم بە ژمارەی دانیشتوان دیاری کراوەو هەرێمی کوردستانیش پابەندکراوە ڕۆژانە بڕی (٢٥٠٠٠) بەرمیل لەڕیگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردە بکات، خاڵی جیاواز کە لەم یاسایەدا بەرچاودەکەوێت، کە یاساکانی بودجەی پێشتووتردا نەبوو، ئەوەیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو بەڕادەستکردنی بڕی نەوتی بڕیار لەسەردراوە، ئەوا حکومەتی عێراق بەردەوام دەبێت لە خەرجکردنی پشکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش جۆرێکە لە ئیمتیاز کە لەم یاسایەدا دراوە بە هەرێمی کوردستان[3].

**شازدەیەم: بودجەی ساڵی (٢٠٢٠):**

بودجەی گشتی ساڵی ٢٠٢٠ ی عێراق، بە نزیکەی ١٤٨ تریلیۆن دینار خەملێنراوە،، کورتهێنانی بودجەش دەگاتە ٨١ تریلیۆن دینار، وپشکی هەرێمی کوردستانیش بە لە١٢.٦٧ ٪دیاریکراوە، دیارە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە بەغدادو

---

[1] جاسم الشمری، مصدر سابق.

[2] قانون رقم (٩) الموزانة العراق لسنه (٢٠١٨).

[3] قانون رقم(١) الموازنة العراق لسنة (٢٠١٩).

دواتر دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران عێراق بەو هۆیەوە دوچاری گرفت بۆوەو بەهۆیەوە نەتوانرا پەسەندبکرێت وبوە ساڵێک بێ بودجە[١].

دیارە سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (عادل عبدالمهدی) لە بەرواری(٢٠٢٠/١١/١٣)ڕێککەوتنێکیان ئەنجامدا کە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە حکومەتی هەرێم ڕۆژانە (٢٥٠٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردە دەکات و لەبەرامبەردا پشکی هەرێم بەڕێژەی ١٢ تریلیۆن و ٥٧٧ ملیار ٨٧ ملیۆن و ٢٢ هەزار دینار ئەدات بە هەرێمی کوردستان، بەڵام دیارە بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی عێراق و دەستلەکارکێشانەوەی عادل عبدالمهدی ئەم ڕێککەوتنە جێ بەجێ نەکرا[٢].

دوای هاتنە سەرکاری (مستەفا کازمی) دووبارە گفتوگۆو دانوستان لە نێوان هەرێم و ناوەند دەستی پێکردووە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ ڕێککەوتن، کە وەزارەتی دارایی ناوەندی مانگانە ٣٢٠ ملیار دینار بۆ هەرێم بنێرێت لەسەر بنەمای خەملاندنی حکومەتی فیدراڵ بۆ هاناردەکردنی نەوت لەبەرهەمی نەوتی هەرێم[٣].

**حەڤدەهەم: بودجەی ساڵی (٢٠٢١):**

پرۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٢١) لە مادده (٥٨) مادده پێکهاتووە، تیایدا لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١)ی پرۆژە یاساکە حکومەتی هەرێم پابەند دەکات ئەو داهاتانەی دەستی دەکەوێت لە ئەنجامی مامەڵە دەرەکییەکانی لەناویاندا فرۆشتنی نەوت بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، ماددەی (١٠) لە پرۆژە یاساکە ئاماژە بە پشکی تەرخانکراو بۆ هەرێمی کوردستان دەکات، بەجۆرێک ئەم پشکە هاوشێوەی ساڵەکانی (٢٠١٨، ٢٠١٩) لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوانی دیاری دەکرێت[٤].

هەروەها بە پێی ماددەی (١١) یاساکە، دەبێت هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (٤٦٠)هەزار بەرمیل نەوتی خاو ڕادەستی سۆم ۆبکات، بەڵام خەرجی بەرهەمهێنان و پترۆدۆلار و بەکاربەری ناوخۆیی لێدەردەکرێت، واتە (٣٠هەزار بەرمیل بۆ خەرجی کۆمپانیاکان) ئەوەی دەمێنێتەوە بە پێی ڕێککەوتنەکە نابێت لە (٢٥٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە کەمتر بێت کە ڕادەستی سۆمۆی دەکات، ئەمە

---

(١) سەرکۆ یونس، ٢٠٢٠ ساڵی بێ بودجە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=91164

(٢) الوثائق الرسمية منذ تشكيل الكابينة الوزارية التاسعة الحكومة الاقليم، كانون الاول ٢٠٢٠، ص ص٤-٥.

(٣) الوثائق الرسمية منذ تشكيل الكابينة الوزارية التاسعة الحكومة الاقليم ص١٠.

(٤) ئومێد محمود، پشکی کورد چۆن دیاری کراوە، بەرواری سەردان :٢٠٢١/٥/٦ وەرگیراوە لەم پێگەیە:
http://diplomaticmagazine.net/opinion/3658?fbclid=IwAR1s_i2huvqy4pMH_uO7wpCFoOBYOVgzQrMPNdS4Yoidvp8o0x2BhxBhSEI.

سەرەڕای پابەندکردنی هەرێم بە ڕادەستکردنی نیوەی داهاتە نانەوتییەکان وەک (داهاتی دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان) لەبەرامبەر جێبەجێکردن و پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا حکومەتی عێراق پابەند دەبێت بە خەرجکردنی شایستە دارییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی(١٣. ٩٪)ی کۆی بودجەی عێراق[١].

سەبارەت بە داهاتی دەروازە سنوریەکان و فرۆکەخانەکان، کە یەکێکی ترە لەو دۆسیانەی تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، کە حکومەتی فیدراڵی بە پێی دەستور کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکان بە یەکێک لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دادەنێت، لەگەڵ بوونی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم و پارێزگاکاندا و دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموو پارێزگاکانی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەربۆیەشە لەماوەی دو ساڵی ڕابردوودا چەند جارێک لیژنە لە حکومەتی فیدراڵیەوە سەردانی دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆ لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە بارەی داهاتی دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام هەمیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتی کردۆتەوە کە کۆی داهاتی فرۆکەخانەو دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەستی بەغداد بکات[٢].

دیارە هەرێمی کوردستان خاوەنی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانییە، کە بەگوتەی حکومەتی فیدراڵی ئەمانە ساڵانە چەندین ملیار داهاتیانەو بەبێ ڕێککاری یاسایی و کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵی ناگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت ژمارەی دەروازە سنورییەکانیش لەگەڵ ئێران لە هەرێمی کوردستان، (٧) دەروازەیە، کە تەنیا چواریان فەرمین، لەوانە (دەروازەی سنوری باشماغ، کە داهاتی ساڵانەی (٢٠٠)ملێۆن دۆلارە، دەروازەی سنوری پەروێزخان کە داهاتی ساڵانەی (٣٠٠)ملێۆن دۆلارە، ئەمە سەرەڕای بوونی گەورەترین دەروازەی سنوری لەگەڵ تورکیا، کە ابراهیم خەلیلە لە پارێزگای دهۆک کەداهاتی ساڵانەی ٤٥٠.٠٠٠.٠٠٠[٣].

لە کۆی خوێندنەوەی سەرجەم یاساکانی بودجەی فیدراڵی عێراق بۆمان دەردەکەوێت، کەبارودۆخی سیاسی وسەربازی وئابوری کاریگەرییان هەبوە لەسەر ناوەڕۆکی بودجەوڕادەی پابەندێتی پێوەی وئاستی جێبەجێکردنی، هەروەک چۆن لەوساڵانەی دوایدا وەک هەموو لایەک ئاگادارن بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی وسەقامگیری عێراق وقوڵبونەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم وناوەند پشکی کورد لەبودجەی عێراق کەمکرایەوەوساڵ بۆساڵێش گۆڕانکاری لەپشک

---

[١] وەرگیراوە لەم پێگەی خوارەوە کە تایبەتە بە ڕێککەوتنی هەرێم و ناوەند:

http://diplomaticmagazine.net/opinion/3658?fbclid=IwAR1s_i2huvqy4pMH_uO7wpCFoOBYOVgzQrMPNdS4Yoidvp8o0x2BhxBhSEI

[٢] جەسار صالح المفتی، المنافذ الحدودية فی شمال العراق والاستحقاقات و الاشكاليات والادعاءات لمن ربعها و أموالها، التأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٦ على الرابط الاتي:

https://bit.ly/30vi4Lz.

[٣] المصدر نفسه.

وشێوازی ناردنەکەیدا ڕوودەدات.ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەرەتاوە مەرجەکانی حکومەتی ناوەندی، کە لەبەرامبەر ناردنی پشکی هەرێم دانراون سادەو تاڕادەیەک ئاسان بوون، بەڵام سەرباری ئەوەش هەرێم پابەند نەبووەو ئەمەش وایکردووە، کە بەغدا ناچار مەرجی تازەو گرانتر بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت، وەک چۆن دەبینین لە ساڵانی پێشووتر بەغداد داوای ڕادەستکردنی بڕی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی دەکرد و دوای ئەوەی هەرێم پابەند نەبوو بە ڕادەستکردنی ئەو بڕە لەم ساڵەدا (٢٠٢١) داوای ڕادەستکردنی بڕی (٤٦٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی کرد[١].

## خواستی چوارەم: بابەتی پێشمەرگە

لەڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (پێشمەرگە) وشەیەکی ئاوێتەیە پێکهاتووە لە پێشگری (پێش) لەگەڵ وشەی (مەرگ)، کە هاوتای (مردنە)هەرچەندە ئەم وشەیە بۆ ناولێنانی چەکدارانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەکاردەهێنرێ بەڵام وشەی پێشمەرگە واتای جۆراو جۆر دەگەیەنێت، بۆ نموونە واتە ئەو کەسەی (کە پێش مەرگ دەکەوێت) لە جەنگ و خەباتی ڕزگارکردنی نیشتیمان و نەتەوەکەیدا[٢].

سەرهەڵدانی پێشمەرگە وەک هێزێکی چەکداری ڕزگاریخوازی کورد مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەددەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی (بیست) بە درێژایی ئەوکاتەش تا ئێستا چەندین قۆناغی جۆراو جۆر تێپەڕیوە، لەبەرئەمە پێناسەی جیاوازیشی بۆ ئەم هێزە کراوە بۆیە لەڕووی زانستیەوە ناتوانین پێناسەیەکی پڕاوپڕ بۆ(پێشمەرگە) دیاری بکەین، بەڵام بەگشتی دەکرێت، ئەو پێناسانەی بۆ ئەو چەمکە کراون دابەشبن بۆ دوو ئاست، ئاستی نافەرمی و ئاستی فەرمی، لەسەر ئاستی نافەرمی پێشمەرگە لە تێڕوانینی کورد خۆیدا بریتیە لە "هەرکەسێک کە لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتیمان و نەتەوەی کورد گیان و ماڵی خۆی بکاتە قوربانی" بەڵام لە دەرەوەی تێڕوانینی کورد پێشمەرگە لای هەندێک لە چاودێرانی عەرەب "بریتیە لەو گروپە چەکدارانەی کورد کە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دروست بوون و جەنگ و هێرشی پارتیزانیان لەدژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەنجامداوەو ئێستا بناغەی بنیاتنانی سوپایەکن بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق"[٣] لەسەر ئاستی فەرمیش دەکرێت جیاوازی بکەین لەنێوان دوو تێڕوانینی یاسایی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق سەبارەت بە تێڕوانینی هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ یاسا کارپێکراوەکان لەم بوارەدا، یەکێک لەو یاسایانە بریتیە لە یاسایی( ڕێزلێنانی پێشمەرگە)، کە لە ساڵی (١٩٩٢) دەرچووە، ئەم یاسایە لە بڕی (٢)ی ماددە (١)دا، پێناسەی

---

[١] ئومێد محمود، پشکی کورد چۆن دیاریکراوە، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ئومێد رفیق فتاح وعابد خالد رسول، "پرۆسەی بەدامەزراوەیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو وئاستەنگەکان"، مجلةالدراسات السياسيةوالامنية، العدد(٢) المجلد(١)، كانون الاول ٢٠١٨، ص١٥٣.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤ .

پێشمەرگەی کردووە کە بریتیە لە هەرکەسێک چووبێتە ڕیزی شۆڕشەوە لەڕووی سیاسی یان سەربازییەوەو خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێ و لێیانی لانەدابێ و هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نەکردبێ، سەبارەت بە تێڕوانینی یاسایی حکومەتی عێراقی بۆ پێشمەرگە، ئەوا تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ نییە نە لەسەر ئاستی دەستوری و نە لەسەر ئاستی یاسایی هەرچەندە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٤) بواری بە هەرێمی کوردستان داوە، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پۆلیسی هەرێمی لەدەستدا بمێنێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە پێشمەرگە نەکردووە، بەڵام لە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) دەکرێ ئەوەی لێبخوێنرێتەوە، کە پێشمەرگە لە پێناسەی حکومەتی ناوەندی عێراقدا بریتیە لە (هێزی پاسەوانیکردنی سنوری هەرێمی کوردستان)[١] ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە هێزەکانی پاسەوانی هەرێم و هێزە چەکدارەکانی عێراق و پڕچەککردن و دابینکردنی بودجەی کارکردنیان، یەکێکە لەو کێشانەی کە ناکۆکی لەسەرە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (١٢١)ی دەستوری عێراقدا هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە، کە هێزەکانی پاسەوانی هەرێم دامەزرێنێت و ڕێکیان بخات وەک بەشێک لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەم پێیەش لەمانگی تەمموزی ساڵی٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانی عێراقی دەرکرد و وەزارەتی پێشمەرگە دەستی کرد بە پرۆسەی یەکخستنەوەی ئەو هێزانە بە چاودێری حکومەتی ناوەندی و هێزە فرە ڕەگەزەکانی عێراق بە پێی دەستوری عێراق[٢].

هەر لەم سۆنگەیەوە چەندین یاداشتی لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتنی دوو لایەنە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنەوەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی سوپای عێراقدا و هەماهەنگی و دروستکردن هاتۆتە کایەوە، بەپێی یەکێک لەو یاداشتانە کە لە ٢٠٠٧/٤/١دا لە نێوان حکومەتی ناوەندی هێزەکانی پێشمەرگە مۆرکراوە، بەمەبەستی گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ئاسایشی لە هێزەکانی عێراق و هێزە فرە ڕەگەزەکانەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە[٣].

بڕگەی (أ) لە ماددەی (٩)ی دەستوری عێراق باس لە هاوسەنگی دەکات لە نێوان هێزە چەکدارەکانی عێراق و خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان و نوێنەرایەتی کردنی کۆی پێکهاتەکانی گەلی عێراق و بەبێ جیاوازی یان دورخستنەوەی هیچ پێکهاتەیەک و ئامرازێکیش نابێت بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی عێراق و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، بەڵام تادێت ڕێژەی کورد لە سوپای عێراق کەم دەکات بە تایبەت لە ئاستی پلە باڵاکان.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦-١٥٧ .

[٢] یوسف محمد صادق، مصدر سابق، ص٤٣.

[٣] ئومێد رفیق فتاح وعابد خالد رسول، "المصدرسابق ، ص١٦٢.

لەم بارەیەوە لیوا (جەبار یاوەر) ئەمیندرای گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لە سایتی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە ڕێژەی بەشداریکردنی کورد لە سوپای عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧) بە گوێرەی فەرمی لە(٨٪)بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ لە ٤٪دابەزیوە[١].

بابەتێکی تر کە جێگای نیگەرانیە بەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مەیلی حکومەتی ناوەندییە بۆ بەکارهێنانی سوپا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان لە جیاتی جێبەجێکردنی دەستور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە، .وەکو هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ کۆنترۆڵکردنی سەربازی ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای دیالەو دەرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە و هەوڵێکی تری ئەم حکومەتە جارێکی تر هەوڵیدا بە پێکهێنانی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەربازی لە پارێزگاکانی دیالەو کەرکوک و بەستنەوەی هەموو پێکهاتەکانی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ لە هەردوو پارێزگاکەدا بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (٧٣٢) لە ٢٠١٢/٧/٣١ [٢].

گرنگترین خاڵەکانی ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم دەربارەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) بریتیە لە دوو خاڵ[٣].

١- نەبوونی ڕێکەوتن لەسەر ژمارەی هێزەکانی پاسەوانی سنور (پێشمەرگە) بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵیەوە پشتیان پێ بەستراوە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بریتیە لە٤، ٥٠٠، ٠٠٠کەس لەبەرئەوە نابێت هێزەکانی پاسەوانی سنور زیاتربن لە ٤٥، ٠٠٠کەس، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەکید لەوەدەکاتەوە هێزەکانی پێشمەرگە نزیکەی ١٦٠، ٠٠٠کەسن.

٢- ئەو زانیارییانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی حکومەتی ناوەندی بکات سەبارەت بە ژمارەی وردو تەواوو جۆری هێزەکانی و موچەو پلەی سەربازییان، هۆکاری سەرەکی نەبوونی ئەم زانیاریانەش بە دروستی ئەوەیە، کە هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکنەخراون و هەردوو پارتی سەرەکی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی ئەم هێزەیان کردووە.

سەبارەت بە موچەو پێداویستییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە دەبینین، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە لە یاساکانی بودجەی حکومەتی ناوەندیدا خاڵێک جێگیرکراوە کە ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی عێراق ئامادەیە موچە و پێداویستیەکانی هێزی پێشمەرگە دابین بکات بە مەرجێک حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتن بکەن، کە یاساکانی بودجە کردوویانە بە مەرجی دابینکردنی موچەو پێداویستی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، وەک بەشێک لە دامەزراوەی

---

[١] يوسف محمد سادق، مصدر سابق، ص١٤٤.

[٢] شمال عقراوى، تراجع نسبة الأكراد بالجيش العراقى الى النصف، تأريخ الزياره: ٢٠٢١/٥/٦على الرابط الاتى:
https://www.aa.com.tr/ar/archive/332047/تراجع-نسبة-الأكراد-بالجيش-العراقي-إلى-النصف/

[٣] كوردستان سالم سه عيد، مصدرسابق، ص ص ٢٧ – ٥٠.

بەرگری عێراق، بەڵام دیارە ڕێککەوتن نەکراوەو هۆکاری ئەم ڕێکنەکەوتنەش ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەبێت ئەوا بەشەکەی تری پەیوەندی بە پارتی و یەکێتیەوە هەیە، کە خوازیار نەبوون موچەو پێداویستی هێزی پێشمەرگە بکەوێتە دەستی حکومەتی عێراق، چونکە لایان ڕوون بووە، لە دۆخێکی بەم جۆرەدا کۆنترۆڵیان لەسەر هێزی پێشمەرگە نامێنێت[1].

لە کۆتایی ئەم باسەدا و دوای شەن وکەوکردنی زۆربەی کێشە سەرەکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تاکە یەکەی پێکهێنەری دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقد، ا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە تا ئەم ساتە ئەم کێشانە بەچارەسەرنەکراوی و هەڵپەسێردراوی ماونەوەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوامی پرۆسەکانی دانوستان و ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی نێوان هەردوولا بوونیان هەبووەو هەیە، بەمەبەستی گەیشتنە چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم کێشانە. هەربۆیە لە باسی دواتردا تیشک دەخەینە سەر گرنگترین و دیارترین میکانیزیمەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم وحکومەتی فیدراڵی.

## باسی سێیەم: میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراق

باسی کۆتایی ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو میکانیزمانەی کە دەتوانرێ لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق سوودیان لێ وەربگیرێ، ئەوانیش بریتین لە چەندین میکانیزم کە لە چوارچێوەی شەش خواست لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر ناساندنی هەریەک لەو میکانیزمانەو ئاماژەدان بە ڕۆڵەکەیان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

### داواکاری یەکەم: دەستوری فیدراڵی عێراق

#### لقی یەکەم : ناساندنی میکانیزمی دەستوری فیدراڵی عێراق:

لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراق، کۆمیتەیەکی هەڵبژارد، کە (٥٥) ئەندام بوون لە کۆی (١٦١) نوێنەری ئامادەبوو، (١٤٢) دەنگیان هێنابوو لەو (٥٥)کەسە (٢٨) یان لە نوێنەرانی لیستی شیعەو (١٥)کەسیان لە لیستی کوردستانی و (٨)کەسیان لە لیستی عەلاوی و حیزبی شیوعی عێراقی و بەرەی تورکمانی و عەرەبی سوننەو مەسیحییەکان هەرکام ئەندامێکیان هەبوو[2].

---

[1] ئومێد محمود، أسباب الاختلاف بين اقليم كردستان و بغداد ضمن قانون الموازنات العراقية من ٢٠٠٥ الى ٢٠١٩مصدر سابق، ص١١.

[2] مونزر فەزڵ، داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی و ئایندەی سیاسی عێراق، و: (نەوزاد ئەحمەد)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١.

ئەم کۆمیتەیە چەندین قۆناغ و کۆبونەوەو کاری لەسەر دانانی دەستور کرد، کە ئەمەش یەکەم جاربوو لە مێژووی دروستکردنی عێراقدا، کە نووسینەوەی دەستور گرنگییەکی ئەوتۆی پێ بدرێت، هەروەها یەکەم جاریش بوو کۆمیتەی نووسینەوەی ڕەشنوسی دەستور ئەندامەکانی بەو ژمارە زۆرەبێت و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراقیش بکات، شایەنی باسە ماوەی نووسینەوەی ڕەشنوسی ئەم دەستورە تەنها دوو مانگ بوو، کە ئەوە یەکێک بوو لە کەموکورییەکانی دانانی ئەم دەستورە[١].

جێگای ئاماژە پێدانە دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕۆڵیان هەبوو لە دانانی ئەم دەستورە، بەجۆرێک نەتەوەیە یەکگرتووەکان هەستا بە ناردنی یەکێک لە ڕاوێژکارە یاساییەکانی، کە تایبەت بوو بە مەسەلەی مافی مرۆڤ (نیکۆلای فینک هایسم) لە باشوری ئەفریقیا، بۆ عێراق، یەکێتی ئەوروپا وەفدی نارد، بەریتانیاو فەرەنسا پسپۆریان نارد، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش لە ڕێگای ناردنی زاڵمای خەلیل زادەوە، وەک سەفیر بۆ عێراق لەم مەسەلەیەدا هاوکارییەکی زۆریان کرد[٢].

دوای تەواوبوونی هەموو ڕێکارەکان خرایە بەردەستی گەلی عێراق بەهەموو ناوەڕۆکییەوە، بۆئەوەی گەل بە تەواوی ئاگاداری بێت، چونکە بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی عێراق بوو، کە لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) لە ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریدا بەڕێژەی (٧٨.٥٩٪)ی دەنگی دەنگدەرانی عێراقییەکانی بە بەڵێ بەدەستهێنا[٣].

دەستوری عێراقی ساڵی(٢٠٠٥) بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لەلایەن پسپۆڕانی دەستوری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کراوە، باشترین دەستورەکە بنەماکانی دیموکراسی تێدا چەسپیوە و زەمانەتی کۆمەڵێک لە ماف و خواستەکانی کوردو گەل و نەتەوەو ئاین و ئاینزاکانی تری عێراقی تێدا جێگیرکراوە، و یەکەم جاربووە، کە عێراق ببێتە خاوەنی دەستورێک کە گوزارشت لە ئیرادەی گەلەکەی بکات[٤]، هەندێک لە خاڵە گرنگەکان لە دەستوری عێراقدا بریتین لە:[٥]

١- دەستور سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق بە کۆماری دیموکراتی نوێنەرایەتی پەرلەمانی پێناسەکردووە.

٢- جەخت کردنەوە لەبەشداری کاریگەرانەی هەرێمەکان لە کەرتی ئاسایشدا، بەڕێگەدان بە دامەزراندنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و ڕێکخستن و بەرێوەبردنیان.

---

[١] ڕێبین محمد سۆفی، دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق و ڕێساو بنەماکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی، ل٨

[٢] ڕێبین محمدسۆفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٧.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل١٠.

[٥] خالید مەجید فەرەج، مصدر سابق، ص٢٥٠.

٣- هێزە چەکدارە فیدراڵییەکان بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستور لە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی فیدراڵین.

٤- دەستور ئەوە دەچەسپێنێ کە چوار سیستەمی بەڕێوەبردنی حوکم هەیە:

١- حوکمڕانی فیدڕاڵی.

٢-حکومەتی هەرێمەکان.

٣- پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمدا.

٤- ئیدارەخۆجێیەکان.

٥- جەختکردنەوە لەسەر باڵایی دەستوری فیدڕاڵی.

٦- دیاریکردنی دەسەڵاتە هاوبەشەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێم.

٧- زامنکردنی بەشداری هەرێمەکان لە هەندێ کاری سیادی دەرەکی.

٨- هاوبەشی ناوەند لەگەڵ هەرێمەکان لە بەرێوەبردن و گەشەپێدانی سامانی نەوت و گاز.

٩- هەمواری یاسای ناوەندی لە هەرێم.

دیارە گرنگترین بابەت لە هەموو دەستورێکدا و بەتایبەتیش دەستوری وڵاتانی فیدڕاڵی بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لەنێوان ناوەندو یەکە پێکهێنەرەکان، دەستوری عێراق دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدڕاڵی دیاری دەکات لەگەڵ هەندێ بوارو بابەتی هاوبەشی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاری هەرێم، لەم ڕووەوە هەندێ لێکچوون لەنێوان دەستوری عێراق و یاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵ هەیە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جیاوازیشە لە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو سویسراو ئەڵمانیا[1].

**دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی:[2]**

بەپێی ماددەی (١١٠) بە دەستوری عێراق دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی بریتین لە:

١- سیاسەتی دەرەوە نوێنەرایەتی دبلۆماسی و بەستنی ڕێککەوتنامەو پەیماننامەی نێودەوڵەتی و سیاسەتی قەرزو کێشانی سیاسەتی ئابوری و بازرگانی.

٢- دانانی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی وجێبەجێکردنی، لەنێوانیشیاندا دانانی هێزی چەکداری وئیدارە کردنی بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوری عێراق.

٣- کێشانی سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرکردنی پارەو ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی ودانانی بودجەی گشتی وڵات و دانانی سیاسەتی دراوو دامەزراندنی بانکی ناوەندی.

٤- ڕێکخستنی کارروباری پێوان و کێشان.

٥- ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەو مافی پەنابەری سیاسی نیشتەجێبوون.

---

[1] ئاریان محمدعلی، مصدر سابق، ص١١٨.

[2] خامۆش عمرعبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری وسیستەمی دەستوری لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٦- ڕێکخستنی سیاسەتی پەخش و گەیاندن.

٧-دانانی پرۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

٨- سیاسەتەکانی لە پلاندانانی پەیوەست بە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی عێراق و دابەشکردنی دادپەروەرانەی لەناو عێراق.

٩- ئامارو سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

**دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**[١]

ماددەی (١٢١) لە دەستوری عێراق دەسەڵاتەکانی هەرێم بەم شێوەیە دیاری دەکات:

١- مافی هەرێم لە پراکتیکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و بەپێی بەندەکانی دەستورو جگە لە دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی حکومەتی ناوەندی.

٢- دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی یاسای فیدراڵی لەهەرێم هەیە، لە حاڵەتی بوونی ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای ناوەندی و یاسایی هەرێم لەو بابەتانەی کە ناکەوێتە ناو دەسەڵاتەکانی فیدراڵییەوە.

٣- دابینکردنی دادپەروەرانەی داهاتە فیدراڵییەکان بۆ هەرێم و پارێزگاکان، بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتیەکانیان یان بە ڕەچاوکردنی سەرچاوەو پێداویستی و ڕێژەی دانیشتوان.

٤- دامەزراندنی نوسینگەی هەرێم و پارێزگاکان لە باڵوێزخانەکان و نوێنەرایەتی و دبلۆماسی بۆ بەدواداچوونی کاروباری کلتوری و کۆمەلایەتی و گەشەپێدان.

٥- حکومەتی هەرێم بەرپرسیارە لە هەموو ئەو داواکاریانەی کە لەلایەن ئیدارەی هەرێمەوە داوادەکرێت، بەتایبەتی دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پۆلیس و پاسەوانی هەرێم.

**دەسەڵاتە هاوبەشەکان:**[٢]

دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بەپێی ماددەی (١١٤) دەستوری عێراق ئەمانەن:

١- بەڕێوەبردنی گومرگەکان بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٢- ڕێکخستنی سەرچاوەکانی وزەی کارەباو دابەشکردنی.

٣- دارشتنی سیاسەتی ژینگەیی بە مەبەستی پاراستنی سروشت و ژینگە.

٤- دارشتنی سیاسەتی گەشەپێدان و پلان دانانی گشتی.

٥- دارشتنی سیاسەتی تەندروستی گشتی.

٦- دارشتنی سیاسەتی پەروەردەو فێرکردنی گشتی.

٧- دارشتنی سیاسەتی سەرچاوەکانی ئاوی ناوخۆو دەستەبەرکردنی دابەشکردنێکی دادپەروەرانە.

---

[١] المادة (١٢١) من الدستور العراقي ٢٠٠٥.

[٢] الفقرات (١-٧٠) من المادة (١١٤) من الدستور العراق٢٠٠٥.

دیاره ئەم دابەشکردنانەی دەسەلآت و تایبەتکارییەکان جێگای مشتومڕو کێشەن لەنێوان ناوەندو هەرێم بەتایبەت پەیوەست بە کێشەکانی سامانی نەوت و گازو کێشەکانی هێزی پاسەوانی سنور(پێشمەرگە)، هەرچەندە دەسەلآت و تایبەتکاریەکان لە بارەی ئەم بابەتانە کە بونە کێشەی سەرەکی لەنێوان هەرێم و ناوەند لە دەستوردا دیاری کراون، بەلآم کرۆکی کێشەکە لەوێوە سەرهەلدەدات، کە لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم دەقە دەستوریانە دەکرێت لەلایەن هەریەک لە حکومەتەکانەوە، هەندێ لە بابەتەکانیش دوای دەرچوونی دەستوری عێراق واتە دوای ساڵی ٢٠٠٥ دەرکەوتوون[١].

**لقی دووەم: ڕۆڵی دەستوری عێراق لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

هەرکات باس لە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەوا یەکەم ئامرازی گرنگ کە باس دەکرێت و پەنای بۆ دەبرێت بریتییە لە دەستور، بەو پێیەی دەستور یاسای بالآی بەڕێوەبردنی ولآتەو بنەمای سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵییەو عێراقیش دەوڵەتێکی فیدراڵییە، بۆیە کارکردنی هەردوو ئاستەکەی حکومەت بەپێی بڕگەو ماددەکانی دەستوری عێراق زامنی بەردەوامی عێراق و چارەسەرکردنی کێشە ڕیشەییەکانیەتی.

دیارە هەمیشە هەردوولا (ناوەندو هەرێم) باس لە گەڕانەوە بۆ ئەحکامەکانی دەستورو پابەندبوون و جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستوری عێراق دەکەنەوە، بەلآم کێشەی گەورەی عێراق لە ساڵی دروستبوونییەوە کارنەکردنە بە دەستور. هەرچەندە هەموو بەرپرس و کاربەدەستانی پەیوەستبوونی خۆیان بە دەستور دووپات دەکەنەوە، بەلآم لەبواری کارەکیدا ئەمە نابینرێت، بۆیە بەشێک لە کێشەکانی عێراق و بەتایبەتیش کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند هەردوولا یەکتر بەوە تاوانبار دەکەن، کە دەستوریان پێشێلکردووە[٢].

کورد پێی وایە زۆر لەماددەکانی دەستور پێشێلکراوەو کاری پێنەکراوە، کە بەشێکی گرنگیان پەیوەندییان بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەوانەش بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە ئەنجومەنی نوێنەران و نەبوونی زمانی کوردی لەسەر دراوی عێراقی، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق، و بەکارهێنانی سوپای عێراق لەدژی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرەو کەرکوک و خانەقین، بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، پێکنەهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی بە پێی ماددەی (٦٥) و دەرنەچوونی یاسای نەوت و گاز بە پێی ماددەی (١١٢) و قەرەبونەکردنەوە ناوچە زیانلێکەوتووەکان، جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠)ی تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان، بەگشتی (٦٣)

---

[١] کوردستان سالم سعید، مصدر سابق، ص٢٥.

[٢] شیروان حامد، کێ سەری عەبدولمەهدی دەخوات؟بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦لەم پێگەیەی خوارەوە:
http://azhans.krd/کێ-سەری-عەبدولمەهدی-دەخوات؟/

ماددەو بڕگەی دەستوری سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکراون و پێشێلکراون[١].

دەستور دەتوانێ ڕۆڵببینێ لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، لە ڕێگای هەموارکردن و پێداچوونەوە بەو بڕگە دەستورییانەی تایبەتن بە ڕێکارەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەو ماددانە کە پەیوەستن بە کێشە سەرەکیەکانی پەیوەست بە نەوت و گازو ناوچە جێناکۆکەکان، چونکە ئەمانە بنەمای کێشەکانن و کۆسپن لەبەردەم ڕێگەی هەر لێکتێنەگەیشتنێک لە نێوان هەردوولا، چونکە هەریەک لەو مادانە وەک لە پێشتریشدا ئاماژەمان بۆکردن تێروانین و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت لەلایەن هەرێم و بەغداوە[٢].

پابەند نەبوون بە دەستور بە تەواوی هۆکاری سەرەکیە لە کێشەکانی نێوان ناوەندو هەرێم، هەروەک حکومەتی فیدڕاڵی هەوڵدەدات لەڕێگەی هەموارکردنەوەی دەستورو دوور لە فیدڕاڵی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەت و هێزە چەکدارەکان و دادگای فیدڕاڵیدا بکات و کورد دووربخاتەوە لەو دامەزراوانە بەپێچەوانەی دەستور، بۆیە پێویستە هەر هەموارکردنەوەیەک لە دەستوری عێراقدا ئەنجام دەدرێت پشت بەستووبێت بە فیدڕاڵییەت و پێگەو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێ[٣].

پەلەکردن لە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لێکدانەوە بۆ ماددە دەستوورییەکان دەکەن لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە، کە تایبەتە بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم و حکومەتی ناوەندی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە نموونەی ئەو یاسایانەش یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵییە کە سەرەڕای ئەوەی چەندین جارە دەهێنرێتە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام تائێستا نەتوانراوە ڕێککەوتن لەسەری ئەنجام بدرێت[٤].

بۆیە یەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بریتییە لە دەستورو پابەند بوون بە یاسا لە بەڕێوەبردنی جیاوازییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بەڵام دەکرێت بۆئەو بنەما دەستورییانەی کە خۆیان جێگای ناکۆکین پەنا بۆ ئامڕازی هەموارکردنی دەستور ببرێت، کە ئەمیش میکانیزمێکی ئاسان نییە، یان

---

[١] جوهر نامق سالم، کورد لەگەمەی دەقە یاسایەکاندا (وردبوونەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق)، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٢٧.

[٢] مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، مصدر سابق،

[٣] کوردستان سالم سعيد، مصدر سابق، ص٤٠٠.

[٤] مركز البيان للدراسات والتخطيط، الالتزام بالدستور ضمانة لوحدة العراق ولخياره الديمقراطي، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٧/٥على الرابط الاتي:

https://www. bayancenter. org/2018/01/4214.

لانی کەم هەوڵ بدرێت، پەنا بۆمیکانیزمی وەک دادگای فیدراڵی یان پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی ببرێت، یان هەر میکانیزمێکی تر کە لە داواکارییەکانی تردا باسکراوە[١].

## خواستی دووەم: دادگای فیدراڵی

دادگای فیدررڵی یەکێکی ترە لەمیکانیزمە گرنگ وتایبەتمەندەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەنێوان ناوەندو هەرێمەکان لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، بۆیە ئەم خواستە تیشک دەخاتە سەر ناساندن و ڕۆڵەکەی بەم شێوەی خوارەوە.

**لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی دادگای فیدراڵی:**

دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی لە عێراق پێکهاتووە، لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دادگای باڵای فیدراڵی و دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی و داواکاری گشتی و دەستەی چاودێری دادوەری و دادگای دیکەی فیدراڵی، کە بەپێی یاسا پێکدەهێنرێت، دیارە ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەستەی دادوەری بەڕێوەدەبات، لەڕووی کارگێڕی و سەرپەرشتیان دەکات و هەرخۆشی دادوەرەکان دیاری دەکات و دەیانگوێزێتەوەو خانەنشینیان دەکات[٢].

لە یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٤٤)دا هاتووە کە دادگایەک لە عێراقدا بە یاسا پێکبهێنرێت، بەناوی( دادگای باڵای فیدراڵی)، بەم پێیە یاسای ژمارە(٣٠)ی دادگای فیدراڵی لە ساڵی (٢٠٠٥) دەرچووە، هەر لە یاسای ئیدارەدانی قۆناغی گواستنەوەداو لە بڕگەی (٥)ی هەمان مادەدا ئاماژە بە میکانیزمەکانی پێکهێنانی دادگا دەکات، بەم شێوەیە: دادگا لە (٩) ئەندام پێکدێت، کە سەرۆک کۆمارو سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری پێشکەشیان دەکات، لە هەرێمەکان بەلایەنی کەمەوە دەبێ (١٨) کاندید پێشکەش بە سەرۆکایەتی بکرێن و لە (٢٧) ناو زیاتر نەبێت[٣].

دواتر لەمیانەی پرۆسەی ڕێکخستنی دامەزراوە دەستورییەکان بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لەدەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی بەرکارو لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی، پێکهێنانی دادگای فیدراڵی وەک دامەزراوەیەکی دادوەری سەربەخۆ لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە بەرجەستەکرا بۆ پیادەکردنی ئەو تایبەتکارییە دیاریکراوانەی تیایدا هەژمارکراون[٤].

---

[١] مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، مصدر سابق.

[٢] المادة (٨٩، ٩٠) من الدستور العراقي، ينظر: عدنان عاجل، القانون الدستورى النظرية العامة والنظام الدستوري فى العراق، مؤسسة الالنبراني للطباعة والنشر والتوزيع، بدون سنه ومكان، ص٢٩٥.

[٣] منتهى فزاع عبد حسن، اختصاص المحكمة الاتحادية العليا الاصيل فى حل تنازع الاختصاص، رسالة ماجستير، مجلة العلوم القانونية، كلية القانون جامعة بغداد، عدد خاص ببحوث التدريسيين مع طلبة الدراسات، ٢٠١٨، ص٢١٩.

[٤] المادتين (٩٢–٩٥) من الدستور العراق٢٠٠٥.

له ماددەی (٩٢) له برگەی دووەم له دەستوری عێراقدا هاتووە، دادگای فیدراڵی پێکدێت له (دادوەران و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و فوقەهای یاسا)، سەبارەت به وردەکاری و یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی تایبەت به ئەندامانی لەڕووی ژمارە، چۆنیەتی دیاریکردن، مەرجەکانی پاڵێوراوان، هەڵبژاردن، دیاریکردن، دامەزراندنیان و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن به کارکردنی دادگاکه به جێهێڵدراون بۆ ڕێکخستنی یاسایی. ئەویش دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی دەربچێنرێت[١].

دادگاکه لەنۆ دادوەر (سەرۆک دادگاو هەشت ئەندامی پێکدێت) که ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری له هەرێم بەلایەنی کەمەوە هەژدە بۆ بیست و حەوت ئەندام، کاندیدەکات، دواتریش بەهەمانشێوە سێ ئەندام کاندید دەکات بۆ هەر بۆشاییەک که دروست دەبێت له دادگا، بەهۆی مردن یان دەست لەکارکێشانەوە یان دابڕان، سەرۆک و ئەندامانی دادگا بەردەوام دەبن له خزمەتکردن لەوێ بەبێ دانانی مەرجی تەمەن تا ئەوکاتەی دەیانەوێت خزمەتەکەیان جێبهێڵن و موچەو دەرماڵەی وەزیریش وەردەگرن[٢].

دادگای فیدراڵی سەربەخۆیە لەڕووی دارایی و کارگێڕییەوە، بارەگای لەبەغداد دەبێت و دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە دەکات بەبێ دەستێوەردان له هیچ دەسەڵاتێکی تر و دادگا خاوەنی ڕێکخستنێکی ناوەکی خۆیەتی بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی[٣].

حوکم و بڕیارەکانی دادگا بەزۆرینەی سادە دەردەکەوێت، جگە له حوکم و بڕیارەکانی تایبەت به ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاو ئیدارەی ناوچە خۆجێیەکان که بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ دەردەکرێت، بۆئەوەی هاوسەنگی فیدراڵی بپارێزێت و جۆرێک له گونجان و هاوسەنگی له نێوان ئیدارەکانی دەوڵەتی عێراقدا دروست بکات، شایەنی باسە که حوکم و بڕیارەکانی ئەم دادگایە یەکلاکەرەوەن و ناتوانرێ تانەیان لێبدرێت و دەبێ سەرجەم دەسەڵاتەکان پیوەی پابەندبن[٤] دەسەلات و تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی ماددەی (٩٣) له دەستوری عێراقساڵی ٢٠٠٥ بریتین له[٥]:

١-چاودێریکردنی ڕادەی دەستوری بوونی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.

٢- لێکدانەوەی دەقەکانی دەستور.

---

[١] الماده (٩٢) الفقرة (٢) من الدستور العراقي.

[٢] الماده (٣) من قانون المحكمة الاتحادية العليا رقم (٣٠)لسنة (٢٠٠٥)، المنشور فى جريدة الوقائع العراقية، العدد (٣٩٩٦)١٧/٥/٢٠٠٥.

[٣] المادة (١) و (٢) و (٣) من قانون المحكمه الاتحادية.

[٤] الفقرة (١) و ٢٢) المادة (٥) من قانون المحكمه الاتحادية العليا.

[٥] منتهى فزاع عبدحسن، مصدر سابق، ص ص ٢٢٧-٢٢٨، والمادة (٩٣)من الدستور العراق ٢٠٠٥.

٣-یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی لەئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدڕاڵییەوە دروست دەبن و ئەو بریارو پێڕەوڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لەدەسەلاتی فیدڕاڵییەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بەهەریەک لەئەنجومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلەو ئەوانی دی کە ڕاستەخۆ لەدادگا ڕەخنە لەوبڕیارانە بگرن.

٤- یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵی وحکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا وشارەوانی وئیدارە ناوخۆییەکان ڕوودەدات.

٥- یەکلاکردنەوەی ئەودووبەرەکیانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان ڕوودەدات.

٦- یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان، ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت.

٧-پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران.

٨-یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی لەنێوان بواری کاری داداگایی فیدڕاڵی و دەستەی دادوەری هەرێم وپارێزگاکان کەناکەونە سنوری پارێزگاکان

٩-یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی لەبواری کاری دەستەی دادوەری هەرێمەکان وپارێزگاکان کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە.

١٠- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی تایبەتمەندی دادوەری لە نێوان دەستەی دادوەری هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم.

دیارە لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە پرۆژە یاسای دادگای فیدڕاڵی لەبەردەمی پەرلەمانی عێراقە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی و هەستیاری بابەتەکە پەرلەمان نەیتوانی یەکلای بکاتەوەو هەرچەندە پەرلەمان توانی لەکۆی (٢٤) ماددەی پرۆژەکە (٢١) ماددەی پەسەند بکات، بەڵام دواجار ئەم پرۆژەیە ڕەتکرایەوە و پەنا برا بۆ هەموارکردنەوەی پرۆژە کۆنەکەی ساڵی (٢٠٠٥)، لەو پرۆژە یاسا تازەیەی کە ڕەتکرایەوە ئەم مادانە مابوون، پەسەند بکرێن و جێگای ناکۆکی بوون، بریتی بوون لە ماددەکانی (١٢، ٣، ٢) . بەپێی ماددەی (٢) دادگا لەسەرۆک و جێگرو پانزە ئەندام پێکدێت کە (٥) ئەندامیان دادوەرن و (٤) ئەندامیان شارەزای فقهی ئیسلامن و (٢) ئەندامیان شارەزای یاسان، ئەوەی لەم ماددەیە گرفتی دروست کردبوو شارەزایانی فقهی ئیسلامی بوون بەوەی کە ئایا ئەمانە پیاوانی ئاینی دەبن؟ یان مامۆستایانی زانکۆ لە بواری فقهی ئیسلامی؟ هەروەها ئایا ئەمانە مافی دەنگدانیان دەبێت؟ یان تەنیا ڕاوێژکار دەبن، ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت مافێکی یەکسان دەبێت لەگەڵ ئەندامانی تری دادگاکەیان مافی ڤیتۆیان دەبێت[1].

هەرچی ماددەی (٣) تایبەتە بە میکانیزمی دیاریکردنی دادوەر و شارەزاکانی، سەبارەت بە دادوەرەکانی بەپێی پرۆژە یاساکە ئەنجومەنی دادوەری عێراق و ئەنجومەنی دادوەری هەرێم

[1] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (ئومێد مەحمود)، ئەندامی ژووری یاسایی بزوتنەوەی گۆڕان، بەرواری چاوپێکەوتن:٢٠٢١/٦/١.

بەهاوبەشی دادگای فیدراڵی دیارییان دەکات، کەواتە سەرۆک و ئەندامانی دادگای فیدراڵی ئێستا بەشدار دەبن لە دەستنیشانکردنی ئەندامانی تازە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەپێی ماددەی (٢١) پرۆژە یاساکە، کە دەنگی لەسەر دراوە، بەدەرچوونی یاساکە سەرۆک و ئەندامانی ئێستای دادگاکە خانەنشین دەکرێن، ئیتر چۆن دەتوانن ئەو بەشدارییەیان هەبێت، سەبارەت بە دیاریکردنی شارەزایانی، فقهی ئیسلامی بەپێی پرۆژە یاساکە، فقی شیعی (٣)کەس کاندیدەکات هەروەها فقهی سوننی بەهاوبەشی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم (٣)کەس کاندیدەکەن، بەو پێیەش ئەم شارەزایانە لەسەر بنەمای مەزهەبی دیاری دەکرێن، ئەمەش جۆرێک لە جیاکاری دینی دروست دەکات، کە پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی (١٤)دەستوری عێراقی، بۆیە پێکهاتە ئاینیەکانی تریش دەتوانن داوای پشکی خۆیان بکەن، هەرچی پەیوەندی بە دیاریکردنی شارەزایانی یاساوە هەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی عێراق و هەرێم دیارییان دەکەن[١].

ماددەی (١٢) پەیوەستە بە چۆنیەتی دەنگدان لەسەر بڕیارەکانی دادگاکە، ئایا بە زۆرینەی سادە دەبێت یان زۆرینەی ڕەها یان زۆرینەی دوو لەسەر سێ، سەبارەت بە پشکی کورد، ئەگەرچی نارونی لە یاسا کۆنەکە هەیەو نە لەم یاسا تازەیەش ئاماژە بە پشکی کورد نەکراوە، بەڵام کورد لە ڕابردوو دوو ئەندامی هەبووە، بەپێی ئەم یاسا تازەیەش پێویستە ئەندامانی لەناو دادوەرەکان و شارەزایانی فقهی ئیسلامی و یاسایی هەبێت، چونکە لە دیاریکردنی ئەمانە یاساکە کردویەتی بەمەرج هەرێم بەشداربێت[٢].

دواجار ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٥)ی ئاسایی وەرزی یەکەمی یاسادانان بۆ ساڵی سێیەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی خۆیدا کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٥/١٨بەڕێوەچوو، هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥ی دادگای باڵای فیدراڵی پەسەندکرد[٣].

دیارە بەپێی هەموارەکە دادگا تەنیا لە دادوەران پێکدێت و شارەزایانی مەزهەبی شیعەو سوننەی تێدانییە، پێکهاتووە لە سەرۆک و جێگرو ئەندامانی رەسەن و ئەندامانی یەدەگ، کە دەگاتە ١٣ دادوەر بەجۆرێک جگە لە سەرۆک و جێگرو حەوت ئەندامیان ڕەسەنن و چوار ئەندامیشیان یەدەگن، ئەمەش بەپێی ماددەی سێیەمی ئەو هەموارەی کە پەسەندکراوە[٤].

---

[١] چۆمان محمد، پرۆژە یاسای دادگای فیدراڵی و گرنگی بۆ کوردو هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٧لەم پێگەیەی خوارەوە وەرگیراوە:
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3726

[٢] هەمان سەرچاوە.

[٣] ئاژانسی ئەنادۆڵ، پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕاگەیاندرا، بەرواری سەردان٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەی خوارەوە:
https://www.aa.com.tr/ks/عێراق/پێکهاتەی-دادگای-باڵای-فیدراڵی-عێراق-راگە-یە-ندرا-2191810

[٤] هەمان سەرچاوە.

هەر بەپێی هەموارەکە هەر ئەندامێکی دادگا تەمەنی گەیشتە (٧٢) ساڵ خانەنشین دەکرێت، هەروەها سەرۆک و ئەندامانی دادگای فیدراڵی لەبەر هەر هۆیەک نەتوانرا لەبەردەم سەرۆک کۆمار سوێندی دەستوری بخۆن، ئەوا لەبەردەم سەرۆکی پەرلەماندا سوێند دەخۆن، کە ئەمەش بەدژ لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی دنیا دادەنرێت. شایەنی ئاماژەپێدانە کە مەترسییەک بۆ کوردو دژ بە مافی کورد لەم هەموارەدا ئەوەیە کە ئەندامانی دادگای فیدراڵی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم و لەلایەن دام و دەزگای دادوەری عێراق دەستنیشان دەکرێن [1]، کەئەمەش خاڵێکی لاوازە بۆهەرێمی کوردستان، بەو پێیەی دادگای فیدراڵی یەکێکە لەهەرە میکانیزمە گرنگ وکاریگەرەکان لەعێراقدا ودەبوایە کاربەدەستانی هەرێم ڕێگر بوونایە لەڕۆیشتنی ئەم میکانیزمە گرنگە بەوئاراستەیە لەلایەن هێزە شیعیەکانەوە.

بەڕای یاساناس (لەتیف شێخ مستەفا) پەسەندکردنی هەموارەکە بەزۆرینەی سادە پێچەوانەی دەستورە، هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە، کە پێکهێنانی دادگاکە تەنها لە دادوەران شتێکی باشە لەڕووی بابەتییەوە، بەڵام لەگەڵی بین یان نەبین پێکهێنانی دادگا لە فوقەهای شەریعەو شارەزایانی یاسا مافێکی دەستورییە[2].

لێرەوەو لەژێر ڕۆشنایی سروشتی یاسایی پێکهێنانی دادگاکەو سیستەمی کارکردنی و هەڵومەرجی سیاسی لە عێراقدا، دەتوانین بڵێین کە دەرفەتی کورد بۆ سوود وەرگرتن لەو میکانیزمە، گرنگ و کاریگەرە کە دادگای فیدراڵییە، لە ئاستێکدا نییە کە جێگای ئومێدی زۆر بێت بەتایبەتی دوای هەموارکردنەوەی یاسای دادگاکە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە دانانی ئەندامەکانی دادگادا، بمانەوێ و نەمانەوێ دادگاش لە عێراق وەکو هەموو دامەزراوەکانی تر لە ژێر کاریگەری فشاری لایەنە سیاسیەکاندایە، بەتایبەتی لایەنی شیعە، بەڵام کوردو هەرێمی کوردستان دەبێ بەهەموو شێوەیەک هەوڵبدەن بۆ سوود وەرگرتن لەو میکانیزمە، بەهەر ڕێگەو شێوازێک بێت.

---

[1] چۆمان محمد، هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی بژاردەیەک لە نێوان خراپ و خراپتر، بەرواری سەردانی ٢٠٢١/٥/١٨، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=1842&Jmare=2390

[2] لەتیف شێخ مستەفا، خوێندنەوەیەک سەرپێی بۆ هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٨، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www. sharpress. net/op-detail. aspx?jimare=187628.

**لقی دووەم: ڕۆڵی دادگای فیدراڵی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

هەروەک لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێکرد دادگای باڵای فیدراڵی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لەعێراق، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم دادگایەش بریتیە لەیەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و پارێزگا و شارەوانی و ئیدارە خۆجێیەکان ڕوودەدەن، بەڵام سەبارەت بە رۆڵی دادگای فیدراڵی لەم بوارەدا زۆرێک پێیان وایە کە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق بێلایەن نییەو بە سیاسی کراوە، ئەمەش بەهۆی هەژمونی شیعە لەسەر ئەو دادگایە، کە بەهۆیەوە لەڕابردوودا ئەم دادگایە نەیتوانیوە بەڕۆڵی خۆی هەستێت[١].

بۆیە بە سەیرکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی تا ئێستا هیچ بڕیارێکی بەرچاومان لەسەر کێشەی تایبەتکارییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق نەدۆزیوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە تائێستا دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر دوو مەسەلەی زۆر گرنگ حوکمی نەکردووە، کە بریتییە لە ناکۆکییە سنورییەکان کە خۆی لەماددەی (١٤٠) ی دەستوردا دەبینێتەوە، هەروەها ئەو ناکۆکیانەی کە پەیوەستن بە سامانی سروشتی (نەوت و گاز)، ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆئەوەی کەنەهەرێم ونەناوەندیش نەچونەبەردەم دادگای فیدراڵی وسکاڵابکەن لەسەرئەومەسەلانەوتەنیا یەک داوا هەیە لەسەر کەیسی نەوتی هەرێم لەدادگای فیدراڵی کەلەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوەتۆمارکراوەوتائێستا دادگابڕیاری لەبارەوە نەداوە [٢].

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین دادگای باڵای فیدراڵی، عێراق لە هەمبەر کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند ڕۆڵێکی لاواز هەبووە، لە کاتێکدا ئەم کێشانە هەمیشە جێگای هەڕەشەن لەسەر دەوڵەت و یەکەکانی سیستەمی فیدراڵی لە کۆماری عێراق هان دەدەن بۆ جیابوونەوە، بۆیە پێویستە دادگا بڕیاری یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە و کێشەکانی دیکەش بدات[٣].

پێویستە ڕۆڵی ئەم دادگایە لە عێراقدا چالاک بکرێت، بەو پێیەی گرنگی گەورەی هەیە بۆ سەرجەم پێکهاتە سیاسیەکان لە عێراقدا بەگشتی و بەتایبەتر بۆ کوردستان، هەرچەندە لەڕابردوودا لەزۆرترین پرس و بڕیاردا دەستێوەردانی سیاسی هەبووە لە کارەکانیدا[٤].

---

[١] کاکەلاو حسێن، دیدێکی سیاسی و یاسایی بۆ عێراق و هەرێم، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٧، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

http://www.bopeshawa.net/index/?p=5148

[٢] منتهى فزاع عبدحسن، مصدر سابق، ص٢٣٠.

[٣] بێوار عبدالرحمن محمدامین، مصدر سابق، ص١٦٦.

[٤] هاورێ تۆفیق، دادگای باڵای فیدراڵی چۆن بۆ کورد باشە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=1838&Jmare=2387

دیارە دادگای فیدراڵی لەهەندێ کێشەو پرسدا ڕۆڵی هەبوەوبڕیاری یەکلاکەرەوی داوە بۆنموونە لە ساڵی (٢٠١٩)بەشێک لە کوتلە سیاسییەکانی عێراق، هەوڵیاندا لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە ماددەی١٤٠ لە دەستور لاببەن، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام دادگای فیدراڵی لە کۆبوونەوەی ٢٠١٩/٧/٣٠بڕیاری بەردەوامبوونی ماددەی ١٤٠ دەستوری دا، تاوەکو ئەوکاتەی ماددەکە جێبەجێدەکرێت، و ڕایگەیاند کە دەستوری عێراق دەسەڵاتی داوەتە دەست حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە[١]، ئەم بڕیارەش جێگای نرخاندنە، بەو پێیەی بڕیارێکی دەستوری وبێلایەن بووە لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە لەهەمبەر یەکێ لەهەرە ناکۆکییە دیارەکانی نێوان هەرێم وناوەند کەپرسی خاک وناوچە جێناکۆکەکانە.

## خواستی سێیەم: ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان

ئەم خواستە تایبەت کراوە بەشەنوکەوکردنی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم (ئەنجومەنی فیدراڵی) لەعێراقدا.

### لقی یەکەم: ناساندنی میکانیزمی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم:

بەپێی ماددەی (٤٨) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی، لەماددەی (٦٥) دەستوردا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەنجومەنێکی یاسادانان بەناوی ئەنجومەنی فیدراڵی لە نوێنەرانی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم پێکدەهێنرێت. سەبارەت بە پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامێتی و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی و هەر بابەتێکی تر، کە پەیوەستە بەو ئەنجومەنەوە، بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەکرێت، هەروەها دەقی ماددەی (١٣٧) لە دەستور ئاماژە بەوە دەکات کارکردن بە ئەحکامی بەندەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدراڵی دوادەخرێت، کە لە هەر شوێنێکی ئەم دەستورەدا هاتبێ، هەتاوەکو پاش خولی هەڵبژاردنی یەکەم و بەرکاربوونی دەستور[٢].

دیارە ئەم شێوازەی یاسادانەری دەستوری عێراق لە ڕێکخستنی ئەنجومەنی فیدراڵیدا پشتی پێ بەستووە، جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە، کاتێک پێکهێنان و دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنەی داوەتە دەست ئەنجومەنی نوێنەران کە بەشێکی ترە لە دەسەڵاتی یاسادانان و ئەمەش مانای وایە کە ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی ڕەهای لەسەر پێکهێنان و دەسەڵاتەکانی بەشەکەی دیکەی پەرلەمان دەبێت جگەلەوەش سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای دوانەیی پەرلەمان دامەزراوە و بەم

---

[١] المحكمه الإتحاديه العليا، القرار المرقم (٧١/اتحادية/٢٠١٩) في ٢٠١٩/٧/٢٨على الرابط الآتي:
https://www.iraqfsc.iq/s.2019/

[٢] المادة (٤٨، ٦٥، ١٣) من الدستور العراقي.

پێیەش ئەم دوو ئەنجومەنە هاوبەشێکی ڕاستەقینەن لە تایبەتکاری یاسادانان، بۆیە پشتگوێخستنی ئەنجومەنی فیدراڵ لەلایەن یاسادانەری دەستوری عێراقیەوە، دەبێتە جۆرێک لە نایەکسانی لە نێوان ئەم دوو ئەنجومەنەدا[١].

بەم شێوەیە دەبینین لە دەستوری عێراقدا، بایەخێکی کەم دراوە بە ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم (ئەنجومەنی فیدراڵ) بەجۆرێک تەنیا یەک ماددەی تەرخان کردووە بۆ ئەم پرسە گرنگە لە دەوڵەتی فیدراڵییدا و دەبوو کۆی وردەکارییەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی فیدراڵی لە دەستوردا نەک بۆ یاسای ئایاسی ئەنجومەنی نوێنەران بە جێبهێڵرێت و سەرەڕای ئەوەش دەبوو ئەم ئەنجومەنە لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانداو بەر لە ساڵی ٢٠١٤پێکبهێنرێت، بەڵام تا ئێستا پێک نەهێنراوە، و ئایندەی پێکهێنان و دامەزراندنیشی نادیارە. .هەموو ئەمانەش وادەکات کە فیدراڵییەتی عێراق و دیموکراتی بوونەکەی بخاتە بەردەم کۆسپ و بەربەست، بەو پێیەی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان پایەیەکی گرنگی سیستەمی فیدراڵی و نوێنەرایەتکردنی هەرێم و ناوچەکانە لە دەوڵەتی فیدراڵییدا[٢].

هۆکاری لاوازی پێگەی ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق و بایەخنەدان و پێکنەهێنانی تا ئەم ساتە چەندین هۆکاری تریشی لە پشتە، لەوانەش ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستور دەربارەی چۆنیتی دامەزراندنی فیدراڵییەت و پێکهێنانی، بەو پێیەی لەو کاتەدا کوتلەی هاوپەیمانی کوردستانی تاکە لایەن بوو کە لایەنگری سەرسەختی فیدراڵیزم و پەرلەمانی دوو ئەنجومەنی بوو، لەکاتێکدا شیعەکان خوازیاری پەرلەمانی تاک ئەنجومەنی بوون و کوتلە سونییەکانیش هەر لە بنەڕەتەوە دژی فیدراڵیزم بوون ئەمەش وایکرد، کە بەشێک لەو بنەماو دامەزراوانەی کە ڕۆڵ و کاریگەرو گرنگیان لە پیادەکردنی فیدراڵیدا هەیە لەدایک نەبن، یان بە کەموکورتیەکی زۆرەوە دابمەزرێن و فیدراڵیەت لەزۆر جومگەدا شکست بهێنێت و لەشارێی خۆی لابدات[٣].

بە پشت بەستن بە ڕەهەندەکانی واقیعیەتی پرۆسەی پێکهێنانی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە عێراق و ئەو کەم و کورتی و گرفتە دەستوریانەی کە دەوریان داوە، دەکرێ پشتیوانی لە بەندەکانی پێداچوونەوەی دەستور بکرێت، وەک ئەوەی زۆرێک لە توێژەران پێشنیاریان کردوە

---

[١] ئازاد وەلەدبەگی، گرنگی دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

http://www.penus.krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/538-2018-09-02-18-56-38

[٢] سحر كامل خليل، السلطة التشريعية فى العراق فى ضوء دستور ٢٠٠٥(الواقع وافاق المستقبل)، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/١٩على الرابط الاتى:

http://eco.nahrainuniv.edu.iq/wp-content/uploads/2019/01/بحث-السلطة-التشريعية-في-العراق. doc

[٣] ئازاد وەڵەدبەگی، گرنگی دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو.

لەسەر پێویستی ڕێکخستنی پێکهاتەکانی ئەنجومەنی فیدڕاڵی و ئەندامێتی و مەرجەکانی لە بەندەکانی دەستوردا نەک بە یاسای ئاسایی، ئەمەش بە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەقامگیری دەقەکانی ڕێکخستنی ئەنجومەن و بۆئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی دەستوری کاریگەرو سەربەخۆ دوور لە هەژمونی ئەنجومەنی نوێنەران و پاراستنی هاوسەنگی دەستوری لە نێوان هەردوو ئەنجومەنەکەدا[١].

**لقی دووەم: ڕۆڵی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد، تاوەکو ئێستا زیاتر لە ١٦ ساڵ بەسەر بەرکاربوونی دەستوری عێراقدا تێپەڕبووە، بەڵام هێشتا ئەم ئەنجومەنە وەکو لقێکی سەرەکی دەسەڵاتی یاسادانان پێکنەهاتووەو بەشێکی دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق لە بۆشایی یاسایی و دەستوری دایە، و نەبوونی ئەم ئەنجومەنەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە بڵێین عێراق سیستەمێکی تەواو فیدڕاڵی نییە، بەو پێیەی بوونی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە هەموو وڵاتانی فیدڕاڵی و دیموکراسی یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکان[٢].

ڕۆڵ و گرنگی ئەم ئەنجومەنە بۆ کوێ پرۆسەی سیاسی و یاسایی لە عێراق و بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، بەو پێیەی ئەم ئەنجومەنە دەبێتە هاوبەشی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاییکردنی ئەرک و تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بەمجۆرەش هەلی کاریگەری هەرێم لەو ئەرکەیدا بەرچاو دەبێ، ئەویش لەڕێگەی دەستپێشخەری بۆ یاساکان یان لەڕێگەی ڕێگریکردن لەو پرۆژە یاسانەی پێچەوانەی دیدو بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان بن[٣].

هەروەها ئەنجومەنەکە دەبێتە پێگەیەک لە ڕێگەیەوە پێکهاتەی فیدڕاڵیبوونی عێراق تاڕادەیەک زۆرتر بەرجەستە دەبێ و گوزارشتکردن لە خواست و ویستی بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکان زیاتر دەدرێتە گوێی پێکهاتەکانی تری عێراق [٤].

ئێستا لە عێراق، لە نەبوونی ئەنجومەنی فیدڕاڵی دا ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ بە پرۆژە یاسایەک بدات ئەوا یەکسەر دەنێردرێت بۆ سەرۆک کۆمار بۆ پەسەندکردن، بەم پێودانگە هەموو پرۆژە یاسایەک دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی نوێنەران هیچ دەزگایەک نییە جگە لەدادگای

[١] عابد خالد رسول، المجلس التشريعي الثاني في الدول الفيدرالية، مصدر سابق، ص١٥٩.

[٢] بایەزید حەسەن، سیستەمی سیاسی لە عێراقدا سیستەمێکی تەواو پەرلەمانیە، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٩ وەرگیراوە لەم پێگەیە:

https://www.awene.com/article?no=7234&auther=1361

[٣] ئیسماعیل نەجمەدین، ئەنجومەنی فیدراڵی، دەروویەک بۆ سەنگی هەرێمی لە دەسەڵاتی یاساداناندا، بەرواری سەردان :٢٠٢١/٥/١٩وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://www. kurdistanc. com/Political/details. aspx?jimare=1339

[٤]هەمان سەرچاوە.

فیدراڵی که لایەنێک یان هەرێمێک یاخود پارێزگایەک پەنای بۆ بەرێت بۆ گەڕاندنەوەی پرۆژە یاساکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئەگەر نادادپەروەری یاخود ماف خورانی ئەو لایەنەی تێدابێت، لێرەدا گرنگی ئەنجومەنی فیدراڵی دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاساکان و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە، جگە لە زۆر دەسەڵاتی تر لەوانە پارێزگاریکردن لە مافەکانی هەرێم و پارێزگاکان[١].

هەر لە ئەنجامی نەبوونی ئەم ئەنجومەنە، بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان پەنا بۆ ڕێککەوتنی سیاسی دەبرێت، وەک میکانیزمی جێگرەوە لەچەندین بابەتی پەیوەندیدار بەمافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە مافە داراییەکان پشتی بەستووە بەڕێککەوتنی سیاسی لە دیاریکردنی بەشە بودجەی دیاریکراودا، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری لەم جۆرە ڕێککەوتنانەداو گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی دەسەڵاتی فیدراڵی لە میانەی بوونی هەر ناکۆکیەکدا هەرێمی کوردستان توانای بەرگریکردنی لە پارێزگاری و گەرەنتیکردنی بەردەوامی ئەم ڕێکەوتنە سیاسیەی نەبووە لە ڕێگەی نوێنەرایەتیەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران[٢]

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین لە کۆتایی ئەم خواستەدا و لەهەمبەر پرسی ئەنجومەنی فیدراڵی عێراق ئەوەیە، کە پێویستە هەوڵ بدرێ لەیەکەم هەوڵی هەمواركردنەوەی دەستوردا شێوازی پێکهێنان و ئەندامێتی و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی تێدا جێبکرێتەوە، یاخود هەوڵ بدرێ یاسای پێ دەربچێت، بەڵام دەسەڵاتێکی هاوتای ئەنجومەنی نوێنەرانی بدرێتێ، نەک بکرێتە پاشکۆی ئەنجومەنی نوێنەران و ڕۆڵی لاوەکی هەبێت، چونکە لەم کاتەداو بەم شێوازە کاریگەر نابێت و گەرەنتیکردنی مافی هەرێمەکانی لێ بەرهەم نایەت.

## خواستی چوارەم: دەستە سەربەخۆکان

دەستە سەبەخۆکان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە گشتیەکانی هاووڵاتیان، لە ڕێگای چاودێریکردنی دەزگاکانی دەوڵەت بەتایبەتی دەزگا جێبەجێکارییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و ئیداری و ئابوری بە ئامانجی دڵنیابوونی لە پابەندبوونیان بە یاساو دەستور، لەم ڕووەشەوە کە دەستوری ٢٠٠٥ پێداگری لەسەر دامەزراندنی چەندین دەستەی سەربەخۆ کردووەتەوە یاسادانەری دەستوری عێراق پەیڕەوی لەسەردەمیترین دەستوری دیموکراتی کردووە، وەک دەستوری هەندێ لە دەوڵەتانی فیدراڵی تازە دەرکەوتوو لە ئەزموونی دیموکراتیدا بۆ نموونە

---

[١] بایەزید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] سۆران عەلی حسن، دامەزراوە دەستوریەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (عێراق بە نموونە)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

دەستوری کۆماری ئەفریقیای باشورو دەستوری کۆماری سودان بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٥[١].

دەستە سەربەخۆکان بەپێی دەستوری عێراق بریتین لە:

١- کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دەستەی دەستپاکی، سەبەخۆن و لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندان و کارەکانیان بەیاسا ڕێکدەخرێت[٢].

أ- هەریەک لە بانکی ناوەندی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و دیوانەکانی ئەوقاف لەڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆن و کاری هەریەکەیان بەیاسا ڕێکدەخرێت.

ب- بانکی ناوەندی عێراق بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانداو دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پەیوەستن بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە[٣].

جـ- دیوانەکانی ئەوقاف پەیوەستن بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٢- دەزگایەک پێکدەهێرێت بە ناوی دەزگای شەهیدان، کە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیران و کارەکانی ئەو دەزگایەو بوارەکانی تایبەتمەندی بەیاسا رێکدەخرێت[٤].

٣- دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنرێت، بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراو جۆرەکانی حکومەتی فیدراڵی و نێردەکان و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەم دەستەیەش پێکدێت لە نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی سەر بەهیچ هەرێمێک نین و ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت[٥].

٤- بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێنرێت، دەستەکە لە پسپۆرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و نوێنەرانیان پێکدێت و ئەم لێپرسراویتیانەی هەیە:

أ- دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی باربوو یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتییەکان بە گوێرەی پشکی هەریەکە لە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێکەوە.

ب- دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

---

(١) سرهنگ حمید، مقومات الدستور الديمقراطي والية المدافعة عنه، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعهة صلاح الدين، كلية القانون والسياسية، ٢٠٠٧، ص١٨١.

(٢) الماده (١٠٢) من الدستور العراق٢٠٠٥.

(٣) المادة (١٠٣) من الدستور العراق ٢٠٠٥.

(٤) الماده (١٠٤) من الدستور العراق٢٠٠٥.

(٥) المادة (١٠٥) من الدستور العراق٢٠٠٥.

ج- دڵنیابون لە هەبوونی شەفافیەت و دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارەو پول بۆ حکومەتە هەرێمیەکان و ئەو پارێزگایانەی کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە بەپێی ئەو ڕێژانەی بڕیاری لەسەردراوە[1].

٥- ئەنجومەنێک بەناوی ئەنجومەنی گشتی فیدراڵی پێکدەهێنرێت کە ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری فەرمانبەریتی گشتی فیدراڵی دەگرێتە ئەستۆ لەوانەش دامەزراندن و بەرزکردنەوە، پێکهاتەو بوارەکانی تایبەتمەندێتی ئەنجومەنەکەش بە گوێرەی یاسا ڕێکدەخرێت[2].

هۆکارەکانی پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان:

١- پەیوەندی پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان بە پتەوکردن و سازکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پیادەکردنی سیستەمی دیموکراتی و گەرەنتی فەراهەمکردنی بنەماکانی دیموکراتی لەڕێگەی دامەزراوەی سەربەخۆی نەبەستراو بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٢- دەوڵەتانێک کە کۆتاییان هێنابێت بە ناکۆکی چەکداریی و ململانێی ناوخۆیی، کە ناسراون بە دەوڵەتانی پاش ناکۆکی، بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە کاریگەربوونی لێکەوتەی ناکۆکییەکان بەسەر هەندێک تایبەتکاری هەستیاردا وەک هەڵبژاردن و پاراستنی مافی مرۆڤ و کەمینەکان پەنایان بۆ پێکهێنانی ئەم جۆرە دەستانە بردووە[3].

٣- فراوانبوونی کارو تایبەتکاری و ئەرکەکانی سەر ئەستۆی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت بەتایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەجۆرێک کەوا پێویست دەکات هەندێک لە تایبەتکارییە هەستیارەکان کە پێویستیان بە جۆرێک لە چاودێری تایبەت هەیە، تا گەرەنتی دروستی گەیشتن بە ئامانجی ویستراوی لێ بکەوێتەوە[4].

٤- هەوڵدان بۆ گەرەنتی فەراهەمبوونی بێلایەنی بەڕێوەبردنی هەندێک لە دامەزراوەی تایبەت، کە تایبەتکارییان جێگەی ناکۆکی و بەریەککەوتنی بەردەوامی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانە، بەتایبەتی لەمیانەی پیادەکردنی تایبەتکاری دەسەڵاتی یاسادانان لە چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن[5].

٥- سروشتی چەند تایبەتکارییەو دامەزراوەیەک وا دەخوازێت سەربەخۆبێت و ملکەچی پەیکەربەندی و پاشکۆیەتی لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە وەک بەشێک لە ڕێکخستنی پێکهاتەی هیچ یەکێک لە دەسەڵاتەکان نەبێت بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە نموونە ئەو دامەزراوە و

---

[1] المادة (١٠٦) من الدستور العراق ٢٠٠٥.

[2] المادة(١٠٧) من الدستور العراق٢٠٠٥.

[3] حنان محمد، مفهوم الاستقلال والهيئات المستقلة في الدستور ٢٠٠٥، ص٢٠.

[4] ئارام نجم الدين، إدارة العملية الانتخابية في دول مابعد النزاع، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٧، ص٨٤.

[5] هشام جميل، الهيئات المستقلة وعلاقاتها بالسلطة التشريعية في العراق، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعة تكريت، كلية القانون، ٢٠١٢، ص١٧.

دەزگایانەی کاریان چاودێریکردنی ڕەوشتی پابەندبوونە بە ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ لە خودی دەسەڵاتی جێبەجێکردن جیاسی چاودێریان دەبێت[١].

٦- لەهەندێک لەدەوڵەتە فیدراڵییەکانداوەک ئەفریقیای باشور دەشێت ئەم دەستە سەربەخۆیانە بکرێنە میکانیزمێک بۆچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەنیوان ناوەندو هەرێمەکان، یان لەنێوان هەرێمەکان، بەبێ ئەوەی پەنا بۆدادگا ببرێت، بەتایبەت لەو وڵاتە فیدراڵییانەی کار بەفیدراڵی هاوکاری دەکەن.

هەرچەندە دەستەکانی عێراق لە ئاستی فیدراڵی پێکدەهێنرێت و بەشێکن لە دامەزراوە دەستورییە فیدراڵییەکان، بەڵام لەڕووی کارو ئەرکی پێسپێردراو چوارچێوەی تایبەتکارییەکانیان دەکرێت پۆلێنیان بکەین بۆ دەستە سەربەخۆکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم، کە بریتین لە دەستەی گشتی بۆ مافی گرەنتی مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم و دەستەی گشتی چاودێری داهاتە فیدراڵییەکان[٢].

دیارە سەرەڕای ڕێکخستنی دەستوری و دیاریکردنی هێڵی گشتی تایبەتکاری و ئەرکی پێسپێردراو پێیان، چەند دەستەیەک تائێستا پێکنەهێنراون و هەندێکیان ڕێکخستنی یاساییان نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت پۆلێنیان بکەین بۆ دووجۆر، ئەو دەستە سەربەخۆییانەی ڕێکخستنی یاساییان بۆ کراوە و پێکهێنراون و پیادەی تایبەتکارییەکانیان دەکەن، وەک دەستەکانی (کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردن، کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ، دیوانی وەقفە ئاینیەکان (وەقفی سونە و وەقفی شیعە)، دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی، بانکی ناوەندی، دەزگای شەهیدان)، بە پێچەوانەوە دەسەتەی سەربەخۆش هەیە، لەگەڵ ئەوەدا ڕێکخستنی یاسایی بۆ کراوە، بەڵام پێکهێنانی کردەیی لێنەکەوتۆتەوە، وەک دەستەی گشتی بۆ گەرەنتی مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێم[٣].

هەروەها دەستەی گشتی بۆ چاودێری تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکانیش لەگەڵ ئەوەدا ڕێکخستنی یاسایی بۆ کراوە، پێکهێنانیان وەک دامەزراوەیەکی کارو پیادەکاری تایبەتکاری نەچۆتە قۆناغی پراکتیکیەوە[٤].

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین سەبارەت بە کەمتەرخەمی پێکنەهێنانی ئەم دەستانە، ئەوا کەمتەرخەمییەکە دوو جەمسەرەییە لەڕووی کردارییەوە لەوەی هەریەک لەهەرێم وناوەند

---

[١] مادەی (٥٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤، بۆ پێکهێنانی دەستەی مافی مرۆڤ ئاماژە بەم بابەتە دەکات.

[٢] المادة (١٠٦) من الدستور العراق ٢٠٠٥.

[٣] سۆران علی حسێن، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گرەنتیکردنی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا (عێراق بەنموونە)، سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٥.

[٤] یاسای دەستەی گشتی بۆ چاودێری تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکان ژمارە (٥٥) ساڵی(٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی ژمارە (٤٤٤٣) لە٢٠١٧/٤/١٧.

سودمەند دەبن لەنەبوونی ئەم دەستانەوبەباشی دەزانن کەدۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێ، سەرەڕای ئەوەی کەبوونی ئەم دەستەسەربەخۆیانە سودی بۆهەردووولادەبێت بەتایبەت لەڕوی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوولاوبوونی شەفافییەت لەلایەنی دارایی وئابوری، بەوپێیەی ئەم دەستانە دەستەی سەربەخۆ دەبن، تایبەتریش سودەکەیان بۆهەرێم وپارێزگا ڕێکنەخراوەکان دەبێت ولەڕێیەوە دەتوانن داکۆکی کەماف وشایستە داراییەکانیان بکەن.

**لقی دووەم: ڕۆڵی دەستە سەربەخۆکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

سەرەتا گەر بەوە دەست پێبکەین و ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو دەستانەی کە لە دەستورو یاساداناني عێراقیدا هاتوون، سەرجەمیان (٢٠) دەستەن و بریتین لە:

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، دیوانی وەقفی شیعی، دیوانی وەقفی سوننی، دیوانی ئەوقافی ئاینەکانی مەسیحی و ئێزیدی و سابیئەی مەندایی، دەزگای شەهیدان، ئەنجومەنی خزمەتی گشتی فیدراڵی، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، دەستەی نیشتمانی لێپرسینەوەو دادپەروەری، دەستەی گشتی چاودێریکردنی داهاتە فیدراڵییەکان، دەستەی داواکارییەکانی موڵکداریێتی، دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری، دەستەی باڵای حەج و عومرە، دەستەی حەشدی شەعبی[١].

گرنگترین دوو دەستە بریتین لە دەستەکانی گرەنتی بۆ مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێم و دەستەی گشتی بۆ چاودێری تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکان کە تائێستا پێکنەهێنراون و نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هیچ ویستێکی ڕاستەقینەش نییە بۆ بەدیهێنانیان لە ڕووی کردەییەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، بۆیە پێویستە جەخت لە پێکهێنان و کاراکردنی ئەم دەستانەو بەتایبەتیش دەستەی تایبەت بە داهاتە فیدراڵییەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی کە لەسەر بڕینی بودجە هەیە تەنها لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کۆنەبێتەوەو لەم دەستانەشەوە کار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێ[٢].

دەستەسەربەخۆکان بەدەر لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری کە دامەزراون بە ئامانجی قوڵکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە لەناو سیستەمی دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو دەستانە نەکەونە ژێر کاریگەری حکومەت و حزب و دەسەڵاتەکان و بتوانن بەرژەوەندی هاوڵاتی

---

[١] ئازاد وەڵەدبەگی، ئەرکی دەستە سەربەخۆکان لە عێراق لەنێوان تێورو کردار(بەشی یەکەم)، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٠وەرگیراوە لە پێگەیەی خوارەوە

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1629-2019-06-17-07-00-08

[٢] سۆران علی حسن، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتیکردنی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (عێراق بەنموونە)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٩.

لەبەرچاو بگرن، بوونی ئەم دەستە سەربەخۆیانە لە دەوڵەتی فیدراڵییدا زۆر گرنگە و بەو پێیە عێراقیش بەپێی دەستور دەوڵەتێکی فیدراڵیە بۆیە بوونی ئەم دەستانە دەتوانێ کاریگەری و ڕۆڵیان هەبێ، بە تایبەتی دەستەی چاودێری داهاتە فیدراڵییەکان کە لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران یاسای دەرچووە، لەبەرئەوەی بەوتەی هەندێک پەرلەمانتاری کورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم خولەدا بۆئەوەی حکومەت بە ئەرکی خۆی هەستێت و یاساکە جێبەجێ بکات گوشار خراوەتە سەر سەرۆک وەزیران تا ئەو دەستەیە پێکبهێنرێ، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو دەستەیە پێکنەهێنراوە[١].

ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دنیابینی سیاسییەکانی عێراق بەگشتی بۆ پرسی فیدراڵی بەڕاستی زۆر نەچەسپیوە و قوڵ نییە و تەنیا دانپێدانانێک هەیە بە هەرێمێک کە پێش ڕوخانی (سەدام حسێن) بوونی هەبووە، کە ئەویش هەرێمی کوردستانی عێراقە، لەدوای ئەمەوە کۆمەڵێ هەنگاوی تر هەیە، کە دەبوو بنرێ بۆ ئەوەی بە ڕاستەقینە ببێت بە دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەم هەنگاوانە نەنراوە[٢].

بەبڕوای هەندێک لەشارەزایان ڕۆڵی دەستە سەربەخۆکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند دیاریکراوە هەروەک کارو ئەرکەکانیان بەپێی دەستور دیارە، دەستە سەربەخۆکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوەندو هەرێمەکان بوونیان هەیە، بەڵام بەجۆرێک ئەوانەی کە لەسەر ئاستی ناوەندین و دەسەڵاتیان ناشکێ بەسەر هەرێمەکان و بە پێچەوانەشەوە، بۆیەشە کە رۆڵیان لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان ناوەندو هەرێم ڕۆڵێکی لاواز دەبێت، لەبەر ئەوە بەوتەی ئەو شارەزایە کەیسەکانی ناکۆکی بەپێی دەستور دەبێ لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە چارەسەر بکرێت، وەکو لە کەیسی ڕیفراندۆمدا بینیمان، کە دادگای فیدراڵی باڵا هەروەک لە کەیسی نەوتیشدا حکومەتی ناوەندی پەنای بردۆتە بەردەم دادگا، بەڵام تا ئێستا ئەم کەیسە یەکلا نەبۆتەوە[٣].

بەکورتی ڕۆڵی دەستە سەربەخۆکان لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕۆڵێکی لاوازو سنوردارە [٤].

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (کاوە محمد) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بەرواری ٢٠٢١/٥/٣٠

[٢]هەمان سەرچاوە.

[٣]چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (خامۆش عمر عبدالله)، ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بەرواری٢٠٢١/٥/٣١.

[٤]هەمان سەرچاوە.

## خواستی پێنجەم: ڕیفراندۆم

ڕیفراندۆمیش یەکێکی ترە لەمیکانیزمەکان کە دەکرێت لەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بەکاربهێنرێت، بۆیە ئەم خواستە تەرخان کراوە بۆباسکردن لێی.

### لقی یەکەم : ناساندنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان

یەکێ لە ئامرازەکان، کە دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بەکاربێت ڕیفراندۆمە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا هەرێمی کوردستان مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەیە، یان نا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەڕای هەندێک پێویستە بۆ دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بگەڕێینەوە، سەبارەت بە ڕێگەپێدان لەڕێگەی دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو لە چوارچێوەی ماددەو حوکمەکانی دەستوری بەرکاری عێراق ٢٠٠٥، هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەخشینی مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەرێمەکان لە عێراق یان هەریەکەکی تری پێکهێنەری سیستەمی فیدراڵی بە دیاریکردنی ڕێکاری و میکانیزمەکانی پیادەکردنی ئەو مافە بە دیناکرێت[(١)].

لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر پێیان وایە بەپێی ماددەی (١١٥)، کە باس لەوە دەکات ئەوەی لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا نییە، ئەوا لە دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکانی ناو هەرێمە؛ هەروەها ئەو دەسەڵاتانەی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا هاوبەشن ئەوا یاسای هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمدا لە پێشترن، هەروەها لە ماددەی (١٢١)ی دەستووردا، هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییە، بە سەرنجدان لە دەقی ئەو دوو ماددەو ماددەی (١١٠)، کە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاریکردوە، بۆمان دەرکەوێ کە بابەتی بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، لەڕیزی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدڕاڵی نییەو هەر بۆیە هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمدا ئەو دەسەڵاتەیان هەیە، بڕیار لەسەر ئەنجامدامی ڕیفراندۆم بدەن[(٢)].

لەلایەکی ترەوە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان دەرکردووە، بەپێی بەندی چوارەم لەم یاسایە، سەرپەرشتیکردن، جاڕدانی وادە، ڕێکخستن، جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی ئەم کۆمسیۆنە دایە، هەر لەکاتی دەرکردنی ئەم

---

(١) خامۆش عمر عبداللە، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، لە بڵاوکردنەوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هەولێر، ژمارە ١٧، ٢٠١٧، ل٥٥٦

(٢) ئازاد وەڵەدبەگی، چەند سەرەقەڵەمێک دەربارەی ڕیفراندۆم، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٠وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

http://penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/428-2018-09-02-18-56-38.

یاسایە هەتا دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵی عێراق هیچ نارەزایەتیەکی لەسەر ئەم یاسایە دەرنەبڕیوە، لە حاڵەتی نادەستوری بوونی، ئەوا حکومەتی عێراق دەیتوانی پەنا بباتە بەر دادگای دەستوری، کە تاکوو ئێستا هیچ ڕێگایەکی لەم جۆرەی نەگرتۆتە بەر[١].

سەرەڕای ئەم ناڕونیەی دەستوری عێراق لە هەمبەر پرسی جیابوونەوەو ڕیفراندۆمی هەرێمەکان لێی، ڕۆژی (٢٠١٧/٦/٧)مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای کۆتایهاتنی ویلایەتەکەی، وەکو سەرۆکی هەرێم لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی کوردستان جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی دادگەری کوردستان کۆبووەوە، لەو کۆبونەوەیەدا لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن و کۆبوونەوەکە دەرکردنی فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٥) لە (٢٠١٧/٦/٨)ی لێکەوتەوە، کە فەرمانەکە پێنج خاڵی لەخۆ دەگرت، یەکێ لە خاڵەکان بڕیاردان بوو لە دیاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٧/٥/٢٩)واتە یەک مانگ بەر لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، کە ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدرێت[٢].

دواجار وێڕای هەبوونی نارەزاییەکی زۆری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٧/٩/٢٥پرۆسەی ڕیفراندۆمی بۆ جیابوونەوە لەعێراق ئەنجامدا، ئەم پرۆسەیەش پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)و هەروەها ناوچە جیناکۆکەکان بە کەرکوکەوە گرتەوە، بەپێی دەرئەنجامەکانیش کە کۆمسیۆنی باڵای ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی پرۆسەکەی ڕاگەیاند، تیایدا ئاستی بەشداری نزیکەی سێ ملیۆن دەنگدەر بووە بەڕێژەی بەشداری لە ١٦.٧٢٪لەو ڕێژەیەک لە٧٣.٩٢ ٪دەنگیان بە جیابوونەوە لەعێراقداو لەبەرامبەردا نزیکەی لە ٢٧.٧ ٪یش دەنگیان بە نەخێر بۆ جیابوونەوە لەعێراق داوە ڕێژەی دەنگی نادروستیش گەیشتۆتە لە ٢١ ١٪بەگشتی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و کوردستانیانی دەرەوەی عێراق ٤ ملیۆن و ٥٨١ هەزارو ٢٥٥ دەنگدەر بووە[٣].

هۆکارەکانی داخوازی لەسەر جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق بریتین لە[٤]

---

ئازاد وەڵەدبەگی، چەند سەرەقەڵەمێک دەربارەی ڕیفراندۆم، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] نیزام فەیسەڵ، ڕەهەندە سیاسی و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ٢٠١٧، سلێمانی، ل٣.

[٣] الجزيرة، استفتاء إقليم كردستان.... تفاصيل و تطورات، تأريخ الزيارة : ٢٠٢١/٥/٢٢على الرابط الاتي:
https://www. aljazeera. net/amp/news/arabic/2017/9/17/إيران-استفتاء-كردستان-العراق-يجر

[٤] یونس جەبار، گرتنەبەری ڕیفراندۆم وەک میکانیزمی پیادەکردنی مافی سەربەخۆیی: کوردستان و کەتەلۆنیا وەک نموونە، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://bit.ly/3zV06yh

١- پێشێلكردنی دەستور، پاڵنەرێكی زۆر بەهێزبوو، كەوا لە گەلی كورد بكات بیر لە ڕێگاچارەیەكی ئاشتیانە بكاتەوە بۆ دەربازبوون لەم كێشە چەقبەستووانە، لەوانەش پێشێلكردن و جێبەجێنەكردنی ماددەی (١٤٠)وناكۆكییەكان سەبارەت بەهێزی پێشمەرگە، و پێكنەهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی بەپێی ماددەی (٦٥) لە دەستوری عێراق بۆ نوێنەرایەتی پارێزگاكان و هەرێمەكان.

٢- هۆكارە ئابورییەكان، كەخۆی لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم دەبینێتەوە لەلایەن حكومەتی عێراق و پابەندبوون بە ناردنی كۆی شایستە داراییەكانی هەرێم و دابەزینی نرخی نەوت.

٣- هۆكارە سیاسییەكانیش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، كە بەشێك لەدەسەڵاتدارانی هەرێمی كوردستان وای دەبینن، كە كوردستان بەشێك نەبووە لە دەوڵەتی عێراق بەڵكو بەزۆر پێوەی لێكنراوە، سەرەڕای ئەوەی كە گەلی كورد وەك نەتەوەیەكی سەرەكی شانبەشانی نەتەوەی عەرەب هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەشداربووە، دوای دانانی دەستورو پاش چەندین ساڵیش لە كاركردن بەم دەستورە، هێواش هێواش پرەنسیپی ڕێككەوتن وهەماهەنگی و بەشداری ڕاستەقینە پشتگوێخراوەو پرەنسیپی زۆرینەو كەمنیە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كاری پێكراوە.

بەڕای هەندێك لەیاساناسان تایبەتمەندییەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی كوردستان بریتین لە :[١]

١- ریفراندۆمی هەرێمی كوردستان زیاتر هەڵگری ڕەهەندی دیفاكتۆ ئامێزە نەك ڕەهەندێكی دەستوری و یاسایی.

٢- نەبوونی زەمینەسازی ناوخۆیی بۆ ئەنجامدانی.

٣- ڕیفراندۆمی تاكلایەنەو نەبوونی گفتوگۆو ئامادەكاری لەگەڵ دەوڵەتی دایك (عێراق).

٤- بەشداری پێكردنی كەركوك، لە كاتێكدا كە حكومەتی عێراق بانگەشەی خاوەندارێتی دەكات و بەپێی دەستور لەناوچە جێناكۆكەكانە.

٥- نەبوونی هیچ پشتگیری و پاڵپشتیەكی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

بەڕای هەندێكیتر كۆسپەكانی بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی كوردستانیش، كە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- یەكێك لە كۆسپە سەرەكیەكان بەردەم سەربەخۆیی هەرێمی كوردستان پرسی ئابوری و بوونی سارچاوەیەكی سروشتی زۆرە لە باكوری عێراق بەتایبەتی ناوچە جێناكۆكەكان و

---

[١] فەرهاد حەسەن، سەربەخۆی كەتەلۆنیاو هەرێمی كوردستان: لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/٢٢، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە :

https://www. kurdistanc. com/Political/details. aspx?jimare=1244

کەرکوک، کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت، ببێت بە بەشێک لە خاکەکەی وحکومەتی ناوەندیش ئامادەنییە دەستبەرداریان بێت[١].

٢- جەنگی دژ بە تیرۆر (ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش) لە عێراق و سوریا یەکێکی تر بوو لەهۆکارە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە پاساوی ئەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی لادانی جەخت لەسەر هەوڵەکانی شکست پێهێنانی داعش و دروستکردنی نا سەقامگیری لە عێراق[٢].

٣- نەبوونی دەقێکی دەستوری و یاسایی ڕوون وڕاشکاو، کە ڕێگە بەهەرێمی کوردستان بدات بۆ جیابوونەوە سەربەخۆیی.[٣]

سەبارەت بە ئەنجام و کاردانەوەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتی، سەرەتا لە هەڵوێستی حکومەتی عیراقەوە دەست پێدەکەین، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی فیدراڵی عیراق.

سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (حەیدەر عەبادی) لەبەرواری ٢٠١٧/٩/٢٧داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد، کە ئەنجامەکەی ڕیفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوەو یاسای عێراق بەسەر کورستاندا بسەپێنن، هەروەها داوای لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد هەموو ڕێوشوێنێکی دەستوری و یاسایی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و پاراستنی هاوولاتیانی خۆی بگرێتەبەر، لەوانەش فەرمانی بەهێزە ئەمنییەکان کرد بە گەڕانەوە ناوچە جێناکۆکەکان بە کەرکوکەوە، لەگەڵ بڕیاردان بە داخستنی دەروازە سنورییەکانی فیدڕاڵی و داواشی لە هەرێمی کوردستان کرد لەماوەی سێ ڕۆژدا فڕۆکەخانەکانی ڕادەستی حکومەتی فیدڕاڵی بکات و بڕیاریشدا بە سەپاندنی ئابڵوقەی ئاسمانی بەسەر هەرێمی کوردستاندا و ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان[٤]

لە ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبەر جوڵەی هێزە عێراقییەکان دەستی پێکرد و ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی سوپای عێراق پێشڕەویان دەستپێکردو لە شەوی (١٦/١٥) مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی حکومەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانی دابوو، حکومەتی عێراق لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک و دەوروبەری، دوای چەندین کاتژمێر شەڕوپێکدادان، هێزەکانی پێشمەرگەش لەچەند قۆڵیکەوە بە ئاڕاستەی جیاواز پاشەکشەیان کردو لەو سەنگەرانەی کە هێرشیان کرایە سەر (٣٨) شەهیدو (١٧٠) بریندار هەبووە،

---

[١] هەڵمەت محمد، ڕیفراندۆم لە نێوان دروشم و پراکتیکدا، توێژینەوەی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٤.

[٢] فەرهاد حەسەن، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] هەڵمەت محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩

[٤] الجزيرة: استفتاء اقليم كردستان.. تفاصيل و تطورات، مصدر سابق.

ئەمە سەرەڕای زیانێکی زۆری ماددی و لەدەستدانی (٥٠٪)ی خاکی کوردستان و گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ شوێنەکانی بەر لە ساڵی (٢٠٠٣) لە کاتێکدا پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەشێکی زۆر لە ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکرابوو و کورد تاڕادەیەکی زۆر خاوەنی دەسەڵات و بەڕێوەبردن بوو لەو ناوچانە[١].

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق پاڵپشت بە برگەی (سێیەم) لە ماددەی (٩٣) لە دەستور بڕیاری نادەستوریبوونی ڕاپرسیەکەیدا کە لە (٢٠١٧/٩/٢٥) بەڕێوەچوو لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کە ڕاپرسیەکەی گرتەوە، هەروەها بڕیاریدا هەڵوەشاندنەوەی لێکەوتەو تەواوی ئەنجامەکان کە لەڕاپرسی هاتۆتە کایەوە، ئەم بڕیارە کۆتاییەو پابەندی هەیە بۆ تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراق وهەرێم بە پێی ماددەی (٩٤) لە دەستورو ماددەی (٥) دووەم لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠) ساڵی(٢٠٠٥)و بڕیارەکە بە کۆی دەنگی ئەندامانی دادگا دەرچووە[٢].

لەسەر ئاستی هەرێمییش دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاند ئێمە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقیداین و سنورەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخست و ڕایگەیاند، کە ڕێفراندۆم دەبێتە هۆی ئاژاوەی سیاسی لەناوچەکە، ئەو ڕیفراندۆمەی بە پێچەوانەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە قەڵەم داو پێشی وابوو، کە هەوڵێکە بۆ لێدان لە هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە ناوچەکەدا[٣].

لەلایەکی ترەوە تورکیاش لە بەرواری(٢٠١٧/٩/٢٢) لە دوای کۆبوونەوەی سەرۆک کۆماری تورکیاو ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا ڕایگەیاند، ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت مافە نێودەوڵەتییەکانمان بەرامبەر هەرێمی کوردی عێراق بەکاردێنین، دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند کە دەشێ ڕێکاری سەربازی ئابوری بەرامبەر باشوری کوردستان بگرینەبەر، بەو پێیەی لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری لەناوچەکە و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و ململانێ و لەبەرئەوە دەبێت بەرژەوەندییەکانی تورکیاو ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزرێت[٤].

سەبارەت بە کاردانەوەی دەوڵەتانی عەرەبی جۆرێک لە دژیەکی هەبوو، بەو پێیەی هەریەکە لە سعودیەو ئیمارات سەرەتا بەجۆرێ لە جۆرەکان پشتگیری پرۆسەکەیان دەکرد، بەڵام دواتر

---

[١] قارەمان ئازاد، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شانزەی ئۆکتۆبەر، توێژینەوە، دەزگای ستاندەر، هەولێر، ٢٠١٨، ل٢٧.

[٢] سۆران علی حسن، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (عێراق بە نموونە)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

[٣] الجزيرة، ايران: استفتاء كردستان العراق يجر الفوضى والتقسيم، تأريخ الزيارە : ٢٠٢١/٥/٢٢، على الرابط الاتى: https://www.aljazeera.net/news/arabic/2017/9/17 /إيران-استفتاء-كردستان-العراق-يجر/

[٤] الصباح الجديد، استفتاء اقليم كردستان و ردود الفعل الدولية والعربية قبل و بعد نتائج التصويت، تأريخ الزيارە: ٢٠٢١/٥/٢٢على الرابط الاتى:

http://newsabah.com/newspaper/137064

هەردوو حکومەتی وڵاتەکە نیگەرانی خۆیان دەربڕی و جەختیان لە یەکپارچەیی عێراق کردەوە، هەرچی دەوڵەتی کوێتیشە بەهەمان شێوە ڕایگەیاند کە بەرژەوەندی سەرەکی بریتییە لە بەردەوامی یەکپارچەیی و سەربەخۆیی عێراق و قەتەریش ڕیفراندۆمی بە مەترسی بۆسەر یەکپارچەیی و ئاسایش و سەقامگیری عێراق لەناوچەکە لەقەڵەم دا[١].

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش دوو ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لەڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٣دواهەمین هۆشداری نێودەوڵەتی بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەند کە بەتێکڕای١٥ وڵاتی ئەندام دەرکراو تیایدا نیگەرانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەربڕی و بە هەنگاوێکی تاکلایەنانەی وەسفکرد، کە هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق، هاوکات، هۆشداریدا بە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی و سیاسی و ئابوری لەدژیان[٢].

هەرچی دەربارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، (دۆگلاس سلیمانی) باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق لە ڕێککەوتی(١١و١٢ی مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ )لەگەڵ سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوویەوەو سێ بژاردەی خستە بەردەمیان: یەکەم بژاردەی دواخستنی ڕیفراندۆم و دووەمیش بژاردە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە لە هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی کە دانی پێدانراون بەبێ کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە، ئەمریکا بێدەنگ دەبێت لە ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە، بەڵام دان بە ئەنجامەکەیدا نانێت بژاردەی سێیەمیش، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام ئەم ڕیفراندۆمە لای ئەمریکا هیچ شەرعیەتێکی نییەو سوپای عێراق و گروپی دیکەی چەکدار پەلاماری کەرکوک و کێڵگە نەوتیەکان دەدات و دۆخەکە سەردەکێشی بۆ شەڕێکی گەورە[٣].

بەڵام بارزانی سوربوو لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بۆیە (ڕێکس تیلەرسن) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوو ڕۆژ پێش ڕیفراندۆم، واتە (٢٠١٧/٩/٢٣)نامەیەکی ئاڕاستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردو وەکو جێگرەوەی ڕیفراندۆم چەندین بابەتی گرنگی خستە ڕوو، لەوانەش دانان بە ڕیفراندۆم، ئەگەر بەغدا لەماوەی ساڵێکدا ڕێککەوتنەکانی جێبەجێ نەکرد. ڕێکس تیلەرسن بەڵێن دەدات زۆربەی کێشەکان بە ماددەی(١٤٠)ی دەستور و دابەشکردنی دەسەڵات و

---

[١] حسين ابيش، دول الخليج العربية والاستفتاء الكردي، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٥/٢٢، على الرابط الاتى: https://agsiw. org/ar/gulf-arab-countries-kurdish-referendum-ar/.

[٢] هەڵمەت محمد، گەیلان عەباس، ئەنوەر کەریم، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٨.

[٣]هەمان سەرچاوە.

کێشەکانی پێشمەرگەو فرۆکەوانی مەدەنیشەوە لەو ماوەیەدا چارەسەردەکرێن، بەڵام بەرپرسانی کورد نامەکەیان پشتگوێخست و کاریان پێنەکرد[١].

هەروەها (فێندریکا مۆگرینی) کۆمسیاری باڵای سیاسەتی دەرەو ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢١)ڕایگەیاند، یەکێتی ئەوروپا داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستانی عێراق دەکات ڕیوشوێنەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە لەعێراق ڕابگرن، یەکێتیەکە پشتیوانی خۆی بۆ دەستپێشخەریەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشان دا، کە داوای دیالۆگ لە نێوان هەرێم و بەغدا دەکات[٢].

پاش ڕەتکردنەوەی داواکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیا، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، وڵاتانی هەرێمی بەتایبەت تورکیا و ئێران، داواکاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، بارزانی سوربوو لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پرۆسەکە بەڕێوەچوو، ئەم سوربوونەش کاردانەوەی زۆر نێگەتیڤی بەدوای خۆیدا هێنالەوانەش ڕەتکردنەوەی پرۆسەکە لەلایەن بەغداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ، کاردانەوەکانیش بریتی بوو لە گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان و داخستنی سنوری وشکانی و ئاسمانی بەڕووی هەرێمی کوردستاندا[٣].

لە کۆتایشدا، ئەوەی ماوەتەوە بوترێت، ئەوەیە هەندێک پێیان وایە شکستی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان لەدوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هێندە بەرچاوە، کە ڕەنگە نموونەی تری کەمبێت لە مێژووی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، هۆکارەکانی شکستەکە زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەو هۆکارە ناوخۆییانەن، کە ڕەگیان لەمێژووی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد داکوتاوەو کاریگەرییان لەسەر ئێستاش هەیە، ئەم شکستە کلتورێکی سیاسی دروستیکردووە، کە ئەگەرەکانی لەپێش ڕاپەڕینەوە چەکەرەی کردووەو لەدوای ڕاپەڕین و تائێستاش لە گەشەکردندایە، ئەو کلتورە سیاسیە بەوە دەناسرێتەوە، کە بەندە لەسەر یەکتر سرینەوە و فرە ئیداری نەک یەکتری قبوڵکردن و ستراتیجیبوون[٤].

---

[١] قارەمان ئازاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[٢]هەمان سەرچاوە.

[٣] هەڵمەت محمد، گەیلان عباس، ئەنوەر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[٤] جەلال حەسەن مستەفا، هەرێمی کوردستان لەدوای ڕیفراندۆم: ڕەگوڕیشەی شکستەکان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٢ وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://www.kurdistanc.com/political/details.aspx?jimare=1251.

**لقی دووەم: ڕۆڵی ڕیفراندۆم لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی رۆڵی ڕیفراندۆم، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە شەوی (٢٠١٧/١٠/٢٤) حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری سڕکردنی ڕیفراندۆمیدا، ئەمەش بەهۆی ئەو فشارە بەردەوامانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆو بەتایبەتیش حکومەتی عێراق هەبوو، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە ئامانج لەو هەڵپەساردنە ئەوەبوو، کە بتوانن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکەونە گفتوگۆی سیاسی بەمەبەستی ئاسایکردنەوەی دۆخی سیاسی لە پەیوەندییەکانی بەغداو هەولێر و کۆتایی هێنان بە گرژییەکان لەنێوان هەرێم و ناوەند[١].

بابەتێکی تر، کە پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت ئەوەیە، کە دوای پرۆسەی ڕیفراندۆم بەرپرسانی حزبی و حوکمی لە هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد، کە ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە لە عێراق و جیاکردنەوەی سنورو ئەمری واقیع نییە و ئێمە ڕێز لە یەکپارچەی عێراق دەگرین، بەڵکو ڕیفراندۆم کارتێکە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغداو تەنانەت لە کۆتا لێدوانی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ڕابەرایەتی پرۆسەی ڕیفراندۆمی دەکرد داوای لە بەغدا کرد کە دەرگای گفتوگۆ دانەخات و ئێمە بەشێکین لە عێراق، هەربۆیەش دوای بڕیاری دادگای فیدراڵی کە سەبارەت بە نادەستوری بوونی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەریکرد، ئەنجامی ڕیفراندۆم سڕکراو هەندێکیش پێیان وایە کە کورد بەم هەنگاوە شکستخواردوو ناکامڵە دەیان ساڵ لە پرسی سەربەخۆی دوورکەوتەوە[٢].

کورد لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاولەسەردەمێکدا کەزانیارییەکان بەخێرارترین تەوژم دەگوازرێنەوەتوانی لەڕێگای پرۆسەی ڕیفراندۆمەوەوبەئاشکرا بەجیهان بڵێ من بەشێوەی زەبروزەنگ لەعێراقدام وئەگەر دیکۆمێنتێکی یاسایتان دەوێ، ئەوە دیکۆمێنت کەوەک گەلی کوردوگروپێک نامانەوێ دەوڵەتی عێراقدا بین، بوونی ئەو دیکۆمێنتە یاسایی ودەستوری ودیموکراتیە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆئەوەی کورد لەسەر شانۆجیاوازەکانی جیهان شەڕوململانێی خۆی پێبکات[٣].

سەبارەت بەهەل ومەرجی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەساڵی ٢٠١٧دا ئەوە لەهیچ کاتێکدا هەل ومەرجی بابەتی ئامادەنیە بۆئەوەی تۆ ڕیفراندۆمی تێدابکەی، ڕاستە کوردستان لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا لەساتەوەختێکی سەختی ئابوری وسیاسی وسەربازی ودڕانی کۆمەڵایەتیدا ئەژیا،

---

[١] محمد سلێمانی، سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم، نسکۆیەکی گەورەی سیاسی ونەتەوەییە، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/٢٧ وەریگراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

https://pmnews. se/?p=37433.

[٢] کەمال حەمزە، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، نا بۆ سەربەخۆیی نەبوو، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە :

http://diplomaticmagazine. net/opinion/3431

[٣] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: عادل باخەوان نووسەرو لێکۆڵەری سیاسی.

بەڵام ئەوەی وایکرد ڕیفراندۆم کورد نەگەیەنی بەدەوڵەت هیچ یەکێ لەمانە نەبوو، بەڵکو تەنها یەک ڕەگەزبوو ئەویش بریتی بوو لەئیرادەی وڵاتانی سیستەمی ئینتەرناسیۆنالیست بەگشتی وئەمریکاوئەوروا بەتایبەتی، هەر ئەم ئیرادەیەش بوو لە(٢٠)کاندا نەیهێشت کورد ببێ بەدەوڵەت، ڕاستە کورد بەهۆی ڕیفراندۆمە ناوچەجێناکۆکەکان وکۆمەڵی دەسکەوتی گرنگی لەدەستدا بەلام ئەوەش ڕاستە کە کەکورد لەڕێگای ئەم پڕۆسەیەوە پەیامی سیاسی ویاسایی ودەستوری خۆی گەیاند[١].

لە ڕاستیدا ئەوەی بە کردار بینیمان پاش ڕیفراندۆم پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بەرەو گرژییەکی زیاتر ڕۆیشتن، بێ هیواییەکی زۆر زۆر خێرا تا ئەو ئاستەی شەڕی چەکداریشی لە نێوان هەردوولا لێکەوتەوە کە دوورنەبوو دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی توندتر بڕواو ئەگەر نێوەندگیری نێودەوڵەتی نەبوایە، بەڕای هەندێک لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ –٢٠١٤و بڕینی بوودجەی هەرێم و دواتر هاتنی شەڕی داعش دۆخەکە لەباربوو، کە کورد دەیتوانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکات و خاکێک زۆرتر لەناوچە جێناکۆکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام بەهۆی ململانێی شاراوەی هەرێم و بەغدا نەتوانرا ئەوە بکرێت سەرچاوەکانی ململانێ لەسەر جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستور و ململانێ ئابوری و سیاسییەکانی نێوانیان بووە، ئەگەر لیکتێگەیشتن لەنێوان هەردوولای کێشەکە هەبێ، وەک کوردستان و عێراق، تێگەیشتن و ئەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی عێراقیش کراوەو سەردەمیانە بێ و گفتوگۆیان هەبێ بۆ کێشەکان ئەوا دەکرێت ریفراندۆم وەکو ئامرازێکی ئاشتیانە بەکاربێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوولا و کەمکردنەوەی گرژییەکان و سەقامگیری لەناوچەکە[٢].

بەڵام ڕیفراندۆمی هەرێم، کێشەی هەبوو لە هەردوولا، ئەوەی کە ڕیفراندۆم وەک ئامرازێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونەکان، وێنا دەکرێت میکانیزمێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام لەهەرێمدا نەتوانرا چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و عێراق کەمتر بکاتەوە، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە بوو کە گرنگترینیان تێڕوانین و ئەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی عێراقە بۆ ئەم میکانیزمە[٣].

بەڕای هەندێکی تر، بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی پیادەکردنی ڕاپرسی بۆ جیابوونەوەی هەرێمێک لە دەوڵەتی فیدڕاڵی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوانیان، دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا پرۆسەی ڕاپرسییەکە ڕێپێدراوە لە ڕێکخستنی دەستوری فیدڕاڵی یان نا، یاخود بەڕێکەوتنی نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵی و هەرێمەکە بەڕێوەچووە یان نا، لە حاڵەتی یەکەم کە

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: عادل باخەوان نووسەرو لێکۆڵەری سیاسی.

[٢] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (ئازاد وەلەدبەگی)، مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی نۆلج، بەرواری ٢٠٢١/٥/٣٠.

[٣] هەمان سەرچاوە.

ڕیفراندۆم مافێکی دەستوری بێت و بەخشرابێت بە هەرێمە فیدراڵییەکە ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕاپرسی و پیادەکردنی و ئەنجامەکانی دەبێتە بەشێک لە چارەسەری ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان و لە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکەش ئەگەر جیابوونەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا بەیەکجاری دەبنە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ و یاسایی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات نەک یاسای دەستوری، نموونەی ئەم حاڵەتەش لەجیابونەوەی باشوری سودان لە دەوڵەتی سودان لە (٢٠١١) بەرجەستەبووە[١].

حاڵەتی دووەم ئەگەر دەستور باسی نەکردبێت، بەڵام ڕاپرسی بەڕێککەوتنی نێوان هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی بێت یان بەشێوەیەکی تر دەسەڵاتی فیدراڵی ڕێگرنەبێ، ئەم جۆرەش دەبێتە بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوو لایەنی فیدراڵی و هەرێم، لەبەرئەوەی ئەگەر ڕاپرسی بکرێت و سەربکەوێت و دەسەڵاتی فیدراڵی ڕازی بێت بە دەرئەنجامەکانی دەبنە دوو دەوڵەت، ئەگەر ڕاپرسیەکەش ئەنجامەکەی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا دەسەڵاتی فیدراڵی لەمیانەی دانیشتن و دانوستاندا هەوڵی گەڕانەوەی متمانەو زیادکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکە دەدات، تا جارێکی تر پەنا بۆ جیابوونەوە نەبات و چەند تایبەتکارییەکی زیاتری دەستوری پێدەبەخشێت، نموونەی ئەم حاڵەتەش (هەریمی کیوبیک لە کەنەدا)یە[٢].

هەرچی حاڵەتی سێیەمە، ئەوا بریتیە لەوەی کە دەستور ڕێگرە لە جیابوونەوەو بەڕێکەوتنی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکەش نابێت، ئەو کات دەکەوێتە بواری کردەیی کام لایەنیان توانای یەکلاکردنەوەی پرۆسەکەی هەیە بە سەرکەوتن یان شکست پێهێنان، لە حاڵەتێکدا هەرێمەکە سەرکەوتوو نەبێت و توانای بەرگری پرۆسەکەی نەبێت، ئەوا دەرئەنجامی نەرێنی دەبێت بۆ زیاتر بوونی کێشەی نێوانیان و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەری هەبێ لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکەو فشار خستنە سەری بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی لە دامەزراوە فیدراڵیەکانیشدا (نموونەی ئەم حاڵەتە هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیایە لە ئیسپانیا لە ساڵی(٢٠١٧)، واتە ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان نەک ڕۆڵی نەبووە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، بەڵکو خودی پرۆسەکە بووە بە بەشێک لە ناکۆکییەکانی نێوانیان[٣]. ئەمەش وا دەخوازێت کە لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە بکات، ئامرازی ڕیفراندۆم وەک ئامرازێکی دەستوری بناسێنێت، بەرلەوەی جارێکی تر پەنا بۆبەکارهێنانی ببات و حکومەتی عێراقیش بەم دەستور بوونە ڕازی بکات.

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (سۆران علی حسن)، مامۆستای یاسای دەستوری، زانکۆی سۆران، بەرواری٢٠٢١/٦/١.

[٢] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (سۆران علی حسن)، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] هەمان سەرچاوە.

## خواستی شەشەم: ڕێککەوتن و دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا

خواستی شەشەم و کۆتایی لەدانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و ناوەند و ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکۆڵێتەوە.

### لقی یەکەم: ناساندنێک لەهەمبەر ڕێککەوتنەکانی هەرێم و بەغدا :

میکانیزم و پرۆسەی دانوستان و ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان و بەتایبەتیش دوای دانانی دەستوری عێراق بە مەبەستی چەسپاندنی مافەکانی کورد لە عێراق و بەشدارییەکی کاراو کاریگەری هەبووە، لەم چەند ساڵانەی دوایدا، بەتایبەت لە پاش ساڵی(٢٠١٠) و بەهۆی ناکۆکییەکان لەسەر پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی و وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی هەردوو حکومەت چووە قۆناغێکی ئاڵۆزترەوەو دواتریش بڕینی تەواوەتی بەشە بودجەی هەرێمە لەو کاتەوە تا ئێستا دانوستان و ڕێککەوتن وەک میکانیزمێکی کارا هەبووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوانیان[١].

لەدوای ساڵی(٢٠١٤)ەوە چوونی شاندو وەفد لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەستی پێکردووە، چونکە پێش ئەو ماوە گەر شاندەکان چووبیشن تەنیا بۆ کاری ئاسایی چوون، بەڵام لە دوای ئەو ماوەیەو لەگەڵ بڕینی بەشە بودجەی هەرێم بۆ مەبەستی گێڕانەوەی بودجەی هەرێم و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێم ناردنی شاندەکان و دانوستانەکان، بووە، لە ساڵی(٢٠١٤)ەوە بە نزیکەیی (١٤) جار هەرێمی کوردستان شاندی ڕەوانەی بەغدا کردوەو بەمەبەستی ڕێککەوتن لەسەر کێشەو پرسەکانی پەیوەست بە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێ تەنیا لە (٢٠١٩)تا ناوەڕاستی (٢٠٢١) ١٩جاروەفدی کوردی سەردانی بەغدای کردووە[٢].

سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق (ئەحمەدی حاجی ڕەشید) پەرلەمانتاری کورد لەعێراق لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەساڵی(٢٠١٢) ەوە ڕێککەوتن دەکرێ و جێبەجێ ناکرێ و لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٩)ش جۆرێک لە ڕێککەوتن کراو نەگەیشتنە دەرئەنجام، ئەمەش لەبەرئەو هۆکارەی هەردوولا گومانیان لەیەک هەیەو هێزە عێراقییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هەر کاتێک نرخی نەوت بەرزبێتەوە هەرێمی کوردستان لە پابەندییەکانی پاشگەز دەبێتەوە، هەرێمی کوردستانیش باوەڕی وایە عێراق تاچەند بەهێزبێت هیچ

---

(١) ئازاد وەڵەدبەگی، ڕوانینێکی دەستوری بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر – بەغداد، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٦/١٠وەرگیراوە لەم پێگەیە:

http://rudawrc. net/?p=1036

(٢) چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (ئومێد محمد) ڕۆژنامەنوس لە کەناڵی ئێن ئارتی لە بەغدا بەرواری ٢٠٢١/٦/١٩.

ڕێککەوتنێک جێبەجێ ناکات. بەگشتی هۆکارەکان بۆ نەگەیشتنە ڕێککەوتن لە هەردوولاوە خۆیان مەڵاس داوەو هیچ گرەنتی و ئایندەیەک نییە بۆ ڕێکەوتنێکی گشتیگرو تەواو بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان[1].

لەساڵی (٢٠١٤) و دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەلایەن (حەیدەر عەبادی)یەوە لە ٢٠١٤/١١/١٣ڕێککەوتنێک لەنێوان هەولێرو بەغدا ئیمزاکرا و دواتر ئەم ڕێککەوتنە خرایە ناو یاسای بودجەی ٢٠١٥ی عێراق و پەسەندکرا، کە بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبوو هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لەبەرامبەر ناردنی پشکی ١٧٪ لە بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێنە نەکراو کۆتایی پێهات، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ و لەگەڵ حکومەتەکەی (عادل عبدالمهدی) ڕێککەوتنێک کرایەوە، کە تیایدا دەبوو هەرێم ڕۆژانە (٢٥٠)هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، و لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق پشکی هەرێم ڕەوانە بکات بەڵام ئەم ڕێککەوتنەش هاوشێوەی ڕێکەوتنەکانی پێشوو جێبەجێنەکرا[2].

لە( ٢٠١٩/١١/٢٢)ش جارێکی تر ڕێککەوتنێک ا لەگەڵ (عادل عەبدلمەهدی) کرا بەمەبەستی پێدانی پشکی هەرێم بە بڕی ١٢ تریلیۆن و ٥٧٧ ملیارو ٨٧ ملێۆن و ٢٢هەزار دینار لەبەرامبەر پێدانی ٤٥٠ هەزار بەرمیلی نەوتی ڕۆژانە بە کۆمپانیای سۆمۆ، بەڵام ئەم ڕێککەوتنەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق و دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی نەتوانرا پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکومەتی تازەی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٠) بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی لە (١٥ی ئابی٢٠٢٠) ڕێککەوتنێک کرا، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات پێویستە وەزارەتی دارایی فیدراڵ مانگانە بڕی (٣٢٠) ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، وەک بەشێک لە خەرجییەکانی هەرێم، بەڵام حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوەکردوە، کە سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتن کرا، هیچ بڕە پارەیەک لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووەو هیچ پاساوێکی یاسایش بۆ ئەم نەناردنە نەبوو، ئاماژەی بەوەشکردووە، کە حکومەتی فیدراڵی هەموو داهاتی هەرێمی کوردستانی لە داهاتی نەوتی و دەروازە سنورییەکان لە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵ بڕیوە بەپێی ڕێککەوتنی(٢٠٢١/٨/١٥)کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرابوو[3].

---

[1] چاوپێکەوتنی (ئەحمەدی حاجی ڕەشید) لەگەڵ سایتی (پۆلەتیک) لەبارەی شکستی دانوستانەکان لەگەڵ بەغداد، ٢٠٢٠/٦/٢٦وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://politicmedia. net/detailnewspo. aspx?jimare=9715&cor=1&related=2.

[2] صادق الطبائی، کردستان العراق تحدد الازمة مع حکومة بغداد، تاریخ الزیارة : ٢٠٢١/٦/١٨علی الرابط الاتی:
https://www.alquds.co.uk/کردستان-العراق-تجدد-الأزمة-مع-حکومة-بغ/

[3] الوثائق الرسمیة حکومة اقلیم کردستان، مصدر سابق.

ساڵی (٢٠٢١) و بەپێی یاسای بودجە دەبێت هەرێمی کوردستان ڕۆژانە داهاتی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بە نرخی سۆمۆ بداتە بەغدا، لەگەڵ (٥٠٪)ی داهاتی نانەوتی، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق مانگانە (٢٥٠) ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵام تا ساتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەش لەناوەڕاستی ساڵی (٢٠٢١)، هیچ بڕە پارەیەک لە بەغداوە نەهاتوە بۆ هەرێم و دیارنییە، کە ئایا ئەم ڕێککەوتنەش هەمان چارەنووسی ڕێککەوتنی ساڵانی پێشووی دەبێت یاخود نا. حکومەتی هەرێم لای خۆیەوە دەڵێت ڕێککەوتوین و پارە دێت، لەبەرامبەریشدا بەغدا لەڕێگای دیوانی چاودێری داراییەوە بەردەوام لەسەر هێڵەو داوای ڕادەست کردنی داهات و ژمارەی ڕاست و دروستی فەرمانبەران دەکات[1]، کە لە هەموو ئەو دانوستان و ڕێککەوتنانە سەرنج بدەین کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە کراون سەرەڕای ئەوەی کە دانوستان و ڕێککەوتنی هەمەلایەن و کۆتایی نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی دابینکردنی موچەو قوتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بووە، کەچی هێشتا ئەم ڕێککەوتنانە جێبەجێنەکراون و نەیانتوانیوە کۆتایی بە یەک دۆسیە بێنن کە ئەویش پرسی بودجەیە، هەرێمی کوردستان هەمیشە حکومەتی عێراق تاوانبار دەکات بەوەی کەماف و شایستە دەستوری و داراییەکانی کوردستان جێ بەجێ ناکات، و ئەوان پابەندییەکانی خۆیان بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی جێبەجێکردووە، لەبەرامبەریشدا حکومەتی فیدراڵی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، کە هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە و نابێت بە ڕادەستکردنی بڕی نەوتی دیاریکراو بە کۆمپانیای سۆمۆ و هەروەها ناڕونی و نادیاری لە ژمارەی فەرمانبەران و داهاتی دەروازە سنورییەکان هەیە کە پێیوستە ئەمانە بخرێنەوە ژێر چاودێری حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە.

**لقی دووەم: ڕۆڵی دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

دیارە کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند فرەڕەهەندن و دانوستان و ڕێککەوتنیش تاکە جێگرەوەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە، و دەبێ دانوستانەکان پرۆسەیەکی بەردەوام بن، نەک پرۆسەیەکی هەڵپرووکێنراوی تایبەت بە قەیرانێکی دیاریکراو یاخود کێشەیەکی دیاریکراو، بەڵکو دانوستان لەگەڵ بەغداد پرۆسەیەکی هەمیشەیی بێت و دەسەڵاتیش بدرێ بەو وەفدانەی دانوستان کە دەچن بۆ بەغدا، بۆئەوەی بتوانن بڕیاربدەن. خاڵێکی تر بۆ مەسەلەی سەرکەوتنی ئەو دانوستانانە، کە تا ئێستا نییە بریتیە لە نەبوونی تیمێکی پرۆفیشناڵ، کە ئاگایان لە تەواوی

[1] دەقی یاسای بودجەی (٢٠٢١)ی عێراق وەرگیراوە لەم پێگەیە.

https://lvinpress. com/6324.

دۆسییەکان بێ و لەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی ئەو دانوستانانە چووبن و نوێنەرایەتی بەفراوانی هێزو بیرۆکە جیاوازەکان و پێکهاتەکان بکەن[١].

خاڵێکی تر بۆ سەرکەوتنی رۆڵی دانوستان و رێککەوتن، کە بەداخەوە نییە لە پرۆسەی دانوستان و رێککەوتنەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بریتیە لە بوونی ستراتیژیەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە لە شێوازی پلانێکدا گوزارشتی لێبکرێ و خاڵبەندی و کاری لەپێشینە بۆ نیشتیمان بێت و نەخشەرێگایەک هەبێ بۆ چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان، لەچ رێگایەکەوە پەنایان بۆ بەرین هەموو ئەمانە پیویستن بۆ سەرکەوتنی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، سەرباری ئەوەی کە دانوستان و رێکەوتنەکان پیویستیان بە هەلومەرجێکی یاساخوازی و یاسا سەروەریە، کە بەداخەوە هەردوو حکومەت، تا پێیان بکرێ خۆیان دەدزنەوە لە پابەندییەکانیان بەرامبەر یەکتر و نایانەوێ یاسا و دەستور سەروەربێ بەرێژەی جیاواز لە هەردوولا بەپێی دۆسییەکانیان بەڵام بە گشتی هەروو حکومەت هاوشێوەن لە خۆدزینەوە لەسەروەری یاساو لە چارەسەرکردنی یاسایی و بنەڕەتی کێشەکان[٢]

ئەوەی هەیە کێشەکان لەڕووی سیاسی و بەڕوحی سیاسی چارەسەر دەکرێن، بەڕوحی کەمترین دەستکەوت بەلایەنی بەرامبەرو لێبرین و لێپێچینەوەو کەمکردنەوەی دەسەڵات و تواناکان ئەمە ئیرادەیەکی ناوەندیەو هەیە، بەهەمان شێوەش هەرێمی کوردستان خۆی دزیوەتەوە، تابتوانێ پابەندییەکانی جێبەجێ نەکاو دەرئەنجام ئەو واقیعەی لێ دروست بووە، کە ئێستا ئێمە بەدی دەکەین، بۆیە گرنگە کە بتوانرێ لە رێی رێککەوتنێکی تەواو گشتگیرەوە ئەم ناکۆکییە لەمێژینانە چارەسەرە بکرێت، بابەتێکی تری گرنگ لە دانوستان و رێککەوتندا لایەنی سێیەمە یان چاودێرو سەرپەرشتیاری ئەو گفتوگۆیانە، دیارە لەمەشدا لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند کێشەی تێدایە زۆرجار ئەم چاودێرانە خەڵکانی دەرەکی و دەوڵەتانی هەرێمی و هێزە نێودەوڵەتییەکانەو کە ئەجێندای سیاسی و تایبەتی خۆیان هەیەو رۆڵیان لەوەدا هەیە کە ئەم دانوستان و رێککەوتنانە بەئەنجام نەگات، چونکە هێشتنەوەی ئەو قەیرانانە ئامانجی راستەوخۆی ئەوانەو لەبەرژەوەندی ئەوانە[٣]

دانوستان و رێککەوتن لە بەرێوەبردنی هەموو ململانێ جیاوازەکان یەکێکە لە رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان، لە راستیدا دانوستانەکانی نێوان هەرێم و ناوەند زۆرجار بەهۆی ئەوەی کە کاری لەپێشینە کێشە نیشتیمانییەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا لەدواوەی کاری لەپێشینەی حزبی و شەخسیەکان بووە، بۆیە کەمتر دانوستانەکان بوونە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەرێز (د. موسەنا ئەمین)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق – فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەرواری ٢٠٢١/٦/١١

[٢] هەمان سەرچاوە.

[٣] هەمان سەرچاوە .

نێوان هەرێم و بەغدا، بۆ نموونە گەر کێشەیەکی بنچینەیی نێوان هەرێم و بەغدا بەدرێژایی ٥٠ ساڵی ڕابردوو وەربگرین، کە پرسی ناوچە جێناکۆکەکانە، یەکێکە لە هەرە کێشە سەرەکیەکان و ئەگەرماوەی نزیک وەربگرین لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس تا ئێستا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، چونکە ئەو کاتانەی هەرێم بەرامبەر بەغدا بەهێزبووە بۆ نموونە لە ٢٠٠٣، کە ڕژێم ڕوخاو هێزەکانی تری عێراق پێگەیەکی وایان نەبوو لەڕووی سیاسی و یاسایی و ڕەزامەندیی هاووڵاتیان هەرێم ئەو کاتە بەهێزبووەو (١٢) ساڵ بوو حکومەتی خۆی هەبوو هێزێکی ئامادەو بەشداربوو لە جەنگی عێراق[١].

ئا لەم ساتە وەختە مێژووییەدا نەتوانرا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلابکرێتەوەو سپێردرا بە کات چ لە ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەدانی عێراق و چ لەماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق، دواتر هەلێکی تری زێڕین، کە هاتە بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لەڕێگای ئاشتی و دانوستان و ڕێککەوتنەوە دوای هاتنی داعش بوو لە ساڵی ٢٠١٤، کە داعش موسڵی داگیرکردو سوپای عێراق لە کەرکوک کشایەوەو کەرکوک کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەوە، بەڵام بێ باکی و نەخوێندنەوەی دروستی واقیع دیسانەوە وایکرد لە ئان و ساتێکدا و لە ئەیلول و ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەموو ناوچە جێناکۆکەکان جارێکی تر بدۆڕێنین، هەموو ئەمانە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو کاتانەی کورد لە پێگەی هێزبووەو توانیویەتی لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان کۆمەڵێ پرسی تر کاری لەپێشینە بوون[٢].

لای دانوستانکاری کورد، بەتایبەت پارتی و یەکێتی، کە ئەوان دانوستانکاری کورد بوون بە درێژایی ٢٠ ساڵی ڕابردوو، بەرژەوەندی حیزبی و بەدەستهێنانی پۆست و پارەو دارایی کاری لەپێشینەیان بوە، بۆ نموونە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق پرسی نەوت زۆر بەباشی لە قازانجی کوردستان ڕێکخراوەو دەقەکانی لە قازانجی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە نەوت و گازو ناناوەندێتیەکی زۆر بۆ ئەوپرسانە یەکلاکراوەتەوە، دەکرا لەوکاتانەی هەرێم لە پێگەی هێزدابووە سوود لە پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان وەربگرێ بە دانوستان و ڕێککەوتنی جدی و کۆنکرێتی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکلا بکاتەوە، بەڵام ئەم پرسە کراوەتە قوربانی بەرژەوەندی تاکەکەسی لەوانەش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ساڵی ٢٠١٧، دەبێ لە دانوستاندا ئامانجە نیشتیمانیەکان لەپێش بن و ئەو کاتە دەتوانین دەسکەوت بەدەست بهێنن و کێشەکان یەکلابکەینەوە، بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە پێگەیەکی لاوازدایە بەرامبەر بەغدا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە لەوانەش سوتاندنی کارتی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ.

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (د. یوسف محمد صادق)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، بەرواری٢٠٢١/٦/١٢.

[٢] هەمان سەرچاوە .

بۆیە لە ئێستادا کورد لە دانوستانەکانی لەگەڵ بەغدا زیاتر چاوی لەسەر پۆستە نەک یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیە مێژووییەکان، ئێستا بەهۆی لاوازی پێگەی کوردەوە داواکارییەکانی کورد لە جیاتی گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵکو داواکاری کورد بووە بەوەی کە پارتی بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک بۆیە داواکانی کورد لە ئێستادا لە پاشەکشەیەکی زۆر گەورەدایە[١].

دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و ناوەند بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان کارێکی گرنگە وپێویستە بەوپێیەی سەقامگیری سیاسی دروست دەکات و سەقامگیری سیاسیش سەقامگیری ئابوری بەدوادادێت، واتە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا تەنیا خۆی لەوەدا نابینێتەوە ئایا بڕێک پارە لە بەغداوە بۆ هەرێم دێ یان نا، بەڵکو لە تەنیشت ئەوەوە کۆمەڵێ سوودی تری هەیە، لەوانەش بوژانەوەی بازاڕو جۆرێک لە دڵنیایی بۆ پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم و فەراهەمکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان بازاڕەکانی هەرێم و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بۆیە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی گشتگیرو کۆنکرێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند کارێکی زۆر پێویستەو دەبێتە هۆی سوود بۆ هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمیش[٢].

بەبڕاوی هەندێک ئەوەی وایکردوە، کە کورد تائێستا نەتوانێ لە ڕێگای دانوستان و ڕێککەوتنەوە کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق چارەسەر بکات ئەوەیە کە کورد هەمیشە لە دبلۆماسیەتداو لەسەر مێزی گفتوگۆ کارتەکانی دۆڕاندوەو نەیتوانیوە سوود لە هەل و دەرفەتە مێژووییەکان وەرگرێ و بەجۆرێ کورد بە ئاسانی دەچێتە گفتوگۆکانەوە، بەبێ زەمینەسازی بۆ بنەماکانی گفتوگۆو دانوستان، بەگشتی کورد لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ بە هەڵپەو بەبێ پلان و ستراتیژی ڕوون چووەوە بۆ بەغداو کاتێک لایەنەکان گەیشتنە نووسینەوەی دەستور، بەرپرسانی کورد نەیان دەزانی چیان دەوێت داوای چی دەکەن[٣].

ئەوەی وایکردووە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەم ئاستە خراپەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بگات، ئەوەیە کە ئەم پەیوەندیانە پەیوەندی تاکەکەسی و حزبین، کاری لەپێشینەی زۆرینەی وەفدی دانوستانەکان لەکاتی دامەزراندنی کابینە وزارییەکانی عێراق لەسەر پلەو پۆست و پشکی سیاسی بووە، نەک بەدیهێنانی مافە دەستورییەکانی خەڵکی هەرێم بۆیە بۆ ئەوەی بەشێک لە کێشەکانی کورد لە عێراق چارەسەر بکرێن بەتایبەت لە پرسەکانی خاک و سنوور، شێوازی بەشداری کورد لە پەیکەری بڕیاردانی سیاسی و کێشەی دابەشکردنی سامان و داهات، پێویستە

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (د. یوسف محمد صادق)، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (شێروان میرزا)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەرواری١٣/٦/٢٠٢١.

[٣] محمد رەئوف، خاکی دابڕێنراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٠٨.

پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە پەیوەندی حزبی و کەسیەوە، بکرێن بە پەیوەندی نیشتمانی و دامەزراوەیی، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی دەستەی دانوستان بۆ بەنیشتمانیکردنی پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدا[١].

هەڵبەتە بابەتی وتوێژ لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی مێژوویيەکی دوورو درێژی هەیە و ئەو دانوستانانە زۆرجار بەرهەمی هەبووە، لە (٦٠)کاندا چەند جارێک دانوستان کراوە و دواتر کۆتا دانوستان بەرهەمی هەبووە بەیاننامەی (١١)ئازارە لەساڵی ١٩٧٠، کە سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق گەیشتنە ڕێککەوتنێک بەوەی ئۆتۆنۆمی بەهەرێمی کوردستان بدرێ و کورد وەکو هاوبەشی ڕاستەقینە لە عێراق سەیر بکرێت، بەڵام هەر زۆری پێنەچوو حکومەتی عێراق پاشگەزبوویەوەو لەدوای ڕێککەوتنی جەزائیرلەساڵی١٩٧٥ ئەو ڕێککەوتنامەیە هەڵوەشایەوە، دانوستان لە هەشتاکانیش هەر بەردەوام بووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووەو دواجار حکومەتی عێراق ویستی لەڕێگای هێزەوە ئەو بابەتانە چارەسەر بکات ئەوەبوو دەستی بە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردو ئەنجامی ئەم کردەوانەی ڕژێمی پێشووش ڕاپەرینی گەلی کوردی لێکەوتەوە[٢].

ئەو دۆخە وەک خۆی تا ساڵی ٢٠٠٣ مایەوە، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش کورد بڕواتەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق لە هەرێمی نیمچە جێگردابووەو کورد بەشداری کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی (عێراق) کرد، کە لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکا کرا، کە هیزە شیعەکان زۆرینەبوون و کورد گرەنتی ئەوەی وەرگرت، کە ئەگەر بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق سیستەمی یەکپارچەیی (الموحد) لە عێراق دەگۆڕن بۆ فیدراڵی بۆئەوەی ئەو پارچەیە بگەڕێتەوە سەر عێراق و مافە دەستوورییەکانی کورد دەچەسپێن و تەواوی ئەو کێشانەی هەیە بەڕێککەوتن چارەسەر دەکرێت، بۆیە کورد یەکێک بووە لەلایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنانەوەی عێراق لەدوای ٢٠٠٣ لە سوپاو لە حکومەت و لە پەرلەمان، بۆیە بەبڕوای هەندێک لەچاودێران لە دوای(٢٠٠٣)ەوە، کورد ویستی دەرفەتێک بداتەوە بەشیعەو شیعەکان ئاماژەیان بەوە کرد، کە ئەوانیش وەکو کورد زوڵمیان لێکراوە و ڕێی تێناچێت جارێکی تر زوڵم لە کورد بکەنەوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە کورد لەڕێگای دەستوری کاتیەوە توانیوتی کێشەکانی ناسنامەو شوناس و بەشداری هاوسەنگ و چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکانی لەچوارچێوەی دەستوری کاتی جێبکاتەوە و دواتریش ئەم بابەتە لەماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق چەسپا، جیا لەمە بەپێی ماددەی (١١٧) هەموو ئەو بڕیارانەی لەلایەن

---

[١] ستەم کامیل، بەرپرسی ژوری توێژینەوە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕووداو لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، ٢٠٢٠/٩/٢٠، وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://www.facebook.com/watch/?v=276034450292473

[٢] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (شاخەوان عبدالله)، ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرواری٢٠٢١/٦/١٨.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢ز دەرکراوە، دانی پێدانرا بەڵام بەبڕوای هەمان چاودێر لەدوای ئەوەی حکومەتی شیعە خۆی گرتەوە دەستی بە گێچەڵکردن بە کورد کردەوەو گرفتی کارگێڕی و سیاسی و سەربازی بۆ ناوچە کوردییەکان دروستکرد، بەڵام کورد هەر بەردەوام بووە لە وتووێژو دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ هەمیشە هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە گفتوگۆو دەستور کێشەکان چارەسەر بکات، هەڵبەت گەر عێراق پشت بە دەستور ببەستێ هەم مافی کورد هەم مافی پێکهاتەکانی تر پوچەڵ ناکرێنەوە[1].

بەوتەی هەندێک لەپەرلەمانتارانی کورد لەعێراق لە خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران یاداشتێکیان پێشکەشی پەرلەمان کرد و بەوەی کە حکومەتی ناوەندی (٥٥) ماددەی دەستوری پێشێلکردوە و ئێستا ئەو ئەقڵییەتەی هەیە هەمان ئەقڵیەتی سەردەمی بەعسە، کە لەگەڵ کورد مامەڵە دەکەن، بەوتەی هەمان پەرلەمانتار لە ساڵی(٢٠١٢ز) بریاری ژمارە (٢٥) دەرچوو لە بارەی گەڕانەوەی زەوییەکانی کورد لەناوچە کوردییەکان، بەڵام لەپراکتیکدا و لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکراو لەدوای (١٦) ئۆکتۆبەر کێشەکان ئاڵۆزتربوون و لیژنەیەک بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرا بۆ پرسەکانی نێوان هەرێم و ناوەندو هەتا ئێستاش ئەم هەوڵ و هەنگاو و دانوستانانە بەردەوامن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەریم و ناوەند، بەڵام بەرهەمەکەی وەکو پێویست نییە، بۆ نموونە دەبینین لە یاسای بودجە مافی کورد دیاری دەکرێ، بەڵام لەپراکتیکدا جێبەجێناکرێ، بۆیە بەوتەی ئەو پەرلەمانتارە نەفەسێکی شۆڤێنی هەیە لەعێراقدا کە پێی وایە دەبێ کورد پەراوێز بخرێ هیچی پێنەدرێ و ئامانجەکەش ڕێگریکرنە لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتن لەهەرێمی کوردستان، بۆیە کێشەکان لەدوای چەندین دەیەو تا ئێستا هەر بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە [2].

سەبارەت بە میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بۆمان دەرکەوێت کە ئەم میکانیزمە زۆر کاریگەرنەبوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی لیژنەکان خاوەن بڕیار نین، سەرەڕای ئەوەی دانیشتنی زۆریش ئەنجام دراوەن و لە داهاتووشدا زیاتر ئەنجام دەدرێن لە نێوان هەولێرو بەغدا زۆربەی کات ئەو ئەنجامەی کە ئەم لیژنەو دانوستانانە پێی دەگەن بریتیە لە ڕێگەیەکی داخراو، بەو هۆیەشەوە چارەسەرێک بە شێوەیەکی لەناکاو دەرکەوێت لەلایەن سەرکردە ڕسمییەکان یان حزبییەکان، کە دوورە لەو ئەنجامەی کە لیژنەی دانوستانەکان پێی گەیشتوون، ئەم چارەسەرە سیاسییە نەک هونەرییە

---

[1] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (شاخەوان عبدالله)، سەرچاوەی پێشوو.

[2]هەمان سەرچاوە .

پەرچەکرداری نەرێنی لێ بەرهەمدێت، لە هەموو لایەکەوە بەتایبەتی لەلایەنی میللیەوە و لەژێر سایەی کێشمەکێشی سیاسیدا گرفتەکان قوڵتر بوونەتەوە[١].

بەشێوەیەک، کە ئەگەر بێتو ئەمڕۆ پرسیار لە هاووڵاتیەک بکەی لەناوەڕاست و باشوری عێراق پێت دەڵێت مافەکانمان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە زەوتکراوە بەهۆی بێدەنگی و چاودێرینەکردنی بەرپرسانی حکومەتی عێراق و پەرلەمانەوە، ئەگەر سەیری دۆخی هەرێمی کوردستانیش بکەین، دەبینین هاووڵاتیان ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ڕاستەقینە بوونەتەوە لەبەرئەوەی موچەیان دەستناکەوێت، لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیەکی عێراقیەو فەرمانبەریشە وەک هەر فەرمانبەرێکی دیکەی پارێزگاکانی عێراق ئەم چاوەڕانە موچەکەی وەربگرێت و هیچ پەیوەندیەکی بەم گرفتەوە نییە، بۆیە قەیران و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند ڕۆژ بەڕۆژ قوڵتردەبنەوە لەبەرئەوەی پشت نابەسترێ بە چارەسەری یاسایی و هونەری و کارگێڕی دروست، کە دەستەبەری دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان لایەنەکاندا بکات، ئەو چارەسەرانەی هەن سیاسین، بۆیە ئەم کەشە بارگاوییە دروست دەکەن و قەیرانەکە قوڵتر دەکەنەوە، بۆیە بە بۆچوونی پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراق دەبێت بواری پێویست بدرێت بە لیژنە هونەرییەکان بەپێی دەستورو یاسا بەرکارەکان کە ئەویش بڕیاردان یان زەمینەی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ خاوەن بڕیارەکان کاربکەن، لە بەغداو هەولێر بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو، کە دەستەبەری چارەسەرێکی ڕیشەیی دەکات بۆ ئەو قەیرانە کەڵەکەبووانە[٢].

بە وتەی وتەبێژی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێگومان لەماوەی ڕابردوو پێش (٢٠٢٠) بەتایبەتی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا وایکردبوو جۆرێک لە بەستەڵەک لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا دروست بێ لەبەرئەوەی دانوستانەکان وەکو پێویست و لەسەر ئاستی باڵا نەبوون، بەڵام لەپاش ئەوەی لەمانگی (٤)ی (٢٠٢٠) دەستکرایەوە بە دانوستان چ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان چ لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی عێراق و چین و توێژە جیاوازەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سیاسەتمەنداران ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی بتوانین لۆبیەک دروست بکەین، وەک بناغەیەک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانمان و ڕاستییەکان بگەیەنین بە شەقامی عێراقی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو فشارەی شەقامی عێراقی لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانیش لەسەر حکومەت دروستی کردبوو، بۆئەوەی شایستە داراییەکانی هەرێم نەنێرن یاخود وا هەست بکەن هەرێمی کوردستان پشکی هاووڵاتیانی عێراقی بردوەو بڵێ خۆشیان نەوتیان هەیەو داهاتیش لە ئێمە دەبن، ئێمە ئەم وێنەیەمان تاڕادەیەک سڕیەوە، کە ئەم وێنەیە نەما دانوستانەکانمان بە ئاڕاستەی دانانی میکانیزم و یاسا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان گۆڕی و

---

[١]چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (محمد شیاع السودانی)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتاری سەربەخۆ، بەرواری :٢٠٢١/٦/١٩.

[٢] هەمان سەرچاوە.

دواتر ڕێککەوتنێکمان کرد لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ دوو مانگ کە بودجەیەکیان بۆ ناردین و هەر ئەو ڕێککەوتنەش بە نزیکەیی بوو بە بنەمایەک بۆ ئەوەی لە یاسای بودجەی (٢٠٢١) جێبەجێ بکرێ، بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکانی هەندێ گۆڕانکاری تێدابوو، بۆیە ئەم جارە فشارەکان لەسەر پەرلەمان کەمتربوو، چونکە دانوستانەکانی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕۆڵی هەبوو بۆ ئەوەی فشارەکان کەم بێتەوەو نەمێنێ تا ئاستێکی باش، بۆیە دانوستان زۆر گرنگەو میکانزمێکی بنەڕەتییە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەنێوان هەولێرو بەغدا و ئەمەی ئێستا پێی گەیشتووین دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆو دانوستانانەیە، کە حکومەتی عێراق بڕیاریداوە (٢٠٠) ملیار دینار بنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئەم ساتە هیچ دیارنییە[١].

هەر بەوتەی ئەو وتەبێژە کێشەو ناکۆکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق تەنیا موچەو بودجە نییە، بەڵکو کێشەی خاک و پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگەش هەیە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگری عێراق، کە تا ئێستا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، هەرێم لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق باسی ئەو پرسانەو پرسی ناوچە جێناکۆکەکانیشی کردووە بەڵام ئەو پرسانە قورسترن لە پرسی موچەو بودجە لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە مەحکوم کراون بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق، لە دانوستانەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا براوەو دۆڕاو نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، گرنگترین شت تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکە بووە، کە بەتایبەت لە دوای (٢٠١٤) و ڕیفراندۆمەوە دروست بوو[٢].

زۆربەی ئەو پرۆسەو دانوستانانەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لەنێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق ئەنجام دراون بەمەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، سەرەڕای ئەوەی کەپرۆسەیەکی بەدامەزراوەیی وشەفاف نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لەپرسی یاسای بودجەی ساڵانەدا ئەم میکانیزمە سودی هەبێ، دەنا نەتوانراوە لەڕێگەی ئەم میکانیزمەوە چارەسەری کۆتایی ناکۆکییەکان نێوان هەرێم وعێراق بکرێت، بەتایبەتیش پرسی چارەسەرکردنی گرفتی موچەو بودجەی هەرێم، کە یەکێکە لە کێشەهەرە بنەڕەتییەکان کە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە.

سەبارەت بە گرفت و قەیرانەکانی نێوان بەغدادو هەولێر، دوو ڕەهەندیان هەیە، ڕەهەندێکی سیاسی کە پەیوەندی بە جیاوازی دیدگاوە هەیە، سەبارەت بە پرسەکانی شێوەو داهاتووی سیستەمی سیاسی لە عێراق، هەرچی ڕەهەندی دووهەمە پەیوەندیدارە بە شێوازی ڕاڤەکردنی ماددەکانی دەستور، خۆی دەبینێتەوە لە جیاوازی دیدگاکان بۆ دۆسیەکانی داهاتە داراییەکان و

---

[١] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (سەمیر هەورامی)، وتەبێژی ڕەسمی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (قوباد تاڵەبانی) بەرواری :٢٠٢١/٦/٢٢.

[٢] هەمان سەرچاوە.

دابەشکردنیان یان دۆسیەی ناوچە جێناکۆکەکان، کە ئەمانە بەردەوام پرس گەلێکی هەڵپەسێردراو بوون لە ساڵی (٢٠٠٣) ەوە تاوەکو ئێستا، کە دەستور یەکلای نەکردونەتەوە یان باشتر بڵێین بە باشی ڕوونی نەکردونەتەوە، هەروەها ئەو کۆمەڵە یاساییانە تەواو نەکراون، کە دەستور جەختی لەسەر دەرچوونیان کردۆتەوە، کە پەیوەندیدارن بە یاسای نەوت و یاسای دابەشکردنی داهاتە داراییەکان و داهاتە سنورییەکان، هەر بۆیەشە لە کاتی دەرچواندنی یاسای بودجە یان لەکاتی هەر قەیرانێک لەنێوان هەولێرو بەغدادا ناکۆکییەکان دروست دەبن[1].

سەبارەت بە ڕۆڵی دانوستان و ڕێککەوتن لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بێگومان ئەم میکانیزمە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام وەک دەبینرێت، تا ئێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی و لەڕێگای میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتنەوە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکرێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوامی هەبێت لەنێوان هەردوو حکومەت، تاوەکو گەیشتن بە دەرئەنجامێک، کە لە بەرژەوەندی هەردووک لابێت[2]

لە کۆتایی باسی سێیەم، کە بریتی بوو لە باسکردن و شەن و کەوکردنی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین ڕێگاو میکانیزمی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییە لە مێژینەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، دەکرێ لەبەرئەنجامی ڕۆڵ و کاریگەری هەریەکێک لە میکانیزمەکانی کە خستومانەتە ڕوو بڵێین، کە سەرەکیترین میکانیزم بریتییە لە پابەندبوون بە دەستورەوە لەبەرئەوەی بنەمای بنەڕەتی پێکەوە کارکردنە لەدەوڵەتی فیدراڵیدا، هەروەها دادگای فیدراڵی عێراقیش ئەگەر وەک دادگایەکی سەربەخۆ و چالاک کاربکات بەتایبەت دوای هەموارکردنەوەی پرۆژەی یاسای دادگای فیدراڵی لەم ساڵداو پێکهاتە نوێکەی دەکرێ لەمەودوا ڕۆڵێکی بێ لایەنترو کاریگەرتر لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بگێڕێت. لە داهاتووشد ائەگەر بەجدی کاربکرێت لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی دووەمی فیدراڵی لە عێراق و دەستە سەربەخۆکان کە تا ئێستا لە بۆشایی یاسایی و سیاسیدان میکانیزمی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەردەست دەبێت، هاوکات ئەگەر پرۆسەی دانوستان و ڕێککەوتن لەنێوان هەرێم و ناوەند بە دامەزراوەیی بکرێت و دوور بخرێتەوە لەبەرژەوەندییە حیزبی و سیاسییەکان دەتوانرێت باشتر کاربکرێت بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی و کۆنکرێتی لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی.

---

[1] چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: د.(سەلمان الجیلی)، وزیر التخطیط فی حکومة العبادي، بەروار٢٠٢١/٦/٢٨.
[2] هەمان سەرچاوە.

# ئەنجامگیری

## یەکەم: ئەنجامەکان

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەناونیشانی (میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق وەک نموونە)، گەیشتووین بەم ئەنجامانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

١- دەوڵەتی فیدراڵی هەڵگری پێناسەی جۆراو جۆرەو بەگشتی دەتوانین بڵێین، دەوڵەتی فیدرڕاڵی بریتییە لەدەوڵەتێک کە چەند کیانێکی دەستوری لەخۆگرتووە، هەر کیانەی یاسای تایبەتی خۆی هەیەو خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیەتی. سەرجەم کیانەکان پابەندی دەستوری فیدراڵین، بەو پێیەی هەموویان لەو دەستورە فیدراڵییەوەدروست بون ودەستوری فیدراڵی ڕێکخەری بونیادی یاسایی وسیاسی کیانەکانە.

٢- گرنگترین تایبەمەندییەکانی دەوڵەتی فیدررڵی خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە دەوڵەتی فیدراڵی دەوڵەتێکی ئاوێتەیەو دوو دەسەڵاتی گشتی هەیە لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان، بوونی دەستورێکی نووسراو، کە بنەمای پێکهێنانی دەوڵەتەکەشە، هەروەها بوونی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان و دادگای باڵای فیدراڵی و چەند دەزگاو ڕێکارێک کە ئەرکیان یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەتایبەتمدییەکانی دەوڵەتی فیدراڵین.

٣- دەوڵەتی فیدراڵی بە شێوازی چوونە پاڵ یا هەڵوەشانەوە، یاخود هەردووکیان دروست دەبێت، ئەمە سەرەڕای بوونی چەند هۆکارێک، کە دەکرێت هاندەری دروستبوونی دەوڵەتە فیدراڵییەکە بن لەوانە: ترس، بوونی نەتەوەو ئاین و زمانی جیاواز، هۆکاری ئابوری و بازرگانی، فراوانی ڕووبەری زەروری و زۆری ژمارەی دانیشتوان.

٤- بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی خۆیان لە بنەمای یەکگرتن لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەکی و سەربەخۆیی دەوڵەتە ئەندامەکان و بنەمای بەشداری واتە بەشداری یەکەکان لە پێکهاتەی فیدراڵیدا دەبینیەوە.

٥- سیستەمی فیدراڵیش وەکو هەموو جۆرەکانی تری دەوڵەت و دیاردە سیاسییەکان بە دوورنییە لە گرفت و بەربەست و ناکۆکی، ئەم ناکۆکیانەی دەوڵەتی فیدراڵیش لەسەر ئاستی جیاواز ڕوودەدەن بۆنموونە لەنێوان ناوەندو هەرێمەکان یاخود لەنێوان هەرێمەکان، بەڵام مەرج نییە ئەم ناکۆکیانە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەو کۆتایهاتنی دەوڵەتە فیدراڵییەکە، بەڵکو زۆربەی جار بەپێی کات فیدراڵیزم بەپێی میکانیزمی جۆراوجۆر وەڵامدەرەوەی گونجاوی دەبێ بۆ ئەم ناکۆکی و کێشانە.

٦- گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم ناکۆکیانە، لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا بریتین لە دەسەڵاتی تاکلایەنەی حکومەتی فیدراڵ و لاوازی دیموکراسی، هەروەها لە گرفتی

دەوڵەتانی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم و کێشەی جیابوونەوەی هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و ناکۆکییە ئەتنی و نەتەوەییەکان.

٧- ناکۆکییەکان لە دەوڵەتێکی فیدراڵیەوە بۆ دەوڵەتێکی تری فیدراڵی دەگۆڕێن، بۆ نموونە ئەگەر ناکۆکیەکان لە دەوڵەتێکی فیدراڵی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتی بێت لەبارەی ئازادی ئاینی و ناکۆکییە سنوری و یاساییەکانی پەیوەست بە گرفتی کۆچبەران، ئەوا لە نێجیریا ناکۆکیەکان پەیوەستن بە مافی کەمینەکان و ناکۆکی لەسەر سەرچاوەکان و ناکۆکییە ئاینی و ئەتنی و ناوچەگەرییەکان.

٨- میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییە بەراوردییەکان جۆراوجۆرن و ڕادەو کاریگەری هەریەک لەو میکانیزمانە و شێوازی بەکارهێنانیان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت، گرنگترین میکانیزمەکانیش خۆیان لە مانەی خوارەوە دەبیننەوە:

أ- دەستوری فیدراڵی گرنگترین و سەرەکیترین میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە، بەو پێەی بنەمای دروستبوونی دەوڵەتەکەیەو یاسای باڵای دەوڵەتەکەشە، ئەم دەستورە دەبێت بەجۆری دابنرێ، کە ڕێگربێت لەسەرهەڵدانی ناکۆکی و گیروگرفت و ڕێگریش لەوە دەکات و لەکاتی بوونی گرفتیشدا دەبێت لایەنە ناکۆکەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستور بۆ چارەسەکردنیان، دەشکرێ لە هەندێ حاڵەتدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە ئەم دەستورە هەمواربکرێت بۆ گونجان لەگەڵ ڕوحی سەردەمی نوێ.

ب- ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، میکانیزمێکی تری چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانە، بوونی بنەمایەکی بەهێزە بۆ دەوڵەتە فیدراڵییەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکان لەدەسەڵاتی یاسادانان و بەشداریکردنیان لەکاروبارو بڕیارەکاندا، لەهەندێ دەوڵەتیشدا خودی ئەم ئەنجومەنە دەبێتە جێگای کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیانە، کە بەرلەوەی پەنا بۆدادگا ببرێ دروست دەبن، وەک لە دەوڵەتانی فیدراڵی ئەڵمانیاو ئەفریقیای باشور.

ت- دادگای فیدراڵی یەکێکی ترە لە میکانیزمە ئاسایی و هەمیشەییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بە جۆرێ لەکاتی دروستبوونی هەر ناکۆکی و کێشەیەک لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر دادگای فیدراڵی، کە لە هەر دەوڵەتێکی فیدراڵیدا بەناو و پێگەیەک بوونی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، هەروەها دەکرێ دادگا لە زۆرێک لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا تاکە شوێن بێت بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی تایبەت بە بە دوو ئاستەکەی حکومەت.

ث- بەشی دووەمی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بریتین لە میکانیزمە نائاساییەکان، کە گرنگترینیان بریتییە لە میکانیزمەکانی دانوستان و ڕێککەوتن، کە یەکێکە لە کۆنترین و باوترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بەجۆرێ بەرلەوەی بیر لە هەر ڕێگاو میکانیزمێکی تر بکرێتەوە هەوڵدەدەن بە دانوستان و ڕێککەوتن ناکۆکی و کێشەکان چارەسەر بکەن و ململانێیەکان پێ بەڕێوەدەبرێ، کە بێگومان بەکارهێنانی ئەم میکانیزمەش

پێویستی بە هونەرو کارامەیی تایبەت و زەمینەسازی و کەش و هەوای گونجاو هەیە بۆ گەیشتنە ئەنجامی خواستراو بۆلایەنە ناکۆکەکان.

ج- ڕاگەیاندنی باری نائاسایی میکانیزمێکی تر، کە بەکارهێنراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخ و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی فیدراڵی بوونەتەوە، کە زیاتر پەیوەستە بەو حاڵەتانەی کە وڵات توشی جەنگ یان حاڵەتی لەناکاوی سەربازی و داگیرکاری دەبێتەوە، یان دۆخی ناکۆکییەک بگاتە ئاستی یاخیبوونی هەرێمێک یان چەند هەرێمێک لەدژی حکومەتی ناوەندی، بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە دەبێ لە دەستورەوە سەرچاوەی گرتبێ و بۆماوەیەکی کاتی بێت.

ح- جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، میکانیزمێکی تری بەکارهاتووی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە لە دەوڵەتە فیدرڵیەکاندا، دیارە ئەم میکانیزمە جێگای مشتومڕە بەوەی، کە ئایا دەستورە فیدراڵییەکە ڕێگە بە جیابوونەوەی یەکەکانی دەدات یاخود نا، و بەگشتی دەوڵەتە فیدراڵییەکان لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵەتەکەن و ڕێگە بە جیابوونەوە نادەن، ئەم جیابوونەوەیەش کاتێ دەبێ، کە هەندێ لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان سەرکەوتوو نەبن لە چەسپاندنی تەواوی بنەماکانی فیدراڵی، یاخود لەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی کە بەدەست کێشەی نەتەوەیی و ئەتنیەوە دەناڵێنن و فیدراڵی ناتوانێ تەبایی بۆ ئەم ناکۆکیانە پێکبهێنێ، بۆیە لەم کاتانەدایە کە یەکەیەک بڕیاردەدات، جیابێتەوە لە یەکێتیە فیدراڵییەکە وەک چارەسەر.

٩- عێراق یەکێکە لەدەوڵەتە فیدراڵییەکان لە جیهاندا و ئەو هۆکارانەی، کە وایانکردوە عێراق پیادەی فیدراڵی بکات بوونی کۆمەڵگایەکی فرەیی ئەتنی و نەتەوەیی و ئاینییە، بەڵام سەبارەت بە بوونی کۆی تایبەتمەندی و بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا دەبینین زۆربەی تایبەتمەندییەکانی فیدراڵی لە عێراقدا نییەو ئەمەش وادەکات، کە بڵێین فیدراڵی لە عێراقدا بە تەواوی نەچەسپیوەو فیدراڵییەتێکی لاواز لە عێراقدا پیادە دەکرێت.

١٠- هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوری عێراق، کە تاکە یەکەی دانپێدانراوی پێکهێنەری فیدراڵییە لەعیراق، کە خاوەنی قەوارەی تایبەت بەخۆیەتی و پیادەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەکات، بەڵام پەیوەندییەکانی ئەم یەکەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراق لە ئاستێکی خراپ و لاوازدایە و ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە چەندین کەیسی ناکۆکی و کێشە بەهەڵپەسێردراوی و چارەسەرنەکراو لە نێوانیاندا هەیە کە پەیوەندیدارن بە ڕەهەندەکانی خاک و شوناس و دارایی و سامان و هێزو ئیدارەدانی بەرهەمهێنانی پرسی نەوت.

١١- شوناس و ناسنامەی کۆی پێکهاتەکان و بەتایبەت کورد وەک دووەم پێکهاتەی سەرەکی لە عێراقدا هەمیشە یەکێک بووە، لە کێشە سەرەکیەکان لەنێوان هەرێم و ناوەند، کورد بە درێژایی مێژوو لە عێراقدا ڕووبەڕووی چەندین کارەسات و تاوان بۆتەوە بەهۆی شوناسەکەیەوە، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی هەمیشە لە پەیکەری سیاسی عێراقدا پەراوێزخراوەو مافی تەواوی خۆی پێنەدراوە.

١٢- پرسی خاك و ئەوەی پێی دەوترێت پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، لە گرنگترین ناکۆکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، ئەم پرسە لەماددەی (١٤٠) ی دەستوری عێراقدا چەسپیوە، کە دەبێ لەڕێگای کۆمەڵێ ڕێکارو میکانیزم چارەسەر بکرێت، بەڵام تا ئەم ساتە هیچ یەکێ لە هەنگاوەکانی یا نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە یاخود کۆی هەنگاو و پرۆسەکان بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لاوازەو لە ئاستی پێویستدا نییە لایەنی کەمتەرخەمیش بە پلەی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە نەیتوانیوە بەقەد پێویست فشار بکات و هەوڵی جدی بدات بۆ گەڕانەوەی ئەم سنورو ناوچانە بۆسەر هەرێمی کوردستان، لەبەرامبەریشدا حکومەتی فیدراڵی عێراق نیەتی ڕاستەقینەی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسەو ئەم ناوچانە بە سنورو پێگەی خۆی دەزانێت بەتایبەتی کەرکوک لەدواهەمین هەنگاوداو لە ساڵی ٢٠١٧ بەبەکارهێنانی هێز دەستی بەسەر ئەم ناوچانەدا گرتەوەو ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵی عێراقیدان.

١٣- خاڵێکی تری ناکۆکی هەرێم و ناوەند بریتیە لە پرسی دارایی، کە یەکێکە لەسەخترین ئەو پرسانەی کە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە دوو بابەتەوە: ئەوانیش پرسی نەوت و گاز و پرسی بودجەیە، سەبارەت بە پرسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە دەستی کردوە بە سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت و نەگەڕانەوەی بۆ بەغدا و ڕادەست نەکردنی نەوت و داهاتی نەوتیش بە بەغدا، هەرێم ئەمە بەمافی خۆی دەزانێت بەپێی ماددەی (١١٢)ی دەستور، لەبەرامبەریشدا حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەمە بە نایاسایی بە پێی ماددەی (١١٠)ی دەستوری عێراق دەزانێت و پێی وایە ئەم پرۆسەیە دەبێ بەهاوبەشی بێ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. دەرئەنجامی سەربەخۆیی ئابوری هەرێمی کوردستان و بەرهەم هێنانی نەوت و ئەنجامدانی گرێبەستی(٥٠) ساڵە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، وایکرد کە حکومەتی فیدراڵی عێراق ڕێوشوێنی توند لەدژی هەرێمی کوردستان بگرێتە بەرو موچەو بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و ئێستا لەبەرامبەر ناردنی پشکی بودجەی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی داوای داهاتی نەوت و نانەوتیش لەهەرێمی کوردستان دەکات.

١٤- پێشمەرگە یەکێکی ترە لە پرسە ناکۆکەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگەو دابینکردنی موچەی ئەم هێزە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگری عێراق، ناکۆکی لەسەر ژمارەی هێزەکانی پاسەوانی سنور (پێشمەرگە) و موچە و پلەی سەربازی ئەم هێزە، ئەم پرسەش وەک کۆی پرسەکانی تر تائێستا. بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە لە دوای دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە هێزەکانی هاوپەیمانان و ودەولەتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر هێڵن بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو کردنیان بەهێزی دامەزراوەیی و نیشتیمانی، کە یەکێکە لە ڕەخنەکان کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

دەکرێ، بەوەی نەیتوانیوە دەستی حیزب لەم هێزانەدا نەهێڵێت و بە ژمارەو داتای ڕاستەقینە پێشکەشی حکومەتی فیدراڵی عێراقی بکات.

١٥- گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بریتین لە (دەستوری فیدراڵی عێراق، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، دادگای فیدراڵی، دەستەی سەربەخۆکان، ڕیفراندۆم، دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، کە ڕۆڵی هەر یەکێکیان بەپێی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند جیاوازە بەم شێوەیە:

أ- دەستوری فیدراڵی عێراق یەکێکە لە میکانیزمە هەرە سەرەکی و گرنگەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، دیارە یەکێک لە گیروگرفتەکانی عێراق پابەند نەبوونە بەدەستور لەلایەن کۆی پێکهاتە و لایەنە سیاسیە جۆراوجۆرەکانەوە، ئەمە سەرەڕای خوێندنەوەو ڕاڤەی جیاواز بۆ دەق و ماددەکانی دەستور بەتایبەت لە پرسەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و بەدیاریکراویش پرسی نەوت، بۆیە کارکردن بە ئەحکامەکانی دەستورو کارکردن لەژێر سایەی دەستور زامنی سەقامگیری عێراق و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند دەکات، دەستکردن بە هەنگاوی هەمواری دەستوری عێراق یەکێک دەبێت لە ڕێگاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە پەیوەست بەو ماددانەی دەستور جێگای ناکۆکی و مشتومڕن لە نێوان هەولێرو بەغدا.

ب- میکانیزمی دووەم بریتییە لە دادگای فیدراڵی عێراق، کە یەکێ لە ئەرکەکانی ئەم دادگایە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەیە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا دروست دەبێت، بەڵام بە وردبوونەوەمان لە ڕۆڵی ئەم دادگایە بۆمان دەرکەوت، کە تا ئێستا نەیتوانیوە، ڕۆڵێکی دیارو یەکلاکەرەوەی هەبێت لە پرسەکانی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، زۆرجاریش لەلایەن لایەنەکان و بەتایبەت کوردەوە ئەم دادگایە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بێ لایەن و سەربەخۆنییە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری لایەنی شیعە، لەم ساڵەدا(٢٠٢١) یاسای دادگای فیدراڵی هەموارکرایەوە و گۆڕانکاری لە پێکهاتەیەکەیدا کراوەو گرنگە بۆ لەمەودوا بە سەربەخۆیی و چالاکانە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت بەتایبەت لە پرسی ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێر، کە یەکێکە لەئەرکە سەرەکیەکانی.

ج- سەبارەت بە میکانیزمی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان دیارە ئەم دەزگایە، کە بەشێکە لە دەسەڵاتی یاسادانان تائێستا لە عێراقدا پێکنەهێنراوە، کە ئەمەش سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە شکستەکانی پرۆژەی فیدراڵی لە عێراق، هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی کە هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا نەتوانن ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەقینەیان هەبێ لە بڕیارو یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، بە تێڕوانینیش لە پرۆسەو شێوازی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە لە دەستوردا، کە کراوە بە پاشکۆی ئەنجومەنی نوێنەران بۆمان دەرکەوتووە، ئەگەر بەم شێوازو میکانیزمە دروستیش بکرێ لە پێگەیەکی لاوازدا دەبێت و ناتوانێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت.

د- دەستە سەربەخۆکان یەکێکی ترن لە میکانیزمەکان، کە دەتوانرێ ڕۆڵیان هەبێ لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام وەک لێکۆڵینەوەو بەدواداچونمان بۆ ئەم میکانیزمە کرد بۆمان دەرکەوت کە دوو لە گرنگترین ئەو دەستانە کە پەیوەندیدارن بە مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان کە بریتین لە (دەستەی گشتی بۆ گرەنتی مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا) و (دەستەی گشتی چاودێری داهاتە فیدراڵییەکان) تا ئێستا دانەمەزراوەو پێکنەهێنراون، بۆیە ئەم دەستانە نەیانتوانیوە ڕۆڵ ببین، لە ئێستاشدا هیچ ئایندەو نیەتێکیش لەلایەن سیاسییەکانەوە نییە بۆ پێکهێنان و چالاکردنی ئەم دەستانە.

هە- ریفراندۆم لەزۆربەی وڵاتاندا یەکێکە لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان، بەڵام سەبارەت بە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، کە دەستوری فیدراڵی ڕێگە بە جیابوونەوە نادات، ئەم میکانیزمەش لە ساڵی ٢٠١٧ەوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەکارهات، بەڵام نەک نەیتوانی ببێتە هۆکارێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بەڵکو لە دوای ئەو پرۆسەیە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گوشارو هەڕەشەی زۆر بۆوە بەتایبەت لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، کە هەنگاویان بەهەڕەشە بۆسەر سەقامگیری عێراق و یەکپارچەیی عێراق دانا.

و- کۆتا میکانیزم و یەکێ لەو میکانیزمانەی کە بەردەوام لەنێوان هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوانیان دانوستان و ڕێککەوتنە، بەڵام دوای سەرنجدانمان لەکۆی ئەو ڕێککەوتن و دانوستانانەی کە لەماوەی نزیک بە دە ساڵی ڕابردوو لە نێوان هەرێم و ناوەند کراوەو ئەنجامدراوە، بۆمان دەرکەوێت کە زۆربەی زۆری ڕێککەوتنەکانی نێوانیان نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەبەرئەوەی لە هەر دوو لاوە کەمتەرخەمی و لاوازی ونەبوونی متمانە بەیەکترو دەست بەرنەدان لەهەندێ بەرژەوەندییەکانیان لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن هەبووە، سەرەڕای ئەوەش هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ڕێککەوتنێکی گشتگیرو کۆنکرێتی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەو ناکۆکییە لەمێژینە و ریشەدارەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، باشتریشە ئەگەر بەچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

١٨- لە کۆتایدا دەمانەوێت ئاماژە بەوەبکەین، کە سیستەم و بنەماکانی فیدراڵی لە عێراقدا لە ئاستێکی خراپدایەو ئەمەش وادەکات کە یەکێ لە سیناریۆکانی ئایندەی عێراق کۆتایهاتن و هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵی بێ، بۆئەوەی ئەمە ڕوونەدات و عێراق ببێتە وڵاتێکی فیدراڵی پتەو و دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا پێویستە کۆی ئەو میکانیزم و بنەماو زەمینانەی کە بۆ پتەوکردنی فیدراڵی پێویستە جێبەجێ بکرێن، هەروەها چارەسەکردنی بنەڕەتی کێشەو ناکۆکییەکانی حکومەتی

ناوەندی عێراق لەگەڵ تاکە پێکهێنەری فیدڕاڵی لە عێراقدا، کە هەرێمی کوردستانی عێراقەو بکرێتە بەشداری ڕاستەقینە لە کۆی پرۆسەی سیاسی عێراق.

## دووەم :پێشنیار

لە کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا لەبارەی (**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی بەگشتی و چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی عێراق بەتایبەتی)** ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دە خەینەڕوو:

١- کێشەی شوناسی کوردو پێکهاتەی کورد لە عێراق، یەکێکە لە ناکۆکییەکان کە پێویستە شوناسی کورد وەک دووەم پێکهاتەی سەرەکی لە عێراق و هاوشانی پێکهاتەی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و هاوبەشی ڕاستەقینە بێ لە عێراقدا دەبێ واز لەهەموو ئەو دەستەواژەو ئاماژانە بهێنرێت، کە پێیان وایە عێراق وڵاتێکی عەرەبییەو دەبێ تەنها شوناسێکی عەرەبی هەبێت، بەڵکو پێویستە کۆی پێکهاتەکان لە عێراقدا ڕێزلێگیراوبن و دەستەبەری سەرجەم ماف و پێداویستییەکانیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی شوناس و ناسنامەی کوردو سەرجەم پێکهاتەکانی تر لەشوناسی عێراق.

٢- سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، پێویستە ئەم پرسە هەر لە ڕێگەی دەستورەوە چارەسەر بکرێت ئەویش بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە دەستوری عێراق بە کۆی ئەو پرۆسەو هەنگاوانەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە، لێرەدا ئەرک و بەرپرسیاریەتی گەورە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەوەی کە لەمەودا بە جدی کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بکات و فشار بخاتە سەر حکومەتی ناوەندی بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکانی لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە، بۆیەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە، کە بەشێکن لە خاکی کوردستان و بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٣- بۆ چارەسەری ناکۆکییە داراییەکان وەک یەکێک لە ناکۆکیە بنەڕەتییەکان، پێویستە لە مەسەلەی نەوت و گازداو بەتایبەتی پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شەفافانە مامەڵە بکات و ئەم پرۆسەیە یان لەژێر سەرپەرشتی و هاوکاری حکومەتی عێراق بێت وەک لەدەستوردا هاتووە، یاخود لە ڕێگای کۆمپانیای سۆمۆی عێراقەوە هەناردەی بکات و بیفرۆشێت، وەک حکومەتی فیدراڵی داوای لێدەکات. لە ئەگەری جێ بەجێنەکردنی ئەم دوو چارەسەرەش دەبێ داهاتی نەوتی و نانەوتی، ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات، کە لەم دوو ساڵەی دواییدا پێداگری لەسەر دەکات، هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری ڕاست و دروست لەبارەی ژمارەی فەرمانبەران و داهاتی دەروازە سنورییەکان ڕادەستی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق بکات، چونکە جێبەجێکردنی ئەمانە دەبێتە هۆی ناردنی بەش و پشکی کورد لە بودجەی فیدراڵی، هاوکات پێویستە لەسەر حکومەتی فیدڕاڵی پرسی بودجە دورخاتەوە لە ململانێی حیزبی و تائیفی و بەجدی کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

٤- کێشەی پێشمەرگە، کە یەکێکی ترە لە ناکۆکیەکان، پێویستە ئەم هێزە رێک بخرێتەوە دوربخرێتەوە لەدەستێوەردانی حیزبی، دواتریش بخرێتە سەر سیستەمی بەرگری دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتی فیدراڵیدا کۆی پێویستی و موچەی ئەم هێزە وەک (هێزی پاسەوانی سنور) دابین بکرێت.

٥- سەبارەت بە دەستوری عێراق وەک میکانیزمێک بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان دەبێت کار لەسەر جێبەجێکردنی کۆی ماددەو برگەکانی دەستور بکرێت و چیتر دەستور پێشێل نەکرێت و کاری پێ بکرێت و بکرێتە بنەمای سەرەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ناوەندو هەرێم، چونکە پرۆسەی هەمواری دەستور لە عێراق پرۆسەیەکی ئالۆزو قورسە و ئەگەری هەموارکردنی لاوازە، هەرچەندە زۆرجار باس دەکرێت و لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا لیژنەیەک دروستکرا بەمەبەستی هەموارکردنەوەی دەستوری عێراق و دەستیشی بەکارکردن کرد، بەڵام نەگەیشتە ئەنجام، بۆیە تەنها چارەسەر بریتییە لە پابەندبوون بە دەستور و خوێندنەوەی دروست بۆ ماددەکانی .

٦- پێویستە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق چیتر دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم (ئەنجومەنی فیدراڵی) دوانەخات و هەستێت بە دامەزراندنی، کە نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێمەکاندا دەکات و تایبەتمەندییەکی گرنگی دەوڵەتی فیدراڵیشە، هاوکات پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رۆڵی سەرەکی هەبێت لە داواکردن و کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە لە عێراقداو چیتر لە بۆشایی یاسایی و دەستوریدا نەبێت.

٧- دادگای فیدراڵی دەبێت سەربەخۆیانە لە عێراقدا بە ئەرکەکانی هەستێت بە تایبەت لە پرسی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا رۆڵێکی دیاری لەم ناکۆکیانەدا نەبووە، لەهەمانکاتدا نەشی توانیوە سەربەخۆیانە بڕیاربدات.

٨- پێویستە دامەزراندنی دەستەسەربەخۆکان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ کارکردنی ئەوانەشیان دامەزراون، بۆئەوەی بتوانن بە رۆڵ و ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستن، لەم بارەیەشەوە کەمتەرخەمی لەهەردوو حکومەتەکەو بەتایبەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینرێت، بەوەی کە نەیتوانیوە پێداگری بکات لە دروستکردن و کارکردنی ئەم دەستانەو بۆ لەمەودوا گرنگە کە ئاورێکی جدی لە پێویستی دامەزراندن وکاراکردنی رۆڵی ئەم دەستانە بدرێتەوە لە عێراقدا.

٩- سەبارەت بە بەکارهێنانی میکانیزمی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی دەبێ بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە بە پرس و ڕاوێژ بێت لە گەڵ حکومەتی فیدڕاڵی و ئەگەر دەستور لە عێراقدا هەموار کرایەوە پێویستە هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە بکات و ئەوە بچەسپێنێت، کە کورد مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەبێت بەمەبەستی جیابوونەوە لەدەوڵەتی فیدڕاڵی لە عێراق لە هەر کاتێکدا کە مانەوەی لەعێراقدا ناکۆکی گەورەتر بخولقێنێت، ڕەنگە ئەمە لەڕووی واقیعییەوە ئەم ستەم بێت

بەڵام دەکرێ هەرێمی کوردستان کاربکات لەسەرڕای گشتی عێراق وجیهان کەئەمە وەک چارەسەرێکی ئاشتی قبوڵ بکرێ.

١٠- لە بارەی دانوستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدرڕڵییەوە گرنگ و پێویستە، کە ئەم میکانیزمە بەشێوەیەکی بەردەوام لەنێوان ئەم دوو حکومەتە بوونی هەبێت و لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە کە شاندەکانی لە کەسانی بەتوانا و فرەلایەن و لە پسپۆڕانی جیاجیا پێکبهێنێت، دەشکرێت دامەزراوەیەکی تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ بەغداو پرۆسەی دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ بەغداد دابمەزرێنێت بە مەبەستی گەیشتنە دەرئەنجامی بنەڕەتی چارەسەری ناکۆکییەکان.

١١- بەگشتی سەبارەت بە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق پێویستە لەسەری، کە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات وەک یەکەی پێکهێنەری فیدراڵی لە عێراقدا و هەنگاو بنێت بۆ پتەوکردنی بنەماکانی فیدراڵی لە عێراقدا، لە ڕێگای دەرفەتدان بە دروستکردنی هەرێمی تر وجێبەجێکردنی تایبەتمەندییەکانی تری فیدراڵی، هەروەها کورد وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە سەیر بکات لە کۆی پرۆسەی سیاسی عێراق و دوربکەوێتەوە لە پەراوێزخستنی کوردو دروستکردنی کێشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٢- لەسەر هەرێمی کوردستانیش پێویستە پەیوەندییەکی دەستوری و دۆستانە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق ببەستێ و دورکەوێتەوە لە هەموو ئەو ڕەفتارو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی نیگەرانی حکومەتی فیدراڵی، چونکە گەر کورد بیەوێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا بمێنێتەوە، دەبێ خۆی بگونجێنێت لەگەڵ پێکهاتەو ژینگەی عێراقدا.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :

### أ/ دەستورویاساکان:


١. دەستوری کۆماری عێراق بۆساڵی ٢٠٠٥

٢. یاسای دەستەی گشتی بۆ گەرەنتی مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم ژمارە (٢٦) ساڵی ٢٠١٦بڵاوکراوتەوە لە وەقایعی عێراقی ژمارە (٤٤١٦) لە ٢٠١٦/٩/١٩ .

٣. یاسای دەستەی گشتی بۆ چاودێری تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکان، ژمارە (٥٥) ساڵی٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی ژمارە (٤٤٤٣) لە ٢٠١٧/٤/١٧.


### ب/ کتێبی کوردی


١. ئومێد ڕەفیق و ئەوانی تر، ئایندەی کەرکوک لە نێوان هەولێر و بەغداد؟ پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و سیاسی لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٨ .

٢. پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدرالیدا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣. تانیا طاهر، سیستەمی فیدراڵی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥دا، بەبێ زانیاری.

٤. جوهر نامق سالم، کورد لەگەمەی دەقە یاسایەکاندا (وردبوونەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق)، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥. حەسەن مستەفا، بژار عبدالله، سیستەمە سیاسیەکان (سیستەمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک نموونە)، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سۆران، هەولێر، ٢٠١٢.

٦. حوسێن محمد، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپخانەی سیما، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٧. خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.

٨. دیلمان محمد، فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی، مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٩. سەیوان کاکەڕەش، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدراڵییەکان، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٠.شۆڕش حەسەن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣.

١١.گۆران ئازاد حەمەد، دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢.محمد رەئوف، خاکی دابڕێنراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٣. محمد مێرگەسوری، سیستەمی فیدراڵی ئەڵمانیا، مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، بێ ساڵ.
١٤. مەجید ئاسنگەر، سیستەمی فیدراڵی لەچەند وڵاتێکی جیهاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٥. مونزر فەزڵ، دارشتنی دەستوری هەمیشەیی و ئایندەی سیاسی عێراق، و: (نەوزاد ئەحمەد)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٦. مۆنتیسکۆ، ڕوحی یاساکان، و: (ئیدریس شێخ شەرەف)، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٧. ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، فیدرالیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا، ٢٠١٠.
١٨. یوسف محمد، ئاکۆ حمەکەریم، دەرباز محمد و ئەوانی تر، کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.

**ت- کتێبە وەرگێڕدراوەکان بۆکوردی**

١. إحسان حمید، کطران زغیر، رعد ناجی، تێۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، و: (هەتوان عمر)، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، .
٢. لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکوک، و: (ئومێد عوسمان)، خانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.

**ث- نامەی ماستەر ودکتۆرا**

١. سۆران علی حسێن، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (عێراق وە ک نموونە)، دکتۆرا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٩.

**ج- توێژینەوەکان**

١. ئاودێر جەمیل، کاریگەری شوناس لە پەیکەری سیاسی عێراقدا، توێژینەوە، ژوی توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٦.
٢. ئەلەند مەحوی، هەرێمی کوردستان لەبەردەم بژاردەی سەربەخۆی ئابوریدا، توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣. عابد خالد رسول، ئایندەی بونیادنانەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی، توێژینەوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٤. قارەمان ئازاد، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شانزەی ئۆکتۆبەر، توێژینەوە، دەزگای ستاندەر، هەولێر، ٢٠١٨.
٥. نیزام فەیسەڵ، ڕەهەندە سیاسی و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥، توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان،، سلێمانی، ٢٠١٧.

٦. هەڵمەت محمد، ڕیفراندۆم لە نێوان دروشم و پراکتیکدا، توێژینەوەی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٦.
٧. هەڵمەت محمد، گەیلان عەباس، ئەنوەر کەریم، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، توێژینەوە، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٧.

**ح – گۆڤارەکان**

١. ئەحمەد عەزیزی، فیدرالیزم وسیستەمی فیدراڵی، گۆڤاری نۆڤین، ژمارە١، ئایاری٢٠٠٤.
٢. ئومێد رفیق فتاح وعابد خالد رسول، "پرۆسەی بەدامەزراوەیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو وئاستەنگەکان"، مجلةالدراسات السياسيةوالامنية، العدد(٢) المجلد(١)، كانون الاول ٢٠١٨.
٣. جیهانگیر سدیق، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا (هۆکارەکانی ناسازی، سیناریۆ بۆ ئایندەییەکانی) گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٨)، سلێمانی، ٢٠٢١.
٤. خامۆش عمر، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هەولێر، ژمارە ١٧، ٢٠١٧.
٥. ڕێبین محمد، دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق و ڕێساو بنەماکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی.
٦. عەدنان ئەحمەد، کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان پێکەوە ژیان و پێکدادانا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٠٢٠/٣ سلێمانی.
٧. فكرت رفيق السيد، عبدالرحمن كريم درويش، سياسات التعددية الثقافية فى الهند، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣) ژمارە (١)، ٢٠٢٠.

**خ– سەرچاوەی ئەلکترۆنیەکان**

١– سایتی پەرلەمانی کوردستان، مێژووی هەلبژاردنی خولی یەکەم ١٩٩٢، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٤/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەوە:
https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-1/
٢– عابد خالیدرسول، تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٤/٢٩، وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://drawmedia. net/page_detail?smart-id= ٦٦٩٨
٣– ئازاد وەڵەدبەگی، ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٤/٢٩، وەرگیراوە لەم پێگەیە:
http://www. penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1619-2019-06-03-18-51-14.

٤- عەلی حمەسالّح، ئەو ئافاتەی ناونرا ئابوری سەربەخۆی، بەرواری سەردانی ٢٠٢١/٥/٦لەم پێگەی خوارەوە وەرگیراوە:
https://www. awene. com/detail?article=38541.

٥- سەرکۆ یونس، ٢٠٢٠سالّی بێ بودجە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=91164

٦- ئومێد محمود، پشکی کورد چۆن دیاری کراوە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦وەرگیراوە لەم پێگەیە:
http://diplomaticmagazine. net/opinion/3658?fbclid=IwAR1s_i2huvqy4pMH_uO7wpCFoOBYOVgzQrMPNdS4Yoidvp8o0x2BhxBhSEI.

٧- وەرگیراوە لەم پێگەی خوارەوە کە تایبەتە بە ڕێککەوتنی هەرێم و ناوەند:
http://diplomaticmagazine. net/opinion/3658?fbclid=IwAR1s_i2huvqy4pMH_uO7wpCFoOBYOVgzQrMPNdS4Yoidvp8o0x2BhxBhSEI

٨- شیروان حامد، بەربەستەکانی بەردەم عادل عەبدولمەهدی، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦، علی الرابط الاتی:
کێ سەری عەبدولمەهدی دەخوات؟ | (azhans. krd)

٩- چۆمان محمد، پرۆژە یاسای دادگای فیدراڵی و گرنگی بۆ کوردو هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٧لەم پێگەیەی خوارەوە وەرگیراوە:
https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3726

١٠- ئاژانسی ئەنادۆڵ، پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕاگەیاندرا، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەی خوارەوە:
https://www.aa.com.tr/ks/عێراق/پێکهاتەی-دادگای-باڵای-فیدراڵی-عێراق-ڕاگە-یە-ندرا/2191810

١١- چۆمان محمد، هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی بژاردەیەک لە نێوان خراپ و خراپتر، بەرواری سەردانی ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=1842&Jmare=2390

١٢- لەتیف شێخ مستەفا، خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆ هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی، بەرواری سەردان٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www. sharpress. net/op-detail. aspx?jimare=187628.

١٣- کاکەلاو حسێن، دیدێکی سیاسی و یاسایی بۆ عێراق و هەرێم، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٧، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
http://www.bopeshawa.net/index/?p=5148

١٤- هاوڕێ تۆفیق، دادگای باڵای فیدراڵی چۆن بۆ کورد باشە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=1838&Jmare=2387
١٥- وەرگیراوە لە سایتی K24 لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www. google. com/url?sa=t&source=web&cd=&ved=2ahUKEwiVteLUwuXwAhVJhv0HHYP7DT8QFjAAegQIDhAC&url=https%3A%2F%2Fwww. kurdistan24. net%2Fckb%2Fstory%2F67252-% .
١٦- ئازاد وەلەدبەگی، گرنگی دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/١٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
http://www. penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/538-2018-09-02-18-56-38
١٧- بایەزید حەسەن، سیستەمی سیاسی لە عێراقدا سیستەمێکی تەواو پەرلەمانیە، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/١٩وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://www.awene.com/article?no=7234&auther=1361
١٨- ئیسماعیل نەجمەدین، ئەنجومەنی فیدراڵی، دەرویەک بۆ سەنگی هەرێمی لە دەسەڵاتی یاسادانانداا
https://www. kurdistanc. com/Political/details. aspx?jimare=1339
١٩- ئازاد وەلەدبەگی، ئەرکی دەستە سەربەخۆکان لە عێراق لەنێوان تێۆرو کردار(بەشی یەکەم)، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٠وەرگیراوە لە پێگەیەی خوارەوە
http://penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1629-2019-06-17-07-00-08
٢٠- ئازاد وەلەدبەگی، چەند سەرەقەڵەمێک دەربارەی ریفراندۆم، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٠وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
http://penus. krd/index. php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/428-2018-09-02-18-56-38 .
٢١- ئازاد وەلەدبەگی، فیدرالیزمی دارایی لە دەوڵەتە فیدرالیەکان، "عێراق وەک نموونە"، بەرواری سەردارن ٢٠٢١/١/١١وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://bit.ly/3zXEtgD
٢٢- بەهرۆز جەعفەر، مەترسیەکانی بەردەم یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانییەوە، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٥وەرگیراوە لەم پێگەیە: https://bit.ly/3mVDA3h
٢٣- فەرهاد حسن، سەربەخۆی کەتەلۆنیاو هەرێمی کوردستان: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/٢٢، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە :
https://www. kurdistanc. com/Political/details. aspx?jimare=١٢٤٤

٢٤- جەلال حەسەن مستەفا، هەرێمی کوردستان لەدوای ڕیفراندۆم: ڕەگوڕیشەی شکستەکان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٢، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://www. kurdistanc. com/political/details. aspx?jimare=1251.
٢٥- محمد سلێمانی، سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم، نسکۆیەکی گەورەی سیاسی و نەتەوەییە، بەرواری سەردان: ٢٠٢١/٥/٢٧وەریگراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://pmnews. se/?p=37433.

٢٦- کەمال حەمزە، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، نا بۆ سەربەخۆیی نەبوو، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٢٨وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە :
http://diplomaticmagazine. net/opinion/3431
٢٧- ئازاد وەڵەدبەگی، ڕوانینێکی دەستوری بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر – بەغداد، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٦/١٠وەرگیراوە لەم پێگەیە:
http://rudawrc. net/?p= ١٠٣٦
٢٨- چاوپێکەوتنی (ئەحمەدی حاجی رەشید) لەگەڵ سایتی (پۆلەتیک) لەبارەی شکستی دانوستانەکان لەگەڵ بەغداد، ٢٠٢٠/٦/٢٦ وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://politicmedia. net/detailnewspo. aspx?jimare=9715&cor=1&related=2.
٢٩- دەقی یاسای بودجەی (٢٠٢١)ی عێراق وەرگیراوە لەم پێگەیە.
https://lvinpress. com/6324.
٣٠- ستەم کامیل، بەرپرسی ژوری توێژینەوە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕووداو لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، ٢٠٢٠/٩/٢٠، وەرگیراوە لەم پێگەیە:
https://www. facebook. com/watch/?v= ٢٧٦٠٣٤٤٥٠٢٩٢٤٧٣
٣١- یونس جەبار، گرتنەبەری ڕێفراندۆم وەک میکانیزمی پیادەکردنی مافی سەربەخۆیی: کوردستان و کەتەلۆنیا وەک نموونە، وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
https://bit.ly/3zV06yh
٣٢ – پێگەی سبەی، ئاڵنگارییە سیاسی و یاساییەکانی بەردەم نەوتی هەرێمی کوردستان، بەرواری سەردان ٢٠٢١/٥/٦وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:
ئاڵنگارییە سیاسی و یاساییەکانی بەردەم نەوتی هەرێمی کوردستان (sbeiy.com)
٣٣- (parliament.krd)
٣٤ - https://gov.krd/mnr/?fbclid=IwAR2Di7CgeCiT9YL-G9Q6JQdRRglnlGQzBfvAC7Lupwkjb7UJx7v_9f4KUmw

## چاوپێکەوتنەکان:

١. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (کاوە محمد) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بەرواری ٢٠٢١/٥/٣٠.
٢. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (خامۆش عمر عبدالله)، ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بەرواری ٢٠٢١/٥/٣١

٣. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (ئازاد وەلەدبەگی)، مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی نۆڵج، بەرواری ٢٠٢١/٥/٣٠.
٤. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (سۆران علی حسن)، مامۆستای یاسای دەستوری، زانکۆی سۆران، بەرواری ٢٠٢١/٦/١.
٥. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (د. موسەنا ئەمین)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق – فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەرواری ٢٠٢١/٦/١١.
٦. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (د. یوسف محمد صادق)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، بەرواری ٢٠٢١/٦/١٢.
٧. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (شێروان میرزا)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسێۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەرواری ٢٠٢١/٦/١٣.
٨. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (شاخەوان عبدالله)، ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرواری ٢٠٢١/٦/١٨.
٩. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز (ئومێد محمد) ڕۆژنامەنوس لە کەناڵی ئێن ئارتی لە بەغدا بەرواری ٢٠٢١/٦/١٩.
١٠. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (محمد شیاع السودانی)، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتاری سەربەخۆ، بەرواری :٢٠٢١/٦/١٩.
١١. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز : (سەمیر هەورامی)، وتەبێژی ڕەسمی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (قوباد تاڵەبانی) بەرواری :٢٠٢١/٦/٢٢.
١٢. چاوپێکەوتن(تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز(ئومێدمەحمود)، ئەندامی ژووری یاسایی بزوتنەوەی گۆڕان، بەرواری ٢٠٢١/٥/٢٥.
١٣. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: د. (سەلمان الجیلی)، وزیر التخطیط فی حکومة العبادی، بەروار٢٠٢١/٦/٢٨.
١٤. چاوپێکەوتن (تەلەفۆن) لەگەڵ بەڕێز: (عادل باخەوان ) نووسەرو لێکۆڵەری سیاسی.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان :

### أ/ دساتیر و قوانین :

١. المادة (٩٢) من الدستور استرالیا لسنة ١٩٠١ .
٢. قانون رقم (٩) الموازنةالعراق لسنه ٢٠١٨
٣. قاتون رقم (١) الموازنةالعراق لسنة (٢٠١٩).
٤. الوثائق الرسمیة منز تشکیل الکابینه الوزاریة التاسعة الحکومة الاقلیم، کانون الاول ٢٠٢٠
٥. المادة (١٢) من الدستور العراقی ٢٠٠٥
٦. الفقرات (١-٧٠) من المادة (١١٤) من الدستور العراقی ٢٠٠٥.

٧. المادتين (٩٢–٩٥) من الدستور العراقى.
٨. المادة (٩٢) الفقرة (٢) من الدستور العراقى.
٩. المادة (٣) من قانون المحكمة الاتحادية العليا رقم (٣٠)لسنة (٢٠٠٥)، المنشور فى جريده الوقائع العراقية، العدد (٣٩٩٦)١٧/١٠/٢٠٠٥.
١٠. المادة (١) و (٢) و (٩) من قانون المحكمه الاتحادية.
١١. الفقرة (١) و (٢) المادة (٥) من قانون المحكمه الاتحادية العليا.
١٢. المادة(٤٨/٦٥/١٣٧) من الدستور العراقى.
١٣. المادة (١٠٢) من الدستور العراقى.
١٤. المادة (١٠٣) من الدستور العراقى.
١٥. الماده (١٠٤) من الدستور العراقى.
١٦. المادة (١٠٥) من الدستور العراقى.
١٧. المادة (١٠٦) من الدستور العراقى.
١٨. المادة (١٠٧) من الدستور العراقى.
١٩. المادة(٤٨/٦٥/١٣٧) من الدستور العراقى.

**ب– الكتب العربية**

١. ئارام نجم الدين، إدارة العملية الانتخابية فى دول مابعد النزاع، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٧.
٢. ئاريان محمدعلى، الدستور الفيدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٩.
٣. أحمد ابراهيم الورتي، النظام الفدرالي بين النظرية و التطبيق، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠١٣.
٤. أحمد على احمد، التنظيم الاداري فى الدول الاتحادية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨.
٥. ادمون رباط، الوسيط فى القانون الدستوري العام، دار العلم للملايين، بغداد، ١٩٨١.
٦. أزهار هاشم أحمد، تنظيم العلاقة بين السلطة المركزية و سلطات الاقاليم في النظام الفيدرالي، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١٤.
٧. ازاد عثمان، دراسات مختارة من أجل السلام والتقدم فى العراق جديد، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧.
٨. أزاد عثمان، العملية السياسية و مسيرة الفيدرالية فى العراق، مطبعة موكريانى، اربيل، ٢٠١٣،
٩. أزهار هاشم احمد، تنظيم العلاقات بين السلطه المركزية و سلطات الاقاليم فى النظام الفيدرالى، المركز القومى الاصدارات القانونية، ٢٠١٤.
١٠. إسماعيل مرزه، مبادئ القانون الدستورى و العلم السياسى (النظرية العامة الدساتير)، شركة الطبع والنشر الاهلية، بغداد، ١٩٦٠.

١١.بطرس بطرس غالي، محمود خيرى، المدخل فى علم السياسية، ط١٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩١.

١٢.جورج اندرسون، مقدمة عن الفدرالية: ماهي الفدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، ط ١، منتدى الاتحادات الفيدرالية، كندا، ٢٠٠٧.

١٣.حسني بوديار، الوجيز فى القانون الدستوري، دار العلوم للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣

١٤.حميد الساعدى، مبادئ القانون الدستورى و تطور النظام السياسى فى العراق، دار الحكمه للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٩.

١٥.خالد مجيد فەرەج، البعد الفكري للفيدرالية وتطبيقها، منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، بدون سنة النشر.

١٦.رونالد ل. واتس، الانظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة ومها بسطامي و مها تكلا، طبعة خاصة، منتدى الاتحادات الفيدرالية، اوتاوا، ٢٠٠٦.

١٧.سۆران على حسن، التنظيم القانونى للوحدات الفدرالية فى العراق، مركز ژير، اربيل، ٢٠١٧

١٨.الشافعى رشيد، القانون الدستورى والنظم السياسية السودانية، منشأه المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٢.

١٩. سعد ناجى جواد، العراق والمسألة الكوردية ١٩٥٨ –١٩٧٠، دار السلام، لندن، ١٩٩٠.

٢٠.الشافعى محمد بشير، نظرية الاتحاد بين الدول و تطبيقها بين الدول العربية، دار المعارف، القاهره"١٩٦٣.

٢١.شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي: (دراسة تحليلية مقارنة)، المركز العربي، القاهرة، ٢٠١٦.

٢٢.شورش حسن عمر، الضمانات الواقيعية لاستمرار الدولة الفيدرالية، مكتبة زين الحقوقيه، سوريا، ٢٠٢٠.

٢٣.طعيمعة الجرف، القانون الدستورى و مبادئ النظام الدستوري فى الجمهوريه العربية المتحدة، مكتبة القاهرةالحديثه، القاهرة١٩٤٦.

٢٤. عابد خالد رسول، المجلس التشريعى الثانى فى الدولة الفيدرالية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠١٣.

٢٥.عادل الطبطبائي، النظام الاتحادي فى الامارات العربية، مطبعة القاهرة، ١٩٧٦.

٢٦.عبدالكريم علوان، الوسيط فى القانون الدولى العام، مكتب دار الثقافه للتعميم والانتاج، عمان، ٢١٠.

٢٧.عبدالواحيد محمد، القانون الدولى العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٤.

٢٨.عدنان عاجل، القانون الدستورى النظرية العامة والنظام الدستورى فى العراق، مؤسسة الانبرانى للطباعة والنشر والتوزيع، بدون سنه ومكان.

٢٩. عزيز كايه، السلطه التشريعية بين نظام المجلس الواحد و نظام المجلسين، الهيئه الفلسطينية لحقوق الموافق، عزت، ٢٠١١.

٣٠. عصام سليمان، الفدرالية و المجتمعات التعددية ولبنان، دار العلم الملاين، بيروت، ١٩٩١.

٣١. عصام العطية، الفيدرالية و المجتمعات التعددية ولبنان، دار العلم الملاين، بيروت، ١٩٩١.

٣٢. عصمت عبدالله، الدستور بين مقتضيات الثبات و موجبات التغير (فى ضوء الفكرة القانونيه السائدة لدى أفراد المجتمع السياسى)، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٢.

٣٣. على عباس حبيب، الفدرالية والانفصالية فى افريقيا، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩.

٣٤. فەريد أسسرد، المسأله الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، مركز للدراسات الاستراتيجية، السليمانيه، ٢٠٠٤.

٣٥. فواد قاسم الامير، الجديد فى عقود النفط الغاز الموقعة من قبل حكومة اقليم كردستان، والسياسة النفطية للاقليم، قاهرة، للطباعة الفنيه الحرية، بغداد، ٢٠١٣.

٣٦. كمال الغالي، مبادئ القانون الدستوري والانظمة السياسية، جامعة الدمشق، دمشق، ط٢، ١٩٦٧.

٣٧. لقمان عمرحسين، مبدأ المشاركة فى الدول الفيدرالية، مكتبة السورى، بغداد، ٢٠١١.

٣٨. لورانس بوم، المحكمة العليا، الجمعية المصرية لنشر، المعرفه والثقافة الحاميه، القاهره، ١٩٩٨.

٣٩. محمد الطاهر، القضية الكردية و حق تقدير المصير، مكتبة مدبولى" القاهره"٢٠٠٨.

٤٠. محمد رفعت عبدالوهاب، الانظمه السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، ٢٠٠٥.

٤١. محمد عبدالمعز نصر، فى النظريات والنظم السياسية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٣.

٤٢. محمد عمر مولود، الفيدرالية و إمكانيهة تطبيقها فى العراق، مؤسسة موكريان، أربيل، ٢٠٠٣.

٤٣. محمد كامل، النظم السياسية، (الدول والحكومات)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩.

٤٤. محمد المجذوب، القانون الدستوري والنظام السياسي فى لبنان، ط٤، منشورات الحلجي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٢.

٤٥. محمد هماوند، الفيدرالية والحكم الذاتى والمركزيةالادارية الأقليمية، موسسةموكرياني للطباعةوالنشر، اربيل، ٢٠٠١.

٤٦. معمر مهدي صالح، توزيع الاختصاصات الدستورية فى الدول الفيدرالية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠.

٤٧. مصطفى الانصارى، العراق والامم المتحده١٩٩٠– ١٩٩٧، بنک المعلومات العراقى، ١٩٩٨.

٤٨. منذر الشاوي، القانون الدستوري، الجزء الاول، ط ٢، العاتک لصناعة الكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧.

٤٩. نورى لطيف)، النظام الفدرالي، دار المسيرة للطباعة والنشر، بدون سنه ومكان الطبع.

٥٠. لطيف مصطفى أمين، الفيدرالية و افاق نجاحها فى العراق مطبعة سردم، السليمانية، ٢٠٠٦.

٥١. نورى طالبانى، حول مفهوم النظام الفدرالى، مكتبة سوران، اربيل، ط٣، ٢٠٠٥.

٥٢. وليد كاصد الزيدي، الفدرالية: المركز الاسلامى للدراسات الاستراتيجية، النجف، ٢٠١٩ .

**ت- الكتب المعربة**

١. اندريه هوريو، القانون الدستورى والمؤسسات السياسية، ت: (على محمد- شفيق حداد – عبدالمحسن سعد)، مطبعة الاهليه، بيروت، ١٩٧٤،
٢. اوستن رنى، سياسة الحكم، ت: (حسين على الذنون)، ط٢، المكتبة الاهلية، بغداد، ١٩٩٦.
٣. باتريك هـ اونيل، مبادئ علم السياسة المقارن، ت: باسل جبيلي، دار الفرقد، دمش، ٢٠١٢.
٤. روبرت بوى، كارل فريدريک، دراسات فى الدول الاتحادية، ط٢، الدار الشرقية والنشر بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين الطباعة والنشر بيروت، ١٩٦٥.
٥. كليمنت ماكنتاير، جون وليامن، استراليا، ثورة هادئة فى ميزان القوى، بحث فى حوارات حول توزيع السلطات والمسوليات فى البلدان الفيدراليه، راؤول بند باقر وايجل اوستاين، ترجمة مها بسطامى، ج٢، منتدى الحوارات الفدراليه، اوتاوا، ٢٠٠٧.
٦. غوستاف لوبون، حضارات الهند، ت: (عادل زغبر)، دار العالم العربى، القاهرة.

**ج- الاطاريح و الرسائل الجامعية**

١. أمجد على حسين، النظام الفدرالي كحل للنزاعات فى المجتمعات التعددية العراق نموذجا، الرسالة ماجستير، جامعة دهوک، كلية القانون والسياسية، قسم القانون، ٢٠١٠.
٢. ايات سلمان شهيب، النظام الفيدرالي فى العراق" رسالة ماجيستر، الكلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠٠٧.
٣. بيوار عبدالرحيم محمدامين، القضاء الدستوري و دوره فى ترسيخ النظام الاتحادي و حمايته، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية القانون والعلوم السياسية والادارة جامعة سوران، ٢٠١٠
٤. جغلول زغدود، حاله الطواريء وحقوق الانسان، رساله ماجستير، كليه الحقوق والعلوم التجاريه، جامعه مرداس، ٢٠٠٥.
٥. دلاور عثمان مجيد، المركز الدستورى للولايات الفدراليه (دراسة سياسية – دستور ولاية بافاريا فى ألمانيا الاتحادية)، أطروحة، كلية العلوم السياسية، جامعه السليمانيه، ٢٠١٩.
٦. رائد حمدان عاجب المالكى، الاستقلال الذاتى لولايات الدولة الاتحادية وتطبيقاته في الدساتير المعاصرة، أطروحة دكتورا، كلية القانون، جامعة بغداد، ٢٠١٧.
٧. رشا فاضل جزاع، دور الحكومة الاتحادية فى تعزيز النظام الفدرالى (الهند نموذجا)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٢٠.
٨. سرهنگ حميد، مقومات الدستور الديموقراطى واليه المدافعة عنه، أطروحة دكتورا، جامعه صلاح الدين، كلية القانون والسياسيه، ٢٠٠٧.
٩. سولاف حمد امين، تحديد الصلاحيات فى الدولة الفيدراليه، رسالة ماجيستر، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦.

١٠. عادل ابراهيم ادهم، التنظيم الاداري فى الدول الاتحادية (العراق نموذجا)، الاطروحة دكتورا، كلية القانون، جامعة سانت كليمنتس العالمية، ٢٠١٤.
١١. عثمان على ويسي، الطبيعة الديناميكية للدستور الفدرالي، أطروحة، جامعه صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٣.
١٢. ليڤيار بختيارحمه سهعيد، التنظيم القانوني للقروض الدولية والية توزيعها فى الانظمة الفيدرالية، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة السليمانية، ٢٠٢٠.
١٣. محمد بكر حسيّن، الاتحاد الفيدرالى بين النظرية وتطبيق، لاطروحة، كليه الحقوق، جامعه عين شمس، ١٩٧٧.
١٤. علي مدلول محسن، ضوابط ممارسة الوظيفة التشريعية فى الدساتير الفيدرالية، اطروحة، كلية الحقوق و العلوم السياسة، جامعة بيروت، العربية، ٢٠١٦.
١٥. منتهى فزاع، اختصاص المحكمة الاتحادية العليا الاصيل فى حل تنازع الاختصاص، رسالة ماجستير، مجلة العلوم القانونية، كلية القانون جامعة بغداد، لعدد الخاص الرباع لبحوث التدريبين مع طليعة الدراسات، ٢٠١٨.
١٦. ميشال الرياشى، إسهام فى دراسة النظرية التقليدية للدولة الفيدرالية، أطروحة (غير منشورة)، كليه الحقوق و السياسة، جامعة لبنان، بدون سنه.
١٧. نبيلة سالك، الاليات المؤسساتية لادارة التعدد الاثني، اطروحة دكتورا، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة باتنة، ٢٠١٦.
١٨. هشام جميل، الهيئات المستقلة و علاقاتها بالسلطه التشريعية فى العراق، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعة تكريت، كليه القانون، ٢٠١٢.
١٩. وحيد على عبدي، تقاسم الثروات فى الدول الفدرالية منازعات وحلول، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة دهوك، ٢٠١٣.
٢٠. يوسف محمد صادق، المتغيرات المؤثرة فى الواقع السياسى الاقليم كردستان العراق" أطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية القانون و السياسه، جامعه السليمانيه، ٢٠١٤.

## خ- البحوث

١. احمد رسول، توزيع الاختصاصات بين السلطات الاتحادية و السلطات الاقاليم و المحافظات فى الدستور العراقى الدائم ٢٠٠٥، بحث، جامعه القادسية، كليه القانون، ٢٠١٨.
٢. امجد زين العابدين، مستقبل النظام الفدرالي فى العراق دراسة فى التجارب الدولية، مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية، العدد.
٣. حافظ ابراهيم مالک وماجد محي عبد العباس، المؤسسات السياسية الرسمية والنظام الحزبي فى مملكهة بلجيكا، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٧، العدد٣، ٢٠١٩.
٤. حنان محمد، مفهوم الاستقلال والهيئات المستقلة فى الدستور٢٠٠٥.

٥. حيدر ادهم الطائي، الشكل الفيدرالي للدولة وإمكانيات التطبيق في العراق، مجلة المستقبل العراقي، العدد(٦)، ٢٠٠٦.
٦. خامۆش عمر عبدالله، دور القضاء الدستورى فى حمايه الحقوق و الحريان العامه، مجله القانون و السياسية، كليه القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، السنة العاشرة، العدد ١١، اربيل، ٢٠١٢.
٧. روافد محمد، مبدأ المشاركة فى النظام الاتحادى" بحث، مؤسسة النباء للثقافة والاعلام وجامعة الكوفة، كلية القانون، ٢٠٠٨.
٨. رشيد عمارة، النخب السياسية العراقية و دوروها فى السلم الاهلى، مجلة كلية للعلوم القانونية والسياسية، تصدرها جامعة كركوك، العدد ١٢، ٢٠١٥.
٩. زهير أحمد، المجلس التشريعى الثنائى وتناقصى دورة فى النظام السياسية المعاصرة" بحث، مجلة الزرقاء للبعوث واللدراسات، المجلد الثامن، لعدد الاول، ٢٠٠٦.
١٠. صدام فيصل كوكز، اشكاليات إدارة ملف النفط الخام بين الحكومة اللاتحاديه و حكومه كردستان العراق دراسة فى ظل دستور ٢٠٠٥م النافذ، بحث، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الاسلاميه" العراق، ٢٠٢٠".
١١. صلاح جبير البصيصى، انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، جامعة بابل- كلية القانون، المجلد ٥، العدد ٢، كانون الاول/ ٢٠١٣.
١٢. عبر الوهاب الافندى: السودان إلى أين حول الممارسات الديمقراطية العربية، دراسات حالات (ملف)، مجلة المستقبل العربى) مركز دراسات الوحده العربية، بيروت، العددد (٢٥٧)، تموز٢٠٠٠.
١٣. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود و سوران على حسن، اللاتماثل بين الوحدات المكونه للدولة الفدراليه و تأثيره على النموذج الفدارلى العراقى، بحث، مجلة جامعة دهوك، المجلد (٢٣)، عدد (١)، العلوم الانسانية والاجتماعيه، ٢٠٢٠.
١٤. فضيلة خلفون، تداعيات النزاع الاتنى فى الدوله الفيدراليه فى افريقا (نيجيريا نموذجا)، بحث المجلة الجزائرية للآمن الانسانى، العدد الرابع، ٢٠١٧.
١٥. كوردستان سالم سعيد، اشكالية توزيع الاختصاصات بين السلطات الاتحادية و سلطات اقليم كوردستان، بحث، مجلة جامعه(تنمية البشريه)، المجلد ٣، عدد,٢٠١٧, .
١٦. محسن سعدون، الفيدراليه فى المجتمعات المتعدده، مطبعه ازادى، دهوك، ٢٠٠٨.
١٧. نغم محمد، الفيدرالية فى الدستور العراقى العام ٢٠٠٥ الواقع و الطموح، بحث، مجلة دراسات دولية، العدد الحادى والاربعون، بدون سنة.
١٨. وسن حميد رشيد، الفيدراليه وتطبيقها فى العراق، بحث، مجلة جامعه بابل للعلوم الانسانيه، المجلد ٢٧، العدد٤، ٢٠٠٩.
١٩. ياسمين حسين، عباس احمد، التعددية الدينية واستقرار السياسى فى الهند، المركز الديمقراطى العربى، ٢٠١٦.

٢٠.ئومێد مەحمود، اسباب الاختلاف بين اقليم الكردستان و بغداد ضمن قانون الموازنات العراقيه من ٢٠٠٥ الى ٢٠١٩، بحث غرفة القانونية حركة التغير، السليمانية، ٢٠٢٠.

**د- مصادر الاكترونية**

١- المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، الفيدرالية، ايار/ ٢٠١٥، تاريخ الزيارة : ٢٠٢٠/١٢/١٠على الرابط الاتى:
https://www.idea.int/sites/default/files/publications/federalism-primer-AR.pdf

٢- المركز الديموقراطى العربى، جذور الفيدرالية، النشاة والانتهاء و دوافع القيام و عوامل النجاح مظاهر و خصائص الفيدرالية، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/١/٨على الرابط الاتى:
https://uomustansiriyah. edu. iq/media/lectures/11/11_2018_03_13!12_00_52_PM. docx.

٣- ادمام بمبا، صراع الهوية فى افريقيا، التأريخ راجع بين القبيلة و الدولة، تأريخ الزياتره ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى
:https://bit.ly/3j18kPz

٤- بشير سايب، خلفيات الصراعات الاثنيه فى نيجيريا، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٣على الرابط الاتى:
https://www.researchgate.net/publication/334155582_khlfyat_alsraat_alathnyt_fy_nyjyrya

٥- جارش عادل و العيفاوي جمالك تأثير النزاع الإثني في بناء الدولة بعد تفكك الإتحاد السوفييتي (USSR)، المركز الديمقراطي العربي، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١١/١١على الرابط الاتى:
https://democraticac.de/?p=2414

٦- جسار صالح المفتى، المنافذ الحدودية فى شمال العراق والاستحقاقات و الاشكاليات والادعاءات لمن ربعها و أموالها، التأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٦على الرابط الاتى:
https://bit.ly/30vi4Lz

٧- القستلي عبدالوهاب، الفيدرالية الامريكية كنموذج لمنح حكم ذاتي موسع، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٧على البرابط الاتى:
https://www.marocdroit.com/_a4123.amp.html

٨- فضيل الأمين وسالي فرحات، كيف يعمل النظام الفدرالي الأميركي مع الولايات والحكومات المحلية ؟، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٩على الرابط لاتى:
http://www.siironline.org/alabwab/maqalat&mohaderat(12)/599.htm

٩- صادق عبدالحميد مالكي، نشأة وتطور النظام الفيدرالي الأمريكي: نموذج تقاسم الصلاحيات السياسية وتوازنها عبر مستويات وقضايا الحكم، مركز جيل البحث العلمي، مجلة جيل الدراسات السياسية والعلاقات الدولية العدد ١٠، سبتمبر ٢٠١٧، ص٢٧.، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٩على الرابط الاتى:

نشأة وتطور النظام الفيدرالي الأمريكي: نموذج تقاسم الصلاحيات السياسية وتوازنها عبر مستويات وقضايا الحكم | JiL. Center | Home (jilrc. com)

١٠- عبدالجبار احمد، الفدراليه واللامركزية فى العراق، مكتبة الاردن والعراق، ٢٠١٣، بغداد، تاريخ الزياره ٢٠٢١/١/١٠على الرابط الاتى:

https://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/10420.pdf?fbclid

١١- محمد عزالدين، الفيدرالية فى افريقيا حل لمشكلاتها أم أنها بدايه التفكك، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١١/١٢على البرابد الاتى:

http://africansc.iq/index.php?news_view&req=250fc1e92ae58ad9

١٢- الخضر عبدالباقى محمد، المواجهات فى نيجيريا، الاسباب والحلول المقترحة، مركز الجزيرة للدراسات، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١١/١٣على الرابط الاتى:

https://studies. aljazeera. net/ar/reports/2010/201172223956906920. html

١٣- سى أن أن العربية، سلطان سوكوتو: (العنف فى نيجيريا تحركه دواع سياسية، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/١١/١٣، على الرابط الاتى:

http://archive.arabic.cnn.com/2011/world/6/14/abubakr.nigeria_politics/index.html

١٤- النظام السياسي فى الهند، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٥على الرابط الاتى:

https://ar. t2india. com/indian-histroy-arabic. aspx.

١٥- أسامه تاج الدين، أهم الانظمة الفيدرالية الناجحة فى العالم، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٥على الرابط الاتى:

أهم الأنظمة الفيدرالية الناجحة في العالم(dotmsr. com)

١٦- أيوب محمد طيب، ماهية الهوية الوطنية و تحياتها (تحديات الهوية الوطنية العراقية نموذجا)، بحث، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى :

التحديات التي تواجه الهوية الوطنية العراقية(iasj.net)

١٧- عبدالعال عبدالرحمن، العنف السياسي فى شبه القارة الهندية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:

http://search. mandumah. com/Record/331527.

١٨- بى بى سى – دلهى، من هم الفقراء فى الهند؟ تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢١على البرابط الاتى:

https://www. bbc. com/arabic/worldnews/2012/03/120321_india_poor. amp.

١٩- أحمد ماهرالعكيدي، تنامي المد القومي العنصري، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٧، على الرابط الاتى:

https://almoslim. net/node/289766.

٢٠- بشرى برتو، الفيدرالية فى الدستور البلجيكي الجديد - اقترنا مع مناقشة الدستور العراقى، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:

https://m. ahewar. org/s. asp?aid=43689&r=0.

٢١- محمد البشاري، مسلمو بلجيكاو إداره الشأن الديني، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/٢٥على الرابط الاتى:
https://al-ain. com/amp/article/belgium-political-islam-european-union.
٢٢-الصراع السياسي ومستقبل الدولة البلجيكية، المركز العربي للدراسات المستقبلية، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١على الرابط الاتى:
https://aljaml. com/ الصراع السياسي ومستقبل الدولة البلجيكية
٢٣- سعيد العمراني، حول تدبير التعدد الثقافي واللغوي ببلجيكا، تاريخ الزيارة:٢٠٢١/١١/٢٦ على الرابط الاتى:
https://dalil-rif. com/mobile/permalink/7955. html.
٢٤- فتحى الجواري، الدول الفدرالية ذات المجلسين التشريعيين، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٢/٣، على رابط الإتي:
https://www. iraqfsc. iq/news. 3845/.
٢٥- على هادي حميدي، الاتحاد الفيدرالي فى سويسرا، تاريخ الزياره : ٢٠٢١/٣/١على الرابط الاتى:
http://www. uobabylon. edu. iq/uobColeges/lecture. aspx?fid=7&lcid=15071
٢٦- الانظمة القضائية الدولية، القانون والقضاء فى المانيا الاتحادية، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٣/١على الرابط الاتى:
http://www. magallah. com/القانون-والقضاء-في-ألمانيا-الاتحادية/
٢٧- الجزيرة، المحكمة العليا الامريكية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٠، على الرابط الاتى:
المحكمة العليا الأميركية | الولايات المتحدة الأميركية | الجزيرة نت (aljazeera. net)
٢٨- صفحة النجاح نيت، مفهوم التفاوض و خصائصه، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/٨على الرابط الاتى:
https://www. annajah. net/مفهوم-التفاوض-وخصائصه-amparticle-18605 .
٢٩- محمد على حمدان، التفاوض مفاهيم وخصائص، بحث، " المركز الديمقراطى العربيى، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/٣/٨، على الرابط الاتى:
https://democraticac. de/?p=67555.
٣٠- جميل عودة ابراهيم، التفاوض السياسى لحل النزاعات، تاريخ الزيارة: ٢٠١٨/٨/٣، على الرابط الاتى:
https://m. annabaa. org/arabic/authorsarticles/10110.
٣١- سعيدة سلامة، النزاعات فى أفريقيا و إدارتها، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/١على الرابط الاتى:
النزاعات في أفريقيا وإدارتها | مركز اضواء للدراسات (adhwaa. net)
٣١- القانون الطوارى الحقوق الانسان، بحث، بدون معلومات، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٥على الرابط الاتى:
قانون-الطوارئ-وحقوق-الانسان. pdf (qu. edu. iq)

٣٢- بيار أحمراني، النزعة الاستقلالية فى كيبيك عبر التاريخ، تاريخ الزيارة، ٢٠٢١/٣/٣٠على الرابط الاتى:
النزعة الاستقلالية في كيبيك عبر التاريخ – العربية | RCI (rcinet. ca).
٣٣- مركز الجزيرة للدراسات، الحق فى الاستقلال عبر تقرير المصير بالتطبيق على تجربه جنوب السودان، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٦، على الرابط الاتى:
https://studies. aljazeera. net/en/node/4384.
٣٤- المعرفة، تأريخ اريتريا، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٦الرابط الاتى:
https://studies. aljazeera. net/en/node/4384.
٣٥- أمجد الدهامات، هل الفيدرالية تؤدى الى التقسيم؟ تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٢/٢٧على الرابط الاتى:
تاريخ إرتريا - المعرفة (marefa. org)
٣٦- اسماء عبدالرزاق، انفصال جنوب السودان نتيجه، فما أسبابه، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٨على الرابط الاتى:
https://almoslim. net/node/150121.
٣٧- أوتا شتاينفير، حركات انفصاليه فى افريقيا، اخلال ارث استعماريى قديم" تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٢٨على الرابط الاتى:
حركات انفصالية في افريقيا . . أطلال إرث استعماري قديم (dw. com)
٣٨- محسن باقر، العراق: مجلس الاتحاد ضروره دستوريه و حاجه ملحه، تاريخ الزياره: ٢٠٢١/٤/٣، على الرابط الاتى:
https://www. google. com/url?sa=t&source=web&cd=&ved=2ahUKEwjju9GVyvTwAhU0gf0HHZIMDmYQFjAAegQIGBAC&url=https%3A%2F%2Fwww. raialyoum
٣٩- سعد ناجى، أكراد العراق و أزمة الهوية، البحث، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى:
https://www. aljazeera. net/amp/2004/10/03/أكراد-العراق-وأزمة-الهوية.
٤٠- الموسوعة الجزائية للدراسات السياسية والاستراتيجية، قراءة فى أشكالية الهوية الوطنيه العراقية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/١٩على الرابط الاتى:
https://www.politics-dz.com/ /قراءة-في-إشكالية-الهوية-الوطنية-العرا/
٤١- وحيد نعاح، جيوسياسه النفط والغاز فى اقليم كردستان العراق و الفواعل الاقليمية والدولية، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/٤/٣٠على الرابط الاتى:
https://portal. arid. my/Publications/6e75af02-7f62-4c6d-8778-3c215ea66565. pdf.
٤٢- خالد عليوى، مستقبل العلاقه بين الحكومة الاتحادية وحكومة اقليم كوردستان العراق، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/٥/٥الرابط الاتى:
http://fcdrs. com/polotics/1455.

٤٣- جاسم الشمرى، الكرد والنظام التوافقى فى العراق، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٥على الرابط الاتى:
الكرد والنظام التوافقي في العراق - المعهد المصري للدراسات (eipss-eg. org)
٤٤- رواز طاهر، محمدأمين، خلاف على المعابر الحدودية يعلق الاتفاق على الموازنه بين بغداد واربيل، تاريخ الزيارة ٢٠٢١/٥/٥على الرابط الاتى:
https://www. bayancenter. org/2020/08/6277/ .
٤٥- شمال عقراوى، تراجع نسبة الاكراد بالجيش العراقى الى النصف، تأريخ الزياره: ٢٠٢١/٥/٦على الرابط الاتى:
تراجع نسبة الأكراد بالجيش العراقي إلى النصف (aa. com. tr).
٤٦- مركز الفرات للتنميه والدراسات الاستراتيجية، مستقبل العلاقه بين الحكومة الاتحادية وحكومة اقليم كوردستان العراق، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٧ على الرابط الاتى:
http://fcdrs. com/polotics/1455.
٤٧- مركز البيان للدراسات و التخطيط، الالتزام بالدستور ضمانة الوحدة العراق والخيارة الديمقراطية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/٧على الرابط الاتى:
https://www. bayancenter. org/2018/01/4214.
٤٨- سحر كامل خليل، السلطة التشريعية فى العراق فى ضوء دستور ٢٠٠٥ (الواقع و افاق و المستقبل، البحث، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٥/١٩على الرابط الاتى:
http://eco. nahrainuniv. edu. iq/wp-content/uploads/2019/01/-بحث-السلطة-التشريعية-في-العراق. doc.
٤٩- الجزيرة، استفتاء إقليم كردستان . . . . تفاصيل و تطورات، تأريخ الزيارة : ٢٠٢١/٥/٢٢على الرابط الاتى:
https://www. aljazeera. net/amp/news/arabic/2017/9/17/-إيران-استفتاء-كردستان-العراق-يجر
٥٠- الجزيرة، ايران: استفتاء كردستان العراق يجر الفوضى والتقسيم، تأريخ الزياره : ٢٠٢١/٥/٢٢، على الرابط الاتى:
https://www.aljazeera.net/news/arabic/2017/9/17 /إيران-استفتاء-كردستان-العراق-يجر/
٥١- الصباح الجديد، استفتاء اقليم كردستان و ردود الفعل الدوليه والعربيه قبل و بعد نتائج التصويت، تأريخ الزياره: ٢٠٢١/٥/٢٢على الرابط الاتى:
http://newsabah.com/newspaper/137064
٥٢- حسين ابيش، دول الخليج العربية والاستفتاء الكردى، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٥/٢٢على الرابط الاتى:
https://agsiw. org/ar/gulf-arab-countries-kurdish-referendum-ar.

٥٣- صادق الطباطائي، كردستان العراق تحدد الازمة مع حكومة بغداد، تاريخ الزيارة : ٢٠٢١/٦/١٨، على الرابط الاتى:
كردستان العراق: تجدد الأزمة مع حكومة بغداد | القدس العربي. (alquds. co. uk).

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1- Ahn Griffithns, Rupak chattopdhyay, John Light, Carla stieren the forum of federations hand book of fedral conn tries 2020, springer international 2020,

2- Andrew Heywood, politics, 2ed, (New york and Hampshire: palgrave Machillan, 2002.

3- Bilal A. Wahab, Iraq and KRG Energy politic: Actors, challenges and opportunities Date of visite:5/5/2021, Ath this site:

https://auis. edu. krd/sites/default/files/WahabIRISReport. pdf

4- Bundesrat - German government, Britannic Site, Visit: 9/3/2021 at thus linke: https://www. britannica. com/topic/Bundesrat-German-government.

5- Ciristina Murray, speading trans formation: Ncop's Role in the Overe sight process, IN terim Report, Faculty of law University of cape town

6- Hanns Buhler, Susanne Luther Michael sieghe FE DERAL ISMAND CONFL ICT MANAGENENT, Hanns seudle foundation, 2017,

7- How Parliament is Structured,Parliament Of South Africa, Date of Visit: 9/3/2021 at thus site: https://www. parliament. gov. za/how-parliament-is-structured.

8- Jamal Benomar, Making peacebuilding and Nation Reconciliation: earnead from tnecanstitution Making processes of post- conflict countries, Date of visite: 28/3/2021, At this site:

https://www. britannica. com/topic/Bundesrat-German-government.

9- Kate M . Manuel, state challenges to federal En for cement of Im mi to the present Date of visit: 29/7/2021: At this site:

https://fas.org/sgp/crs/homesec/R43839.pdf

10- Layi Egunjobi, The Negotiation Issues in Nigeriad post – Independence conflicts, Datt of visite: 25/3/2021, At this site:

https://digitalcommons. kennesaw. edu/cgi/viewcontent. cgi?article=1172&context=jgi.

11- Lewis A. Coser, The function of Social conflict, The free press, Newroks, 1950.

12- Louis Kricsberg, Contractive conflicts from Escalarion to Resolution, Third Edition, Rowman and Little fied publishers, Inc Newrok, 2007

13-Nicholas Aroney And John Kihcaid, Courts in Federal Countries, published by: University of Toron to press, 2017.

# پوختە

دەوڵەتی فیدراڵی بە یەکێک لەشێوازە باوەکانی دەوڵەت دادەنرێت لەجیهاندا، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕووبەریان فراوانە وژمارەی دانیشتوانیان زۆرە یان کۆمەڵگەکەیان کۆمەڵگەیەکی فرەیی و هەمەڕەنگە، ئەوە فیدراڵی دەتوانێ وەڵامدەرەوەی زۆرێک لە پێداویستی و لایەنەکانی ئەم کۆمەڵگاو وڵاتانە بێت، کە لەچوارچێوەی یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەو لەسەر بنەمای دەستوری فیدراڵی یەکدەگرن و دەوڵەتێک دروست دەکەن بەناوی دەوڵەتی فیدراڵی.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتن و لایەنە باشانەی کە سیستەمی فیدراڵی و جۆری دەوڵەتی فیدراڵی لە جیهاندا بەدەستی هێناوە، دەشبینین کە لە بەشێک لەوڵاتان فیدراڵی شکستی هێناوە یاخود ڕووبەڕووی گرفت و ناکۆکی زۆر بۆتەوە، کە ئەم بەربەست و ناکۆکیانەش فرەڕەهەندو جۆراو جۆرن لە ڕووی کلتوری و ئەتنی و ئابوری و سیاسی و نەچەسپینی تەواوی بنەماو تایبەتمەندییەکانی فیدراڵی .

دەوڵەتی عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە تائێستا فیدراڵی بەتەواوی تێیدا نەچەسپیوەو نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت لەچارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی عێراق و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆی گەل و پێکهاتەکانی عێراق، یەکێ لەو گرفتە سەرەکیانەی کە عێراق بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی بۆتەوە پرسی کوردو مافەکانیەتی لەچوارچێوەی عێراقدا، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣ز)شەوە وێڕای هەوڵی بەفیدراڵی کردنی عێراق، وەک چارەسەر، بەڵام چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە ناسنامەو سنورو ئابوری و سەربازی کوردەوە هەیە هێشتا بەئەنجام نەگەیشتوون بەڵکو سپاردنی ئەم کێشانە بەزەمەن بوە هۆی ڕۆژ بەرۆژ قوڵتربوونەوەیان.

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەمیانەی ئەو پرسیارەی: ئایا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا چین؟ گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی کە دوو جۆر میکانیزم هەن، کە دابەش دەبن بەسەر میکانیزمە هەمیشەییەکان وەک: (دەستور، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، دادگا)، میکانیزمە کاتییەکان وەک: (دانوستان و ڕێککەوتن و جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی) کە کارکردن و ڕۆڵی ئەم میکانیزمانە بەپێی دەوڵەت وشێوازی پێکهاتەی فیدراڵی لە دەوڵەتاندا دەگۆڕێ، بەجۆرێ لەو دەوڵەتانەی کە فیدراڵی پتەون لەڕێگای میکانیزمە هەمیشەییەکانەوە ناکۆکیەکان چارەسەر دەکرێن، و بەپلەی یەکەم پەنا بۆ ئەم میکانیزمانە دەبرێ.

سەبارەت بە کەیسی وەرگیراوی توێژینەوەکە، بریتی بوو لە ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێت میکانیزمی بەرکار و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە بریتیبێت لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک کە تێیدا شێوازو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە بخرێتەڕوو لە ئەنجامیشدا هەنگاوی پێویست و خێرا بگیرێتەبەر بۆ کۆتایهێنان بەو ناکۆکیە مێژووییانەی کەوایان کردووە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی نەتوانن پەرە بە بوون و پێگەی خۆیان بدەن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش.

## الملخص

تعد الدولة الفيدرالية (الاتحادية) إحدى اشكال الدول الشائعة فى العالم، ولاسيما فى الدول التى لديها مساحات اراضى شاسعة واعداد سكان كبيرة، او لديها مجتمعات تعددية ومتنوعة. إذ هنالك، يكون النظام الفيدرالي قادرة على ان يلبى احتياجات بعض جوانب تلك المجتمعات والدول ويشبعها، والتى تتحد فى اطار اتحاد اختياري على اساس دستور فيدرالي وينشئون دوله تسمى (الدوله الاتحادية).

ولكن بالرغم من الانتصارات والنجاحات التى حققتها الانظمة الفدرالية وانماط الدول الفيدرالية فى العالم وبالرغم من جوانبها الايجابية الا اننا نرى ان هذا النوع من النظام قد اخفق فى بعض الدول التى تبنته أوانها تواجه صعوبات وخلافات عديدة، وان تلك الصعوبات والخلافات متعددة الابعاد والانواع من حيث الثقافة والخلفية العرقية (الاثنية) والاقتصادية والسياسية ومن حيث عدم التثبيت التام لمبادئ وخصائص النظام الفيدرالي.

ودوله العراق هي احدى تلك الدول التى لم تثبت فيها النظام الفيدرالي بعد بشكل راسخ ولم تستطع ان تلعب دورها فى ايجاد الحلول لمجموع المشاكل التى تعاني منها العراق منذ نشأتها ولم تستطع ان تنال رضا كل مكونات الشعب العراقى. واحدى تلك المشاكل الاساسية التى ترزخ تحتها كيان الدولة العراقية منذ اكثر من ١٠٠ عام، هي القضية الكوردية وحقوق الشعب الكوردي.

فبعد عام (٢٠٠٣) وبالرغم من محاولة جعل العراق دولة اتحادية كنوع من الحلول للمشاكل الموجودة فى الدولة، الا ان تلك المعضلات المتعلقة بهوية الشعب الكوردى وحدوده ومسائله الاقتصادية والعسكرية لم تحل حلا جذريا بعد. وان احالة تلك المعوقات والمشاكل وترحيلها من زمن لاخر والاعتماد على الزمن لحلها، ساهمت فى تعميقها اكثر.

فى هذا البحث وفى اطار ايجاد الحلول للمشكلة الرئيسية المطروحة فيه ومن خلال السؤال عن: ماهي الآليات التي يمكن إعتمادها لحل الخلافات فى الدول الاتحادية؟ وقد لاحظنا ان هناك مجموعتان من الآليات، اولها هي الاليات الدائمية مثل:- (الدستور، والمجلس التشريعى الثانى، والمحاكم). وثانيها هي الآليات المؤقتة مثل:- (المفاوضات والاتفاقات، والانفصال، واعلان حالة الطوارىء) وان هذه الاليات تتغير حسب نوع وتكوين كل دولة فيدرالية، إذ نرى ان الدول التى لديها نظام فيدرالي صلب تلجأ بالدرجة الاولى الى الاليات الدائمية لحل مشاكلها وخلافاتها.

وفيما يتعلق بالقضية نموذج البحث والتي هي (الخلافات بين حكومة اقليم كوردستان والحكومة الاتحادية) توصلنا الى نتيجة مفادها، ان بالامكان ايجاد آليات نافذة وملائمة لحل تلك الخلافات، وذلك بتحقيق اتفاقات تتضمن طرح الآليات المناسبة لهذا الغرض وبالتالى اتخاذ الخطوات الضرورية والسريعة من اجل انهاء تلك الخلافات التأريخية التى تعيق قدرة الدولة العراقية بصورة عامة واقليم كوردستان بصورة خاصة على تنمية كيانهما محليا وتعزيز مكانتهما اقليميا ودوليا أيضا.

# Abstract

Federal state is described as on of the modern type of state worldwide, especially for state that have wide area and huge population with difficult and plural communities, federalism can respond many needs of those communities and states in which they united mandatory based on a federal constitution and they create a state called federal state.

But besides the positivity of the federal systems, they achieved worldwide, we notice that in the part of states, federal system has been failed or faced more challenges and many problems, those conflicts are different and diverse politically, economically, cultural and ethnic…etc. those points made federalism to be weak and can't be achieved perfectly.

Iraqi state is one of states that hasn't able to enforce federalism and hasn't play its role in settling the all problems to satisfy its people. On of the problem that Iraq has been suffering from it during the recent 100 years is the Kurds issue and their rights within the Iraqi state. Even after 2003, however many attempts have been taken to become Iraq as a federal state, but the problems that related to Kurdish identity, border, economy and military, so far, they haven't been resolved and they have become more profound.

This research is about resolving the main problem that reflects in this question: what is the mechanism of resolving conflict within the federal states? We reach in the conclusion that includes two types of mechanism:

First: the permanent mechanism (constitution, the second legislation council, court)

Second: the temporary mechanism (negotiation and agreement, separation and declaration of contingency condition)

Those mechanisms are different and changed according to states and types of federalism, in those states that are strong federalism, conflicts and problems are being solved by permanent mechanism.

In this research, we review the differences between the Kurdistan Regional Government of Iraq and the Iraqi federal government, and finally we come to the conclusion that: The good and appropriate mechanism to solve these problems can be an agreement through which it is possible to solve those problems and take the necessary and quick steps in the end to end the historical conflicts that were A reason to weaken Iraq and the Kurdistan Region regionally and internationally.

Kurdistan Gegional Government – Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
The Joint for Project Studies – Master
Between University of Sulamani and
University of Human Development
College of Law and Politis

# Mechanisms for Resolving in Federal States The Disputes between the Kurdistan Reginal Government and the Iraqi Fedral Government as a model


Thesis Submitted by

**Rezhna Abubakir Qadir**


Ti the Counsil of the College of Law and politics At the University of Human Development in Partical Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Political Scince


Supervised by
A.P.Dr. Abid Khalid Rasul
College of Law and politics – University of Human Development



1442 H 2721 K 2021A.D